# بونیاتی زمان
# لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا
## ١٩٨٥ - ٢٠٠٥

لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرییە

د.ئازاد ئەحمەد مەحموود

هەولێر ٢٠٠٩

# بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

## ١٩٨٥ - ٢٠٠٥

## لێکۆڵینەوەییەکی تیۆری پراکتیکی شێوازگەرییە

د. ئازاد ئەحمەد مەحموود

هەولێر ٢٠٠٩

# پێرست


پێشەکی ٥

## بەشی یەکەم

تەوەرەی یەکەم: بونیاتی زمان و یەکەکانی پێکهاتنی دەقی شیعر. ٧

(١) دەسەڵاتی زمان و شیعر. ٧

(٢) وێنەی شیعری لە ناوەندی زماندا. ١٧

(٣) ئەرکی زمان لە ڕایەڵەکانی خوازەدا. ١٩

(٤) زمان و ئەفسانە. ٢١

(٥) زمان و پانتایی دەمامك. ٢٤

(٦) زمانی بونیات لە تێهەڵکێشی کولتووردا. ٢٧

(٧) یەکێتی بابەتی شیعر لە ناخی زماندا. ٢٩

(٨) کاریگەریی واتا گۆڕی لە زمانی سیمانتیکدا. ٣١

تەوەرەی دووەم: دەق لەنێوان بونیادگەری زمانناسیدا. ٣٦

(١) دەقی ئەدەبی لە نێوان زمانناسی و بونیادگەریدا. ٣٦

(٢) دەقی ئەدەبی لە شێوازگەریی بونیادگەریدا. ٥٣

(٣) دەق لە بونیادگەریی پێکهاتندا. ٥٧

(٤) دەق لە بابەتییەتی بونیادگەریدا. ٦٣

تەوەرەی سێیەم: زمان و مەسەلەکانی ڕیتم و کێش و
سەروا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا. ٧١

(١) زمان و کێش و ڕیتم لە شیعردا. ٧١

(٢) أ) زاراوەی هونەری ڕیتم. ٧١

(٣) ب)پێوەندیی ئۆرگانیکی ڕیتم و کێشی شیعر. ٧٧

(٤) پێکهاتەی مۆسیقا لە شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا. ٨٣

(٥) ئاریشەی سەروا. ٩٦

## بەشی دووەم

**شێواز** (Style) و **شێوازگەری** (Stylistics) ١٠٣

تەوەرەی یەکەم: ١٠٣

أ) شێواز.

(١) وشە، زاراوە، مێژوو. ١٠٣

- ناوی کتێب: بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥ ـــ ٢٠٠٥
- ئامادەکردنی: د. ئازاد ئەحمەد مەحموود
- پیتچنین: ظاهر عمر، عبدالحمید عزیز، فؤاد شمعون
- سەرپەرشتی هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود
- بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (   )
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- لەکتێبخانەی گشتی هەولێر، ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی (٢٠٠٩)ی داوەتێ
- چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر

(٢) چەمکی شێواز لە کۆندا. ١١٢
(٣) چەمکی شێواز لە هزری نوێخوازاندا. ١١٩
ب) شێوازگەری.
چەمکی شێوازگەری لە هزری نوێخوازیدا. ١٢٤
تەوەرەی دووەم: شێوازگەری و زمانی شیعر ١٢٩
(١) پێوەندی، بنەما، کاریگەری. ١٢٩
(٢) زمانی شیعر و گەڕان بەدوای یاسای نوێدا: ١٥٣
أ- چییەتی زمانی شیعر. ١٥٣
ب- میتۆدی بیردۆز دەق دروست ناکات. ١٥٨

**بەشی سێیەم**
**هەندێ دیاردەی هونەری و شێوازگەری لە زمانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا** ١٦٧
بانێژەی باس ١٦٧
٣ ـ ١: کاریگەری زمان لە گەڕانەوەی شیعردا. ١٦٩
٣ – ١ – ١: گەڕانەوە وەك زاراوەیێکی دیاردەیی و هونەری. ١٦٩
٣ – ١ – ٢ : هەندێ لە شێوەکانی گەڕانەوە: ١٧٢
٣ – ١ – ٢ أ) *گەڕانەوەی بەرایی.* ١٧٢
٣ – ١ – ٢ ب) *گەڕانەوەی دوایی.* ١٧٦
٣ – ١ – ٢ پ) *گەڕانەوەی پلەدار.* ١٧٧
٣ ـ ٢: لێڵی لە واتای زمانی شیعردا. ١٨١
٣ ـ ٣: وشەی شیعر و بارگاوی بوونی بە ڕەمز. ١٨٨
٣ – ٤: زمان و دیاردەی بە دەقکردن . ١٩٨
*أ) قورئان.* ٢٠٢
*ب) فەرموودە.* ٢٠٥
*ج) کتێبی پیرۆز.* ٢٠٧
٣ ـ ٥: کاریگەری زمان لەسەر دیاردەی کەڵەکەبوون. ٢١١
٣ ـ ٦: ڕۆڵی زمان لە دیاردەی پووکانەوەی پلەییدا. ٢٢١
٣ ـ ٧: دەسەڵاتی زمان لە دیاردەی هونەریی هەڵوەشاندنەوەدا. ٢٢٥
**سەرچاوەی نموونەکان** ٢٣٢
**سەرچاوەکان** ٢٣٥

# پێشەکی

تاکو ئێستا بوارەکانی زمان و ئەدەب بە دوو جەمسەر و بابەتی جیاواز دێنە ناو باس و لێکۆڵینەوە، وەك ئەوە خراونەتە بەر چاوان کە گەشەکردن و چەکەرەبوونیان لە دوو منداڵدانی دژبەیەکەوە سەریان هەڵدابێت، بەڵام ڕەخنەی تازەی بونیادگەری ئەم بۆچوونانە ڕەت دەکاتەوە، وەك پردێك هەردوو بوارەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە ڕاستیدا هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی بەبێ بوونی زمان لەدایك نابێت و هەموو بابەتێکی زمان و زمانناسیش بەبێ بەرهەم و بەرهەمی ئەدەبی بێ توێژینەوە دەمێنێتەوە.

یەکێك لە بنەما هەرە هاوبەندێتی زمان و ئەدەب، بونیات (بونیادگەری) و شێواز (شێوازگەری)یە. ئەم دوو زانستە، ڕاستەقینەیی هەردوو بابەتەکە لەناو یەك بۆتەدا قاڵ دەکەنەوە و وەك پێوەر هەڵسەنگاندنیان لەمەڕ ئەنجام دەدەن. خاڵە هاوبەش و هاوبنەماکان، کە هەر یەکەیان تەواوکەری ئەوی تریانە دەستنیشان دەکەن. بۆیە زمان و ئەدەب و ناوەندێکی یەك چەقیان هەیە، لێکهەڵاوردکردنیان دوور کەوتنەوەیە لەو ڕاستییانەی کە زانستی زمانناسی و ئەدەبناسیی تازە بەدەستیان هێناون.

لەم کتێبەدا هەوڵدەدەین ئەو ڕاستییانەی سەرەوە بە گشتی و لە دەرەتانەکانی زمان و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ڕەنگبداتەوە کە زۆر بەکەمی ئەم میتۆدە پێش چاو دەکەوێت.

بۆ پراکتیکردنی لێکۆڵینەوەکان، جیهانی شیعری هاوچەرخمان هەڵبژاردووە چونکە ئەم قۆناغە زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵ زانستە تازەکان (بونیادگەری و شێوازگەری) و ڕەخنەی تازەی سەردەمییانەدا هەیە.

مەودای نموونە و پراکتیککردنی باسەکەی ئێمە ساڵانی (١٩٨٥ ـ ٢٠٠٥) لە شیعری هاوچەرخی کوردی لەخۆدەگرێت، کە ماوەی گۆڕانکاریی دڵکاریی شێواز و ناوەڕۆکی شیعری کوردییە. ساڵی (١٩٨٥) بەتایبەتی لای شاعیرانی هەولێر ئەم ماوەیە، خاڵی وەرچەرخان و باوەشکردنە بە تازەگەری. ئەم قۆناغە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە سەردەمێکی گرینگ و پڕ بایەخ و پڕاوپڕ لە بەها سەیر دەکرێت. لە ناوەندی

تازەگەری، بە پێڕەو کردنی دیاردەکانی ڕەمز و لێڵی... بە قۆناغی پڕ لە گەشەی بەرگری و بەردەوامی و بە شارستانییەت بوونی زمان دادەندرێت.

سەبارەت بە میتۆد و ڕێبازی کتێبەکە ڕێڕەوێکی مێژوویی و زمان، وەسفی ـ شێوازگەری پراکتیکیمان پێڕەو کردووە و لەمەڕ هونەرەکانی بونیات و یەکە پێکهاتە و زمانی شیعر و شێواز و پێوەندییە هاوبەندییەکانی نێوان زمانناسی و بونیادگەری بەگشتی و ئەزموونی هەندێ لە دیاردە شێوازگەرییەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی بەتایبەتی خراونەتەڕوو، لە باسەکاندا بەگوێرەی تیۆرەکانی زمانناسی و ڕەخنەی تازە چەند لایەنێکی هونەری زمانی شیعر و ڕوخسار و بونیاتمان خستۆتە ژێر ڕووناکیی لێکۆڵینەوەکە. لە ڕوانگەی زمانەوە وێنەی زمان و بونیات و پێکهاتەی بونیات و شێوازو کێش و ڕیتم و ئاریشەی سەروا... شەقڵی ئەم هونەرانەمان دەستنیشان کردووە.

بۆ کۆتایی پێهێنان دەڵێم: هیوادارم توانیبێتم دەروازەیەك لەڕووی ئەم بوارە زانستییەی زمان و ئەدەبم والآ کردبێت. بۆ ئەوەی کەسانی تر پتر برەو بەو کارە بدەن و لە لایەنی لێکۆڵینەوەی پڕ لە زانست، هەنگاوی تری بۆ بهاوێژن.

پێویستیشە ئەم ڕاستییە بڵێمەوە کە کەم کار بە بابەتەکەی منیشەوە بەرچاو دەکەوێت لە کەم و کوڕی بەدەر بێت و ڕەخنە هەڵنەگرێت، زۆر باوەڕیشم بەو قسەیە هەیە، کە بابەتی ڕەخنە هەڵنەگر، بابەتێکی نازیندووە.

**د. ئازاد ئەحمەد مەحموود**
**هەولێر: ١/ ١٠/ ٢٠٠٩**

# بەشی یەکەم
## دەسەڵاتی زمان لە بونیات و یەکە و پێوەندیدا

### تەوەرەی یەکەم:
### بونیاتی زمان و یەکەکانی پێکهاتنی دەقی شیعر

#### (١) دەسەڵاتی زمان و شیعر

بنەڕەتترین ئامانجی زمان گەیاندنە. بۆ گەیاندنی بیروباوەڕ و هەڵچوون و هەست و ئارەزوو، زمان ڕێگایەکی مرۆڤی پێوەند پوختەی ناوارِسکە (Uninstinctive)، کە بەهاریکاری کۆمەڵە وێنە و ڕەمز و هێمایەکی بەرهەمهێنراوی خۆویستەوە ئەنجام دەدرێت. هەرچەندە ئەو وێنە و هێمایانە لە پرۆسەی (بیستن)دان، ئەندامەکانی ئاخاوتن بەرهەمیان دەهێنن بەبێ ئەوەی بنەمایەکی وارِسکی (غریزی ـ Instinctive) لە ئاخاوتنی مرۆڤدا هەبێت، بەڵام زۆر مۆرکی وارِسکی و ناوەندیی سروشت بۆ پێشکەوتنی هەندێ ڕەگەزی دیاریکراوی ئاخاوتن سوودیان زۆرە. هەروەها زۆر لە بیروباوەڕ و ئارەزووی وارِسکی جموجۆڵی، یان بابەتیتر بن، بۆ گوزارشت و دەربڕینی زمانی ناوەند و قاڵب لەخۆ دەگرن.

هەر لەو کاتەی مرۆڤ لەگەڵ گەردوون و سروشت و ژیاندا کەوتۆتە ناو گێژاوی کێشەوە، زمان گەشەی کردووە. بەئاراستەی هەموو گۆڕانکارییەکانی ئادەمیزاد گۆڕاوە، لە گۆڕینی سروشتی مرۆڤ ڕۆڵی هەبووە.

زمان بەجۆرێك کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبووە لە پێکهاتەی سادەیی سروشتی تاکدا، بوونەوەرێکی هونەرمەندی دروست کردووە، تا هونەر لە گشت دەرەتانەکانی ژیان بکات.

خەسڵەتی دەربڕینی زمان ئاکارێکی سادەی بێ بەرنامە نییە، ڤاڵای مۆرکێکی دەلالییە. مەدلوول وەك ڕایەڵێکی دەرەکی لەو دەربڕین و گوزارشتەدا جیا دەکرێتەوە. دالیش کە ڕەمزی مەدلوولە لە تێکەڵبوون و ئامێزگەلیی دال و مەدلوولدایە، دەلالەتیش وەك وێنەییێکی زەینی لە ناو منداڵدانی دال و مەدلوولدا گەشە دەکات. بەو پێودانگە زمان نیشانەیەکی ڕەمزییە، یان وێنە و ڕەمزی ئەو بابەتانەن کە دەبیندرێن و هەستیان پێ دەکرێت.

بونیات و پێکهاتـەی زمـان، دیـاردەییێکی تایبەتـە و جیـاوازە لەگـەڵ ئاماژەگـەلی پێشووتر، چونکە زمان لـە نـاو خـودی نـاخی خۆیـدا ئامانجـە و هێمـای شـتێك نییـە بتواندرێت وازی لێ بهێندرێت. لە بارێکی ڕەمـزی بـۆ حاڵـەتێکی پێکهاتـە، قورسـایی بەزاندنی شیعر لە ئامێز دەگرێت. شاعیر بەو چەشنە مامەڵە لەگـەڵ زمـان ناکـات کـە ئەرکێکی زمانی جێبەجێ بکات، بەڵکو لە ڕێگای (گەڕان) بەدوای شـتەکاندا، مامەڵـە لەگەڵ زمان دەکات.

شاعیر لە ڕێگای زمانەوە هەوڵ دەدات جیهانێکی پڕ لە جوانیی تاسـەبەخش بونیـات بنێت، لە ناخی شتێکەوە بابەتێکی دیکە مسۆگەر بکات، هەوێنی ئەو بابەتەش شیعرە، لە هونەردا بەها و نرخی دەبێت.

هەڵوێستی گەیاندن، تەنیا سیفەتێکی دژایەتی و دژبوونی زمانە. چونکە دژایەتی لـە بونیاتی شاراوەی زمـانی دەلالەتـەوە جێبـەجێ دەبـێ، هەرچـی هەڵوێـستی بونیـات و پێکهاتەیە، خەسڵەتێکی زمانی شاعیرایەتییە. شاعیر بونیـاتێکی زمـان بـەزمان پێـك دەهێنێت، زمانی دژایەتیش لەگەڵ زمانی ئاسایی جیاوازە. شاعیر بەزمانێکی زۆر باڵاو پڕ لـە دەسـەڵات بـۆ بابـەت و نـاوەڕۆك دەڕوانێـت. کەواتـە (شـیعر) تـەنیا مـەودای پـێوەندییێکی ڕووپـێوی بە وشەوە نییە، یان: ((وشە تـەنیا بەمەبەسـتی حـاڵات بـەکار ناهێندرێت، بەڵکو لە ڕێگای خزمەتکردندا دەبووژێندرێتەوە))[1] و دەشبێتە سەرچـاوەی واتا بەخشین.

بۆ سەرکەوتن و پوختەیی و پڕ لە داهێنانی دەقی شیعر، شاعیر لەسەریەتی ڕۆڵێکـی گرنگ و چالاك بەرانبەر بە وشە ببینێت، پێویستە بەتێڕوانینی بوونی بابـەت لـە نـاخی وشەدا ـ نەك تەنیا دەلالەتی واتایی، مامەڵە لەگەڵ وشەدا بکات. گـرنگ و نـاوەڕۆکی ئەم چەشنە مامەڵەکردنە، ڕەنگبـێ ئـەنجامی وابێـت کـە زمـان، ڕێگایـەکی ئامـانجی بگەیەنێت، بەپێچەوانەی پەخشان، کە زمان تەنیا هۆ (وسیلە) لە خۆ دەگرێت. نووسـەر لە ڕوانگەی وشەکانیەوە بەئامانج دەگات، بەڵام شیعر بەبێ ئەم وشانە خۆی لـە خۆیـدا چەمکی ئامانج دەگەیەنێت. ئەمە بۆ زمانی شیعر دەلالەت نییە کە لە واتا بەدەرە، یان

---

(١) جان بول سارتەر، ما الادب، ترجمة وتقديم وتعليق: د. محمد غنيمي هلال، الأنجلو المصرية، ١٩٦١، ص:١٦.

تێگەیشتنی تەواو نادات بەدەستەوە. لە ڕاستیدا لە زمانی شیعرەوە (واتا) خۆی هاوبەندیی نێوان وشەکان دەبێت. بەواتایەکی دیکە هۆکاری بەیەکەوە گرێدانی وشەکان بۆ بەخشینی واتا، واتایە و دەبێتە یەکەیەکی پێکهاتەیی و بونیاتی فرێز، لە دەرەوەی ئەم ڕاستییە وشە هیچ شتێك ناگەیەنێ[1].

شاعیر ئەگەر لە حاڵەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وشەدا هەڵوەستەیەك بکات، هەروەك چۆن شێوەکار لەگەڵ ڕەنگ و مۆسیقاژەن لەگەڵ ڕیتم و ئاواز هەڵوەستە دەکەن، واتا لە ڤاڵای حاڵەت و ڕەوشتێکی سروشتی خۆی دەنوێنێت، ئەگەرچی لە شتە نموونەیەکانی مرۆڤییدا نییە، بەڵام لە ڕێگای زمانەوە لە شیعردا بارگەی دیاردە و سیفەتێکی هاوبەندیی وشە و مانا هەڵدەگرێت. لە جیهانی ئەبستراکت و بەرجەستەییدا، بۆ دەلالەتی شادی و ناشادی، بۆ بوون و بەردەوامی گوزارشت لە بابەتەکان دەکات.

زمان لە دەروونی مرۆڤدا، کۆمەڵە یەکەیەك لە خۆ دەگرێت. ڕەنگە لە دەرەوەی سنووری زمانی شیعردا، ئەم یەکانە تەنیا واتای لێکسیکی فەرهەنگی سادە بگەیەنن، هەروەها لە بابەتەکانی دیکەی دژ بەئەدەبیش، بۆ ئەوەی بەها بنەڕەتییە بونیاتەکەی خۆیان لە دەست نەدەن، وەك شتێکی زانیاری گەیاندن بەکار دێن. هەرچی شیعرە، بەهاریکاری ڕایەڵەکانی زمان لە شتێکی خوڵقاوەوە، بابەتێکی دروستکراوی دیکە بونیات دەنێت، لە ڕێگای زمانی تایبەتییەوە واتا فەرهەنگییەکەی ون دەکات و واتایەکی تری پڕ لە دەلالەت، بەسروشتێکی تایبەتییەوە پێك دەهێنێت. گشت پێوەندییەکان و نیگاییەکان و جوانکارییەکانی چینی دەرەوە دەوەستێت و بوونێکی تری بارگاوی بەناوەرۆك و بابەتی پێویستی (هەبوون)، کە هەوڵ و تەقەڵلای بۆ دەدرێت جێگای دەگرێتەوە.

گەیاندن و ئامانج، دوو هێڵی تەریبی زمانی شیعرن، شیعریش لە دەروازەی ڕەمز و نیگاوە مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات و لە ژیان دەڕوانێت. داهێنانی زمانی و بابەتی بەئەنجام دەگەیەنێت. هەر بەمەبەستی گوزارشت و گەیاندنی واتا، مۆسیقا و شیعر دوو شەپۆلی یەکسانی و هارمۆنین، زمان و شیعر لە یەکتر نزیك دەکەنەوە[2].

---

(١) جان بول سارتەر ، ما الادب، ص:٢١.

(٢) هاسکل بلوك وهیرمان سالنجر، الرؤیا الابداعیة، ترجمة: اسعد سلیم، الالف الکتاب، ١٩٦٦، ص: ٥٦.

شیعر لە ڕێگای زمانەوە، جیهانێکی پڕ لە تاسە بونیات دەنێت، لە ئاقارەکانی ئـەم جیهانە تایبەتمەند و دەگمەنەدا، بیری مۆسیقا تیایدا چەکەرە و گەشە دەکات و بـەردەوام دەبێت. لەوێ ئاواز و ڕیتم بەسەر ژیربێژی زاڵە، شێوە لە ناو بابەتدا ناتوێتـەوە، بـەڵکو بەهێزی دەکات و شەپۆلی ئاواز بەدی دەکرێت و پێیدا تێپەڕ دەبێت.

لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین، کە شـیعر گوزارشـت و دەلالـەت لـە بابـەتێك دەکـات هەرگیز لە قاڵبێکی دیاریکراودا داناڕێژرێت، بەهیچ جۆرێك ڕاسـتەوخۆ، نـەك هـەر بـە بابەتەکان ناگەین بەڵکو نزیکیشی ناکەوینەوە، ناچار شـاعیر هـەموو کـات و لـە هـەر بارێکی دەروونی خۆیدا بێت، هەوڵ دەدات لەگـەڵ دەستپێـشخەریەکانی (Initiatives) وشە یەکانگیر بێت. (مالارمیە) وای دەبینێت، شاعیر بـۆ ئـەوەی وێنـە و وێنـاکردن و جیهانبینی و داهێنان ئامادە بکات، ڕستەی بابەتی سەرەکی و بنەڕەتیی بنکـەی زمـان دەبێت، زمان پتر شیعرایەتییە لەوەی کە ئاوەز بێت، هەروەها بەپێی قسەکانی (هاوزر)، شیعر پتر لە شتی تر بەفەلسەفە بارگاوی کراوە[1].

ئەگەر (ڤۆلتێر) لەبارەی شـیعر گـوتبێتی: ((شـیعر، بریتـی نـەبێت لـە کۆمەڵـە ڕستەیەك، هیچ ناگەیەنێت))[2]. (ڤالیری) ئەم بۆچـوونە ڕەت ناکاتـەوە، چـونکە دنیـای شیعر کە وەبەر باس و لێکۆڵینەوە دەکەوێت، کۆمـەڵێك وێنەی هەمـەجۆر و کەسایەتی و وێناکردن و جیهانبینی و داستان و هەڤپەیڤین و ڕیتم و سیستمی زنجیرەیی و داهێنان... لە خۆ دەگرێت. هەروەها یەکێك لە بنەما و ناوەڕۆکی شیعر ئەوەیـە، کـە هـەر کاتێـك ئەفسووس و جادوویی خـۆی لـە دەسـت دا جگـە لـە بـیر، بـەدوای شـتی تـر کـەوت، دەتواندرێت جارێکی کە لەسەر شێوازی پەخشان دابڕێژرێتەوە[3]. بۆیە وا باشە پێ لەسەر ئەوە دابگرین، کە مەرجی بەشاعیربوون و شیعرایەتی، بابەتێکە لە شـتی بـاوەڕپێکراو دانابڕێت، بەو مەبەستە ئەگەر ناوەڕۆکی شیعرێك بۆ پەخشان بگۆڕدرێت بەرانبەر بەناخ و بنەمای هونەر، ڕەوشتێکی کەللەڕەقی جێبەجێ دەکرێـت. ئەگـەر لـە دێـر و کۆپلـە و

---

(١) أرنولد هاوزر، الفن والمجتمع عبر التاريخ، ترجمة: د. فؤاد زكريا، الهيئة المصرية للتأليف والنشر، ١٩٧١، ص: ٦٧.

(٢) هاسكل بلوك وهيرمان سالنجر، الرؤيا الابداعية، ص: ٢٣.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٣.

وێنەیەکی شیعردا، واتا و داڕشتنی زمانی و ناوەرۆك و بابـەتی دەق و ڕیـتم و واتـا لـە یەکتر جیا کرایەوە، ئەوا نیشانەی هەست نەکردنە بەگەورەیی و پیرۆزیی شیعر و بەرانبەر بەچەمك و جوانیی شیعر، بێ دەسەلاتی دەنوێندرێت.

لە فەنتازیای شیعری هاوچـەرخدا، شـاعیر بەهـەمـوو تـەوژمی داهێنـان و توانـستی گوزارشتکردنییەوە، هەوڵ دەدات چەمکی نـاوەرۆك و فـۆرم لـە بۆتـەی بونیـاتی یـەك پێکهاتەدا کۆ بکاتەوە و سنووری جیاوازییان هەڵبگرێت. ئەو مەرجە بۆ بوونی شێواز لە دەقی شیعردا بەڵگەنەویستە. جگە لەمەش، فۆرم هەموو جارێك بۆ حاڵەتێك و بیرێك تا خوێنەر ئاگادار بکاتـەوە، خـۆی خـۆی دووبـارە دەکاتـەوە، دەبێتـە پێویـستییێکی زۆر پێویـستی دەربـڕین و گوزارشـتکردن. چـونکە دێـڕە شـیعرێکی جـوان دەتوانێـت لـە خۆڵەمێشەوە گەشبوونەوە و خۆشکردنەوەیەکی هەتا هەتایی ببەخشێت.

دەرکەوتنی زمان لە ناو زماندا و یان دەرکەوتنی زمانی شیعر لە ناو زمانی گشتیدا، پێویستی بەهەڵوەستە و سەرنج لێگرتن هەیە. بەدەگمەنبوونی هاوڕێکی نێوان دەنـگ و واتا، بەدیارخـستنی خاسـیەتەکانی ئاخـاوتن و وتارنووسـین، هـەروەها بەدەسـتهێنانی ژیربێژی و زانیاری پەیداکردن لەبارەی ئەو شتانەی کە پڕن لە هارمۆنییەت و ئەوانەی لە هارمۆنییەت بەتاڵ کراون، ئـەو شـتانەی بـێ بونیـاتی شـاراوەن، ئەوانـەی لـە جـوانی بەدوورن، جیاوازی وشەی گوزارشتی نێوان شیعر و پەخشان، سەرجەم ئـەم گریمانانـە لـە ناخی یەك زماندا گل دەدرێنەوە. شیعریش لە تێکڕای ئـەو شـتە کەڵەکەکراوانـەوە بـۆ پوختەکردنی بابەتی هونەری، پـێویستی بە(یەکێتی بابەت) هەیـە، بـۆ یـەکانگیرکردنی گشت ئەگەرەکانی زانیاری، زۆر لە زانستەکان دەخوازێت.

زمان ملکەچی زانستی فۆنەتیکە هەروەك چۆن شیعر ملکەچی کێش و ڕیتمە. جگـە لەمە، بۆ پێشکەوتنی دەرەتانی واتای وشـەکان، شـیعر پێویـستی بـەبواری ژیربێـژیش هەیە، کە ئەم ڕەخە زیاتر لایەنی ڕەوانبێژی و سیماتیك دەگرێتـەوە. سـەرەڕای هـەموو ئەمانە، شیعر پێویستی بەزانستەکانی وشەسازی و ڕستەسازی دەبێت. ئـەوەی شـایانی باسکردنە، لێکۆڵینەوە لەبارەی هەموو ئەو ناوەندانەی کە ئاماژەیان پـێ کرا، دەلوێ لە ناو یەك دەقدا ئەنجام بدرێن. واتا یەك تێکستی شیعر، لێکۆڵینەوە لـەبارەی بوارەکـانی

فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیك و ڕەوانبێژی لە خۆ دەگرێ و بەئاستو ئاراستەی سەربەخۆ توێژینەوەکان ئەنجام دەدرێن[1]. لە ژێر ڕۆشـنایی ئـەم ڕاسـتییانەدا، شاعیر لەسەریەتی کە گوێڕایەڵی هەموو زانستەکانی زمان بێت. ئەو زانستانە لـە بـاری ئاساییدا زۆربەی ئاخێوەر ملکەچی پێڕەو کردنیانن، دواتر شاعیر لەو کەرەستە زانستییە ئاسایی و سروشتییانەی زماندا، بابەتێکی سۆزی و نیگایی هەڵدەقۆزتەوە و پانتـاییێکی پڕاوپڕ لە جیاوازی ئـەوەوە بونیـات دەنێـت، ئـەم پانتاییـەش گـشت بنـەما و هۆکـارە سروشتی و هەستییەکان لە باوەش دەگرێت. بەو تێڕامانە، شیعر لـە بانێـژەی زمانـەوە ناوەرۆکی پێویستی هونەرە و بیر و فیکری قەسـیدە لـە گـشت چـەقەکانی ڕوونبێـژی و مۆسیقا و ڕیتم و ئێستێتیکا و دەلالەت... لە فۆرمی هەستی دانابڕێت. چونکە تێکڕای بنەماکانی شیعر حاڵەتێك و دیـاردەییێکی بـەرز و لـەباری ئاسـایی سـەرپەڕتر بونیـات دەنێت، بۆ ئەو مەبەستەی کـە لـە نـاخ و قـووڵایی خوێنـەردا، ناوەنـدێکی بـوون کـە بەهارمۆنییەت هەڵنرابێت ڕەگ دابکوتێت.

لە جەوهەری شیعـردا دوو بابەتی زۆر گرنگ هـەیـە، پێویسـتە تێیان بـڕوانین. ئەم دوو بابەتەش یەك داینەمۆ بـەرهـەمیان دەهێنـێ کـە - زمانـە - بـەلآم دوو جەمسـەری جیاوازن. ئەوانیش: پێکهێنان (داڕشتن، تشـکیل، Formation) و شێواز (شكل - Style)ە. پێکهێنان و بونیاتنان لە ژێر سـایەی زمانەوە لە بونیاتدا، دەبێتە تەوەرێکی زانستی دروستکردن. زۆر جار لەبەر کـەمی زانیـاری لـەبارەی چـەمکـی هەریەکەیـان، بەنادروست یان بەهەڵە ئاوڕیـان لێ دراوەتـەوە، زۆر کـەڕەتـان لـە قووڵایی توێژینەوەدا باس لە شێواز و فۆرم دەکرێت بەبێ ئەوەی بەئەسـپایی بـەبنج و بناوانی پرۆسەی بونیاتنان شۆڕ ببنەوە و لە بونیاتی شاراوەی ئەم هەوڵ و زانستە بگەن.

فـۆرم وەك دیاردەیـەکـی زمان بەرچاوە و تەوەرەکانی: لە باشی و ناڕێکی، گرژی و ئاسایی، پێوانە و لادان، گشتی و پاراوی... ئەگەر ئـاوڕ لـە مـەوداکانی کاریگـەرییان نەدرێتەوە، هیچ گرنگییـەك بەپـرۆسـەی شیعر نادەن. ئەگەر بۆ قووڵایی بونیات شـۆڕ نەبنەوە هیچ بەهایەك بە شیعرایەتی نابەخشن.

---

(١) بڕوانە: جان برتليمي، بحث في علم الجمال، ترجمة: د. انور عبدالعزيز، دار النهضة، مصر، ١٩٨٠، ص: ١٨، ١٩، ٢١.

پێکهێنان، بابەتێکی تر و جیهانێکی جیاوازترە. بەفۆرم و ناوەڕۆکەوە ئەستوندە و پەیکانی بونیاتی قەسیدەیە، کە شاعیر بەتێڕوانین و جیهانبینی و فەلسەفە و هونەرەوە لە دوا هەوڵی پرۆسەی بونیاتناندا بەدەستی دەهێنێت.

ئەگەر بەوردی لێکۆڵینەوە و شرۆڤە بۆ پێکهاتن بکەین، دەبینیت زاراوەی بونیاتنان لە بونیاتگەریدا، هەموو بوارەکانی ناوەڕۆك و بابەت و زمان و وێنەی شیعری، ئەفراندن و داهێنان و جیهانبینی و روئیا و ئێستێتیکا و هونەری تەکنیکی شیعر و قەسیدە داگیر دەکات. ئەوانەی هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنن کە شیعر بابەتێکی ڕەوانبێژییە و وەك یاسایێکی دەرەکی لە ناو دەقدا پراکتیك دەکرێت بەهەڵە چووبوون، هەروەکو چۆن لە دیاریکردنی واتای شیعر وەك تەوەرێکی سەربەخۆ و دابڕاو هەڵەیان کردبوو، هەڵەکانیان لەوەوە بوو، کە یەك بونیاتیان بۆ دوو بوار دابەش دەکرد، هەریەکەیان بوونێکی سەربەخۆیان پێ دەبەخشی بەبێ ئەوەی جەوهەری تەواوی قەسیدە لە ناو دەقدا هەڵوەشێنەوە.

ڕەخنەی ڕۆژئاوایی بەیەك ئاست مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو زاراوەیە (شێواز و پێکهاتن) لە بونیاتدا دەکات. لە لێکۆڵینەوەکانیاندا شێوازیان وەك نەخشە و پلانی کاری هونەر داناوە. بەڵام بونیاتی پێکهاتن لە چوارچێوەییێکی تردا شێوە ڕێکخستنەوەیە[1].

ئەگەر پرسیاری شێواز چییە و پێکهێنان چییە؟ بێنینە ئاراوە، ئەوە لە ڕێگای زمانەوە وەڵامەکان بەدەست دەکەوێت. ئەویش هەردوو چەمك، واتایەکی بنەڕەتی بونیات دەگەیەنن، لە کاری شیعردا میتۆدی پرۆسەی بونیاتێکی نوێیە. شێواز و پێکهاتن لە بۆتەی زماندا ئاوێتەی یەکتر دەبن و بەرهەمێکی زمانیی تازە (شیعر) پەیدا دەبێت. بەسەرنج گرتن لە شیعری هاوچەرخ، دەبینین بەبێ دەلالەت چەمکێك نییە و بەدی ناکرێت گوزارشت لە شێوەیەکی بێ واتا بکات. وەك ئەوەی کە وشە بابەت دیاری دەکات، هیچ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو نییە شیعر دابڕێژێت. بۆ نموونە ئەگەر لە تێکستێکی شیعردا، وێنەی شیعریی: (جوانیی سووتا)مان بەر دیدە کەوت، واتا و دەلالەتی حازربەدەستمان لە لا پەیدا نابێت، بیرکاریی ئاسا ئەنجامەکە بەسەلمێنراوی پێشکەش بکات. نازاندرێت شاعیر مەبەستی باسی (جوان)ە، یان (جوانی)یە، ڕەنگ بێ

---

(١) الدکتور عبدالغفار مسکاوي، ثورة الشعر الحدیث، الهیئة المصریة العامة للکتاب، ١٩٧٢، ص: ٥١.

دەلالەت لە چەمکی (سووتان) یان چەمکی (مەرگ) بکات، دووریش نییە، باس لە ئێش و ئازاری دەروونی خۆی بکات، زۆر نزیکیشە ڕەمزی (ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید...) بێت. کەواتە لە بونیات و پێکهاتندا (مەبەست) بابەتێکی دیاریکراو و سنووردار نییە تا شاعیر لە سەرچاوەی بیریەوە هەڵیبهێنجێ پاشان بەکاری بهێنێت. بەڵکو شیعر لە ڕێگای زمانەوە، دروستکەری دنیای پڕ لە بونیاتی شاراوەی تایبەتە.

لەم جیهانەدا، پێوەندییەکان تایبەتن و جیهانبینی تایبەتە و ڕەمز و بەڕەمزکردن و نیگا، شۆڕش و ئاشکراکردنی پەنهانەکان، پرسیارگەلی لەبارەی بوون و سروشت و مەرگ و دوای سروشت، ساباتێکی ئێستێتیکا لە هەڵوێست دروست دەکەن، بەو پێودانگە بونیات هێڵە تێکچرژاوەکانی ناخی دەق و ئێستێتیکای ڕازاندنەوە لە خۆ دەگرێت، لێك هەڵاوردکردنیان سەرپێچێکی ناڕەوا دەرهەق بەیاساکانی بونیات پیادە دەکرێت.

کاتێك شاعیر زمان لە شیعردا بەکار دەهێنێت، لە ڕێگای دەنگ و ڕیتم و ئاوازەوە بۆ دنیاییێکی هەستی گوزارشت لە وشە دەکات، ئەم کردارەش لە چوارچێوەی هونەردا جێبەجێ دەبێت. ئەو بونیاتە لە هەموو سەردەمێکدا لە ناو قووڵایی کولتوور و هونەر و فیکر و داهێنان...دا ڕەگ دادەکوتێت. گوزارشت دوو سەرەیە، گوزارشتی سوودبەخش کاتییە و بەتێپەڕبوونی کات دەتوێتەوە، وادەی بەسەر دەچێت، بەڵام گوزارشتی هونەری، بەدرێژایی زەمەن بەنەمری دەمێنێتەوە، ئەو کاتانەش کە شاعیر و هونەرمەند شەپۆلی هاندانی داهێنانیان کپ دەبێتەوە، بەرهەمە هونەرییەکانیان بە نەمری دەمێننەوە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە بونیات و شێوەی هونەری لەگەڵ تیۆری لاساییکردنەوە و چاولێکەری بەتەواوەتی جیاوازن. لەگەڵ ئەوەشدا کە لاساییکردنەوە لە دوو توێی هونەردا، بەکۆنترین ڕێگا دادەندرێت، ئێستاش بونیاتی هونەری لە بەرهەمی هاوچەرخدا بەتازەترین ڕێگا دەژمێردرێت. بۆیە بەپێی تیۆری چاولێکەری مرۆڤی ئاسایی و سادە باوەڕی بەرێگای ناڕەخنەیی هەیە، لەبەرئەوەی کەسانێکی زۆر ڕێگای هونەر بەناهونەری دەگرنە بەر، تیۆری بونیاتی هونەری هاوچەرخیش هەموو کات ڕەخنە لە ئاخێوەری سادە و ساکار دەگرێت. هەر بۆیە هونەر لە لایان ئەو بەهایەی نابێت و ناچار هونەری تازە ڕێچکەی ڕەخنەئامێزیان لێ دەگرێت، وەك پێویست دەبێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکرێت، کە تیۆری لاساییکردنەوە پێوەندیی مشتومڕ هەڵنەگری نێوان هونەر و ئەزموونی مرۆڤی، بۆ دەرەوەی ڤالای هونەری دەگەڕێنێتەوە، ئەو کاتە

هونەر بۆ ژیان یان ئاوێنەییێکی ڕاستەوخۆ دەبێت یان تەنیا بەشە شاراوەکان ئاشکرا دەکات، ئەم دیاردەیەش بەتەواوەتی لە بونیاتی نوێدا ڕەت دەکرێتەوە، چونکە لە بونیاتی پێکهاتەی تازەدا، هونەری ڕاست و دروست ئەوەیە، کە جیا دەکرێتەوە لەو کردەوە و بابەتانەی کە کۆمەڵە ئەزموونێك پەیدای دەکەن، لە ڕاستییدا هونەر جیهانێکی پڕ تۆکمەی سەربەخۆیە. سیفەتی ناوەوەی هونەر، ڕێگا نادات لە سروشت و ژیان وەربگیرێت، لە هیچ ئەزموونێکیش جگە لە ئەزموونی مرۆڤی بەدی ناکرێت. ئەگەر هونەر: ((بەڕاستی بیەوێت ببێت بەهونەری ڕەسەن و ڕاستەقینە، پێویستە لە خودی خۆیدا سەربەخۆ بێت))[1].

زاراوەی شیعر کۆمەڵە وشەیەکی دیاریکراو ناگەیەنێت بۆ ئەوەی لە ژانرەکانی دیکەی جیا بکاتەوە، بەڵکو شیعر هونەرێکە شاعیر لە ڕێگای زمانەوە بەشێوازێکی ڕێك و تەکنیکی مامەڵەکردنی هونەرەوە، لە پانتایی فەرهەنگی زماندا دەستەبەری دەکات. تەکنیکی هونەری مامەڵەکردن لە ناو سیستمی زمانی ئاساییدا، سیستمێکی زمانی دیکەی نائاسایی و نایاسایی دروست دەکات. ئەمە دەبێتە مەرجێك و - تەنانەت لە زمانیشدا، کە بەشێوەیەکی گشتی بەبەشێك لە شێوە و فۆرم دادەندرێت - بۆ ئەوەی وشەکان لە خودیاندا لە یەکتر جیا بکرێنەوە، تا بزاندرێت چەندیان لە پرۆسەی جوانکاریی ئێستێتیکا سستی دەنوێنن، هەروەها پێویستە ئەو ڕێگایەش دیاری بکرێت، کە یەکەی وشەکان لە پێکهێنانی دەنگ و واتا و چالاکی لایەنی جوانکاریی ئێستێتیکا دەستنیشان دەکات[2].

وێڕای ئەمەش، وشە لە شیعردا دەلالەت لە بابەتێکی دیاریکراو ناکات، لە ئەدەبدا زمان سیستمێکی ڕەمزیی نوێ دەخولقێنێت، کە لە زمانی سیستمی ڕەمزیی نائەدەبدا زۆر جیاوازە.

بوونی زمان لە ڤالاّی شیعردا پرسیارگەلێکی نەبڕاوە بەرهەم دەهێنێت، لە تێکڕایان گرنگتر ئەوەیە: ئایا بوونی زمان لە دەقی شیعردا بونیاتێکی پوختە و سەربەخۆیە، یان ملکەچ و پێڕەوی گەیاندن و گەیشتنە؟ قوتابخانەی فۆرمالیستی و ڕێبازی هونەر بۆ

---

(١) جیروم ستولنیتز، النقد الادبي (دراسة جمالية و فلسفية) ، ترجمة : د. فؤاد زكريا، مطبعة جامعة عين الشمس، ١٩٧٤، ص:٧٧ ـ ٧٨.

(٢) اوستن وارين ورينية ويليك، نظرية الادب، ترجمة: محى الدين صبحي، المجلس الاعلى للفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، سوريا، ١٩٧٢ص: ١٨١

هونەر، ئەوە ڕەت دەکەنەوە، کـە گەیانـدن دەنگدانـەوەی پرۆسـەی شـیعر بێـت. خـۆی بونیاتێکی پوختەیە. کەچـی هەنـدێکی دیکـە ئـەوە ڕادەگەیـەنن، ئەگـەر شـیعر بـەو ئاراستەیە ببردرێـت کـە بونیـاتێکی ئێـستێتیکایە، ئـەو بونیاتـە هـەوڵێکی پوختـە و بەئاسانیش نایەتە دی، ڕەنگبێ بەهای گەیاندن بگەیـەنێت، ئـەم بڕیـارە ڕەخنەییـە لـە ڕاستییەوە نزیکە.

لە ژێر سایەی دروشمی هونەر بۆ هونەر، ئەزموونی شیعر لـە خـودی خـۆی بـۆ خـۆی ئامانج دەگەیەنێت. بڕیار تەنیا لە نـاخی بونیاتـدا دەبێـت، بـەو جـۆرە کـە شـیعر لـە بونیاتدا: ((بەبەشێك یان وێنەیەك لە جیهانی ڕاستی دانانـدرێت، بەڵکو خۆی لـە خۆیـدا دونیایەکی تەواو و سەربەخۆیە))[1].

ئەگەر سروشتی زمان سێبەرێکی سوودبەخش بێـت و ئامانجـەکانی کردارێکـی (عملية) باش بگەیەنن، کێشەی شاعیر ڕزگاربوونە لە کەرەستەی ئەم کردارە، هۆیەکە بۆ دروستکردنی کار و کردەوەیەك کە لە جەوهەریدا کار و کردەوەیەکی ناکردارییـە، بـەڵام شیعر مەبەسـتیەتی جیهـان و سیـستمێك بـۆ بابەتـەکان بونیـات بنێـت. یـان جـۆرە پێوەندییەك پێك بهێنێت کە هیچ پـێوەندییەکی بەکاروباری کردارییـەوە نـەبێت، ئەمـە ناوەرۆکی بۆچوونی (**پۆل ڤالیری**) دەگەیەنێت[2].

(**شارڵ بۆدلێر**) نووسیویە: ((ئەو هەوڵە چاکەی بۆ شیعر دەدرێت، هەوڵێکی پـڕ لە تەقەڵلاّ و ماندووبوون و بونیاتنـان و پێکهێنـانی بینـا و ئەفرانـدن و داهێنانـە، لـە ڕێگای زمانەوە جێبەجێ دەکرێت))[3].

زمان لە شیعردا تەنیا دەلالەتی کۆمەڵە وشـە و دەسـتەواژەیەك ناگەیـەنێت، بـەڵکو وێنەی شیعری یەك نزمی (وەك یەك و دژ بەیەك)، خـوازەیی (نزیـك و نـامۆ)، ڕەمـزی (لێڵ و ڕوون)، ئەفسانەیی (تایبەت و گشتی)، دەمـامکی (مێـژوویی و ئەفـسانەیی)، تێهەڵکێشی (مرۆڤی و بابەتی)، یەکێتی (ئۆرگانیکی و هۆشەکی - شـعوری)، واتـایی (واتاگۆڕی)... بابـەتی تـریش شـاعیر بەمەبەسـتی بونیـاتی کـاری هونـەری و پـڕ لـە ئێستێتیکای جوانی بەکاریان دەهێنێت.

---

(١) رتشاردز، مبادئ النقد الادبي، ترجمة: د. مصطفى بدوي، المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر، ١٩٦٣، ص:٨٩.

(٢) هاسكل بلوك و هيلمان سالنجر، الرؤيا الابداعية، ص: ٨١.

(٣) الدكتور عبدالغفار مسكاوي، ثورة الشعر الحديث، ص: ١٨.

### (٢) وێنەی شیعری (Poeticimage) لە ناوەندی زماندا

ئەگەر وێنە لە ڤاڵای خوددا تەنیا دابەشکردنێك بێت، ئەوە لە شیعر دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لە هەستی جوانی لە لایەك و لە دامەزراندنی پێکهێنانی بیر و سۆز لە لایەکی تردا لە شیعر نزیك دەبێتەوە. لە بونیات و گوزارشتدا دەبێتە پانتاییێکی رووبەر فراوان و لەگەڵ بابەتەکانی شاعیر، لە هەڵچوون و سۆز و نیگادا، هاوکێشەیەکی هاوسەنگ ئامادە دەکات.

ئەگەر هاتوو حاڵەتێکی ئاڵۆز و لێڵ هاتە پێشەوە، شاعیر هەستی پێ کرد بەڵام نەیتوانی بەئاشکرا دەری ببڕێت، ئەو کاتە وێنە شیعرییەکان بۆ چەمك گەیاندن و گوزارشتکردن، شێوازی ناڕاستەوخۆ دەگرنە بەر. ئەم دیاردەیەش لە ڕێگای زمانەوە، لە ناخ و بونیاتی دەقە شیعرییەکەدا بونیاتێکی زیندوو دروست دەکات، بۆ گەیاندن و دەربڕین چالاك دەبێت. سەرئەنجام بەهۆی زمانەوە پێوەندییێکی ئۆرگانیکی لە نێوان وێنەکان و واقیعی ژیان پەیدا دەبێت. ئەو پێوەندییەش دەبێتە دەروازەیەك شاعیر لە ڕوانگەی تایبەتەوە نیشانی گشتی دەپێکێت، بە بێ ئەوەی زمانی قەسیدەکە ڕێچکەی ڕاپۆرتئامێزی و سادەگەلیی کرچوکاڵ بگرێتە بەر. (ئلیەت)ی گەورە و جیهانی وتوویەتی: ((شیعر خودی نیگایەکە و لەسەر ئەو خودە داخراو نییە، بەڵکو دوورکەوتنەوە لە خودی کەسایەتی و گرنگی پوختەکردنی شاعیر بۆ شیعر، دیاردەی نزیکبوونەوەیەکی هەمیشەیی و دانەبڕاو، لە هاوکێشە بابەتییە هەستییەکاندا بەدیار دەخات. ئەو هاوکێشەیەش ڕۆحێکی پڕ لە سۆز وەبەر وێنە ماددییەکان دەکات، یان شیعر ڕاستکردنەوە و دیاریکردنی حاڵەتێکی هەست و هەستی دیاریکراوە))[1].

لێرەدا ئەوەی پێویستە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا پشتگوێ نەخرێت ئەوەیە، هەندێ لە وێنە شیعرییە سەربەخۆکان، ئەو واتا و دەلالەتانە ناگەیەنن کە شاعیر مەبەستێتی دەریان ببڕێت، چونکە لە ناو دەقەکە یەکێتییێکی بابەتی دروست ناکات. هەرچەندە لە ڕواڵەتدا سەربەخۆن، کارێکی هونەریش ئەنجام دەدەن، ڕامان لە چەمکیاندا وەك کۆڵەکەیەکی بونیات و جیهانێکی پڕ لە باوەڕی قەسیدە، دوور لە وشە و زاراوەی

---

(١) ت. س. اليوت، مقالات فى النقد الادبي، ترجمة: د. لطيفة الزيات، مكتبة الانجلو المصرية، بلا تاريخ، ص:٨٣.

ساده بەرجەستە دەکرێت، بەڵام لە ڕاستییدا تەنیا چەمکی وێنەیەکی شیعری لە ناو دەقەکەدا دەگەیەنێت.

نەبوونی وێنەی یەکنزمی و چوونیەك (Harmonious) و وەکیەکی و گونجاو(Congruent)، لە یەك ڕیزبەستنی سۆزی، نیشانەی دوورکەوتنەوە نییە بەڵکو لە پرۆسەی پارادۆکسیزمدا، کرداری گرژی و کشان ڕوو دەدات. تا شاعیر لە ڕوانگەی بابەت و دژە بابەتەکاندا، بۆ ناخی ڕامان توانستی بەردەوامبوون و ئامادەباشی کاری هونەری و داهێنانی هەبێت، وێنەکان لە پێکهێنانی بونیاتی تێکستەکەدا ڕۆڵێکی چالاکیان دەبێت.

ئەگەر شاعیر بەچاوی (ڕووداو) نەك (بونیات/ بینا - خلق) لە شیعری ڕوانی، ئەوا زۆر جاران دژە وێنەکان بەرانبەر ئەو هەست و نەستەی کە شیعر پشتی پێ دەبەستێت دەبێتە ئاستەنگ. ئەم دیاردەیەش لە پێوانە و ڕەخنەدا بەکەم توانستی شاعیر دادەندرێت.

(ئیلیزابس درو) دەڵێ: ((هیچ پێویست ناکات لە نێوان وێنەکاندا، هاوبەندی و پێوەندیی ژیربێژی (Logic) هەبێت، بەڵکو وا چاکە بۆ هەست و سۆزی خوێنەر تەوژمی زوو حاڵیبوونی هەبێت. پێویستە کار لە ئاوەزی خوێنەر بکات و وای لێ بکات لەگەڵ هەموو ئەو بیر و بۆچوون و ئایدیانەی کە لە پشت وشەکانەوە شاردراونەتەوە، پێوەندی لەگەڵیاندا پەیدا بکات و پێیان ئاشنا بێت))[1]، کە لە بنەڕەتدا جەخت لەسەر ئەم مانا گەیاندنە دەکاتەوە و بۆ ئەم پرۆسەیە بونیات نراوە.

هەندێ جار وا بیر دەکرێتەوە، کە وێنەی شیعری پیشەیەکی ئێستێتیکاییە و تەنیا بۆ ڕازاندنەوە و نیگارکاری بەکار دێت. ئەمە ئەو کاتە ڕاستە کە لە ڕەوانبێژییەکی کۆن و وشکدا تێپەڕێنێت. وێنەی شیعری وێنەی ڕەق هەڵاتوو بێ ڕۆح نییە، هەروەها لە بونیاتی زمانەوانی و ڕەوانبێژیدا لایەنی سادە و ساکاریش نییە، بەرایی هیچ ئەنجامێکیش نییە، چونکە ناوەرۆکەکەی بۆ کاتی دیاریکراوی خۆی بونیات نراوە: ((وێنەی شیعری لە بەردەم گەردوون و خود و سەردەمدا، نابێتە دیاردەی دوورکەوتنەوەو ڕاکردن، لە بەردەم بونیاتدا نابێتە بوارێکی هونەری و خۆ بەگەورە زانینی شاعیر تێدا

---

(١) الیزابیث درو، الشعر کیف نفهمه ونتذوقه، ترجمة: احمد عبدالمعطي، مؤسسة الابحاث للنشر، ١٩٨٩، ص:٧٣.

ڕەنگ بداتەوە، بەڵکو وێنەی شیعری، هاوکێشەی شەپۆلەکانی ڕازیبوون و ڕەتکردنەوەی ناخ هاوسەنگ دەکات))[1].

بۆچوون لەسەر پێوەندی نێوان وێنەی شیعری و ئێستێتیکا هەیە، بەلاّم بەهیچ جۆرێك نابێت دەوری سەرەکیی وێنەی شیعری بۆ دەرەتانەکانی جوانکاری و نیگارکاری بگەڕێندرێتەوە، چونکە: ((شاعیر بەمەبەستی ئارایشت و جوانکاری و ڕازاندنەوە دروستیان ناکات، بۆیە تەنیا ڕۆڵی ئارایشت و جوانکاری و ڕازاندنەوە لە ئەستۆ ناگرێت، بەڵکو ڕەگەزێکی دەقە و دەوری لە بونیاتی تێکستەکەدا هەیە))[2] و لە یەك کاتدا وێنەی شیعری، وێنەی یەکەکانی قەسیدە و قەسیدە خۆشیەتی.

## (٣) ئەرکی زمان لە ڕایەڵەکانی خوازە (Metaphor)دا

خوازە، بابەتێکە ئەوەی کە مەبەستە ئەوە نییە کە بۆی دانراوە. پێوەندی بە ویست و خواست، واتای ڕاستی، پێوەندییێکی قەدەغەییە. زمانیش لە سروشتی خۆیدا خوازەیە. زۆر جار خوازە ملکەچی بەکارهێنانێك دەبێت، لە ئاکامی فرە بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەدا دەسوێت و وەك جەستەیەکی بێ ڕۆح بەرچاو دەکەوێت، لەو حاڵەتەدا هیچ بەهایەکی هەستیمان بەرانبەری نامێنێت، کاری گرنگی زمانی شیعر لەوە سەرچاوە دەگرێت، وێنە شیعرییەکە لەو حاڵەت و بەکارهێنان و دەربڕینە ڕزگار بکات. لە بینایەکی تازەدا بونیات و دروستی بکاتەوە. پلان و نەخشەی بۆ دابڕێژێتەوە، دووبارە توانستی گەیاندنی چەمکی سەرسوڕهێنەر و تاساندن لە خۆ بگرێتەوە.

لە واقیعدا زمانی شیعر بۆ بونیاتی قەسیدە، بەبێ خوازە بارستاییێکی سڕ بووە و لە سووڕی گەشەکردن دەوەستێت. بۆیە: ((وێنەی شیعریی خوازەکی، بەشێکە لە پێویستی ئەو هێزەی کە شیعر بەژیان دەبەستێتەوە))[3].

---

(١) الدكتور محمد احمد العزب، دراسات فی الشعر، المجلس الاعلی للفنون والآداب والعلوم الاجتماعية، القاهرة، ١٩٧٧، ص: ٤٤.

(٢) ارشيبالد مكليش، الشعر والتجربة، ترجمة: سلمی الخضراء الجيومي، دار اليقظة العربية للتأليف والترجمة والنشر، ١٩٣٦، ص: ٧٧.

(٣) ابن طباطبا العلوي، عيار الشعر، تحقيق وتعليق: د. طه الحاجری و د. محمد زغلول سلام، المكتبة التجارية، القاهرة، ١٩٥٦، ص: ٢٢.

زمـانی خـوازه لـه ڕێگـای بـەکارهێنانی بنـەماکانی شـێوازی لێکـچواندن و خەیاڵکردن و خواستنەوە، دەتوانێت دیاردەیێکی شیعری سەیر پێڕەو بکات، ئەویش لـە دەستووری ڕەها بۆ هەستکردن و لە هەستکردنیشەوە بۆ ڕەها، بە ڕەمزکردن دەبێت و لە واتای کاڵ و ساکار دوور دەکەوێتەوە و بەناو ڕایەڵەکانی پێوەنـدی نێـوان گۆڕانکـاری و ناسنامەی بابەتەکان ڕوو دەچێت. جگە لەمـەش هانمـان دەدات لـە ڕێگـای وێنـاکردنی وێنەکان و بەهاریکاریی لێکچواندن و خواستنەوە، وەك بیرمەنـدێك و زناکێـك، وێنـا و بیری بونیاتی پێکهاتن لە جیهان بکەین.

ئەوەی پێویستە پشتگوێ نەخرێت ئەوەیە، ئەو بەها و نرخـەی خـوازە، بـۆ ئارایـشت کردن و ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو دارشتنێکی هونەری گرنگە و لە ئەستۆی زمانی شیعری شاعیردایە، زمان ئەو بەها و نرخە دەبەخـشێت، بـەهیچ جۆرێـك قـاڵبی ئێـستێتیکای شـێوەیی وەرناگرێـت، بـەڵکو زمانێـك و دارشـتن و خانەیـەکی زینـدووی قەسـیدەیە: ((بنەمایەکانی خوازە، هەمیـشە نوێنـەری پێوەنـدی کـردنن))[1] لـە چـالاکیی هونـەر نواندندا گفتوگۆ هەڵناگرن.

زمانی خوازە لە شیعری هاوچەرخدا جۆرە لێڵییێکی چڕ پەیـدا دەکـات، خـودی زمـان لەگـەڵ بابەتەکانـدا، مامەڵەیـەکی نقـووم نەبوونـە و کەچـی زمـانی وێنـەکان لەگـەڵ شتەکاندا، مامەڵەیەکی ڕەمزیی چڕ و خەست دەکـات. لێـرەدا ئاسـتەنگی لـە بـەردەم پانتایی هونەر و داهێنانی شـاعیر سـەر هەڵـدەدات و دەبێتـە ڕێگـر. ئـەو پانتاییـەش بەلابردن و وەلاوەنانی بەربەستەکان و هەندێ ئاستی زمانی و بونیاتی و ڕەمزی مسۆگەر دەبێت.

شیعر بەهۆی زمانەوە، سیفەتێکی بەهایی پەیدا دەکات و لە چەشنەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، ئەویش خەستبوونەوەیە. چڕیش لە شیعردا نرخێکی تایبـەتی بـۆ شـیعر کـۆ دەکاتەوە، لە بابەتەکانی دیکەی ئەدەبی بەرەو ژوورتری دەبات. ئەگەر دەقێکی شیعر لە یەکەم خوێندنەوەیدا خۆی بەخوێنەر بەخشی، ئەوە دەقێکی ڕووتەختییـە. بـەڵام ئەگـەر تێکستێکی شیعر لە هەموو کەڕەتێکی خوێندنەوەیدا، بەرەو جیهانێکی نوێ و دوور لـە جیهانی یەکەمیمان ببات و هەر جارە جۆرە وێنا و جیهانبینییەکمان پێ ببەخشێت، بـێ

(١) ارشيبالد مكليش، الشعر والتجربة، ص ١٠١.

گومان ئەم دەقە دەقێکی زمانی ناخییــە و ناوەرۆکەکــەی زۆر دەوڵەمەنــدە و داهێنــانی تێدا بەدی دەکرێت.

لێرەدا مەرجێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە، کە پێویستە ئامادەییێکی هەمیــشەیی بەبێ چۆڵکردن لە بیر و هۆشی شیعرەکەدا هەبێت. لێڵیی خوازەیش تەنیا یارییێکی وشەو پێکهاتنی بێ هۆ نییە، بەڵکو بابەتێکی ئاسایی و هونەرییە بۆ ئەوەی ناخی قەسیدە لــە گرێمانەکانی بیر و هونەر و داهێنان و شارستانییەت و پێشکەوتن پڕ بکات.

لەوانەیە خوازە و زمانی خوازە لەجیاتی لێڵکردن ببێتە سەرچاوەی ڕوونکردنەوە. ئــەم دیاردەیەش کاریگەریی لە دەروونی خوێنەر کەم ناکاتەوە و بریــسکەی ئامادەباشــی بــۆ دەلالەتی هەموو بابەتە تازە و نۆبــەرەکان ناکوژێتــەوە، بــەڵکو پانتــایی هــەموو دنیــا دەخاتە ناخی شیعرەوە. کەواتــە خــوازە وەك (ڕتــشاردز) دەڵــێ: ((ڕێگایــەکی مــەزن و گرنگە، ئاوەز و زەین، بــەهاریکاری ئــەو ڕێگایــە، دەتوانێــت لــە شــیعردا ئــەو بابەتــە جیاوازانە کۆ بکاتەوە، کە پێشتر هیچ پێــوەندییەکیان بەیەکەوە نەبووە، پرۆسەیەکیــشە بۆ مەبەستی کــارتێکردن لــە هەڵوێــست و هانــدان و دەرئــەنجامی کــارتێکردنی گــشت بابەتەکان و پێوەندی نێوانیان، کە زەین دروستی دەکات، ئەنجام دەدرێت))[١].

## (٤) زمان و ئەفسانە[*] (Fable, Myth)

ئەفسانە لە ناو زمانی دەقی شیعردا، زاراوەیەکە لــە نێــوان ئــاین و فۆلکلــۆر و مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و شــرۆڤەی دەروونــی و هونــەرە جوانــەکان...دا هاوبەشــە[٢]. ئەفسانە لە ناوەکــەی پــتر دەلالــەت دەگەیــەنێت، لــە زانــینی میتۆلۆژیــدا ناوەنــدێکی فرەلایەنی و تێکترنجــاوی هەیــە. توێژینــەوە لــەبارەی ئەفــسانە، مانــدووبوونێکی زۆری پێویستە، سەرەڕای ئەمەش شارەزاییێکی زۆری لەبارەی فەلسەفە و ژیربێژی... گەرەکە.

---

(١) ڕتشاردز، مبادئ النقد الادبي، ص: ٦٢.

(*) لەبەرئەوەی (ڕەمز و لێڵی) لە بەشی سێیەمی ئەم نامەیەدا، وەکو تەوەرێکی سەربەخۆ لێیان کۆڵدراوەتەوە، بۆیە لێرەدا بەپێویستمان نەزانی دووبارەیان بکەینەوە، هەرچەندە لە زنجیرەی یەکەکانی بونیات ناویان هاتووە.

(٢) أوستن وارين ورينية ويليك، نظرية الادب، ص: ٨١.

(هرمن بروخ) لەبارەی ئەفسانە دەبێژێت: ((ساکار و سادە و سەرەتایە، زمانی وشە بەراییەکانە، ڕەمزی دەستپێکەکانە، لە هەموو کات و سەردەمێکدا خۆی نوێ دەکاتەوە، بەتازەییەوە ئاشکرا دەبێتەوە، تیلنیگایەکە لەسەر بنەمای ئاوەز هەڵنەهێنراوە، بەڵکو بۆ جیهان تیلنیگاییێکی ڕاستەوخۆیە، لە تێڕوانینی یەکەمدا سەرنجێکی بنەڕەتییە، لە ناخی ئەفسانەدا تێکڕای جیهان لە خولگەکانی یەك وێنەدایە دابەش ناکرێت))[1].

ئەم پێناسەیە بۆ ئەفسانە بەرنامە و پرۆگرامی بونیات ناخاتە ڕوو، کاری ڕاستەقینە و تایبەتی ئەفسانە چەقێکی تری هەیە، بابەتێکی گێڕانەوە ئامێزە، چیرۆکە، لە هەڤپەیڤینی دیالێکتیدا، لە بەرانبەر بەند و پرۆگرامی فەلسەفەدا ڕاڤەیە، ڕووداوێکی نائاوەزییە[2].

ئەم پێناسەیەش زیاتر جەخت لەسەر بەهای کار و بەهای تەکنیکی ئەفسانە دەکاتەوە بەبێ ئەوەی ناواخنی واتای زاراوەی ئەفسانە بکات، بەڵام بەگوێرەی ژێربێژی تا ڕادەیەك چەمکی ئەفسانە ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر سەرنجی ورد لە ئەفسانە بگیرێت، شتێك بەشتێکی دیکە ئاشکرا و ڕوون دەکاتەوە.

لە ڕاستییدا زمانی ئەفسانە دەلالەت لە دژی ئاوەز ناکات، شیعر ناخاتە ناخی بیروباوەڕی پووچ (خرافە) و سادەی لە ڕادەبەدەر، بەڵکو ئەفسانە درێژەپێدانی وێناکردنەوە و بۆ بوون و هەبوونێکی تەواو پەلکێشکارە، هەستی ڕەمزە ڕاستەقینەکان نیشان دەدات، چارەسەری گرفتەکانی نێوان هەست و ڕەمز بەدیار دەخات و هاوڕێکیان دەکات، هەر لە ڕێگای چەمکی ئەفسانەوە، بنەما و بنەڕەتی هەوڵ و تەقەڵلاکان ڕێك دەخرێن. (رتشاردز) لە کتێبی ((کۆلردج بەخەیاڵ بینرا))[3] دەڵێ: ((ئەفسانە گەورە و شکۆمەند و مەزنە، خەیاڵ و ئەندێشە و دالغە نییە، بەڵکو هەمووی سەرباس و بێژەی (منطوق) مرۆڤییە، ڕێگا لە ڕامان و وێناکردن ناگرێت، ئەوەی لە ناوەرۆکی

---

(١) أرنست فبشر، ضرورة الفن، ترجمة: اسعد حليم، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٨١، ص: ٢٣.
(٢) أوستن وارين ورينية ويليك، نظرية الادب، ص: ٨٩.
(٣) ستانلي هايمن، النقد الادبي ومدارسه الحديثة، ترجمة د.احسان عباس ود.محمد يوسف نجم، دار الثقافة، بيروت، لبنان، بلا تاريخ، ص: ١٠١.

ئەفسانەدایە، نابێتە هاندەری ڕاکردن، تا ئەو ڕاکردنەیش بۆ ناخۆشی و ئازارەکانی ژیان ببێتە سەرچاوەی دوورکەوتنەوە و هەلاّتن. ئەفسانە ڕاستییە دوورکەوتووەکان نیشان دەدات، دەبێتە داینەمۆی میکانیزمی هەستکردن بە ڕەمزی ئەو ڕاستییانەی کە باس دەکرێن. زمانی ئەفسانە هەولێکە لە نێوان هەموو ڕووداوەکان و ڕاستییەکان بۆ خولقاندنی (گونجاندن). هەر لە ڕێگای ئەفسانەوە باوەڕەکانمان یەکانگیر دەکرێن و کۆ دەکرێنەوە، هێز و توانستەکانمان یەك دەخرێن، گەشە و نماکانمان ڕیزبەند دەکرێن، قەوارەو بوونی ئالۆز و تێکەڵ و پێکەڵمان ڕێك دەخرێن، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەفسانەدا دڵنیابوون و گونجاندنی نێوان شت و بابەتە هاودژەکان ڕادەگەیەندرێن))[1].

ئەفسانە لە شیعردا ئالاّ و والاّی (زخرفە Ornamentation) کولتوور نییە، بەڵکو کار و هەوڵی هونەرییە، چونکە شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی هەموو خەو و خەیاڵە ڕۆحی و زیندەگییەکان، پشتی پێ دەبەستێت. سنوورە دارێژراوەکانی نێوان سێکوچکەی: (ڕابردوو، هەنووکە، ئایندە)ی پێ دەشکێندرێت. لەم ڕوانگەوە شاعیر زۆر بەقووڵی بەرانبەر بە(بوون)ی شت و بابەتی: واتایی و ئەبستراکت، بەرانبەر بەجێگیر و گۆڕاو و هەمیشە گۆڕاوەکان، بەرانبەر خودی و بابەتی، هۆشیاری و خەون، مرۆڤی و گەردوونی، دەوەستێت، تێیان ڕادەمێنێ و لێکیان جیا دەکاتەوە.

شاعیر لە ڕێگای زمانی شیعرەوە ئەو هەموو پرسیارگەلییە دەتەقێنێتەوە و ناوەرۆکی ویژدانی دەقەکە، هەم لە فۆرم و هەم لە بونیاتەوە ڕووەو جیهانێکی سەرکەوتووی درامی دەبات. لە ڕێگای ئەفسانەوە، گەورەترین و پڕ کایەترین کاریگەریی شارستانییەتی کۆن و نوێ بەدەقەکە دەبەخشرێت.

زۆر جار گومان لەوە دروست دەبێت کە ئەفسانە لە نێوان واقیع و خەوندا، بەدابڕێکی تەواو و بێ گرێدانەوە دابندرێت. بەلاّم تەمی ئەم گومانە بەبوونی بیرێکی ڕۆشنبیریی گەورە و توانستی داهێنەرانەی شاعیر دەڕەوێتەوە. شاعیری داهێنەر و ڕۆشنبیریی تەواو و ئاگادار، دەزانێت و دەتوانێت چۆن خەون بەواقیع، مێژوو بەخەیاڵی پووچ، تایبەت بەگشتی ببەستێتەوە. بەبێ داهێنانی ئەفسانە لە شیعردا، شیعر ڕستەیەکە تەنیا بۆ ناوهێنان و ئاماژە بەکار دێت. لە بونیاتدا لەگەڵ شانەی ڕیزبەندیدا

(١) ستانلی هایمن، النقد الادبي ومدارسه الحديثة، ص: ١٠١.

(السياق Context) ئۆرگانێك نابێت. شاعیر لێرەدا مەبەستێتی ئەفسانەی واقیع بەرجەستە بکات یان واقیعی ئەفسانە دەستەبەر بکات، بەبێ ئەوەی لە ڤالآی ئاماژەیی یان کارێکی دیاریکراو بۆی بچێت. لە بەرجەستەکردنی ئەفسانەی واقیعیدا تیشك دەخرێتە سەر واقیع و لە یەك خانەی وەك یەکی دایاندەنێت. هیچ لەمپەرێك لە نێوانیاندا نامێنێت. لە کلاّورۆژنەی ئەم کار و چالاکییە هونەرییە پڕ لە داهێنانەدا، شاعیر وەك چەقێك لە یەك کاتدا بوونێکی مێژوویی و جادوویی لە خۆ دەگرێت، شوێنێکی بەرزیان بۆ دیاری دەکات و لە زەمینەیەکی پڕ لە خێر و خۆشیدا هەڵوێستی جیهانی چەکەرە دەکات.

### (٥) زمان و پانتایی دەمامك (Mask)

دەمامك لە زمانی شیعردا جۆرە ئەفسانەیەك و هەر لەوکاتەشدا جۆرە پاڵەوانییێکی مێژوویی دیاریکراوە، شاعیر بۆ مەبەستێك دەمامك دروست دەکات، تا لە ڕێگای زمانی دەمامکەوە خەون و خەیاڵ و ئازاری نەوەکانی خۆی پێ بەدیار بخات. بەو پێودانگە تێدەکۆشێت تا پانتاییێکی فراوان لە نێوان خودی خۆی و زمانی دەقی شیعرەکە دەستەبەر بکات. لە پێشدا شاعیر دەیەوێت لە ناخی ویژدانی خودی خۆی، کە بریتییە لە ئێش و ئازار و هاوار و ناڵە و جیهانبینییێکی کز و لاواز دوور بکەوێتەوە، پاشان دەیەوێت لە ناو دەقی شیعرەکەیدا بوونێکی بابەتی بخولقێنێت، سەرجەم و تێکڕای یاساکانی سروشت - نەك یاسای تاکی و (مـن)ی تایبەت - تێیدا بڕیاردەر بێت، دواتریش هەوڵ دەدات خراپە و خراپەکاری و ترس و... کە پاشماوەی تەرزێکی مێژووی کولتووری و تەواوی ڕووداوەکانن، لە ناو واقیعدا بتوێنێتەوە و سەرلەنوێ ئاراستەیان پێ بگرێت، لە کۆتاییشدا هەوڵ دەدات جۆرە گونجاندنێك لە نێوان ڕابردوو و کاتی ئێستا مسۆگەر بکات، هەرچەندیش دەمکاتی ڕابردوو و ئێستا لە یەك تەنسدا قاڵ بکرێتەوە، جیهانی قەسیدە قووڵتر دەبێت.

دەمامك بەچەشنێك دەرفەت بەشاعیر دەدات کە: ((لەبارەی شتی باسکراو و نیشاندراو بدوێت هەروەك باس لە کرۆکی بابەتێك بکات. بەڵام مەرجی هونەری لێرەدا ئەوەیە، شاعیر پێویستە چاکسازییەك لەو بڕوا مێژووییەی کە هەڵیبژاردووە بکات، تایبەتمەندییێکی هەمیشەیی پێ ببەخشێت، تا لە ڕێگای نیگا و ڕەمزەوە بابەتێکی

تەواو بونیات بنێت، شاعیر لە هەڵوێست و هەستی خۆی بەرجەستەی بکات))[1]. بەهیچ جۆرێکیش ئەمە نایەتە دی ئەگەر لەگەڵ کولتووردا بەتەواوەتی ئاوێتە و تێکەڵ نەبێت. بۆیە ئەرکی شاعیر لە پرۆسەی بونیاتدا ئەوەیە، کە کرداری زیندەگی و ڕۆحی لە کارچالاکیی دەمامك بخاتە ناو بەرهەمەکەی و بەمەرجێك دەمامك بەهیچ جۆرێك نابێت لە تەوەر و پانتایی قەسیدەکە دوور بکەوێتەوە، نەك بۆ ئەوەی ببێتە گەواهی مێژوویی لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویان داوە یان ڕوو دەدەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە نابێت دەمامك بەهیچ کلۆجێك لە بەیەکەوە بەستنەوەی هەست و نەست بەکێشە هەنووکەییەکان، یان لە هەڵوێستی ئامادەییدا بالادەست نەبێت. ئەمە لە داهێناندا بەگرنگی و کارچالاکیی زمانی دەمامك دادەندرێت[2].

شانۆ سەرچاوەی شیعری دەمامکە، بەواتایەکی دیکە، لە بنەڕەتدا دەمامك لە شانۆوە بۆ شیعر گوازراوەتەوە. هەروەکو چۆن یەك ئەکتەر دەتوانێ و بۆی هەیە کۆمەڵە دەمامکێك بۆ چەندین هەڵوێست و تێڕامانی جیاواز بەکار بهێنێت، شاعیریش دەتوانێت لە ناوەڕۆکی دەقێکیدا چەندین هەڵوێستی جیا جیا لە ڕێگای دەمامکەوە نیشان بدات. دەمامکەکان هەنگاو بەهەنگاوی هەڵکشان و داکشانی درامای شیعرەکە یان بیری هەڵوێستەکان لە دەقەکەدا سەرەتاتکێ دەکەن. لە چەمکی دەمامکدا، (ئێستا) دەچێتە دووتوێی (ڕابردوو)، گورزی پاشەڕۆژ و ئایندەش بەردەوامە. واتا لە دەمامکدا سێگۆشەی زەمەنەکانی (ڕابردوو و ئێستا و ئاینده)، تێکەڵ بەیەکتر دەبن و ئەوپەڕی سوودی تەواوکەری و تەواوبوون دێنە ئاراوە. زۆر جار لە دەمامکدا جەستە نەماوە بەلام شاعیر دەیگەڕێنێتەوە[*]، گیان و ڕۆحێکی سەردەمی لەبەر دەکات و لە بەردەم هەموو پرسیارگەلییەکانی هاوچەرخی دادەنێت. چونکە لە دەمامکدا چەمك و کرداری (مردن) نییە. بەڵکو ژیان هەر بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت.

---

(١) جراهام هو، مقالة فی النقد، ترجمة: محي الدين صبحي، مطبعة جامعة دمشق، دمشق، ١٩٧٣، ص: ٦٢.

(٢) الدكتور محمد احمد العزب، دراسات فی الشعر، ص: ٣٧- ٣٩.

(*) بۆ نموونە بڕوانە: شیعری (میوان)ی شێرکۆ بێکەس(جوامێر)، کە لەبارەی شەهید (جەمیل ڕەنجبەر)ەوە دەدوێت، لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا نەك هەر جەستەی شەهید دەگەڕێنتەوە، بەڵکو وەلامی هەموو پرسیارە ئێستاییەکانی شاعیریش دەداتەوە. بڕوانە: جوامێر، هەڵۆ (دیوان)، لە بلاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، چاپخانەی شەهید جەعفەر، چ:١، ١٩٨٦، ل:١٨٦.

لە گێڕانەوەی دەقی دەمامکیدا، تێکڕای پێویستییەکانی: بزاوتنی جەستە، دیالۆگ، تەقینەوەی ناخی پەنگخواردوو...ی تێکستەکە بەرەو درامای شانۆ دەبات و نمایشی تێدا ئەنجام دەدرێت. جگە لەمانە، دەشێ دەمامک لە ڕێڕەوی (زمان)یشەوە جێبەجێ بکرێت. واتا شاعیر بۆ ئەو کاتەی کە دەمامکەکە تێیدا ژیاوە، بەزمانی ئەو کات لە ڕێی دەمامك بدوێت، بۆ ئەوەی بنەمای ڕاستەقینەی دەمامك نیشان بدرێت و خوێنەر هەست نەکات لە ڤالآیەکی پڕ لە فڕ و فێڵ و ناڕاست نقووم بووە. وا باشە دەمامکەکە بۆ ساتەکانی خۆی ڕۆڵی ڕاستەقینە لە سەبك و مۆسیقا و ڕیتم و وشەسازی و ڕیزبەندی و ڕستەسازی ببینێت. واتا بەتەواوەتی زمانی شاعیر لە ئاراوی زمانی سەردەمی دەمامك، لە هەموو دەرەتانێکەوە وەردەدرێت و زمانی ئێستای شیعر لە دیمەنەکان و کۆپلە و وێنەکاندا دەتوێتەوە. دەمامك بۆ ئەو کەسایەتی و پاڵەوانانەی کە نوێژەن دەکرێنەوە دەبێتە ناسنامە.

هەندێ جار شاعیر لە ڕێگای ڕەنگەکانەوە دەتوانێت داهێنان لە دەمامکدا بکات، کە پێی دەوترێت (دەمامکی ڕەنگ). شاعیر لە ئاسۆی دەمامکی سەر و کەللە و دەموچاوێکەوە، دەتوانێت کرداری ئەندازەی هێڵکاریی ڕەنگاوڕەنگی تێدا بکات و لە بەردەم خۆی دابینێت و جادووگەرئاسا کەسایەتییەك یان کەسایەتی پاڵەوانێك ـ کە مەبەستە ـ بەرجەستە بکات. بەشرۆڤە شیعری دەمامك دەستنیشانکردن و نیشاندانی ڤالآی ژیان و گوزەران و توخم و ڕەگەزە جیاوازەکانە. بەکورتی ئەو کەسەی ڕۆڵی دەمامك دەبینێت لە ڕاستییدا خۆی نییە، بەڵکو یەکێکی دیکەیە، نادیارێکە، بەلآم ئامادەبوونی خۆی هەیە. دەکرێ و دەتواندرێت ئەم جۆرە دەمامکە وەك ڕەمز و دەلالەتیش بەکار بێت، چونکە هەوڵ دەدات بابەتێکی تری لە جوغزی دەرەوەی ئەو کەسە نیشان بدات، کە دەمامکەکەی پۆشیوە ((بیکاسۆ لە هونەری شێوەکاردا سوودێکی زۆری لە دەمامکەکانی سروود و بۆنە و سەما و جادووگەری ئەفریقاییەکان بینیوە))(١).

(١) کاروان عەبدوڵڵا، سەباح ڕەنجدەر، شێرکۆ بێکەس لە دیمانەیەکی شاعیرانەی چڕوپڕدا، گ. کاروان، ژ ٢٩١، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٢٥.

## (٦) زمانی بونیات له تێهەڵکێشی کولتووریدا

بنەمای بونیاتی تێهەڵکێشی کولتووری، بۆ پانتایی گۆڕان و بەردەوامبوونی لە شیعری هاوچەرخدا، زمانە. ئەم زاراوەیە چ وەك کار و چ وەك دەلالەتکردن تێهەڵکێشێکی ڕەوانبێژی نییە، کە لە ڕەوانبێژیی کۆندا وەك دیاردەی ڕازاندنەوە و جوانکاری و هونەرنواندن بەکار دەهات و ناسراو بوو، بەڵکو نرخێکی گوزارشت و دەربڕینێکی گرانبەهایە و شاعیر لە دەروازەی زمانەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی ناوەرۆکی دەق، کولتوور دەهێنێتە ناو تێکست و پشتی پێ دەبەستێت و داهێنانی تێدا ئەنجام دەدات. تێهەڵکێشی کولتووری لە ڤالآی ڕۆحدا، بێنگرتنێکی زیندوویی و گەشانەوە بەناوەندەکانی دەق دەبەخشێت. لە دەلالەت گەیاندنیشدا دەوڵەمەندی دەکات. ئەو مافەش بەشاعیر دەدات کە هەر کاتێك هەستی بە بەهایێکی شارستانی کرد، لە ناو دەقی شیعرەکەیدا بەکاری بهێنێ و وەك سەرچاوەیەکی بیر سوودی لێ وەربگرێت. هەرچەندە تێهەڵکێشی کولتووری سیمای تۆکمەیی و توانست و دەوڵەمەندی بەدەقی شیعری هاوچەرخ دەبەخشێت، لە هەمان کاتیشدا شاعیر بەدیاردەی لاساییکەرەوەی هونەری دادەندرێت، بەڵام کرداری لاساییکردنەوەی شاعیرانی هاوچەرخ لە ڕێگای هەوڵ و تێگەیشتن و داهێنان و ئەفراندندا، لە کرداری لاساییکردنەوەی شاعیرانی کۆن جیا دەکرێتەوە، سەرەڕای ئەمەش، ئەم دیاردەیە لای شاعیرانی کۆن و کلاسیزم، بنەمایەکی بۆماوەیی هەبوو، بەپێچەوانەی شاعیرانی هاوچەرخ جگە لە داهێنان، هونەری داهێنانیش بەکار دەهێنن.

لە شیعری هاوچەرخدا: ((یەکەمین بابەتی تێهەڵکێشی، تێهەڵکێشی ژیری و پێزانینی (الحاسة) مێژووییە. ئەم دیاردەیەش، ئەوەی لە شیعر نووسیندا بەردەوام بێت ناتوانێت وازی لێ بهێنێت و دەستی لێ هەڵبگرێت))[1]. ئەمە بەهیچ جۆرەك ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر بەتەواوی نوقمی ناو گێژاوی کولتوور بووە و لە واقیع و ڕووداوەکانی ئێستا خۆی بەدوور دەگرێت. هەروەها ئەوەش ناگەیەنێت، کە شاعیر بۆ وشیاری تەنیا پشت بەبنەماکانی بیری کولتووری دەبەستێت، بەڵکو کارەکانی بەردەست و ڕووداوەکانی واقیع و تەکنیك و هونەری ئامادەباشی بۆ ئاگایی بوون، سەرچاوەن و

---

(١) ت. س. إليوت، مقالات فی النقد الادبي ، ص:١٠١.

یەکەمین مەرجی بەشاعیربوونی هونەرمەندی تەواو و ڕاستین. چونکە مەرجی هونەرمەندی ڕاستەقینە و داهێنەر بۆ شاعیر، پێویستە لە هونەری سەردەم و هاوچەرخدا ئامادەباشی هەبێت: ((ژیری و پێزانینی مێژوویی، بەبارتەقای ئەوەی کە ژیر و پێزانینی سەردەمییە، ناسەردەمیشە، هەروەها ژیری و پێزانینی سەردەمی و ناسەردەمی بەیەکەوەش دەبن و دیاردەی چەمکی لاساییکەرەوە بەشاعیر و نووسەر دەبەخشێت، لە هەمان کاتیشدا کاری هونەری لە چوارچێوەی سەردەم و واقیعدا، دەلالەتی وشیاری و ئاگایی دەگەیەنێت))[1].

ئەگەر شاعیر توانی دەروازەیەکی گونجاو لە ڕێگای کولتوورەوە بۆ خۆ پڕکردن لە هۆشیاری بدۆزێتەوە و لەگەڵ ڕۆشنبیریی سەردەم و ئاوات و فیکری هاوچەرخدا هاوکێشەی ژیان و کاری هونەری هاوسەنگ بکات، ئەوە لە بەکارهێنانی دانایی (حیکمە Wisdom, Sagacity) کولتوور لە ناو بەرهەمەکەیدا توانستی بێ سنوور و هەڵوێستی زناکی و زرنگیی داهێنان دەگەیەنێت.

لە هەموو سەردەم و ڕۆژگارێکدا مشتومڕی ژیان و مەرگ قووڵاییێکی ناخی هەیە، سەرچاوەی تەقاندنەوەی هونەرە، هەروەها تای تەرازووی بوونی کار و بێ کاری، دیاردەی بەردەوامبوون و نابەردەوامییە... ئەگەر شاعیر بتوانێت ئەم واقیعە لە ناو دەقەکەیدا بەشێوەیەکی کاریگەر و زیندوو بەکار بهێنێت، ئەوا قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو ئامادە دەکات و لە ڕێگای جیهانی مێژوویی و ڕۆژگاریدا، شارستانیەت دادەهێنێت، ئێش و ئازارەکانی سەردەم، کە درێژکراوەی ڕۆژانی زووە، لە چوارچێوەی چارەسەردا نەخشەی سەرکەوتنی بۆ دەکێشێت.

کاری زمانی تێهەڵکێشی کولتووری، تەنیا بەکارهێنانی دانایی کولتووری لە چوارچێوەی ئارایشکردن و ئاڵ و والآدا نییە، ڕادەی ناهونەری لە پێوەندییێکی ئۆرگانیکی گەشەپێدراویش نییە، هەروەها گێڕانەوەییێکی بەڵگەنامەیش ناگەیەنێت، کە تەنیا وەك دروشم لە ناو دەقی شیعردا بەکار بێت و هیچ دەستێکی هونەری نەینەخشێنێت. جگە لەمەش سەرگوزشتەییێکی ڕووتی مێژوویی لە خۆ ناگرێت تا خوێنەر بۆ وێناکردن و کاری هونەری تەنیا وەك بابەتێکی مێژوویی ڕەبەق پشتی پێ

(١) ت. س. إليوت، مقالات في النقد الادبي، ص:١٠٣.

ببەستێت، دوورە لە نیشاندانی ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری تا شاعیر وەك بابەتێکی پڕ لە تاسە و سەرسوڕهێن لە باوەشی ڕۆشنبیری تری بخزێنێت. بەڵکو تێهەڵکێشی کولتووری دەنگدانەوەیە، دەرگایەکی بەرینی هەمیشە کراوەی ئێستا لە کۆن و ڕابردوو لە ئێستا والا دەکات و ئەوپەڕی داهێنان لە لاساییکردنەوە و خود و بابەتی ئەندێشەی و بوون لە ئەفسانەدا دەکات. بەم شێوەیە تێهەڵکێشی کولتووری لە بونیاتدا بەهایەکی گوزارشت دەنوێنێت. ئاراستەی شیعری هاوچەرخی ڕاستەقینە بەرەو جیهانێکی پڕ لە هەستی نەمری دەبات.

### (٧) یەکێتیی بابەت (Motifunit)ی شیعر لە ناوەندی زماندا

مەبەست لە یەکێتیی بابەتی شیعر لە بونیاتی قەسیدەدا، یەکێتییەکی هاوبەندی ئۆرگانیکی ناکردن دەگەیەنێت. کۆمەڵە بیر و بۆچوونێکی وەك یەکی یەك نزمی لە ئاسۆی ژێربێژیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمانیش لە خانەکانی هەستی مرۆڤیدا پانتاییێکی بێ تخووب و نەبڕاوە داگیر دەکەن و هەمیشە لە بەرەو هەڵکشان دان.

ڕەنگبێ ئەم یەکێتییە، یەکێتییێکی هەست و شعوری بێت لە بەرەو پێشچوون و هەڵکشاندا، ڕایەڵەکانی ژێربێژی ببەزێنێت تا خوێنەر بەرانبەر ناوەندێکی پڕ لە تاسان و سەرنجڕاکێش ڕاگرێت. بەو نیازەی بەڕەگەزی سەرسووڕمان کار لە خوێنەر بکات بەبێ ئەوەی دەق پێوەندییە پتەو و بنەمایەکەی لە دەست بدات، هەڵوێست لە دژەوە بۆ دژێکی تر دەگوازێتەوە. لە چەقی ئەم چەمکەدا شاعیر وەك: ((دەسەلاتی هەستێکی هەموویی، لەسەر بنەمای کار و کاردانەوە، یان لە بابەت و دژە بابەتدا، دەقە شیعرییەکەی بونیات دەنێت))[١].

لێرەدا شاعیر لە ڕوانگەی زمانی بونیاتی دەقەکەیەوە، کە پشت بەچەند بیرێکی تێکچڕژاو دەبەستێت، تیشك دەخاتە سەر جیهانێکی دیکەی لێڵی هاوشان بەدنیای قەسیدەکە و تا لە پرۆسەی کاری دژ بەدژدا، (فەلسەفەی بوون ـ Existentialism) دەستەبەر بکات. لە شیعری هاوچەرخدا چەمکی ئەم پرۆژەیە وەك میتۆد، بنەمایەکی گرنگ و چالاکی هونەری زمان و بونیاتنانە. (ئارنیوور ڕامبۆ)، بەچەشنی شاعیری

(١) روستريفور هاملتون، الشعر والتأمل، ترجمة: د. محمد مصطفى البدوي، المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر، ١٩٦٣، ص: ٦٤.

ڕەخنەگر، پەنجەی لەسەر ئەم ڕاستییە داناوە ئەو دەمەی کە دەڵێت: ((لە خۆم ڕازیم کاتێك بەناو خەون و خەیاڵ و دالغەدا دەکەوم، لە سورمەی چاوەوە، پەرستگا لە شوێنی کارگەدا دەبینم، لە ناو کۆمەڵە خەڵکێکدا، فریشتەکان دەفیان دەژەن، پێچکەکانی گالیسکە بچووکەکان بەرەو ڕێگای ئاسمان دەخولانەوە. شوێنی پێشوازی لە بن و تەختایی دەریاچەکەدا بوو، لە کۆتایی ئەم بیرە دڵپێکراوەیەدا سیفەتی پیرۆزبوون بەدەست دەهێنم))[1].

لە ڕەخنەی تازە و هاوچەرخدا لەبارەی یەکێتیی بابەتی شیعر و واقیعیەتی ئەم یەکێتییە، تەوژمێکی پرسیارگەلی هەیە. ئەوانەی وا دەبینن کە یەکێتیی بابەتی شیعر لە ڤالأی بونیاتدا، میتۆدێکە لە ڕێبازی یاسایی و لە واقیعیشدا شێوەیەکی یەك نزمییە (متناغمە)، پێویستە هەست بەو ڕاستییەش بکەن، کە ناخی جیهان پڕیەتی لە ڕکابەرایەتی و بەدالأنی هاودژیدا تێدەپەڕێت. هەروەها دنیا بەڕایەڵەکانی بیر و بۆچوون و دەنگوباس و قسە و ئاخاوتن تەنراوە و هەر ڕایەڵەك لە ڕایەڵەکانیش ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. لە هەموو چرکە ساتەکاندا، لە گچکەترین دژەوە بۆ بچووکترین دژ کاردانەوە هەیە. بۆ بابەتەکان هەڕەمەکییەت بێ سوودە، پێویستی بەبەڵگە هەیە، لەبەرئەوەی لاوازی لە یاساکانی بڕیاردا، لەبارەی سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی هەر جوولانەوەیێکی ژیان گومان دەکات، یان بەلایەنی کەمەوە گومان لە ئاوەزی بوونەوەردا، ڕەنگ دەداتەوە. بۆیە یەکێتی لە شیعردا پێویستە، بۆ ئەوەی ئۆرگانیکییێکی گەشەکردوو، یان هەستێکی یەك نزمی پەیدا ببێت.

ئەگەر میکانیزمی تێڕوانینمان بۆ بەشی یەکەم، واتا هاودژ و دژبوون بوو. ناچارین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە یەکێتیی ئۆرگانیکی یەکێتیی هەستی ڕەت ناکاتەوە، بەشێوەی قالبێکی گشتی بەرەو دژایەتییێکی گشترینی (Great) دەبات. لە پاشاندا کاری دژبوون ئەوە دەبێت، جیهانبینییێکی دیاریکراو لە ڤالأی هەڵوێستێکی تایبەتدا بگەیەنێت. ئەم دیاردەیە ناوەرۆکی ڕەهای دژبوونە. لەمە بەدەر دەبێتە هاودژییێکی سوود گەیەنەری کاتی، هیچ داهێنانێکی هونەری لە خۆ ناگرێت و ناشتوانێت بەردەوام بێت.

زۆربەی ڕەخنەگرە فەلسەفییەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە قەسیدە لە شیعری

(١) د. محمد غنیمی هلال، النقد الادبي الحديث، دار الانجلو المصرية، ١٩٧٥، ص ٤٤.

کلاسیکدا، لە کۆمەڵە دێرە شیعرێکی ڕێکخراو و زنجیرەکراو پێکهاتووە پێی دەوترێت (شابەیت)ی شیعر. یان لە چەند بەیتێکی کێشراوی باڵی ڕاست و باڵی چەپ[*]، بونیات نراوە. هەریەکەیان لە خۆیان و لە دێڕەکانی تری ڕیزبەستەکەدا بەشارەزایی و بەئاگایی خوێنەر لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، لە کرداری لێك جوداکردنەوەدا ئەوە بەدیار دەکەوێت، کە هەر پارچەیەك لەگەڵ یەکێکی تر واتا هەر بەیتێك لەگەڵ دێڕێکی تر لێك گونجاون[1]. واتا لە شیعری کلاسیکدا یەکێتیی بابەت لەسەر خاسیەتی (یەکێتیی بەیت) بوو، بەپێچەوانەی شیعری هاوچەرخ و تازە، چەشنێك لە یەکێتیی بابەت، هەست بەسیستمێکی تێکڕایی دەکرێت.

### (٨) کاریگەریی واتاگۆڕی لە زمانی سیمانتیکدا

لە پانتایی ئەدەبدا، بونیاتی شاراوەی واتا دیاردەیەکی پڕ لە ڕایەڵی زمانییە. ئەگەر لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی بونیادگەریدا، کە توێژینەوە لە ناخی دەق دەکات، بۆ (واتا) بڕوانین دەبینین: واتا دەرەتانی شیتەڵکردنی بونیاتی شاراوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو وێنانەی لە سنووری زماندا، پێوەندی ئۆرگانیکییان بەسیستمێکی دەرەکی و بواری دەروونناسی و کۆمەڵناسییەوە هەیە، لە خۆ دەگرێت.

واتا مەودای گۆڕینی خۆی هەیە، لە شتێك یان حاڵەتێك بۆ شتێك یان حاڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت. دەلالەت، بەرپرسیارێتی جیاکاریی ڕستەی ناڕاست و ڕستەی ناپەسەند لە ئەستۆ دەگرێت. پێوەندی مەدلوولەکانیش لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێن. لە چەقی سیمانتیکدا، ڕستەی ناڕاست و نادروست، دەلوێت بکرێن بەڕستەی ڕاست و دروست. ئەمیش لە ڕێگای دانانی پشتۆك (اسناد Predication) بۆ پشتۆك بۆ کراو (المسند الیه Subject) جێبەجێ دەکرێن. بەڵام ڕستەی ناپەسەند هەرگیز ناتواندرێت بکرێت بەڕستەی ڕاست، چونکە دژی یەکترین. لە حاڵەتی یەکەمدا، لەبەر نزیکی

---

(*) مەبەست لە باڵی ڕاست (صدر) و باڵی چەپ (عجز)ە. بڕوانە: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل:٢٥٤.

(١) کولریدج، سیرة ادبیة لکولریدج (النظریة الرمانتیکیة فی الشعر)، ترجمة: د. عبدالحکیم حسان، دار المعارف بمصر، المصر، ١٩٧١، ص: ٩٩.

گونجـاویی پـشتۆك بـوو (المـسند Predicate)، ڕوودان ڕوو دەدات. هەرچـی حاڵـەتی دووەمە، لەبەر پارادۆکسیی ئەو یەکەی پشتۆکی دەدرێتە پاڵ (المسند الیـه Subject)، یان پەسەند نەکردنی پشتۆك بوو، گۆڕانی کرداری ڕوو نادات. ئەم ڕاسـتییانە یاسـایەکە لە ناو ڕستەدا پێوەندی بـەدانانی وشـە هەیـە. ئـەم یاسـایەش لـە هـەموو ڕسـتەیەکی پشتۆکییدا، لە نێوان قسەکەر و ئەوەی قسەی دەدرێتە پاڵ پێویستە بگونجێت. چەقی ئەم یاسایەش لە ناوەندی بازنەی زمان جێگیر دەبێت. یـان دەچـێتە ژێـر بـاری لـۆژیکێکی نازمـانی. زمـان و لۆژیـك دوو بابـەتی هاوبەنـدی یـەکترین، بەئاسـتێکی ئۆرگـانیکی پێوەندییان هەیە. بەو پێودانگە هەردووکیان لە دەرەتانی دەلالەتدا بەیەکەوە بەکار دێن. ئەم دیاردەیەش لەسەر ئاستی وشەسازی وەك هۆکاری داڕشتنی قاڵبێکی زمانی پتـەو و پوختە بەکار دێت.

هەر ڕستەیەك دوور لە حاڵەتێکی تایبەتی لە یاسا لابدا، لە لایەنی ڕێزمانییەوە لەو ڕستەی کە یاسا نابەزێنێت بەنزمتر دادەندرێت. بۆیە پێویـست دەکـا هـەموو دەقـەکان بەچەمکەکانی ڕێزمانی باس بکرێن.

لە پانتایی تێکستدا، مانای وشە دیاردەیێکی دەلالییە، خولگەکانی واتـای یـەك وشـە لەگـەڵ خولگـەکانی وشـەی دیکـەدا تێکـەڵ بەیـەکتر دەبـن. بەتـەواوبوونی سـەرجەم خولگەکانی واتا، چەقێك یان ناوەندێکی واتای چەقەکە (دەق، کۆپلـە، بـەیت) دروسـت دەبێت. تێکڕای واتاکان و چەقەکان لە ناوەندی تەوەری زماندا شوێنێك داگیر دەکەن.

واتـا، لـە بونیـاتی زمـانی شـیعردا، جیاکـارییێکی زمانییـە. بۆیـە پێویـستە بـۆ بەرزەفتکردنی واتا، وشـەی واتـا جـەختی لەسـەر بکرێتـەوە کـە ئـەمڕۆ لـە زانـستی زمانناسیی هاوچەرخدا، (واتای واتا - Meaning of Meaning) گرفتێکی ئامـادەیی بەرچاوی هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی واتا ئاماژەیە بۆ ئەو شتەی کە (دال) شوێنی دەگرێتەوە، لە زانستی زمانناسیدا، دوو ڕەگەزی لە یەکتر جودای دەستنیشانکراون، ئەوانیش:

١- بۆ گەڕانەوە (المرجع - Reversion) یـان باسـکراو، نـاوبراو (المـشار الیـه - Mentioned) ئاماژە بۆ واقیعی ئەو بابەتە دەکات کە لە سنووری خۆی دەرناچێت.

٢- هەواڵەکردن و ناردن (احالة ـــ Referring) یـان هاوشـانبوونی دەروونـی بـۆ بابەتەکە، مەبەست مەدلوولە (Signifre)، دیاردەییێکی زەینییە و لە ڕوانگەی ئـەوەوە (باسکراو) هەستی پێ دەکات[١].

زۆربەی زمانناسان، مانا لە خاڵی دووەم چڕ دەکەنـەوە، هەرچـەندە پێویـستە خـاڵی یەکەم فەرامۆش نـەکرێت، چـونکە لـە گەیانـدنی واقیعـی ڕاسـتی و جیـاوازی، خـاڵی جیاکەرەوەیە. بۆ بەدەستهێنانی واقیعی واتـای: (ئەسـتێرەی سـیوەیل)، خـاڵی یەکـەم تووشی ئاستەنگمان ناکات، بەڵام واتای واتا لە: (ئەستێرەی سیوەیل)دا، بۆ خاڵی دووەم مەدلـــوول دەگرێتەوە، کە دەکەوێتە ناو قووڵایی بەئاگایی و ئاستی ڕۆشـنبیری ڕۆڵـــی تێدا دەبینێت.

دال و مـــەدلوول لـــە واتـــا گۆڕیـــدا، دوو کـــار و کـــردەوەی ئەبـــستراکی دەگەیـــەنن، هەردووکیشیان تەواو یەکتر نانوێنن، هەریەکەشیان سروشتێکی دەروونییان هەیە[٢].

لە بونیاتی زمانی شیعردا، واتاگۆڕی دیاردەیەك بەشێوازی قەسـیدە دەبەخـشێت، دوو ئاست لە خۆ دەگرێت. ئاستی یەکەم، نیشاندانی ڕەهەندی واتـای واتـا دەنوێنێـت. هەرچی ئاســـــتی دووەمە، لـــە ڕایـــەڵەکانی ڕۆشـنبیریدا، بـۆ نیـــشاندانی چـــڕی دەلالـی دەگەڕێتەوە.

یەکێك لە خەسڵەتە پڕ لە جوولەکانی زمـانی شـیعر لـە سـنووری دەسـەڵاتیدا، لـە ڕێگای واتاییێکی لێکسیکی خوازەیی، یان لێکچوواندن... هتد، واتای ڕاستەقینە و پـڕ بەپێست بخاتە ڕوو. ئەمە سـەرەڕای هەڵوەشـاندنەوەی یاسـای سینتاکـسی، لـە ئاسـتی گەیاندندا بۆ واتای ڕواڵەت بەرانبەر خوێنەر ئارامی دەبەخشێت. لێرەدا لە نێوان دەلالیی گشتی و دەلالیی تایبەتی، لە ناوەندی یەك وشـە یـان فرێـز لـە هەڵوێـستی جیـاوازدا، هەڵاوێردکردن ڕوو دەدات. مانای سروشتی کە لە ناو بازنەیەکی دیاریکراو بەبازنەیـەکی فراوانتر دادەندرێت، بەهاییێکی چەندایەتی وەردەگرێت. بەڵام کاتێـك لـەم حاڵەتـە دوور

---

(١) جـان کـوهین، بنیـة اللغـة الـشعرية، ت: محمد الـولی ومحمـد العمـري، دار توبقـال للنـشر، المغـرب،١٩٨٦ ص:١٩٤.

(2) Crystal, D, A Dictionary of Linguistics and Phonetics Blackwell, London 1991, 3ed pp.33.

کەوتەوە، بەهاکەی لە دەست دەدات و حاڵەتی میتۆدی وەسفکردن لە خۆ دەگرێت. بۆ نموونە: (**دەریای قاوەیی، خەیاری مۆر...**)، بەهای ڕاستییەکانیان لە (**دەریای شین، خەیاری سەوز...**) دان، کەچی لە حاڵەتی دووەم، مەودای دەق لە بونیاتی زمانی شیعردا هەڵدەئاوسێت، لە چڕی واتای زمانی شیعردا، سەرچاوەی تەقاندنەوەییێکی دیکە لە خۆ دەگرێت. لەم ناوەندەدا بابەتێکی ناپەسەند، لە دەقێکی ئاسایی، چ لە ڕیزکردنی واتا، چ لە دەلالەت گەیاندن بەدیار دەکەوێت.

(ئەدوارد ساپێر) دەڵێت: ((پێکهێنانی بیر و زنجیرە و ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی سروشتی لە زماندا، دوو بابەتی گەورە و گرنگن))[1]. بەڵام کاتێك ئەم تێکستە بۆ دەقێکی کە دەگوازرێت، زمانی شیعر ئەوپەڕی چڕی واتایی دروست دەکات، کە سیفەتی زۆر دیار لە چییەتی و چەندێتی وەردەگرێت، لە هەموو لایەکی وێنەدا، پێوەندی هەیە بەیەکەی پێوانەیی دیاریکردن. جگە لەمە، لە دەقی شیعریدا پێوەندیشی دەبێت بە: ((جوولە و چالاکیی کاری کارایی و ڕێژەی خوازەیی و کرداری کورتکردنەوە و لابردن و گۆڕین))[2].

ئەم حاڵەتە بەهۆکاری زمانی شیعر لە هونەری شێوازی دەربڕینی شیعری بەدیار دەکەوێت. ئەمڕۆ لە قەسیدەی هاوچەرخدا، پانتاییێکی ڕووبەر فراوان داگیر دەکات. ئەم کردارەش پێوەندی بەمیکانیزمی هاوبەندبوونی نێوان (تێکدان و دروستکردنەوە) نییە. بەڵکو لە مەوداکانی کەلێنێك لە دایك دەبێت، بەحوکمی دال و مەدلوول فەراهەند دەبێت، دژ بەیەك بوونئاسا دێتە ئاراوە. (بتسۆن) دەبێژێت: ((لەو دەمانەی پێکهاتەکانی خواستن دژ بەیەکتر دەبن، سەرکەوتنی شاعیر لە پێگەیاندنی دەقەکەی دەبێت. شاعیر لە ڕێگای دابینی فەرهاندن (قفزە)، ئەم کەلێنە واتاییە دروست دەکات،

---

(١) رومان ياكبسون، قضايا الشعرية، ترجمة: محمد الولي ومبارك حنون، ط:٢، دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٨، ص: ٢٧.

(٢) د. صلاح فضل ، نحو تصور كلي للاساليب الشعر العربي الحديث ، عالم الفكر، تصدر عن المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، دولة الكويت ، المجلد الثاني والعشرون ، العدد: الثالث والرابع، ينايو/مارس، ابريل/يوليو، كويت ، ١٩٩٤، ص: ٨٠.

لە دابینکردنی سەرکەوتن بۆ گوزارشتکردن، لە پاشان ڕازیبوون بەقورسیی تێکشکاندن و باری ناچاری، ڕێکییەك لە ناڕێکییەکان رادەگەیەنێت))[1].

شاعیر تاکێکی کۆمەڵە، لە هەمان کاتیشدا لە تاکەکانی تر جیاوازە. ئەم دیاردەیەش بۆ تایبەتمەندیی ئەزموون ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ توانستی گوزارشتکردن لەو ئەزموونە دەگەڕێتەوە کە لە یەکێکی تردا بەدی ناکرێت. ئەم سیفەتە جیاکارییەش بەدەربڕینی شیعر مسۆگەر نابێت، بەڵکو بەرایەڵەکانی چۆنێتی وتن لە ناوەندی تێکستدا جێبەجێ دەبێت، چییەتی واتاش لە گوزارشتکردن پێوەری دەسەڵاتی شاعیرە و بنەماکانی جیاکردنەوە دیاری دەکات.

واتا بەگشتی و مەوداکانی ناوەندی واتاگۆڕین بەتایبەتی، لە هەموو دەربڕینێکدا بناغەی پێکهاتنە. بەبونیاتی شاراوەیەك دەردەبڕێن و ئامرازێکی تێدا بەکار دێت، لە هەموو بابەتە سروشتییەکانی دیکە جیاواز دەبێت، ئەویش زمانی واتایە، لە خولگەکانی واتای واتادا دەسووڕێتەوە بۆیە لە ڕەخنەی بونیادگەریدا سەبارەت بەواتاگۆڕی پێویستە: ((پرسیار لەبارەی واتا، یان دەرهاوێشتی لە باری نالەبار، لەسەر ئەو بنەمایە نەبێت کە واتایێکی ڕەوشتییە، بەڵکو پێویستە لەسەر بنەمای واتای شیعرایەتی بێت. لە بەراییدا بڕیار لەسەر بابەتی واتاکە نادەین، بەڵکو پێویستە بڕیار لەسەر ئەو داڕشتنە بدەین کە بابەتەکەی لەسەر داڕێژراوە))[2].

ئەرکی هەرە گرنگ و بناغەیی واتا، پوختەکردنی داهێنان و هۆکاری پیرۆزیی قەسیدەی لە ئەستۆدایە. بەو پێودانگە، شاعیر ئەو مافە بەخۆی دەدات سنوور و ڕیزبەندی لە سیمانتیکی زمان ببەزێنێت و هەموو مەوداکان سەبارەت بەچڕی واتا و واتاگۆڕی و خولقاندن، ڤاڵاییێکی پڕاوپڕ لە چالاکی بۆ خوێنەر بڕەخسێنێت.

واتاگۆڕی بەیەکێك لە دیاردە هونەری و ئێستێتیکاییەکانی قەسیدەی هاوچەرخ دادەندرێت، توانستی شاعیر لە ئاستەکانی ڕووناکبیری و کارامەیی داهێنان بەدیار دەخات.

---

(1) Bateson. F. W. English Poetry, Acritical Introduction, London, 1950 pp. 51.

(٢) د. جابر عصفور، مفهوم الشعر (دراسة في التراث النقدي)، ط: ٣، دار التنوير، بيروت، ١٩٨٣، ص: ٨١.

## تەوەرەی دووەم

## دەق لە نێوان بونیادگەری (Structural) و زمانناسیدا

### (١) دەقی ئەدەبی(*) لە نێوان زمانناسی و بونیادگەریدا

ئەگەر بەوردی سەرنج لە لێکۆڵینەوە بونیادگەرییەکان بدەین، کە لەبارەی دەقی ئەدەبی ئەنجام دراون، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لێکۆڵینەوە بونیادگەرییەکان زۆرتر بابەتی ناشیعریی وەك: چیرۆك و ڕۆمان... دەگرنەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە چونکە شیعر سروشتێکی چالاك و لە بونیاتیشدا پێکهاتەییێکی تایبەتی لە پێوەندیی یەکەکانیدا هەیە، بۆیە بەئاسانی بەرزەفت ناکرێت. زۆر جاران لە بەرنامە و گرنگیی لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی بونیادگەری دەردەچێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زانستە، گرنگییێکی زۆری بەشیعر داوە و زۆر بواری پەنهانی لە بونیات و سیستم و پێوەندی ـ لە نێوان یەکەکانی بونیاتی شیعر و لە چالاکیی ناوەوە و لە شرۆڤەشدا، چۆنیەتی شێواز بەستنەوەی بەدەق ئاشکرا کردووە. هەر بۆ ئەم مەبەستە دەبینین هاوکاری و هەرەوەزییێکی بەتین لە نێوان زانایانی زمانناسی و ڕەخنەگرە بونیادگەرییەکاندا، بۆ تێگەیشتن لە چییەتی شیعر و جیهانە پڕ لە ئەفسوونەکەیدا بەدی دەکرێت، هەردوولا هەوڵیان داوە بەرنامە بۆ پرۆژەی چوونە ناو ئەو جیهانە پڕ لە سەیرە و سەمەرەیە دابڕێژن.

زمانناسیی نوێ و تازەگەری لە لایەن (دی سۆسێر)ەوە دامەزراوە. زانستێکە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەبارەی زمانە مرۆییەکان ئەنجام دەدات و توێژینەوەیەکیشە پشت بەیاسا و دەستووری زانستی دەبەستێت. ئەو توێژینەوەیە تەنیا بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوە زمانییەکان و گەشەپێدان و پێشخستنیان نییە، بەڵکو هەوڵ بۆ بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ڕێگاکانی شرۆڤەکاریی بونیادگەری و گەشەکردنیان دەدات. سروشتی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان وەك سیستمێکی هێمای زاراوەیی دەستنیشان دەکات. لەو سیستمەدا ژمارەیەك لە دووانەی دیاری کردووە گرنگترینیان:

---

(*) دەقی زانستیش خاوەنی شێواز و ناوەرۆکی خۆیەتی، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە، بابەتەکەی ئێمە ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە لەخۆ ناگرێت.

زمان (La langu) و ئاخاوتن (La parol)، جیاوازی نێوان سیستمەکانی پێوەندی ئاسۆیی (العلاقە التألیفیة Larelations Systagmatique) و پێوەندی ستوونی (العلاقە الامثالیة La Relations Paradigmatique)، جیاوازی نێوان هێما (Signe) - دال (Signifiant) و مەدلوول (Signifie) و سەرچاوە (Reference). لەم سیستمەدا، دال ڕەگەزێکی دیاریکراوە، بەڵام مەدلوول لە جیهانی سروشتدا بۆ مەبەست ناگەڕێتەوە. هەروەها جیاوازی نێوان توێژینەوەی دایکرۆنی (Diachronie) و توێژینەوە لە سایکرونی(*) (Synchroie)(1). (سۆسێر) زنجیرەی دایکرۆنی بۆ ڕووداوەکان دانا، کەچی ڕووداوەکان لە ناو سیستمی زنجیرەی سایکرۆنی دەردەبڕدرێن(2).

لەبەرئەوەی زمان دەستوور و سیستمێکی هێمای زاراوەییە، بۆیە دیاردەی وەك یەکی و هاودژی (التماثیل والتخالف) لەو سیستمە بەدی دەکرێت. (سۆسێر) هەستی بەو ڕاستییە کردووە: ((هەر دالێك لە دالەکان بەو سیفەتەی لە ناوەرۆکدا لەگەڵ دالێکی دیکەدا جیاوازە، بەسیفەتی دەنگێك ڕاستەوخۆ دەلالەت بۆ بابەتێك یان واتایەك ناکات، بەو پێودانگە واتای وشەکان لە شوێنی ناو ڕستە و جیاوازی لەگەڵ وشەکانی تردا، دەردەکەوێت))(3).

ئەم جیاکارییانە هانی زۆر لە زمانناسان و زمانەوانانی بونیادگەری، لە هاوشانانی (سۆسێر) و ئەوانەی دوای ئەویشی دا، کە لێکۆڵینەوەکانیان بەو تێگەیشتنە قووڵ

---

(*) ئەم جووتە دووانە، سۆسێر دایهێناون. هەردووکیان بەیەکەوە وەسفی هەردوو ڕامانە سەرەکییەکەی زمان دەکەن، دایکرۆنی میتۆدێکی شرۆڤەکاری زمانە، لە گەشەکردن و پەرەسەندنی زمان دەکۆڵێتەوە، قۆناغ و گۆڕانکارییەکانی زمان، ناوەرۆکی ئەم ڕێبازەیە. هەرچی زمانناسیی سایکرۆنییە لە کاتێکی دیاریکراودا توێژینەوە لەبارەی زمان ئەنجام دەدات، جەخت لەسەر ڕەوشتی ئێستای زمان دەکاتەوە و خۆی بەقۆناغ و گۆڕانەکانی پەرەسەندنی یەك بەدوای یەکەکانی زمان خەریك ناکات. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: سەلام ناوخۆش، پوختەیەك لەبارەی زمانناسی (مێژوویی، بونیادگەریی، چۆمسکی)، چ: ١، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٥، ل: ٢٦ - ٢٧.

(١) بڕوانە: توفیق الزبیدي، اثر اللسانیات فی النقد العربی الحدیث، الدار العربیة للکتاب، تونس، د. ط، ١٩٨٤، ص: ١٦.

(٢) بۆ زانیاری پتر، بڕوانە: جان ماری أوزیاس وآخرون، البنیویة، ترجمة: میخائیل مخول، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، سوریا، ١٩٧٢، ص: ٢٢٨.

(٣) د. صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، سلسلة عالم المعرفة، الکویت، اَب/١٩٩٢، ص: ٢٠.

بکەنەوە، تا لە سیستمی زمانیدا هەندێ پێوەندیی نوێ بدۆزنەوە، هەروەها هانیشی دان، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر پێوەندیی زمان و چالاکی بکەنەوە، کە زمانناس و دەقی ئەدەبی بەیەکتر دەبەستێتەوە، لێرەدا دەبینین (ئەدوارد ساپیر E Sapir)، کە دامەزرێنەری زمانناسیی فۆرمییە، پێ لەسەر چەمکی فۆرم و کار دادەگرێت: ((ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە لە بەرهەمەکاندا، پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر فۆرمی زمان بکرێت بەو پێودانگەی کە سیستمە، بەچاوپۆشین لەو پێوەندییانەی کە پێوەی دەبەسترێنەوە))[1]. هەرچەندە زۆر بەچاکی هەستی بەپێوەندی نێوان ئەو دوو چەمکەی کردبوو، بەلاّم بەو سیفەتەی کە کار و کردەوەکە ڕەنگبێ جێگای سروشتێکی نازمانی بگرێتەوە، ئەو کاتە (ساپیر) بەفۆرمی زمانی دانانێت، چونکە: ((زمان لەبارەی بیر ئاخاوتنێك نییە، بەڵکو پۆلینکردنی دەستە وێنەکان و پێوەندی نێوان چەمکەکان واقیعی گوتنن))[2].

ئەم جۆرە تێگەیشتنە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر شیکردنەوەی (دابەشی Distributive)، کە لە زۆر لایەنەوە پشت بەبابەتکردن و پۆلێن (Classification) دەبەستێت. دەرئەنجامی زمانەوانیش، پاڵپشت بەو پێوەندییە ڕیزبەستەی کە لە پێکهاتەیدا هەیە، سیفەتە هاوبەشەکانی دیاری دەکرێت. (بییرجیرو) کاتێك لێکۆڵینەوەی لەبارەی بونیاتی ڕەمزی دەلالی لە دیوانی (گوڵی خراپە)ی (بۆدلێر) ئەنجام دا، زۆر جەختی لەسەر بنەماکانی (دابەشکردن) کردۆتەوە، چۆنێتی دابەشکردنی وشەکان، بابەت و تەوەری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەی بوو. سەرەڕای ئەمەش ئەو دەرەتانە گرنگانەی کە دابەشکردنەکەی لەسەر ئەنجام دابوو، لە پێکهاتنی بونیاتدا ڕۆڵی سەرەکییان بینیبوو، دەستنیشانی کردوون[3].

فۆرمالیستە ڕووسەکان لە بەهێزکردنی پێوەندی نێوان زمانناسی و دەقی ئەدەبیدا، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، گشت ئەو ناوەندانەیان دەخستە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە لە

---

(١) جورج مونان، علم اللغة فی قرن العشرین، ترجمة: د.نجیب غزاوي، وزارة التعلیم العالي، د. ط. ت ، سوریة ، بلا تاریخ ، ص: ٨٨.

(٢) جان ماری أوزیاس وآخرون، البنیویة، ص: ٤٥.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بییرجیرو، السیمبولوجیا، ترجمة: د. منذر عیاشي، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، دمشق، سوریة، ط: ١، ١٩٨٨، ص: ١٢٢... دواتریش.

بەرهەم و ژانرە جیاوازەکان دەقەکەی لەسەر بونیات نرابوو. بۆ چەمکی ئەدەبی و هونەری پێناسەی جۆراوجۆریان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای چالاکیی ڕەخنەکانیاندا ڕەچاوی لێك جیاکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبییان دەکرد. پاشان ئەو بۆچوونەیان (جیاکردنەوە) زیاتر قووڵ کردەوە و پەرەیان پێ دا، تا لەگەڵ بنەماکانی چەمکی بونیات کە دەقی ئەدەبییەکەی لەسەر پێکهاتووە بگونجێت. بەو مەبەستە کە سیستم دەستوورێکە لەسەر بنەمای پێوەندی نێوان یەکە و ڕەگەزەکاندا بونیات نراوە و پێکهاتووە. بۆیە (فکتۆر شکلۆفسکی) ئاماژە بەوە دەکات کە: ((مەبەستی هونەر ئەوەیە هەست بەو شتە بکەین کە دەیبینین نەك ئەوەی کە دەیزانین. کاری زانین و هەستکردن لە هونەردا بۆ خۆی مەبەستە، لە هونەردا ئەزموونی کاری بیناکردن، نەك بەرهەمی تەواوکراو، مەبەستە و بەهونەر هەژمار دەکرێت))(١).

کەواتە قووڵی و بەرزیی دەق بەو مەبەستە نییە کە دەق ڕەگەزێکی بالآیە و بیناکراوە، بەڵکو لەو کەرەستانەدایە، کە دەقی ئەدەبی یان هونەری لەسەر بونیات نراوە. ئەم جۆرە بۆچوونە لە لای فۆرمالیستەکان زیاتر پەرەی پێ درا و لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیاندا بەو ئەنجامە گەیشتن، کە ناوەڕۆك و شێواز بەهیچ چەشنێك لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. سیستمی دەق لە ڕێگای یاساکان و پێوەندییەکان و کارکردنەکانی خۆیەوە، دەق خۆیەتی.

لەم بارەیەوە (بوریس ئیخنیوم) نووسیویە: ((لە کاتی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕووداوەکان، هاریکاری و هەرەوەزی کۆمەڵەك ڕووداوی تازە بەرچاو دەکەون. کاتێك کە دەکەونە دەرەوەی سنووری دەستوور وەکو ئەوە وایە کە نەبووبن))(٢). لێرەدا ئاستی ئەو ڕەگەز و یەکانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پابەندی دەستوور و یاساکانی خۆیان دەبن و جێگایەکی بەرزیان لە ناو دەقدا بۆ دیاری دەکرێت. جگە لەمە چۆنێتی پێوەندی نێوان یەکەکان و کارلێکردنیان، سروشتی ئەم سیستمەیان بۆ ئاشکرا دەکات، کە پانتایی هەموو دەقەکە لە ناوەڕۆك و فۆرمدا دەگرێتەوە. بەبۆچوونی (ئیخنیوم) زیاتر ئاسانکاری لە چەمکی سروشتی دەق و سروشتی یەکەکان بەدیار دەکەوێت، کاتێك دەبێژێت: ((یەکێتیی کار و پرۆسەی ئەدەبی، سروشت و بونیاتێکی داخراو نییە، بەڵکو

(١) روبرت شولز، البنيوية في الادب،ترجمة: حنا عبود،اتحاد الكتاب العرب،دمشق، سوريا، ١٩٨٤،ص: ١٠٠.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل : ٩٦.

دینامیکییەتی تەواو کردنە، ڕەگەزەکانیشی لە ناو خۆیاندا پابەندی پێوەندییێکی یەکسانی یان خستنەسەری نابن، بەڵکو پابەندی دینامیکییەتێکی پێویست و پێگەیشتوو (تکامل) دەبن. بۆیە پێویستە وەك وێنەیێکی دینامیکی هەست بەکاری ئەدەبی بکەین))[1]. دواتر ئەم دیاردە و بۆچوونە لە (شیعرایەتی ڕەنگی دایەوە و ڕەخنەگرانی بونیادگەری پەرەیان پێ دا. لێرەوە (ئیخنیوم) لەگەڵ هاوڕێکانی هەوڵیان دا زانستێکی تایبەت بەئەدەب بەناوی ئەدەبناسی بێننە ئاراوە[2].

ڕەخنەگری فۆرمالیستی ڕووسی (فلادیمیر بروب)، هەوڵی دا یەکێتیی بابەتی کاری هونەری لە داستان و چیرۆکی ڕووسی دیاری بکات. ناوبراو دیتی پێکهاتە نەگۆڕەکان لە ناو بابەتە جیاوازەکاندا ون نابن، بەڵکو لە ناو ئەو ڕێکخستنە تەواوە ون دەبن کە لە چیرۆکەکاندا، ڕووداوەکان و کارلێکردنیان لەسەری بونیات نراوە[3]. لێرەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەق (شیعر) لە ناو ڕێکخراو و سیستمی خۆیدا هەڵناوەشێتەوە، کۆمەڵە یەکەیەکی چالاکن، وەك بنەما دەقی لەسەر بونیات دەندرێت و هەریەکێکیش لەو یەکانە وەك ڕایەڵی تەواوکەر، تەواوکەری ئەوانی ترە، هەموو تەواوکەرێك بەتەواوکراوێکی کە بەندە، هەموو تەواوکراوێکیش بەتەواوبوونێکی تر پەیوەست دەبێت. کەواتە دەق یان (دەقی شیعری)، بریتییە لە کار و کردارێکی ئەنجامدراو. لە ناو دەقی شیعردا هەرچەندە شێواز و جۆری داهێنان و چەشنی گوزارشت... جیاوازن، بەڵام نەگۆڕییەك لە یەکەکانی بونیاتدا هەیە. شیعر ئەنجامدانی کارێکە، ئەم کارەش لە پێکهاتندا هاوبەشە، هەرچەندە لە ناوەرۆك و دەربڕیندا جیاواز بن. دەقی شیعر لە کۆمەڵە ڕەگەز و یەکەیەکی بونیاتی پێکهاتووە و بەشێوەیەکی شرۆڤەی زانستی لە جۆری ئاوێتەبوون و کارکردندا ناگۆڕێن، بەڵام گۆڕان لە چییەتی ناخی دەق و چۆنێتی دەربڕینی شاعیردا گۆڕانی بەسەردا دێت، کە ئەم گۆڕانەش لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و توانستی داهێنان و شارەزایی هاوهێز دەبێت.

---

(١) د. جودت فخرالدين، شكل القصيدة العربية فى النقد العربي حتىَ القرن الثامن الهجري ، ط: ١، دار الآداب، بيروت، لبنان، ١٩٨٤، ص: ١٩٣.

(٢) تزفتيان تودوروف، نقد النقد، ترجمة: سامى سويدان، ط: ١، منشورات مركز الانماء القومي، بيروت، لبنان، ١٩٨٦، ص: ٣٥.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: محمد عزام، الاسلوبية منهجا نقدياً، وزارة الثقافة، ط: ١، سورية، ١٩٨٩، ص: ٢٠٢... هتد.

(جاکبسون)، بەیەکێك لە دامەزرێنەرەکانی قوتابخانەی فۆرمالیستی دادەندرێت، نەك هەر پەرەی بە کار و چەمك و تێگەیشتنی فۆرمالیستەکان داوە، بەڵکو سەبارەت بەپێوەندیی زمانناسی و بونیادگەری لە ناو دەقی ئەدەبیدا، پەرەی بەچەمك و تێگەیشتنی (دی سۆسێر)یش داوە، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بەئەرك و چەمکی (سیستمی زمانی La System)یەوە هەبێت، لە ناو دەقی ئەدەبیدا سروشت و تایبەتمەندی دیاردەی ئەدەبی و چۆنێتی گەیاندنی دیاری کردووە. کەواتە سیستم و ڕێسایی ئەدەبی کە ڕەگەز و یەکەکانی زمان کاری تێدا دەکەن، چۆنێتی گونجاندن و هاوڕێککردنی ڕەگەز و یەکەکانی زمان، لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیدا، تایبەتمەندی دیاردەی ئەدەبی دیاری دەکات. بەو مانایە: ((ناوەرۆك و بابەتی کاری ئەدەبی، ئەدەب نییە، بەڵکو ئەدەبیاتە، یان ئەوەی لە کاری ئەدەبیات پەیدا دەبێت))[1]. لە ناو سیستمی زماندا، گەڕان و لێکۆڵینەوە لەبارەی سروشتی پێکهاتن و بونیاتی ڕەگەزەکان و یەکەکان، ئەدەبیات لە ناو ئەدەبدا دیاری دەکات، کە (جاکبسون) لە ئەنجامی دیاریکردنی شەش[*] کاری گەیاندنی زمان، بەتایبەتی لە (شیعرایەتی)دا ئاماژەی پێ کردووە، جەخت لەسەر پێوەندی نێوان دوو تەوەری زمانی: تەوەری ستوونی و تەوەری ئاسۆیی (التألیفیة والامثالیة) دەکاتەوە، کاری شیعر لە پێوەندی نێوان ئەم دوو تەوەرەدایە. نارێکی نێوان ئەم دوو پێوەندییە بەقەدەر گرنگی کاری شیعرایەتییە. نارێکی و ئاڵۆزی نێوان پێوەندییەکان پێی دەوترێت لادان، کە (جاکبسون) پێی دەڵێت: (چاوەڕوانی بێ هیوا) یان (چاوەڕوانی تێکشکاو)...[2]. ((کاری شیعرایەتی بنەمای هاوڕێکی لە نێوان تەوەری ستوونی و تەوەری ئاسۆیی نیشان دەدات))[3].

---

(١) سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي، ط: ١، المركز الثقافى العربي، دار البيضاء، المغرب، ١٩٨٩، ص:١٦٤.

(*) مەبەست شەش ڕەگەزی زمانییە لە شیعرایەتیدا، ئەوانیش: بنێر (المرسل Consigned)، بۆ نێردراو (المرسل اليه Consignee)، ڕێز بەستن (السياق Context)، گەیاندن (الاتصال Communication)، داڕشتنی جفره (سنن Code)، پەیام (دەق Message)... **هتد بۆ زانیاری بڕوانە**: رومان جاكبسون، قضايا الشعرية، ترجمة: محمد الولى ومبارك حنون، ط:١، دار توبقال للنشر، دار البيضاء/ المغرب، ١٩٨٨، ص: ٢٧.

(٢) د. عبدالسلام المسدي، الاسلوبية والاسلوب، دار العربية للكتاب، ط: ٢، تونس، ١٩٨٢، ص: ١٦٤.

(٣) د. صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، ص: ٥٩.

ئەم کێشەیە ببووە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەو لێکۆڵەرانەی کە لە بواری شیعرایەتیی بونیادگەریدا کاریان دەکرد. دەقی شیعر بەدەوڵەمەندکردنی کارلێکردنەکان و پێوەندییان، دەبێتە سەرچاوەی ئاشکرابوون و وا دەکات خوێنەر بەرانبەر چاوەڕوانییێکی زۆر و یان مەبەستێکی دەربڕاوی دەق، هەستێکی بۆچوون شکێنی هەبێت.

(جاکبسون)، شیعرایەتی تەنیا بۆ دەقی شیعری دانەناوە، بەڵکو بۆ هەموو چالاکییەکانی تری زمانی بەدیار خستووە، بەڵام ئەوەندە هەیە شیعرایەتی لە دەقی شیعردا پانتاییێکی زۆر فراوانتر داگیر دەکات و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە پتر لە خۆ دەگرێت و چڕترە. لە بەرجەستەکردنی هەندێ چەمکی تیۆری لە زمانناسی و ڕەخنەی بونیادگەری لە شرۆڤەکردنی قەسیدەدا[*]، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە: شرۆڤەکردنی قەسیدە لە دوو ئاستدا ئەنجام دەدرێت، ئەوانیش: ئاستی فۆرمی و ئاستی دەلالیین. ئەم دوو ئاستەش پێوەندییێکی ناخیی قووڵیان هەیە و کارلێکردنیان لەگەڵ یەکتردا بەهێزە. جگە لەمانەش بۆ هەمان مەبەست پێی لەسەر وێنەی شیعریی دەق دادەگرێت. بەو پێیەی لە سروشتی بونیات و پێکهاتندا، فۆرمێکی پڕ مەبەست و گەیەنەرە. هەروەها لە قەسیدەدا جەختیشی لەسەر هاوبەندبوونی وشەکان دەکاتەوە، کە ڕۆڵی کاریگەر لە دروستکردنی دەلالەت دەبینن، چونکە بنەمای دیاردە جیاوازەکانی بونیاتی پێکهاتنی دەق، دەلالەتە. هەموو ئاستەکانی بونیات لە: ڕێزمانی و دەنگی و دەلالی، بەشێوەیەکی ئاوێتەیی کار لە یەکتر دەکەن و سەرچاوەیەکی یەك ڕێکخستن و داڕشتن بەدەقی شیعری دەبەخشن[1].

ئەو بۆچوونەی (جاکبسون) لە بونیاتی دەقی ئەدەبیدا سەبارەت بەبونیادگەری دەستوور و سیستمی زمانی پەرەی پێدرا و بەتایبەتیش ئەو بەشەی لە سیستمەکەدا

---

(*) مەبەست قەسیدەی (پشیلەکان)ی شاعیری فەرەنسایی (بودلێر)ە، کە (جاکبسون) لەگەڵ کۆمەڵناسیی بونیادگەری (کلود لیفی ستروس C. L. Struss)، شرۆڤەیان بۆ ئەنجام دابوو: بڕوانە: عبدالفتاح المصری، طریقة جاکبسون في تحليل النص الشعري، مجلة الموقف الادبي، العدد: ١٢٢، حزيران، ١٩٨٨، ص: ١٣٠ - ١٣٩ هتد.

(١) بۆ ناواخن کردنی دەقی شیعر (قەسیدە)، بڕوانە:

أ) توفيق الزبيدي، اثر اللسانيات فى النقد العربى الحديث، ص: ٢١، ٢٢، ٧٦...

ب) محمد عزام، الاسلوبية منهجا نقديا، ص: ١٢٤ - ١٢٥.

پ) روبرت شولز، البنيوية في الادب، ص: ٤٥... هتد.

پێوەندی بەدایکرۆنی (التزامن) و سایکرۆنی (التزمن)یـەوە هەیـە، چـەمی سـایکرۆنی خرایە سەر سیستمی زمان، سیستمیش (Systeme) بابەتێکی داخـراو و نـەگۆڕ نییـە، چونکە سیســـتم خۆی بریتییە لە گۆڕانکاری، بۆیە (جاکبســـون) ســـروشتی هەنـدێ گۆڕانکاری لە پێشـــکەوتن و گۆڕاندا، ئەگەر کاریگـەریی بنـچینەیی نەبوایـە ڕەتـــی نەدەکردەوە، بەتایبەتیـــش ئەگـەر گۆڕانەکـە لەگـەڵ خـودی سیـستمەکەدا هـاوڕێکی دروســـت بکات و بۆ ئەوەی سیســـتمێکی تازە پەیدا بێـت. گـۆڕانی بـەرەو پێـشەوە چوون و دەوڵەمەنـدبوون لـە شـیعردا لەسـەر بنـەمای گۆڕانکـاری وەسـتاوە و کـە بـۆ ڕەگەزەکانی سیستمی شـــیعری بەدرێـژایی قۆناغـە یـەك لـە دوای یەکەکانـدا ڕووداو دروست دەکات.

(کلـودلیفی سـتروس)، دیـارترین زانـای کۆمەڵناسـیی بونیادگەرییـە سـوودی لـە بۆچوونەکانی (جاکبسون) وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە پێوەندییان بەزانستی و کاری دەنگەکانەوە (فۆنۆلۆجیا) هەیە، یان ئەوانەی پێوەندییان بەناواخن کردنی نـاخی و هونەری دەقەوە هەیە. لە ئەنجامدا ئەوەی بـۆ دەرکـەوت، ڕووداو، ڕاسـتی کۆمەڵایـەتی هەروەکو فۆنێمەکانە ئەگەر لەگـەڵ سیـستمێکدا تێکـەڵ بەیـەکتر نـەبن هـیچ واتایـەك ناگەیەنن: ((ئەگەر ئاوێتـەبوون نـەبێت، یـان بونیـات نـەبێت، مانـا نابەخـشێت))[1]، هەروەکو لە لای (جاکبسون) ئەمە دەستوور و سیستمە تەنیا پێوەنـدی بەدایکرۆنییـەوە نییە، بەڵکو لـە هـەموو کردارێکـی پێـشکەوتوو بـۆ گـۆڕانی نـوێ و بـەردەوامی لـە بونیاتناندا گوێڕایەڵ دەبێت. ئەمە لە لایەك لەگەڵ بیروڕایەکانی (ستروس) لە بوونی دوو سیستم، دایکرۆنی و سایکرۆنی یەك دەگرنەوە. لە لایـەکی تریـشەوە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکەن کە یەکەم بەدوای دووەمدا دێت و یەکەمیان ئەگەر بەدووەم نەبەسـترێتەوە، هـیچ بەها و نرخێکی نابێت. لەم ڕوانگەوە پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکرێت، کە دایکرۆنی بـەهیچ جۆرێك مانای ئێستاتیك (Static) ناگەیـەنێت. ئێـستاتێکی: ((ڕێگایـەکی زانـستیی یارمەتیدەرە و لە فۆرمەکانی بووندا فۆرمێکی تایبەت نییە))[2]. هەروەها: ((لە دیمەنی

---

(١) بسام بركة، اللغة والبنية الاجتماعية، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد: ٤٠٠٤، ١٩٨٦، ص: ٧٣.

(٢) كلود ليفى ستروس، الانثروبولوجيا البنيوية، ترجمة: د. مصطفى صالح، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، د. ط، ١٩٧٧، ص: ١١٤.

دایکرۆنیدا زانینی جوولانەوەیەکی بەم چەشنە، سەبارەت بە زمان هەمان کار دەگەیەنێت))[١].

بەم جۆرە (ستروس) پەردە لەسەر سیستمی دایکرۆنی لادەدات، بەمەرجێك توانستی پەسەند و قبوولّی جۆرەکانی بزووتنەوە و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی هەبێت، کە لە بزووتنەوەی مێژوو و کۆمەڵگادا پەیدا دەبن. سەبارەت بەکردار و پرۆسەی شرۆڤەی بونیادگەری لە کاری هونەریدا، (ستروس) (ئەفسانە) وەك بوونێکی زیندووی زمانی بەنموونە وەردەگرێت. ئەفسانە خۆی لە چەند یەکەیەکی یەك بەدوای یەکی پێکهاتووە. (ستروس) لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم یەکانە وەك ڕەگەزێکی سەربەخۆ ئەنجام نادات، بەڵکو بونیاتی شیتەڵکردنەکەی لەسەر بنەمای ئەو پێوەندییە ئەنجام دەدات، کە ئەم یەکانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە پاشان هەڵدەستێت سەرلەنوێ ئەم یەکانە ڕێك دەخاتەوە کە بونیاتی ئەفسانە پێك دەهێنن. هەمان ڕێگاش دەگرێتە بەر کاتێك شرۆڤە و شیتەڵکاریی بونیاتی مێژووی کۆمەڵگا دەکات. مێژووش ناوەندێکی گۆڕانکاریی بونیادگەرییە. کۆمەڵگاش لە زنجیرەیەك پێوەندی: زمان، یاسای هاوسەریتی (Marriage)، پێوەندی خزمایەتی، ئابووری، هونەر، ئایین... پێك دێت. ئێمە ئەگەر لە ڕێگای تێکەڵاوبوون و ئاوێتەبوونی ئەم پێوەندییانەوە نەبێت، لەو کۆمەڵگایە تێناگەین[٢].

ڕەنگبێ دەقی ئەدەبی لە لایەن نەوەی دووەمی ڕەخنەگرانی بونیادگەرییەوە ئەو گرنگییەی پێ نەدرابێت هەروەك گرنگی بەزمانناسیی بونیادگەری دراوە، ئەوان زیاتر زمانناسییان ناساند، زانیارییان لەبارەی ڕاگەیاند، کە تاکو ئێستا جێگای مشتومڕی زۆرانە، پاشان تیۆرەکانی دەقی ئەدەبی و دەروازەکانی ڕووچوونی ناخ و ئاشکرابوونی دیاردەکانی ڕەوانبێژی و ڕەمز و دەلالەت، دیاردەکانی تێگەیشتن و گونجاندن... بەدیار کەوتن. (جاك دریدا) ئاماژە بەوە دەکات: ((لە دەرەوەی سنووری دەق هیچ شتێك

---

(١) كلود ليفي ستروس، الانثروبولوجيا البنيوية، ترجمة: د. مصطفى صالح، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، د. ط، ١٩٧٧، ل: ١١٤ ـ ١١٥.

(٢) اضولفو باسكيز، البنيوية والتاريخ، ترجمة: مصطفى المسناوي، ط: ١، دار الحداثة للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨١، ص: ٢٤.

نییە))[1]. بەڵام مەبەستی لە کام دەقە؟ دەق بریتییە لە: ((پێکهاتەیەك بۆ بەهاکان، لە یەك کاتدا جۆرە یاری و گەمەیەکی والاّ و داخراوە، نە خاوەنی یەك بنچینە و نە خاوەنی ڕەگێك لە ڕەگەکانیشە))[2]، هەروەها دەق: ((مانای بەشێك لە کتێب و یان دەقێك لە کتێبخانەی گشتی ناگەیەنێت، بەڵکو مانای هەموو شتێك دەگەیەنێت کە بوونی هەبێت، لە هەموو شوێنێکدا کاریگەری و سیستمی ڕاگواستن (Systemederenvois)و سەرچاوە (مرجعیة) هەبێت دەقیش دەبێت))[3].

بەبۆچوونی (دریدا) هەموو شتێك بوونی هەبوو (دەق)ە. بەڵام جاری وایە بەگوێرەی سروشتی بابەت (نەبوون)یش دەگرێتەوە، واتە ئەو شتە کە ئامادەییێکی تەواو بەرچاوی نەبێت، بەڵکو ئامادەییێکی بەهێز و بەزۆری هەبێت. سەبارەت بە والاّیی دەق بۆ هەموو جیهان و سروشتێکی تر و دەرکەوتنی ڕاستی و سروشتی دەق، پێویستی بە بەدواداچوون هەیە تا نهێنییەکانی ئاشکرا بێت و چییەتی دەق بدۆزرێتەوە. کەواتە دەق بوونێکی فیزیکی نییە، بەڵکو لە هەموو قۆناغێکدا ناوەند و پانتاییێکی ئامادەبوونی چڕ و خەستی دەبێت. ئەو سیفەت و ئەدگارەی دەق وای لە (دریدا) کرد، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ناو بنێت هەڵوەشاندنەوە (التفکیك - Disassembly). لە پێشدا توێژینەوەی لەبارەی دیاردەکانی ڕواڵەتی (الظاهري) دەق جێبەجێ کرد، پاشان بەناو ناخدا ڕووچوو بۆ ئەوەی بەواتا شاراوەکانی ناو نـاخ بگات، کە ناوی نا پرۆسەی (کونکردن و هەڵکۆڵین)، هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە کێلاّندنی ناخ، واتا ناخی دەق دەگەیەنێت))[4].

لێرەدا (دریدا) بۆ ئەوەی خودی دەق ئاشکرا بکات و چییەتییەکەی بۆ بەدەر بکەوێت، پێوەندییە پێکهاتەییەکانی بونیاتی دەق لە بەرچاو دەگرێت، پاشان هەوڵ دەدات ئەو بابەتەی کە ئەو پێوەندییانە دروستی دەکەن بدۆزێتەوە، دواتر تیشك دەخاتە

(١) کریستوفر نورس، التفکیکیة - النظریة والتطبیق، ترجمة: رعد عبدالجلیل مراد، دار الحوار للنشر والتوزیع، اللاذقیة، سوریة، ط:١، ١٩٨١، ص: ٤٨.

(٢) د. صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، ص: ٢٣٨.

(٣) هاشم صالح، التأویل والتفکیك (مدخل ولقاء مع جاك دریدا)، مجلة الفکر العربی المعاصر، العدد المزدوج: ٥٤ - ٥٥، ١٩٨٨، ص: ١١١.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل : ١٠٣.

سەر پێوەندییە بوونی و دیارنەبووەکانی دەقی. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم پێوەندییەوە سروشتی دەق ئاشکرا دەکات.

(جولیا کریستیفا - J.Kristiva)یش، سەبارەت بەچەمك و بونیاتی دەق هەمان بۆچوون و تێگەیشتنی (دریدا)ی هەیە. پێوەندییە بونیاتەکان و مەسەلەکانی شێوازگەری کە لە بونیاتی دەقدا ڕۆڵیان هەیە، ئەو مانایە ناگەیەنن کە مەسەلەکانی تر لە بونیاتنانی دەقدا بەشداری دەکەن و تایبەتمەندی بەدەق دەبەخشێت. لە لای (کریستیفا) دەق شتێك نییە لەسەر خودی خۆی وەستابێت و یاسای خودی هەبێت. بەڵکو باوەشی بۆ جیهانەکانی تر دەکاتەوە و سیفەتی دەق دەلالەت بەئاوێتەبوون لەگەڵ سروشتەکانی دیکەدا دەکات. بەواتایەکی فراوانتر و قووڵتر، دەق بریتییە لە: کۆمەڵە دەق و بابەتێك لە ناو یەك دەقدا چڕ دەکرێنەوە. بەرهەمێکە پشت بە (بەدەقکردن - التناص Intertextulite)[*] دەبەستێت. جگە لەمەش دەق بینایەکی داخراو نییە، لە کردار و پرۆسەی بونیاتناندا، یاسای گۆڕانی نووسینی تایبەتی بەرهەم دەهێنێت، بەکارلێکردن پتر و دەوڵەمەند دەبێت. بۆیە دەبینین شیعر: ((دەربڕینێکە میکانیزمی گواستنەوەی واقیعی ژیان و بابەت و شت نییە، بەڵکو هەندێ لایەنی شاراوەی مرۆڤ ئاشکرا دەکات))[1].

هەمان بۆچوونیش لە لایەن (میشیل فوکو)وە جەختی لەسەر کراوەتەوە، کاتێك کە دەنووسێت: ((... زمان هەمیشەیی و کۆتایی و دوایی و کەوتن و هەڵسانەوە و دووری... تێدایە، ئامادە نەبوونیش لە بۆشاییەکانیدا خۆی دەشارێتەوە))[2]. لە زمانەوە بەرەو هەموو پانتاییەکانی ژیان و واقیع دەچێت و هەموو نهێنی و ئاراستە دووربینەکان و مەعریفییەکانی ئاشکرا دەبن، بۆیە لە دەقدا: ((هەموو شتەکان هەر لە نووسەرەوە تا

(*) بۆ زانیاری پتر لەبارەی دیاردەی هونەری بەدەقکردن، بڕوانە بەشی سێیەم، ل: ٢٠٢.

(١) مصطفى الكيلاني ، وجود النص الادبى- نص الوجود، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد المزدوج : ٥٤-٥٥، ١٩٨٨، ص: ٢٦.

(٢) ميشال فوكو، حفريات المعرفة، ترجمة: سالم يفوت، ط:٢، منشورات المركز الثقافى العربي، دار البيضاء، المغرب، ١٩٨٧، ص: ١٠٤.

دەگاتە بگێڕەوە (الراوي) و کات و کەسایەتییەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە))[١].

لــە لایــەکی تــرەوە، (ڕۆلان بــارت) کــە هەنــدێ بنــەمای نیــشانەناسی (La-Semiologic) لە ڕەخنەی ئەدەبی داهێنــا، بــاوەڕی بەهەمــەجۆری واتــای دەق نییــە، بەڵکو لە ناو مانا ڕاستەقینەکەدا، واتای دیکەی خوازراو بەدی دەکرێت کە پێویستی بە لێ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە هەیــە. لــەبارەی ئاشــنابوون بــەدەقی ئــەدەبی بەگــشتی و شیعری بەتایبەتی، ڕاڤەی تایبەتی خۆی هەیە. بەبۆچوونی (بارت) ئەدەب: ((بەبێ زمان هیچ نییە و ناشبێت، سیستمی نیشانەکان لە ناو ناوەڕۆکدا نییە، بەڵکو لە نــاو هــەمان سیستم دایــە))[٢]. ئەمــە تایبەتمەنــدی بــەدەقی ئــەدەبی دەدات. ئــەو ڕێگایانــەی کــە پێکهاتــەی دەقــی لەســەر بونیــات دەنــدرێت، بــەهای گوزارشــت و نیگابەخــشی بــەدەق دەبەخشێت، لە کۆتاییدا سوود وەرگرتن لە واتا و دەلالەتی ناوەڕۆك، کارێکە شایانی لــە بیرچوونەوە نابێت، ئەم ڕاستییەش پێوەندی بەخوێنەرەوە نییــە، بــەڵکو دەکەوێتــە ســەر ناوەڕۆکی دەقەکە، کە تا چ ئاستێك دەتوانێت خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێــشێت و کــاری تێ بکات و ڕایچڵەکێنێت و بیخاتە ژێر بەرزەفتی خۆیەوە.

هەر دەقێك نرخــی تایبەتــی خۆی هەیــە، ئەو بەهــایــە، دەقێك لە دەقێکــی دیــکــە هــەڵدەاوێت. دەقیش نواندنێکی نەگــۆڕ و چەســپیو نییــە، بــەڵکو کــار و چالاکی و بەرهەمێکی لیڤینییــە و پڕیەتی لە دینامیکییەت، یــەك ڕەوت و هــۆش و بیر زیاتر دەگەیەنێت، کاریگەری و دیــاردەیی دەق لەسەر خوێنــەرێك ڕەنگبــێ هــەمان شــت لە خوێنەرێکی تردا ڕوونەداتەوە و گۆڕانــی بەسەر بێت.

دەق هەروەك فرە واتایە، زۆر خوێندنەوەش هەڵدەگرێت، چونکە لە بەردەم خوێنــەردا دەق بابەتێکی سنووردار نییە و یەك واتای کۆتایی بگەیەنێت، یان لە تخووبی یەك بــیر و بۆچوون دەرنەچێت، بەڵکو هەر خوێنەرێك واتایەکی تازە و چەقێکی دەلالیــی نــوێی لێ

---

(١) حسين الواد، قراءات في مناهج الدراسات الادبية، دار سراس للنشر، تونس، د. ط، ١٩٨٥، ص: ٤٥.

(٢) د. منذر عياشي، الخطاب الادبي ولسانيات النص، المعرفة السورية، العدد المزدوج: ٣٠٠ - ٣٠١، ص:٣١.

دروست دەکات، خوێنەر داهێنەرە و لە دروستکردنی دەقدا بەشدار دەبێت[1].

دەقی (بارت) دەقی نیشانەکانە، بەڵام نەك بەمانای زمانی، بەڵکو بەمانای بونیاتی، کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی بەرهەم زۆری. ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە بۆ دروستکردنەوەی سیستمی دەق بە بەردەوامی توانستێکی هەبێت، زیاتر لەو توانستەی کە هەوڵ دەدات بەئاکامە دروستکراوەکان بگات. چونکە دووبارە دروستکردنەوەی سیستمی دەق و بەردەوامبوونی، هەموو جارێك واتایەکی نوێ، پتر لەو واتایەی کە دەقەکەی بۆ بونیات نراوە ئاشکرا دەکات. لە ڕوانگە و بانێژەی ئەم بۆچوونەوە، (بارت) (نەبوونی ڕاستی لە ڕەخنەدا) ڕادەگەیەنێت.

ڕەخنە، ئاخاوتن و لێکۆڵینەوەیە لە شتێکی تر، قسەی دووەم لەسەر بێژتنی یەکەم دەقە. ڕەخنەگر پێویستە هەوڵ بدات نەك ڕاستی ئاشکرا بکات، بەڵکو ئەو بابەتانەی ڕاستی دەنوێنن و دەبن بەڕاستی بدۆزرێنەوە. گونجاو نییە ئەگەر بڵێین: ئاخاوتن لە خودی خۆیدا ڕاستییە یان قەڵبە، بەڵام شیاوە ئەگەر بوترێت، ڕەنگبێ قسە ببێتە ڕاستی. واتا کۆمەڵێك نیشانەی هاوبەند و هاوپەیوەند دروست دەکات. ئەمەش هانی (بارت)ی دا، بڵێت: ((لەسەر ڕەخنەگر پێویستە هەڵوەستە نەك بەرانبەر بەناوەڕۆك، بەڵکو بەرانبەر بەدروستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی دەق بکات، ئەم جۆرە ڕێکخستنەوەش لە واتادا، هەڵگری بارگەی زۆریی واتا نابێت))[2].

فرە واتایی لە دەقدا بۆ فرە خوێندنەوەی دەق دەگەڕێتەوە، (ئەمبرۆتۆ ئیکۆ Umberto Eco)، شارەزا لە بواری ڕەمزسازی (Symbology)، سەبارەت بەگەیاندن و پەیامی شیعری دەبێژێت: ((... بەم جۆرە دەبینین لە بەرهەمی ئەدەبیدا بەبەردەوام واتای لێدوان بۆ واتای ڕەمز و نیشانەیی دەگۆڕێت، هەروەها مەدلوولە تایبەتییەکان بۆ دالی مەدلوولەکانی دیکە دەگۆڕێن)).[3] سەبارەت بەئەزموونی هەڵوەشاندنەوەی پەیامی

---

(١) بڕوانە: د. صلاح فضل، بلاغة وعلم النص، ص: ٢٣١.

(٢) د. سامية احمد اسعد، اتجاهات جديدة فى النقد العربي المعاصر، مجلة الفكر المعاصر، العدد: ٤٠، ١٩٨٦، ص: ٥٣.

(٣) امبرتو ايكو، المرسلة الشعرية، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد: ١٨ - ١٩، ١٩٨٢، ص: ١٠٤.

شیعریش، ئاماژە بەوە دەکات، پێویستە ئەم جۆرە ئەزموونە بێ سنوور و والا بێت[١]. تەنانەت هەندێ لە ڕەخنەگران، بازنەی گرنگی پێدانی دەقیان فراوانتر کرد و خولگەیان بۆ گەڕان بەدوای مەسەلەکانی تری وەك جۆرەکانی ڕەوانبێژی و ڕەمز و وێنە دروست کرد[*].

ئەوەی زیاتر لە ڕەخنەگرەکانی تر گرنگی بەو مەسەلەیە دابێت، (تزفتیان تۆدۆرۆف T.Todorov) بوو، لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەبارەی بونیاتی زمانی شیعر پێ لەسەر وێنە دادەگرێت، بەو سۆنگەیە یەکێکە لە بنەما هەرە بنچینەییەکانی دەق و ئاستی جیاکردنەوەی نێوان دەق و دەقێکی تر دیاری دەکات. لە شیعردا وێنە داینەمۆی دروستکردنی لادانە و ئەویش سروشت و سیفەتی پێوەندی نێوان تەوەرەکانی: ئاسۆیی (Systagmatic) و ستوونی (Paradigmatic) دیاری دەکات. ئەوەی گرنگە لە لادان و پێویستە پشتگوێ نەخرێت ئەوەیە، مەرج نییە هەموو لادانێك سەرچاوەی بەرهەمهێنان و دروستکردنی وێنەی شیعری بێت، بۆیە پێویستە ئەو لادانەی کە دەلالەت لە وێنە دەکات و وێنە بەرهەم دەهێنێت لەگەڵ لادانێکی تردا لێك جیا بکرێنەوە[٢]. هەرچی پێوەندی بەڕەمزەوە هەیە، وا دەبیندرێت، کە ڕەمز دەلالەت لە توخم نەك جۆر دەکات، هەموو جۆرێکیش خوازە لە خۆ دەگرێت. خواستن و خوازە و درکە ڕەمزن، گۆڕانکارییەکان (Transformation) لە واتا دروست دەکەن. ڕەمز لە لای (تۆدۆرۆف) هەموو جۆرەکانی ڕوونبێژی دەگرێتەوە[٣].

---

(١) امبرتو ایکو، المرسلة الشعرية، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد: ١٨ - ١٩، ١٩٨٢، ص: ١٠٤.

(*) لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە ڕەخنەگری ڕووسی (یوری لوتمان) لە شیکردنەوەی تێکستی شیعردا، پشت بە دوو چەمك دەبەستێت: چەمکی سیمبۆلۆجیا و چەمکی بونیادگەری. ئەوەی لێرەدا پێویستە پەنجەی بۆ درێژ بکرێت، بۆچوونی هونەری (لوتمان)، وەك بۆچوونەکانی (بارت) و ( ئیکو)یە لە ئەدەب و ئاستی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی دەقدا، بەلآم چونکە ناوبراو هەموو لێکۆڵینەوە شیتەڵییەکانی لە تەوەرو ناوەندی (بونیادگەریی پێکهاتەیی)دایە، شایانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆن، بەپێویستمان زانی ئاماژەی بۆ بکەین. بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە: یوری لوتمان، البنيوية التكوينية، ترجمة: د. ندوة احمد المصي، دار الاخلاص للنشر والطبع والتوزيع، قاهرة، المصر، ١٩٩٦، ص: ٢٠١.

(٢) مصطفى الكيلاني، وجود النص الادبى - نص الوجود، ص: ٢٠.

(٣) الولى محمد، الصورة الشعرية فى الخطاب البلاغى والنقدي، ط:١، المركز الثقافى العربي، بيروت، لبنان، دار البيضاء، المغرب، ١٩٩٠،ص: ١٩٢.

لە ئەنجامی گرنگیدانی (تۆدۆرۆف) بەئەدەب، بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی ئەدەب، تیۆرێکی تایبەتی دانا و، سێگۆشەی هاونزیکی (هەلّرشتن، لەسەر ڕۆیشتن، شیعرایەتی)ی کرد بە کۆڵەکەی پشت پێ بەستن. هەریەکێکیش لەم لێك نزیکانە، ڕێگایەکی خۆی بۆ خوێندنەوەی دەق هەیە[1].

لەبەرئەوەی لە دەقدا فۆرم سەرچاوەی کاری ڕەوانبێژییە، بۆیە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەبارەی فۆرم، بۆ ڕووچوون بەناو دەقدا چاکترین و گونجاوترین دەروازەیە. خوێنەریش ئەو کاتەی لە وێنەکان گەیشت، کە بە دیارخەری دەق دادەندرێن، دەتوانێت دەق بدۆزێتەوە و پەنهانەکانی ئاشکرا بکات. ڕەخنەگری فەرەنسایی (جیرار جینیت G. Genette)، دەڵێت: ((ڕاستی و واقیعیەتی ڕەوانبێژی لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کاتێك بتوانین، بەراورد لە نێوان وشەیەك یان ڕستەیەك بەوشە و ڕستەیەکی تر بکەین، ئەگەر شوێنەکەی خۆی یان شوێنێکی ترمان بەکار هێنا))[2] ، ئەوەش لە شرۆڤەکردنی بونیادگەریدا، لەسەر گرنگی و چالاکی و شارەزایی خوێنەر دەوەستێت.

(جان کۆهین)، مسۆگەری خواستن لە شیعردا بەئاستی ئالوگۆڕی دەبەستێتەوە، ئەمەش لەگەڵ دیاردەی باش و جوانکاریی (Beautifying) تری وەك سەروا و پاش و پێش خستن... بەجیاکەرەوە دادەندرێت، کە بەئاستی ئاسۆیی مسۆگەر دەبن. پێوەندی دانانی ئاسۆیی، کە لێك نزیکردنەوەی وشەکان ڕێك دەخات، دەبێتە دیاریکردنی دیاردە باشەکان و لە ناو پانتایی دەقدا دابەشیان دەکات. کەچی ئالوگۆڕ (الابدال)، ستوونی پێوەندییە پێکهاتەییەکان دەتەقێنتەوە. گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەکی کتوپڕ لە ناو بونیاتی پێکهاتەدا ڕوودەدەن خواستن دروست دەکات[3]. ئەمەش دیاردەی لادان دەگەیەنێت. هەروەك لە لای (جاکبسون) و (تۆدۆرۆف) بەرچاومان کەوت، کە لە پێوەندییەکانی زماندا بەکار و دوورکەوتنەوەییێکی ئاسایی دادەندرێت. (جۆن کۆهین) لە

---

(١) بڕوانە : تزفتیان تودوروف، نقد النقد، ص: ٢١. هەروەها سەبارەت بە تیۆری تۆدۆرۆف بۆ خوێندنەوەی دەق، بڕوانە: روبرت نشولز، البنیویة في الادب، ص: ١٦٣-١٦٤.

(٢) محمد الولي، الصورة الشعرية فى الخطاب البلاغى والنقدي، ص: ٢٣٩.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٣٩.

زمانی شیعردا دوو لادان دیاری دەکات، یەکەم زمانی (Linguistic) ئەوی تریش ژیربێژی (Logical)، کە مەبەستێتی لە پشت ئەم دوو لادانەدا، نموونەی ژیربێژیی وێنەی شیعری دابمەزرێنێت. چونکە بەبۆچوونی (کۆهین) فرە وێنەیی بەهۆی دژبوونی ئەم دوو ئاستە بەرهەم دێن. لە شیکردنەوەی وێنەی شیعریدا، دەڵێت: ((ئەگەر لادانی زمانی لە ئاستی خۆی تێپەڕاند، ئەوا وێنەی شیعری لەسەر بنەمای هاوسەنگی بونیات دەندرێت و بەرەمزیش دادەپۆشرێت))[1]. لێرەدا ئەوەی شایانی باسە، دیاردەی گونجاندن و ڕێکخستنی دەقی ئەدەبی و کەرەستەکانی پێکهاتنیەتی، کە بەمەبەستی گونجاندنی هەریەك لە قسەکەر/نووسەر، گوێگر/ خوێنەر لە ناو ڕاستیی پرۆسەی گەیاندندا ڕێك دەخرێن، ئەمە نیازی زۆر لە ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکانە و بەو واتایەی لە کرداری خودی زماندا، مەبەستێکی ئومێدبەخشە. ڕەخنەگری هۆڵەندایی (ڤان دیك Van Dijk)، هەوڵ دەدات لێك نزیککردنەوەیەکی ئاشکرا و ڕێك لە نێوان توێژینەوەی زمانی و دەقی ئەدەبی بێنێتە ئاراوە، وا پێشنیار دەکات، کە ((ڕێزمان، بەگونجاندنی بیردۆزی یاسای وێنە و واتا وەسف بکرێت))[2].

گرنگی پێکهاتەی زمانی، لە پێکهاتنی بونیاتی گوزارشتی دەقدا نییە، بەڵکو لە پێکهاتەی ناوەرۆکدایە، کە ئەمەش بنەمای تیۆر و قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی (جۆمسکی)یە، کە لەسەر ئەو ڕاستییە ئەنجام دراوە، یاساکانی ڕێزمان بۆ ڕێکخستن و دامەزراندنی بونیاتی پێکهاتە و دەلالیی ڕستە یان دەق کار دەکەن. هەر لەبارەی گونجاویی دەق، (ڤان دیك) بوونی کۆمەڵێك بنەما لە دەقدا بەمەرج دادەنێت. بۆ ئەوەی ڕێکی و گونجاندن لە نێوان پێکهێنان و دەلالەت ئەنجام بدرێت، لەو بنەمایانە: هاوبەندبوون (Correlation) - بەو پێودانگەی پێوەندی دەلالی دروست دەکات، ڕێکەوتن و گونجان (Harmony)، هاوڕێکی و ڕێزبەستنی پەیام ( Message Arrangement)، بابەتی پەیام (Message Ttheme)، بینای تێکڕایی[3].

---

(١) مصطفى الكيلاني، وجود النص الادبي - نص الوجود، ص: ٢١.

(٢) محمد الخطابي، لسانيات النص ـ مدخل الى انسجام الخطاب، ط: ١، مركز الثقافي العربي، بيروت، دار البيضاء، المغرب،١٩٩١، ص: ٢٩.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٣ - ٤٦.

له لایەکی تریشەوە ڕەخنەگران (بول) و (براون) سەبارەت بەڕێکەوتن و گونجاندنی دەق، چەند بنەمایەکی تر پێشنیار دەکەن، لەوانە: ڕێزبەستن (السیاق Context) و خاسیەتەکانی ڕێزبەستن، هەریەك لە قسەکەر/نووسەر و گوێگر/خوێنەر، کات و شوێن دەگرێتەوە. هەریەکەشیان چ لە کردار و پرۆسەی پێکهێنانی پەیام، چ لە کردار و پرۆسەی ڕاڤەکردن (Interpertation) و بنەمای تەئویلی (Interpertative) خۆجێی، ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت، یان بۆ ڕاڤەکردن ئەو مافە بەدەق بدرێت نەك تەنیا ئەو بابەتانەی ڕاڤە لە خۆ ناگرن، بەڵکو هاوشانەکانیشیان لە خۆی دوور بخاتەوە و ناچار نەکرێت بەکاریان بهێنێت، بەم جۆرە کرداری دەقبوون، پاشان مەبەست، گەیاندن، جێبەجێ دەبێت.

ڕێزبەستن، سروشتی دەق لە ناو دەقی (Textual) و دەقبووندا دەستنیشان دەکات، کەواتە: ((دەق یەکەیێکی دەلالییە، ڕستەکانیش ڕێگای بەئەنجام گەیاندنی دەق دەگەیەنن... بۆ ئەوەی هەر دەقێك دەقی بێت، پێویستە پشت بەهەندێ لە هۆیەکانی زمانەوانی ببەستێت، کە دەقی تەواو و دەقی دروست دەکات، بەمەرجێك ئەم هۆیانە لە یەکەکانی گشتگیری بەشدار بن))[1]. بەم شێوەیە (هالدی) لەبارەی چۆنێتی دەق، بۆچوونی خۆی ڕادەگەیەنێت و کاری لەسەر دەکات. ڕێزبەستنەکان بەتەنیا چالاکی دەلالی نابەخشن، بەڵکو لە بونیاتی پێکهاتندا بەشدارن. پێوەندی نێوان ئەم دوو چالاکییە، سروشتی ئەو سیستمە دیاری دەکات کە دەقی لەسەر بونیات نراوە، هەروەها (هالدی) ئەو کەرەستانە دیاری دەکات کە بەدەق و سیستمی دەق بەستراونەتەوە و بریتین لە: یەکەم: گواستنەوە، پێوەندییێکی دەلالییە و بوونی لە دەقدا پێویستە، هاوڕێکییەك لە نێوان خاسیەتی دەلالیی ڕەگەزی بگوازەر (المحیل Converter) و بۆگوازراو (المحال الیە Transferee)دا دروست دەکات. دووەم: کەرەستەی ئاڵوگۆڕکێ و لابردن، هیچ شتێك جێگای لابراو ناگرێتەوە تەنیا ئەگەر خوێنەر بتوانێت بەپاڵپشتی ڕستەکانی پێشووتر شوێنیان پڕ بکاتەوە. سێیەم: گەیاندن: بەمەبەستی ڕیزبەستنێکی فەرهەنگی، ئەو ڕێگایە دیاری دەکات کە دواتر و پێشتر بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەیەکەوە دەبەستێتەوە[2].

---

(١) محمد الخطابي، لسانيات النص، ص : ١٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل : ١٦ ـ ٢٥.

بەم جۆرە بینیمان بونیادگەری بەپاڵپشتی زمانناسی بۆ ناساندن و ناواخنکردنی دەقەکانی ئەدەبی، ئاراستەیەکی جێگیریی زانستی بۆ شرۆڤە و شیتەڵکاری دیاری کردووە. سەرەڕای ئەمەش هەر لەبارەی دەقەکان، خوێنەریش بەزانست و زانیاری هۆشیار و ئاگادار دەکاتەوە، هەموو ڕێکخستنەکان و پێوەندییە دیار و نهێنییەکان ئاشکرا دەکات. بەشداری لە دانانی ئەو بنەما و تیۆرانەیش دەکات، کە ڕۆڵیان لە ئاشکراکردنی دەقەکاندا دەبێت.

## (٢) دەقی ئەدەبی[*] لە شێوازگەریی بونیادگەریدا Structural Stylistic

زمان سەرەڕای ئەوەی کە دیاردەیێکی کۆمەڵایەتییە، یەکەم ئامراز و هۆکاری دەربڕینیشە. دەقەکانی ئەدەبی (شیعر)یش لەسەر بنەمای هەندێ لە ئامرازەکانی ئەم زمانە بونیات نراون. کەواتە دەق بونیاتە (Structure). بۆ ئەوەی پێوەندیی هەمەجۆر بەڕێگا و هۆکاری ڕوودانی گۆڕانکاری لە باری ئاساییدا دروست بێت، کە ئەدەب لە دەقدا بەدیاری دەخات، دەق دەبێتە سیستم و لە ئەدەبدا بەکار دێت. لەم کلاوڕۆژنەیەدا ئەدەبیات تایبەتمەندی بەدەقی ئەدەبی دەبەخشێت و وەك تەوەرێکی جیاکاریش بەکاری دەهێنێت، ڕەنگبێ ئەم ڕاستی و تێگەیشتنە لە دەقی ئەدەبیدا بەچالاکترین کاری شێوازگەری دابندرێت. هەر بۆیە زۆربەی ڕەخنەگر و توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، کە شێواز لە داڕشتنێکی پوختەی دەق پێکدێت. هەندێکی تریشیان لەگەڵ ئەم ناسنامەیەی شێوازدا نین، بەڵام پێناسەی تریان بۆ شێواز هەیە. بۆ نموونە (بالی)ی زمانناس لە دەقی ئەدەبیدا، بەدیارترین دامەزرێنەری شێواز دادەندرێت، پشت بەو بنەما بونیادگەرییانە دەبەستێت، کە لە لایەن (سۆسێر)ەوە دانرابوون، لەبارەی شێواز دەڵێت: ((شێواز وەك زمان بەکارهێنانێکی خودییە، لە کۆمەڵە بارگاویی بوونێك پێکدێت، وەکو لابووری کیمیا تێکەڵ بەیەکتریان دەکات و کار لە یەکتر دەکەن))[1]. ئەم دیاردەیەش لە بەردەم زماندا دەبێتە ئاستەنگ، چونکە بەکارهێنانی زمان بەمانای تواندنەوەی زمانە لە ناو چوارچێوەیەکدا کە توانستی گەیاندنی هەبێت، هەروەکو چۆن لە لابووری کیمیادا دوو

(*) زیاتر مەبەستمان دەقی شیعرە، بەڵام سەبارەت بەهەندێ پێناسە، چونکە دەقی ئەدەبی واتای فراوانتر دەگەیەنێت، بەکارهێنانیمان پێ پەسەندتر بوو.

(١) د. عبدالسلام المسدي، الاسلوبية والاسلوب، ص: ٨٩.

مادده تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن و ماددەیێکی تازە بەرهەم دەهێنن. ڕەنگبێ سیفەتی ماددەکانی بنەڕەتی ون ببن. لە دەقیشدا وشەکان و ئامرازەکان بۆ ئەم سیستم و دەستووره تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن. لێرەدا جەخت لەسەر چالاکی و توانستی دەق و تەرزە شێوازەکانی گوزارشت و دەربڕین دەکرێتەوە. ئەم دیاردەیە، دەشکرێ بۆ دەربڕینی مەسەلەکانی فیکریش بەکار بهێندرێت. لە لایەکی تریشەوە (لیوسپیتزر Leospitzar) شێوازگەری بۆ: ((مێژووی ئەدەب، بەپردی زمانناسی دادەنێت))[1].

زمانناسی بۆ زمان توێژینەوەی زانستییە. زمانیش دەقی ئەدەبی و شیعری دروست دەکات. کەواتە شێواز، دیاردەکانی - چ دەنگی، چ وشەسازی و ڕستەسازی بێت، زمانە و دەقەکان بونیات دەنێت.

لێرەدا دوو پرسیار دێتە ئاراوە، یەکەمیان: ئایا ئەو دیاردە زمانییانە کە خاسیەتی شێوازگەرین لە بەردەم دەقی ئەدەبیدا گرفت دروست دەکەن؟ دووەمیان: ئایا خاسیەتەکانی شێوازگەری بۆ بەدیارخستنی ئەدگاری ئەم جۆرە بونیاتە زمانییە، کەمتەرخەمی دەنوێنن؟. بێ گومان هەندێ بۆچوون ئەوە ڕادەگەیەنن، کە شێوازگەری بەهۆی پێوەندییەکان و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی دەربڕین، تێکڕای دەق دەگەیەنن، کەچی زۆربەی ڕەخنەگران و زمانناسان بۆچوونێکی تریان هەیە. (ڕیڤاتیر) ئاوڕ لە شێواز دەداتەوە، بەو تێڕوانینە، شێواز[*] سنووری تەرزی گوزارشت و دەربڕین دەبەزێنێت و پێی بەدیار دەکەوێت[2]، ئەوەش بەرەو چەمکی (ئەدەبیات) یان (شیعرایەتی)مان دەبات، کە (جاکبسون) لە بابەتی کار و پلەی زماندا باسی لێوە کردوون و سروشتی پێوەندی نێوان تەوەرەکانی ئاسۆیی و ستوونی پێ بەدیار خستوون، لە پرۆسەی کاری زمانیدا دەبنە سەرچاوەی (لادان) دروستکردن[3]. هەروەها لە چەمکی شیعرایەتیشدا، لادان بەهۆی پێوەندییەکانی زمانەوە دەتوانێت بونیاتی گوزارشتی ئاسایی بەلاوەنێت و

---

(١) د. عبدالسلام المسدي، الاسلوبية والاسلوب ، ل: ١٠٨، هەروەها بڕوانە: محمد عزام، الاسلوبيه منهجا نقديا، ل: ٤٢.

(*) هەیە شێواز بۆ کەسایەتیی نووسەر و جیهانە تایبەتییەکەی بەنرخ و دەروازە دادەنێت، هەشە شێواز بەهەڵوێستی ئایدیۆلۆجی و هزری دادەنێت، بەڵام ئێمە ئاماژەیان پێ ناکەین، چونکە مەبەستمان چەمکی بونیادگەرییە بۆ شێواز، ئاستی شیکردنەوەیەتی لە دەقی ئەدەبیدا.

(٢) بڕوانە: محمد عزام، الاسلوبية منهجا نقديا، ل: ١٢٨.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ١١٨ ـ ١٢١.

لــه شــوێنی ئــەو، بونیــاتێکی چــاوەڕوان نــەکراو و نائاســایی دادەمــەزرێنێت. شیعرایەتییەکەش بەناو ناخیدا ڕوو دەچێت. ئەم ڕاستییە لای (جاکبسون) و لایـەنگرانی شێواز دەگەیەنێت، بۆیە شێواز: ((کار و پلەیەکی ناوەندی ڕێکخـراوی دەقـە))[1]. ئـەم کار و پلەیەش کرداری پێکهێنانی خودی زمانی دیاری دەکـات، هـەروەها بـۆ ڕوودان و دروستکردنی ئەو پلە و کارە چاوەڕوان نەکراوە، نووسـەر بـەگوێرەی هەڵبـژاردنی خـۆی هەندێ لە ڕەگەزەکانی تەوەری ستوونیی زمان، بۆ تەوەری ئاسۆیی جێبـەجێ دەکـات. بۆیە (جاکبسون) بۆ جاری دووەم جـەخت دەکاتـەوە: ((ڕووداوە کتوپڕەکـان لـە مـاوەی چاوەڕوانکەری (المنتظر A waiting) ناچاوەڕوانکەری (اللامنـتظر Unawaiting) لـە دایك دەبن))[2].

نـاچاوەڕوانکەری خۆی کرداری (لادان)ە، (شـیـعرایـەتـی) بــەرهــەم دەهێنێـت و لــە دەقـــدا زۆرتریـــن و بــــەرچاوترین بــەهـــا و نـــرخی شـێواز دەگەیـەنێت. جــگــە لـەمـانە زۆر ڕەخنەگـری بونیادگەریش هەیـە، بـە نمـــوونە: (سـپیتزر)[3]، (جۆرج مونان)[4]، (برناد بلوك)[5]، (تۆدۆرۆف)[6]، (ریفاتیر)[7]، (جان کـوهین)[8]... بـۆ لێکۆڵینەوە لە سیفــەت و خاسیەتـەکانی شـێوازگەری، تا لەم جۆرە دەقانەی پێ پوختە بکرێت، لادان بە بنەما و پەیگان دادەنێن. هەرچەندە هەندێ لـەم ڕەخنەگرانـە لـەبارەی چەمکی شێوازگەری، بۆچوونی هەمەچەشنەیان هەیە، بـەڵام دیـاردەی لادان لـە دەقـی شیعری زۆرترین ئامادەیی و فرەترین گوزارشـت لـە خاسـیەتەکانی شـێوازگەریی دەقـی ئەدەبی دەکات.

---

(١) بڕوانە: محمد عزام، الاسلوبیة منهجا نقدیا، ل : ١١٩.

(٢) عبدالسلام المسدي، الاسلوبیة والاسلوب، ص: ٨٦.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ص : ١٠٢، هەروەها بڕوانە: د. جودت فخرالدین، شکل القصیدة العربیـة فـی النقـد العربـی حتـیَ القـرن الثـامن الهجري، ص: ١٠٢ ، اوسـتن واریـن و رینیـة ویلیـك ، نظریـة الادب، ص:١٨٩...هتد.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٦.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٩٧، هەروەهـــا بـــڕوانە: د. عبدالکریم راضي، نظـریة اللغة فی النقد العربي، مکتبة الخانجي بمصر، د. ط، ١٩٨٠، ص: ٤٢٨.

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٠٢.

(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٨٦، هەروەها بڕوانـــە: محمـــد عزام، الاسـلوبیە منهجا نقدیا، ص: ١٢٨-١٣٥.

(٨) د. منذر عیاشي، الخطاب الادبی ولسانیات النص، المعرفة السوریة،العدد: ٣٠٠ و٣٠١، ١٩٨٧ص: ٨.

ڕەنگبێ هەمەچەشنەیی لە چەمکی دیاردەی شێوازگەریی دەقی ئەدەبیدا، بەدەوری ناوەندی ڕستەیەك زیاتر وەك لە چەقی مەسەلەکانی (دەقبوون) بسووڕێتەوە و بەشێوەی لادان بەدیار بکەوێت. بۆ نموونە، لە شیعردا هەندێ دیاردەی کێشی شیعری هەیە، کە تایبەتمەندی بە ڕیتم و مۆسیقای دەق دەدەن، لادان لەم جۆرە کێشانە و دەرکەوتنی کێش و ڕیتمێکی دیکەی نوێ لەناکاو لە دەقی شیعردا، بەشێوازگەرییێکی تازە دادەندرێت. بەلاّم سەبارەت بەهەندێ لە ڕەخنەگرانی شێوازی ئەدەب کە دەڵێن: شێواز دیاردەییێکی دەقییە، یان دەق دیاردەییێکی شێوازگەرییە، وا ڕەچاو دەکەن سیمای (Countenance) شێوازگەری، لە دروستکردنە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەی دەق دەست پێ دەکات، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە دەرەتانە پێوەندیدارەکانی ئەم دروستکردنە بدەنەوە. بۆ نموونە، کاتێك نووسەر هەوڵ دەدات دەقێك دابڕێژێت، بۆ پێکهێنان و بونیاتنان، چەند ڕێگایەکی جیاواز دەگرێتە بەر، لە بەراییدا چەند وشەیەك هەڵدەبژێرێت و دەستنیشانیان دەکات، پاشان بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانی زمانی و هزریی دەق دابەشیان دەکات. ئەم تایبەتمەندییانە لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی شێواز دیاری دەکەن. لە بناغەشدا گۆڕانکاریی شێوازگەرییە کە هەڵدەبژێردرێن بەبێ ئەوەی لە کردار و پرۆسەی پێکهێناندا بگۆڕدرێن، دواتریش هەموو ئاستە جیاوازەکانی دەق لە خۆ دەگرن: ((لێرەدا گۆڕانکاری لە فۆرمدا بەرچاو دەکەوێت: ئەندازەی پێکهێنان و بونیاتی دەق، بەیت (دێڕ) دابەشکردن، هونەرەکانی جوانکاری، وشە و ڕستە درێژکردنەوە، نیشانەکانی خاڵبەندی...). گۆڕانکارییەکانی بواری وشەسازی: (بەشەکانی ئاخاوتن: ناو، کار، کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار...). گۆڕانکارییەکانی دەرەتانی فۆنەتیك: (دابەشکردنی یەکەی فۆنەتیك و دەنگییەکان، جۆرەکانی بڕگە، شێوەی کێشی عەرووزی، ڕەگەزدۆزی...)، پاشان گۆڕانکاریی ئاوێتەیی و دەلالی ڕوو دەدەن))[1]. بەم جۆرە پرۆسەی بونیاتی دەق دەبێتە کرداری دروستبوونی شێوازگەری، چونکە دەق خۆی دیاردەییێکی شێوازگەری ڕادەگەیەنێت.

پوختەی خستنە ڕوو ئەوەیە، شیکردنەوەی چەمکی شێواز دوو ئاراستە لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان، شێوازگەری بەدیاردەیەك لە ناو پێوەندییەکانی سیستمی زمانی

---

(١) بڕوانە: د. سعد مصلوح، الدراسة الاحصائية للاسلوب (بحث في الاجزاء الوظيفة)، مجلة عالم الفكر، العدد: ٣، ١٩٨٩، ص: ٩٩ ـ ١٤٠.

دادەنێت، کە پوختەیی بەدەق دەبەخشێت، بەتایبەتیش ئەو پێوەندییانەی کە تەوقی ئاوێتەیی سادە دەشکێنێ و لە لای خوێنەر بونیاتێکی قووڵی چاوەڕوان نەکراو دروست دەکەن، چالاکی دەق لە کرداری گوزارشتی و هێزی گەشەی پێ دەدات و بەزیندوویی دەوڵەمەندی دەکات. هەرچی ئاراستەکەی ترە: شیکردنەوەی جیاواز لە بونیاتی ناوەوەی دەق ئەنجام دەدات، ئەو بونیاتەش لە ناخدا گۆڕانکاریی شێوازگەرییە، کە بۆ پرۆسەی بونیاتی دەق، هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە خاسیەتی شێوازگەری، بەڕووچوون بەناو قووڵایی دابەشبوونی پانتایی دەقدا، ئاشکرابوون و ئامار و ناواخنکردنی بەدیار دەکەوێت، لە ڕێگای ئەم دابەشکردنەشدا، تەرزە جیاوازەکانی دەستنیشان دەکرێن. لێرەدا ڕێگا بە بەراوردکردنی بەرهەمەکان دەدرێت. نەك لەسەر ئاستی یەك دەقدا، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵە دەقێك بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی دەق و ئاستەکانی ئاوێتەبوون و پێکهاتنیان ئاشکرا بکرێن[1].

(٣) **دەق لە بونیادگەریی پێکهاتندا(البنیویة التکوینیة Constitutional Structural)**

لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەستنەوەی بونیاتی دەق بەبونیاتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، هەوڵێکی تازە نییە. چونکە ڕەگی ئەو هەوڵە، لە قووڵایی ڕۆشنبیریی ڕەخنەی کۆمەڵگای مرۆڤیدایە. بەتەواوەتیش لە سەدەی نۆزدەدا ئەم هەوڵە دڵکاری بەخۆوە بینیوە، چونکە ئەم سەدەیە، سەدەی ڕێنسانسی زانست و زانیارییەکانی مرۆڤایەتییە. ڕەخنەی ئەدەبیش ئاراستەی ئەم هۆشیاری و ئاگاییەی وەرگرت و بۆ مەبەستی هێنانە دی ڕایەڵەکانی پەرەپێدان چەند ڕێگایەکی زانستی گرتە بەر. زۆر لە هزرمەندان و ڕەخنەگرانی وەك: (مدام دی ستال، سانت بوف، إرنست رینان، هیبولیت تین، برونتسیبر....) ئەسپی خۆیان لەم مەیدانە تاو داوە. ئەم ئەزموونە پاش ئەوەی کە (مارکس و ئەنگلز) تیۆرەکەیان دانا بەناوی (فەلسەفەی مارکیسییەت)، زیاتر بەرەگدا چوو و زانستییەتی وەرگرت. ئەم تیۆرە لە چەمك و تێگەیشتنی مادديیەتەوە، بۆ مێژوو و کۆمەڵگا و دیاردە جۆربەجۆرەکانیان دەڕوانێت. ناوەرۆك و جەوهەری

---

(١) سەبارەت بە(شرۆڤەی شێواز) بڕوانە: د. سعد مصلوح، الدراسة الاحصائیة للاسلوب، ص: ٩٩، هەروەها، اوستن وارین و رینیه ویلیك ، نظریة الادب، ص: ١٨٩ و، محمد عزام، الاسلوبیة منهجا نقدیا، ل: ٧٧.

نیگـــای ئادەمیزاد لە ناو ئاوەژووی واقیعـی بابــەتی و پێکهاتــەی وێنــەی خودییــەتی ئەوەوە شاردراوەتەوە[١].

نیگایی و هۆشیاریی ئەدەبیش، یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی ئــەو ئاگاییــەی کــە مرۆڤ لە مــاوەی پێوەندییــە بابەتییــەکانی ژیــانی کۆمەڵایەتیــدا هەڵدەگێڕتــەوە. ئــەم بۆچوون و دەربڕینەش ڕەنگبێ دەلالەت لە گونجاوترین گوزارشتی بونیادگەریی پێکهاتنندا بکات، بەو ســیفەتەی کــە هــەوڵ دەدات، جــەخت لەســەر پێوەنــدی بونیــاتی ئــەدەب، بەبونیاتی کۆمەڵگا و مێژوو بکاتەوە و ئەم پێوەندییە جێگیر بکات. لە نێــوان ئــەم دوو بونیاتەدا (بونیادگەری و پێکهاتن)، تێکەڵاوبوون و کــارلێکردنی دڵنیــایی و چــارەنەبوو ڕوو دەدات. لە نێوانیشیاندا مــشتومڕێکی ڕاســتی هەیــە و کارلێکردنەکــەش لــە نــاخ دەگرێت و لە ناویدا، جیهانبینیی زانستی بۆ دنیا نەشونما دەکات. دەق بەرهــەمهێنراوی ئەدیبە، ئەدیبیش، لە چەقی کۆمەڵایەتی جــێگیرە، بۆیــە لێــرەدا ئــەدیب: ((پابەنــدە و دەکەوێتە بەر بزووتنەوەی ئاریشەیی، کە لــە منداڵــدانی نــاخی لــە دایــك دەبێــت. لــە تێڕوانینی جیهانبینی خــۆیی و هەڵوێــستی بــۆ دامەزرانــدنی ئــەم جیهانبینییــە، بــوار بەئەدیب دەدرێت، بۆ ئەوەی دەق زیاتر بەژیانەوە بلکێت، سیفەتەکانی ئەم بزووتنەوەیــە بــۆ نــاو دەق بگوازێتــەوە، هــەروەها بــۆ ئێمــەش لــەبارە زانیــاری زیــاتر ســەبارەت بەسیفەتەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، کە لە دەقدا ڕەنگی داوەتەوە بەدەست بهێنین و بزانین))[٢] هزرمەندی ڕۆمانی: (لوسیان گولــدمان) ئــەم بۆچــوونەی پەســەند کــرد و لــە لێکۆڵینەوە پراکتیکییەکاندا گرنگی پێ دا.

گرنگ پێدانی (گولدمان) تەنیا لە ڕوانگەی بەستنەوەی بونیاتی ئەدەبی و مێــژوو و کۆمەڵگادا نییە، بەڵکـــــو لــەو سەرچــاوەوە هــاتووە کــە بــوونی ئــەم پێوەندییــە لــە چوارچێوەی چــەمك و تێگەیــشتنەکانی زمانناســیی بونیادگەریدایــە، کــە (سۆســێر) و لایەنگرەکانی دایان هێنابوو، ئــەویش پــەرەی پێــدا و دەوڵەمەنــدی کــرد. بــەڵام چــۆن

---

(١) بڕوانە: المعجم الفلسفي المختصر، ترجمة: توفيق سلوم، دار التقدم، موسكو، ١٩٨٦، ص: ٤١١.

(٢) يوسف حامـد جابر، قـضايا الابـداع فـی قـصيدة النثـر، دار الحصاد للنـشر، ط: ١، دمـشق، سـوريا، ١٩٩١، ص: ٧.

توانیویەتی تێکەڵاوییەك لە نێوان بونیادگەری و مێژوودا بکات؟ کاتێك لەبەر ڕۆشنایی زمانناسیدا، بنچینە و بناغەی بونیات سیستمێکی داخراوە، کەچی مێژوو بزووتنەوە و گۆڕان و پێشکەوتنە. بێ گومان تیۆری مارکیسییەت لەسەر ئەو بنەما و بنچینەیە دامەزراوە، تا هەوڵ بدات دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵگا و بیر ڕاڤە بکات و تێگەیشتنیان لێوە بەدەست بهێنێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش پشت بەچەمکی بونیادگەری دەبەستێت. وەك تێبینیش دەکرێت سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی چەمکەکانی بونیادگەری، وەك چەمکەکانی: بونیات، سیستم، گۆڕانکاریی پێوەندی نێوان ڕەگەزەکانی ئەو سیستمە و بەیەکتر گرێدانیان، یان ئەو پێوەندی و گۆڕانکارییەی بونیات بەبونیات و سیستم بەسیستمێکی دیکەوە دەبەستێتەوە، لە پانتایی تیۆری مارکیسییەتەوە دەست پێ دەکات. لەم ناوەندەدا چەمکی بونیات: ((لە ئەنجامی کار و چالاکی پراکتیکردنی خەڵك پێك دێت و پێش دەکەوێت))[1]. بۆ زانیاری لەبارەی بونیات: ((پێویستە ڕێنمایی و ڕێبەری پێکهاتن و پێشکەوتن بکرێت))[2].

بەم چەشنە تێگەیشتن و چەمکی بونیادگەری لە ناوەند و چەقی ئەو بزووتنەوەیە دایە، کە بە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتن بەرهەم دێت، بە بەردەوامیش پەرەی پێ دەدات و دەوڵەمەندی دەکات. ئەوە واقیعی ئەو ڕاستییە بوو کە (گولدمان) بۆ چەمکی بونیادگەریی پێکهاتن خستبوویە ڕوو و ئەنجامی دابوو.

هەروەها لە تێڕوانینی وتوێژخوازی ماددییەوە، دەبینین ئەدەب و فەلسەفە لە زۆر ئاسۆی جیاوازەوە بۆ جیهانبینیی جیهان دەڕوانن، ئەو جیهانبینییەش لە واقیعی تاکی کۆمەڵدا نییە، بەڵکو واقیعێکی کۆمەڵایەتییە و بۆ کۆمەڵێك یان توێژێك دەگەڕێتەوە[3].

بەم جۆرە پێوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو لە قووڵایی جیهانبینیی ئەدیبەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش نوێنەری جیهانبینی کۆمەڵێکە، کە لە لایەنی مێژوو و

---

(١) اضولفو باسكيز، البنيوية والتاريخ، ص: ٣٢.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٠.

(٣) لوسيان غولدمان وآخرون، البنيوية التكوينية، ترجمة: محمد سبيلا، ط: ٢، نشر مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، لبنان، ١٩٨٦، ص: ٤٨.

کۆمەڵایەتییەوە پێوەی بەستراوەتەوە. ئەدیب لە ڕێگا و جۆری ڕەگەزەکانی ئەدەبەوە دەتوانێت گوزارشت لە جیهانبینی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی بکات، زیاتر لە خواست و ئاواتەکانی خۆی، کە دەیەوێت هەستێکی ئەدەبی یان کۆمەڵایەتی بەڕاستگۆیی دەرببڕێت.

(گولدمان) بۆ دڵنیابوون لەو مەسەلانە، ڕووەو ئەو ئاراستەیە قووڵ دەبێتەوە، کە پێوەندی نێوان بونیاتی ئەدەبی و بونیاتی کۆمەڵایەتی هاوسەنگ دەکات، ئەمەش بە بەدواداچوونی هاوسەنگی پێوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەب و ئەو یەکە پێکهاتانەی کە هەردووکیانی لەسەر دروست بوون جێبەجێ دەبێت. لێرەدا گرنگی بینای هونەری لە کار و بەرهەمی ئەدەبی بەدیار دەکەوێت، بەو مەبەستە وەك ڕایەڵێکی تێکچڕژاو هەموو ڕەگەز و یەکەکانی ناخ لە خۆ دەگرێت و دەبێتە سەرچاوەی کار و پلەی جیاوازبەخشین. نموونەی ئەم جۆرە کار و گفتوگۆیە لە بونیادگەریی پێکهاتندا، بەتەنیا لەسەر ئەو پێوەندییەی کە ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبی لەسەر بونیات نراوە ناوەستێت، بەڵکو دەکەوێتە ناو پانتاییێکی فراوانتر، ئەویش بونیاتی کۆمەڵایەتییە، کە نوێنەر و هەڵقوڵاوی دەستە و کۆمەڵێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتین. هەردوو بونیاتەکەی (ئەدەبی و کۆمەڵایەتی)، بونیاتێکی گەورە و بەرفراوانی (دەلالەت) دروست دەکەن.

بونیاتی دەلالەت، بەدامەزرێنەر و داهێنەری دەقی ئەدەبی دادەنرێت، ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەش تەنیا بۆ پێوەندی و هاوبەندێتیی یەکە بونیاتەکانی ناوەوەی بونیاتی دەلالەت نییە، بەڵکو ئەم بونیاتە بەگرووپێکی کۆمەڵایەتی دەستنیشانکراو پەیوەست دەکات، تا بەجیهانبینییێکی دیاریکراوی جیهان بگات. ئەم جیهانبینییەش بەپێچەوانەی مەیلی یەکەکانی ئەم گرووپە دەبێت[1]. لێرەوە تێکستی ئەدەبی، مانا و بونیاتە دەلالییەکەی درێژکراوەی ئەو جیهانبینییە جیهانییەیە کە گوزارشتی بۆ دەکات[2].

---

(١) لوسيان غولدمان وآخرون، البنيوية التكوينية، ص: ٧٥.

(٢) د. جمال شحيد، في البنيوية التركيبية (دراسة فى منهج لوسيان غولدمان)، ط: ١، دار ابن رشد للطباعة والنشر، ١٩٨٢، ص: ٨٢.

بنەمای بونیاتی دەلالەت، لە کارلێکردنی سێ لایەن: ((دەق، کارای دەق، مێژووی کۆمەڵایەتی))[1] پێکدێت. ئەم دەرەتانە بەبۆچوونی (گولدمان) نابێت لە هیچ دەقێکدا فەرامۆش بکرێت. لە حاڵەتی بەراوردکرن و هەڵسەنگاندنی بونیاتگەریی پێکهاتەیی لەگەڵ بونیاتگەریی نا پێکهاتەیی، هاودژییەك لە هەڵوێستیان بەدی دەکرێت، نا پێکهاتەیی کاری ئەدەبی بەمەبەستی ڕەخنە وەردەگرێت. ئەم هەنگاوە کە کارەکەی پێدا تێدەپەڕێت، لە شیکردنەوەدا هەنگاوێکی گرنگتری بەدوادا دێت، ئەویش: ((دۆزینەوەی ڕێگایەکە، هاوشانی ئەو ڕێگایە بێت کە هەستی تاکی داهێنەر لە کاری ئەدەبی و هونەری پێیدا تێدەپەڕێت، واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتی پێیدا تێ بپەڕێت))[2].

لە لایەکی دیکەوە، توێژەرێکی گەورەی ڕووسیایی بەناوی: (یوری لوتمان J. Lotman) بەدیار دەکەوێت و گرنگییێکی زۆر بەبونیادگەریی پێکهاتن دەدات. لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بەچەمك و مەسەلەکانی شیکردنەوەی دەق و دانانی تیۆرێك بۆ ڕێبازی ڕەخنەیی خۆی دەوڵەمەندی دەکات. تێکڕا و سەرجەم توێژینەوەکانیشی بۆ دانانی بنەمای تیۆری گشتی و بنەماکانی شیکردنەوەی ئاستەکانی تیۆرەکە بوو.

تێگەیشتن و بۆچوونی (لوتمان) لەبارەی بونیات و سیستمی دەق، لەسەر بنچینەی نەگۆڕی و گۆشەگیری نییە، دەق لە لای ئەو بەهۆی هاوبەندێتی یەکە و ڕەگەزەکانی ناوەوەی، پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و تێك ترنجاوە. ئەم واقیعەش تەنیا ناوەستێتە سەر پێکهاتووەکانی ناوەوەی دەق، بەڵکو بەچالاکی، پێوەندی قووڵ لەگەڵ واقیعی دەرەوەش دروست دەکات. بۆیە دەق بەهیچ جۆرێك بەرانبەر بەدەوروبەری خۆی، یان ئەو بابەت و هۆکارانەی کە لە پێکهاتنیدا بەشدارن گۆشەگیر و دابڕاو نابێت.

قووڵبوونەوەی (لوتمان) بەناو پانتایی دەقدا، سەبارەت بەسیفەت و چۆنێتی پێوەندییەکانی ناوەوە و بەستنەوەی بەڤاڵا و ژینگەی دەرەوە و ئاشکراکردنیان، بووە بنەمای سەرهەڵدانی (ڕەمزناسی). لە ناو چەقی تیۆرییە ڕەخنەییەکەیدا لە ڕوانگەی پێوەندییە ناخییەکانی دەقەوە، توێژینەوەی سەبارەت بەخاسیەتە بنچینەییەکانی هەریەك لە ڕەمزەکان ئەنجام داوە. دەستووری ئەم زانستە، لێکۆڵینەوەیە لەبارەی گۆشە و

---

(١) د. جمال شحيد، في البنيوية التركيبية ، ص: ٩١ - ٩٢.

(٢) لوسيان غولدمان، وآخرون، البنيوية التكوينية والنقد الادبي، ص: ٢١.

کۆڵەکەکانی ڕەمز، کە (دال Signifiant) و (مەدلوول Signifie)ن. ناوەڕۆکەکانیشیان، ئاست و تەوەرە تایبەتییەکانی پێوەندییە ئاوێتەیی و پێکهاتەییەکان لە خۆ دەگرێت. بۆ سروشتی ئەم پێوەندییانەش، پێویستی بەبوونی سیستمێك دەبێت. بەگوێرەی سروشتی سیستمەکەش، چەمکی بونیات بەدیار دەکەوێتو دەستنیشان دەکرێت.

(یۆری لوتمان) ئەو چەمك و زانیارییانەی لەخۆڕا و بەئاستێکی ڕووتەختی دانەناوە، بەڵکو بۆ دیاریکردنی سنووری ئەم چەمکانە، بەناواخنی شرۆڤە و شیتەڵکاریی بونیادگەریدا ڕووچووە، پاشان ناخی چەمکەکانی خۆی ناواخن کردوون، واتا لەسەر بنەمای دەستکەوتی چەمکەکانی ڕاڤەی بونیادگەری لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانیدا، چەمکەکانی خۆی داڕشتووە. بەم جۆرە بەرنامەیێکی ڕەخنەیی بەئەزموونی داناوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام داوە. بۆ نموونە: جگە لە کار و کرداری ڕێکخستنی زمان، زمانی بەسیستمێکی دەنگی و زمانی، پاشان پێکهاتەیی (ئاوێتەیی) و دەلالی داناوە. سەرەڕای ئەمانەش بۆ بەدواداچوونی دیاردەی: (لادان) لە تێکستی شیعردا، جەختی لەسەر هەردوو تەوەری ئاسۆیی و ستوونی زمان کردۆتەوە. هەروەها ئەم دیاردەیەش بۆ توانستی دەربڕین و گوزارشت دەگەڕێنێتەوە، کە لە لای خوێنەر حاڵەتێکی سەرسوڕمان و تاسان دروست دەکات. هۆکاری بنەمای توانستەکەش، لە لایەك بۆ سروشتی بینا و پێکهێنان دەگەڕێتەوە و لە لایەکی دیکەوە دەکەوێتە سەر ئەو زیادە پێشینییە گونجاوەی کە هەڵگری بارگەی توانستەکەیە. ئەمەش لە قەسیدەدا ناوەڕۆکی بابەتی (شیعرایەتی) دەگەیەنێت و لە خۆ دەگرێت.

لە ناوەڕۆکی چەمکی کارلێکردنی یەکە و ڕەگەزەکانی دەقدا، کە ئاسۆی ڕەخنە هەڵیاندەتەکێنێت ، چەند ئاستێك بۆ شیکردنەوەی بونیادگەریی دەقی شیعر دیاری دەکات، لەوانە: ئاستی خودی (سروشتی ـ انطباعي ـ Typographic)، ئاستی فۆنەتیکی، ئاستی دەلالیی لێکسیکی فەرهەنگی (المعجمی)، ئاستی بەیتی شیعری (Verse)، ئاستەکانی: ستوونی و ئاسۆیی. دەقی شیعر بەرهەمی ئەو ئاستانە و زیاتریشە، سەرەڕای ئەمانەش بەرهەمی بەرجەستەی سیستمێکی پڕ لە ناوەڕۆك و ڕایەڵترە، ئەویش چڕی ڕۆشنبیرییێکی گشتییە.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە: لە لای (لوتمان) ئاستی دەلالی لە ناواخنکردنی تێکستدا لە ئاستەکانی دیکە جیا ناکرێتەوە، بەڵکو لە گشت ڕەگەزەکان و

تەوەرەکان و پێوەندییەکان و کارلێکردنەکانی ئاستەکانی دیکەدا، ئامادەیی دەبێت و لێیان دوور ناکەوێتەوە. ئەوەی لە مەسەلەکانی دەلالەتیش جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەوەیە، کە بگونجێت بەسەر چەند گرووپێکی جووتەکی و دووانەکی (الثنائیات Doubles) دابەش بکرێت و بەپێی بابەتەکانی هاودژ و هاوواتا (هاویەك) دەستنیشان بکرێت. لە دواییدا، گەڕان و لێکۆڵینەوە بۆ ئەو وورووژاندنە دەلالییە ئەنجام بدرێت، کە لە ئەنجامی کرداری ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دووانەییەکاندا دروست دەبێت، یان ئەو وورووژاندنە دەلالییەی کە لە بوونی دەسەلاتی هەریەك لە دووانەکە بەرانبەر ئەوی تر بەرهەم دێت. تا لە تێکڕای پێکهێنانە پێکهاتەییە هەمەجۆرەکانی دەقدا، بوار بەڕاهێنانی کردار و پرۆسەی هەڵبژاردنی دەلالەت بدرێت[١].

**(٤) دەقی ئەدەبی لە بابەتییەتی بونیادگەریدا** (الموضوعیة البنیویة Structural Objectivity)

بەرنامە و ڕێبازی بابەتییەتی بونیادگەری، بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەدەقی ئەدەبی، لەسەر بنەما و بناغەی بەرنامەکانی دوو ڕێبازی تێکەڵ بەیەکتر دامەزراوە. ڕێبازەکانیش بریتین لە: ڕێبازی بابەتی (الموضوعي Objective) و ڕێبازی بونیادگەری (البنیوي Structural).

ئەگەر لە توێژینەوەکانی پێشوودا، هەوڵمان دابێت تیشك بخەینە سەر بونیادگەری و کار و بەشەکان و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقی ئەدەبی (شیعری)دا، لێرەدا هەوڵ دەدەین سروشتی ڕێبازی بابەتی بناسێنین و هەڵوێستی بەرانبەر بەدەق بخەینە ڕوو. سەرەڕای ئەمەش هەوڵیش دەدەین لە ئەنجامی بەراوردکردن و لە یەکتر نزیککردنەوەی هەردوو ڕێبازەکان: (بابەتی و بونیادگەری)، ئەو هەڵوێستە دیاری بکەین.

لە ڕاستیدا ڕێبازی بابەتی (بابەتییەتی) بۆ خوێندنەوە و ناواخنکردنی دەق، پشت بە

---

(١) ئەوەی پێوەندی بەتێگەیشتن و چەمکی لوتمانەوە هەیە لەبارەی تێکستی شیعر و ئاستەکانی شیکردنەوەی دەق، تەنیا پشتمان بەستووە بە:

أ) بارتون جونسون، دراسة یوری لوتمان، البنیویة للشعر، ترجمة: سید البحراوي، مجلة الفکر العربي، العدد: الخامس والعشرون، ١٩٨٢، ص: ١٤١ -١٦٠.

ب) د. صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، ص: ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٧٠.

(بابەت Theme) دەبەستێت. بابەتیش بەو چەمك و ناوەرۆکە سەرەکییە دادەندرێت کە ڕێبازی بابەتی وەك خاڵی دەستپێك و بەرایی بۆ کار و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و خاڵی وەرچەرخان، پشتی پێ دەبەستێت. بنەمای ئەم چەمکە ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ چەمکێکی تر بەشداری کاری ڕەخنەیی ناکەن و لە ئاشکراکردنی پەنهانەکانی دەقی ئەدەبیدا هاریکار نابن.

(جۆرج بولیەت G. Poulet) و (جان ڕۆسیەت J. Rousset) و (جان ستاروبنسکی J. Storobinsky) و (جان پییر ریشارد (J. P. Richard)[1] بەناوبانگترین و دیارترین لێکۆڵەری ڕێبازی بابەتیی بونیادگەرین و لە مەیدانی ئەزموونی ڕەخنەی تازەدا باشترین بەرهەم و لێکۆڵینەوەیان پێشکەش کردووە.

ئەزموونی ڕەخنەی بابەتی، درێژەپێدەری ڕوخساری هەندێ تیۆری فەیلەسووفە گەورە و بەناوبانگەکانە. بۆ نموونە، (گاستون باشلار G.Bashelard) پێی وایە: وێنەی شیعری بەرەگەز و پێکهاتە بونیاتەکەیدا، شاعیر بەسەرچاوەی داهێنان دادەنێت[2]. هەروەها (جان بول سارتەر J.P.Sartar)ی فەیلەسووف، بەستنەوەی جیهانبینی (Visoon) و شێواز (Style) لە خوێندنەوەی کاری داهێنانیدا، بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی کەسێتی دەگەڕێنێتەوە[3].

(ئەدمۆن هوسرل Ed.Husserl) بۆچوونی وایە، ئاگایی (وعـي Consciousness)، لە دەرەوەی خود بۆ شت خودە، لە قەسیدەدا هەر شتێك بەمەبەستی (مەبەست) بەکار هات، دەبێتە بابەتێکی ئاگایی.

ئەم ئەزموونە پێوەندی بەئەزموونەکانی دیکەی ڕەخنەوە هەیە. ڕەخنەی بابەتی هەوڵ دەدات پێوەندییەکان بەشیکردنەوەی دەروونی ببەستێتەوە و لە ناخیدا جێگیریان بکات، بەتایبەتیش ئەوەی پێوەندی بەواتای ئاشکرا و واتای ناخیدا هەیە. جگە لەمەش، بابەتی ویست و جیاکردنەوە و جیاکاری نێوان کرداری یەکەم و کرداری

(١) بڕوانە: د. عبدالكريم حسن، المنهج الموضوعي (نظرية وتطبيق)، ط: ١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان ، ١٩٩١، ص:١٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٩.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٥.

دواناوەنـــدی و پانتـــایی کارکردنیـــان دیـــاری دەکـــات[١] ، پێوەندیـــشی بەڕەخنـــەی بونیادگەرییەوە، پێوەندییێکی دڵنیایی و کاریگەرە، تەنانەت دەبینین ڕەخنەی بابەتی بـۆ ئاشکراکردن و دیاریکردنی نهێنییە بابەتییەکان و مامەڵەکردنی لەگەڵیاندا، پـشت بـەو چەمکانە دەبەستێت کە پانتاییێکی فراوان لە ڕەخنەی بونیادگەری لـە خـۆ دەگـرن. لـەم چەشنە چەمکانەش، چەمکی: (بونیـات – Strucure، فـۆرم – Form، پێوەنـدیی – Relation، ئاڵوگۆڕەکـــان – Transformations، دال – Signfiant، مـــەدلوول – Signifie، دایکرۆنی: التزامن – Diachronie، سـانکرۆنی: التـزمن - Synchroni) دەگرێتەوە. لە ناوەرۆك و چەقەکانیاندا لەو پێوەندییانە پێك دێن، کە لە دەقی ئەدەبی و قەسیدەدا تایبەتن بەئاستەکانی پێکهـێنان و بیناکردن، کاریگەریشیان ئامادەیی هەیە.

وێڕای ئەوەش، ڕێبازی بابەتی، پێوەندی بە بەڵگەنامە (دیکۆمێنت)ی ڕۆمانسییەت و بەشەکانییەوە هەیە، وەك: ((مەسەلەکانی خەون و خەیاڵ و قووڵبوونەوەی بـێ سـنوور و نقووم بوون لە ناو بابەتدا تا ئاستی خود بەبابەت و بابەت بـەخود بـوون))[٢]. کەواتـە: ئەو بابەتـە چـییە کـە تـەوەرەکانی ئـەزموونی ڕەخنـەی بابەتییـەت لـە خولگەکانیـدا دەسووڕێنەوە؟. لە ڕاستیدا یەك پێناسە و ناسنامەی دیاریکراو بۆ بابەت نییـە، بـەڵکو بابەت کۆمەڵێك پێناسە لە خۆ دەگرێت، هەنـدێك لـەو پێناسـانە بـەوردی و بەهەسـتی ئامـاژە بـۆ بابـەت دەکـەن. بابـەت: لـە ڕێبـازی بابەتیـدا، چـەمکێکی ناوەندییـە و چەمکەکانی دیکە لە خولگەکانیدا دەسووڕێنەوە.

(رتـشـاردز)، بـەم جۆرانـە بابـەت پێناسـە دەکـات: ((بنـەمای ڕێکخـستنێکی هەستپێکراو و بەرچاوە، یان دینامیکییەتێکی ناخییە، یان شتێکی نەگۆڕە و بـەفۆرم و ناوەرۆکەوە جیهان لە خۆ دەگرێـت)) ،((یەکەیەکـە لـە یەکـەکانی واتـا، لـە لای هـەر نووسـەرێکدا، یەکـەیێکی هەسـتپـێکـراو یـان پێوەنـدیـدار، یـان زەمـەنییە، تایبەتمەندییەکانی خۆی ڕادەگەیەنێت. هەروەها لە ڕوانگەی خۆیەوە بەچەشنێکی سـادەو

(١) بڕوانە: د. عبدالكريم حسن، المنهج الموضوعي (نظرية وتطبيق)، ل: ١٤٨.

(٢) بڕوانە: د. عبدالحميد جيدة، في قضايا النقد الادبي الحديث/ دار الشمال للطباعة والنـشر والتوزيـع، ط١٠، طرابلس، لبنان، ١٩٨٨، ص:١١٣.

ساکار، فراوانی ڕایەڵ و ژیری و ئاخاوتن... ی سروشت و جیهانی تایبەتی ئەم نووسەرە ڕادەگەیەنێت))[1] ،((ڕەگێکی زمانییە و پاش ڕێکخستن و خاڵبەندی واتا دەبەخشێت))[2] ، ((بابەت لە ئاسۆی پێوەندی بەبابەتەکانی دیکەوە دەستنیشان دەکرێت، لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و پابەندبوونی بەبابەتی ترەوە، مانا بەدەست دەهێنێت))[3] ،((قسە و ئاخاوتنێکە لە شێوەی (زنجیرە نموونە و بابەتێکی زمانی)، بەدیار دەکەوێت و ناوەڕۆکەکەشی پڕیەتی لە وێنەی هەمەجۆر، لەگەڵ یەکتردا کۆمەڵە ئاخاوتنێك پێکدەهێنن))[4].

گرنگ بوونی بابەت، داینەمۆ ئاسا زۆر پێناسە و چەمك بەرهەم دەهێنێت. هەروەها دیاردەی زۆر چەمکی بۆ بابەت، لەوە دڵنیامان دەکاتەوە، داهێنان و دیاریکردنی کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی کار و بەرهەمی ئەدەبی، پێویستی بەماندووبوون و شارەزایی و وردبوونەوەی قووڵ هەیە، تا لە ڕێگای ئەو پێوەندییانەوە چۆنێتی کاریگەری و ئاستی داهێنانی ئاشکرا بکرێت. بابەت هەرگیز گوزارشت و دەربڕین لە خۆی ناکات، بەڵکو بۆ جموجۆڵی خۆی لە ڕووی کاری ئەدەبی و دەرکەوتنی لە پشت پەردە شاراوەکاندا کار دەکات، چونکە پەنهانەکان چاوەڕێی ئاشکرا بوونن.

بابەت، بۆ هێمنی و سانایی لە دیاریکردندا ئامادەیی نابێت، بەڵکو بۆ بزووتنەوەی دەق لە جوولەدایە، لە بنەچەدا تیژڕۆیە، شەپۆل ئامێزە، بۆ پێشەوە تەکان دەدات، بەگرنگترین و دیارترین ڕەگەز و توخم پابەند دەبێت، هاوبەندی لەگەڵ هەموو ئەو شتانە پێك دەهێنێت کە هەریەکەیان کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی دەق دروست دەکەن.

بابەت، نە فۆرمە و نە دەلالیشە، بەڵکو بزووتنەوەی فۆرم و دەلالەت وەرگرتنە. سەدایەکی نەپساوەی دەقە، سەرچاوەیێکی تیشك و ڕووناکیی بەخشە، پڕ لە چڕی

---

(١) بڕوانە: د. عبدالکریم حسن، المنهج الموضوعي (نظریة وتطبیق)، ل:٣٩.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٠.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٣.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٧.

چالاکییە. هەر سەرهەڵدانێك لە سەرهەڵدانەکانی بابەت، سەرهەڵدانی دیکەی بەدوادا دێت[1] . کاری ڕەخنەیی کە سوود لە بابەت وەردەگرێت، تەنیا بەوەوە مەیسەر نابێت، ڕەخنەگر هەستێك و بەرنامەیێکی ڕەخنەیی هەبێت، بەڵکو لەسەر ڕەخنەگر پێویستە، گڕ و تین و ئارەزووی نقوومبوونی ناو دەریای دەقی هەبێت، کە ڕەنگدانەوەی جیهان و قووڵیی دەروونی داهێنەرە، لەم ناوەندە پێویستەدا ڕەخنەگر تێکەڵ بەواقیعی ناخی داهێنەر دەبێت و ئاشکرا و ناواخنی دەکات. لە ڕوانگەی ئەم تێکەڵاوبوونەدا، دەق دەبووژێتەوە و هەموو گۆشەکانی ڕووناك دەبێتەوە. لە ئەنجامی کارلێکردنی ئاگایی ڕەخنەگر و هۆشیاریی داهێنەردا، دەق لە نوێژەنەوە بونیات دەندرێتەوە.(جۆرج بولیەت) پێی وایە، مەرامی ڕەخنە گەیشتنە بە کار و ڕاستییە ڕاستییەکانی بەرهەمی نووسەر یان داهێنەر، ئەو کایە مەعریفیانەی بەرهەمەکەی لەسەر بونیات نراوە نیشان بدرێن. ئەم پرۆسەیە ئەو کاتە جێبەجێ دەبێت، کە هزری ڕەخنەگر لە ڕێگای دەرزەکانی دەقەوە شوێنی هەست و بیر و خەیاڵکردنی داهێنەر بگرێتەوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە پێبگات خود (الذات Self)ە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لەو چالاکییە ڕۆحییە حاڵی نابین تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە خۆمان لە شوێنی ئەو دابنێین، تا لە نوێوە دەوری خودمان بۆ بگێڕێت[2] .

بەم جۆرە لە ناوەرۆکی کاری ڕەخنەییدا، دوو هۆشیاری تێکەڵ بەیەکتر دەبن و کار لە یەکتر دەکەن: هۆشیاریی ڕەخنەیی، کە خوێنەر نوێنەرایەتی دەکات، هۆشیاریی داهێنانی، کە نووسەر نوێنەرایەتی دەکات. تێکەڵ بوونەکەش بەجۆرێکی ئەوەندە

---

(١) بڕوانە: د. عبدالكريم حسن، المنهج الموضوعي (نظرية وتطبيق)، ل: ٦٧.

(٢) بڕوانە:

أ) د. عبدالكريم حسن، محايثة أم محالة - بحث في تأويل المصطلح ، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد: ٥٤ - ٥٥، ١٩٨٨، ص: ٩١.

ب) د. عبدالكريم حسن، المنهج الموضوعي (نظرية وتطبيق)، ص: ١٦٥.

پ) جان ماری أوزياس وآخرون، البنيوية، ص: ٣٦٠.

ت) كريستوفر نورس، التفكيكية (النظرية والتطبيق)، ص: ١٠٠.

ئۆرگانیکی دەبێت کە لە یەکتر جوداکردنەوەیان زۆر ئاستەنگە. هەر ئـەم قاڵبوونـەوەش (جان ستاروبنسکی)ی هان دەدات [دروشمی (چاوی زینـدوو)] [1] بـۆ کـاری ڕەخنـەیی بابەتی دابنێت.

چاوی زیندوو ئەو چاوەیە لە کاری داهێناندا هیچ شتێك لە بینینیدا ون نابێت، بەڵام چۆن بۆ کاری ڕەخنەیی بابەتی بەکار دێت؟ هەمەچەشـنەیی لـە پێناسـەکردنی بابەتـدا، هەروەك پێشتر پەنجەمان بۆ ڕاکێشاوە، لە کرداری ڕەخنەیی بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردن و دیاریکردنی ئەو بابەتە ئاوەژوو دەبێتەوە.

لێرەوە هەست بەوە دەکەین، کە ڕەخنەی بابـەتی لـە بەرهـەمی ئەدەبیـدا، پـشت بەهۆشـیاریی دینـامیکی پێکهێنـان و دروسـتکردن دەبەسـتێت، بەتایبـەتیش گرنگـی بەدینامیکییەتی نووسینەوە دەدات: ((بەوردیش ئاوڕ لەو چرکە سـاتانە دەداتـەوە، کـە دەقـی داهێنـراوی تێـدا بەرهـەم دێـت. دەق لـە خـاڵی یەکـەمی ڕووداوەوە بونیـات دەنرێت)) [2] . بۆ گەڕان بەدوای بابەت و بەرهەمی پڕ لە داهێنـان، پێویـستە بـچیتە بنج و بناوانی ئەو هاڤلی و ڕەگەزانەی کە دەقەکەی لەسەر بونیات نراوە. جگە لەمەش، دەکرێت دەقەکان لە پلەی هەمەجۆری ئاراستەکان و ئاشـکراکردنەکاندا تێپەڕێنـدرێت، ڕێگاش بەڕەخنەگر بدرێت بێ پێـشبینی کۆتـایی، بـەناو قـووڵایی و پانتـایی بابـەت و بەشەکانی دەقی داهێنراودا تێپەڕێت. هەر ئەم ڕێگا پێدانـەش تێکـڕای بەشـەکانی دەق دەستنیشان دەکات و ئاماریان لەمەڕ ئەنجام دەدات، بەم جۆرە بەو (واتا Meaning)یـە دەگەین، کە داهێنەر مەبەستێتی و کاری بۆ کردووە. ئەو وشـانەی کـە زیـاتر دووبـارە دەبنەوە، تایبەتمەندیی داهێنەر ئاشکرا دەکەن. ئـەم دیاردەیـەش بەهـەنگاوی یەکـەمی ڕەخنەی بابەتی دادەندرێت. هەرچی هەنگاوی دووەمە، بریتی دەبێت لە دۆزینەوەی ئـەو پێوەندییانەی کە ڕەگەزەکانی دەق و یەکەکانی ئەو ڕەگەزانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، تـا ئەو واتا و دەلالەتە بەدەست بێت کە ئەم پێوەندییانـەی بـۆ دامـەزراوە. بۆیـە ڕەخنـەی

---

(١) دانییا برجیز، مقدمة فی مناهج النقد الادبي، ترجمة: د. محمود رضوان ظاظا، مخطوط.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، دەستنووس.

بابەتی: ((لە هەموو لایەکەوە بەدوای (مانا)دا دەگەڕێت))[1]. بەلاّم زۆر جار واتا لە ژێر هەست و هزر و ئاوەزی ڕەخنەگردا دەرباز دەبێت، چونکە ئالۆگۆڕ و بەربلاّوی لە واتادا، ڕێگا بەخۆی دەدات بە بەردەوامی خۆی دروست بکاتەوە. بۆیە کرداری هەلّهێنان و سوود وەرگرتن لە واتا، کردارێکی ئاسان نییە، لە لایەك ڕەخنەگر تووشی نائومێدی دەکات و لە لایەکی دیکە هانی دەدات بە بەردەوام خولگەکانی بەدوادا گەڕانی چالاك بێت.

بەجێهێنان و کرداری بەدواداچوونی واتا و ئەو هاڤلییانەی کە بۆی دامەزرێندراوە جێبەجێ نابێت، ئەگەر ڕەخنەگر بەتەواوی نقوومی ناو دەق نەبێت و بەدوای ڕایەلّی بەشەکانیدا نەگەڕێت و هەلّوەستە لە بەردەم ئەنجامی کارلێکردنی هەریەکەیان نەکات، تەنانەت دەبێت تێبینی لە هەلّوێستەکانی دووبارەبوونەوە و زۆرترین چالاکی لە بونیاتدا بکات. لە چوارچێوەی ئەو کۆمەلّە پێوەندییانە کە دەقی لەسەر بونیات نراوە، ئەو بابەتانە دیاری بکات کە تیشك دەخەنە سەر ئەو بابەتە سەرەکی و ناوەندییەی کە بۆ ئەم پێوەندییانە دەگەڕێتەوە. ناوەرۆك و فرمانی ڕەخنەی بابەتییەت: ((خالّ و بەروبوومی تۆوی ئەو پێوەندییانەیە))[2] .

بەپێی بۆچوونی (رتشاردز)، ڕەخنەی بابەتییەت (Objectivity Critical): ((گەڕان و پرسیارکردنی ڕەخنەگرە لەو بونیاتە تایبەتییەی بەرانبەر شتەکان، ئامادەیی شیعری دەبێت))[3].

ئەو پێوەندی و هاڤلییانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێ کراوە، دەبنە ڕێکخستنی ڕەگەز و توخمی دەق و بەناو تەواوی جەستەی دەقدا دابەشیان دەکات. چالاکی و کارکردنیان جۆرە گونجاندنێك و پابەندبوونێك لە نێوان ئەو توخمانەدا دروست دەکەن. تێکڕای ئەمانەش، یارمەتی داهێنان و دۆزینەوەی بابەتەکانی دەقی داهێنراو و ڕێکخستنیان و چۆنێتی بەرهەمهێنانیان دەدات. ناوەرۆکی ئەم پرۆسەیە بەهەنگاوی سێیەمی ڕەخنەی بابەتی دادەندرێت، کە بە (بونیادگەری Structural) ناسراوە[4].

---

(١) د. عبدالكريم حسن، الموضوعية البنيوية ـ دراسة في شعر السياب، ط: ١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٨٣، ص: ٣٧.

(٢) جان ماری اوزياس، البنيوية، ص: ٣٦٠.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٨٨.

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٦٧.

چونکە ڕەخنەگری بونیادگەری، بەهاریکاری هەنگاوەکانی ڕێبازی بابـەتی، بابەتـەکانی کار و بەرهەمی ئەدەبی ئامادە دەکات، لە چوارچـێوەی بنـەما و بەرهەمـەکانی کـاری ڕەخنەدا، بەبیناکردنی بابەتەکان و ڕێکخستنیان ئەنجام دەدات. لە ئـاڵۆزی لـێکترازان و هەڵوەشاندنەوە دەیانپارێزێت. لەم ڕوانگەیەوە (جان ڕۆسیەت) دەڵێت: ((بونیادگەری بـۆ خودی هەموو ڕەخنەیەك، لە ترسی ئەو هەڵوەشاندنەوەی کە شیکردنەوەی بابەتەکان لـە ناو دەبات پەناگایە، یان ڕێگایەکە یەکێتیی کار و بەرهەمی ئەدەبی و بەشـەکانی ڕێـك دەخات))[1].

بەم جۆرە دەبینین بابەتییەتی بونیادگەری، بۆ کاری داهێنان و نیشاندانی چییەتی و هەڵوێست و چۆنێتی جوولە و پێشکەوتن و کاریگەریی کاری ئەم داهێنانە و دەستنیشان کردنیان، دەتوانێت دوو ڕێبازی: بابەتی و بونیادگەری لە یەکتر نزیك بکاتەوە و بەیەکیان ببەستێتەوە. ئەم هەوڵەش لە ناوەندی سیستمێکی تـەواو بـەبونیاتی کـاری داهێنـان و بونیاتی ئەنجامەکانی ئەم کارەوە جێبەجێ دەکرێت.

---

(١) جان ماری اوزیاس، البنیویة ، ل: ٣٦٨.

## تەوەرەی سێیەم:
## زمان و مەسەلەکانی ڕیتم و کێش و سەروا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا

### (١) زمان و کێش و ڕیتم لە شیعردا

#### أ) زاراوەی هونەری ڕیتم (Rhythm)

لە زمانی عەرەبیدا، ڕیتم: ((زمانی ڕوودانی دەنگی دەسکە جۆنی (ئاون) ەکانە. ڕیتم، ڕیتمی ئاواز و گۆرانییە و ئاوازی مۆسیقای لە نێوانیاندا دروست دەکا))(١). ڕیتم لە نێوان کێش و ئاوازدا، گونجاندن پەیدا دەکات، هەروەك (سەجلماسی) ڕیتم و کێش بەیەکەوە دەبەستێتەوە کاتێك دەڵێت: ((شیعر لەلای عەرەب، بە گۆتەی کێشدار و هاوسەنگ، بۆدانەر ئاخاوتنێکی پڕ لە ئەندێشەیە))(٢).

لە دەرەتانی مۆسیقادا، ڕیتم بریتییە لە توانست و ڕەچاوکردنی ئاواز لە چەند کاتێکی دیاریکراودا. واتە لە کاتی ژەنینی مۆسیقادا، لەبەرچاوگرتنی کاتی ڕوودانەکانە. سەرەڕای ئەمە و وردتر، ڕیتم لە کاتی ژەنینی مۆسیقادا، دابەشکردنی کاتی ئاوازەکانە کە خۆی لە چەند دەنگێکی هاوواتایی، لە چەند کاتێکی یەك لە دوای یەکی یەکسان دەنوێنێت، بەهەر یەکێکیان دەوترێت سوور (Make Round)، یان لە هەموو پێوان و تەرازوویێکدا، بە گوێرەی بەشە گونجاوەکان، لە دابڕانی کاتی دیاریکراودا دارشتنی ئاوازە. لە زانستی مۆسیقاشدا: ((کۆمەڵە بڕگەیەکە، چەند کاتێکی دیاریکراو، کە هەر یەکەیان توانستی سووڕی هەبێت بە یەکیان دەبەستێتەوە، لە تەرازووکردنێکی تەواودا هەموو کاتەکان و سووڕەکان یەکسان دەبن))(٣).

---

(١) بۆ زانیاری پتر بڕوانە: د. احمد مطلوب، معجم النقد العربي القديم، ج: ١، ط: ١، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص: ٢٥٧.

(٢) أبو محمد القاسم السجلماسي، المنزع البديع في تجنيس اساليب البديع، تحقيق: هلال الغازي، الرباط، ١٩٨٠، ص: ٢٨١، ٤٠٧.

(٣) محمد فتوح احمد، ظاهرة الايقاع في الخطاب الشعري (مقال)، مجلة البيان، العدد: ٢٨ كويت، ١٩٩٠، ص:١٦٠.

له عەرووزی شیعردا، كە لە چەند كێشێكی جیاواز پێكدێت، جگە لە تەرازووی عەرووز، هیچ شتێكی دیكە ناتوانێت ڕاستی ئەو كێشانە نیشان بدات، هەروەها هەستكردن بە یەكسانی كاتی سووڕی هەریەك لە سووڕەكانی ڕیتم، هەر بە تەرازووی كێش و عەرزوو دیاری دەكرێت، چونكە بە پێی ئارەزوو و مەزەندە دەستنیشان ناكرێن.(١)

زاراوەی ڕیتم، لە (Rhythm)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە(*). مانای هەڵقوڵان و فیچقەكردن (Out Flow, To Flow) دەگەیەنێت مەبەستی بەدوای یەكتر داهێنانی حاڵەتەكانی: ((دەنگ و بێدەنگ، ڕووناك و تاریك، وەستان و بزاڤ، هێز و بێ هێز، تەوژم و نەرم، درێژ و كورت، خێرا و لەسەرەخۆ، گرژیی و شلی... دەبەخشێت))(٢). لە بوار و كاریگەری هونەری و ئەدەبیدا، هاوبەندی و پێوەندی نێوان بەشێك و بەشێكی تر، لەلایەك و لەلایەكی دیكەشدا، بەش و هەموو بەشەكان بە یەكتر دەبەستێتەوە. ئەم

(١) صفي الدين عبدالمؤمن الأرموني البغدادي، كتاب الادوار، شرح وتحقيق: هاشم محمد الرجب، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠، ص: ١٣٩ – ١٤٠.

(*) (ئەفلاتوون) لە زۆربەی بەرهەمەكانیدا، تیشكی خستۆتە سەر ڕیتم. لە (یاسا)كەیدا شێوەیەكی فرەگشتی پێشكەش دەكات، كە پتر چەمكە لێكسیكە فەرهەنگییەكەی (خوری و داڕژان) دووپات دەكاتەوە.، بەڵام لە وتووێژی (سوكرات)یەكانیدا. شرۆڤە كردنێكی بابەتییانەتر نیشان دەدات و دەخاتە بەرچاوان. لەوێدا ڕیتم وەك بنەمایەك لە بنەماكانی سروود دیاری دەكات. جگە لەمەش، سێ جۆرە ڕیتم دەستنیشان دەكات: أ) ڕیتمی لێكدراوی جەنگی. ب) ڕیتمی شیعر، ج) ڕیتمی قارەمانێتی. لە دەرەتانی ڕیتمی شیعردا، لەسەر زمانی (سوكرات)ەوە، زۆر بە ئاشكرا پەنجە بۆ ئەدگارە بنچینەییەكی كێشی گریگی: بڕگە كورت و درێژە و هێماكانیان درێژ دەكات.

(ئەرستۆ)ش لە بۆچوونێكی قووڵتردا، كە مرۆڤ بە زەحمەت دەتوانێت تەنیا وەك پێناسەیەك ئاوڕی لێ بداتەوە، كێش بە چەشنێك لە چەشنەكانی ڕیتم دادەنێت، لەو دەقەی كە بۆچوونەكەی لێ وەرگیراوە لە دوو ئاست بۆ ڕیتم دەڕوانێت، ئەوانیش: ئاستی شیعر و ئاستی پەخشانە...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

آ) الدكتور فواد زكريا، جمهورية افلاطون (دراسة وترجمة)، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٤، ص:٩٣.

ب) أرسطو، الخطاية، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، بغداد، ١٩٨٠، ص: ٢١٢...هتد

(٢) احمد عبدالعظيم الحلي، القصيدة الحديثة والبنية الايقاعية، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، ص: ١٢٨.

پرۆسەیە لە قاڵبێکی ڕێك و گونجاو، لە شێوازێکی ئەدەبی یان هونەری جێبەجێ دەبێت. ڕیتم، لە نێوان گشت هونەرەکاندا سیفەت و خاسیەتێکی هاوبەشە. لە مۆسیقا و شیعرو پەخشانی هونەری و سەمادا، بە زەق و زۆریی هەستی پێ دەکرێت، جگە لە مانەش، لە تێکڕای هونەرە بەرچاوەکانیشدا (Seen) هەیە. کەواتە ڕیتم ئەو بابەتەیە، کە لە هەموو کار و چالاکییەکی هونەریدا وەك بنەما خۆی دەنوێنێت، هەر هونەرمەندێك یان ئەدیبێك بە ڕێگایەك لە: ((سێ ڕێگاکانی گەڕانەوە (تکرار)یان بە دوای یەکداهاتن، یان پابەندبوونەوە، پشت بە ڕیتم دەبەستێت)) (1).

مەسەلەی ڕیتم لە بوار و چالاکی و سیفەتبەخشیندا، تەنیا بە شێوەیێکی بابەتییانە، ئەدەب بگرە زمانیش ناگرێتەوە، چونکە جگە لە بوونی لە کار و کردەوە و پیشەدا، سروشتی ڕیتم لەخۆ دەگرێت، تەنانەت لە هێما تیشکبەخشەکانیشدا بەدی دەکرێت، یان لێی بێ بەش نین(2).

ڕیتم لە هەموو شێوە و بەشێکدا، وێنەییێکی هەستی کاریگەری دەبێت، ئەویش بە هۆکاری گەڕانەوە و دووبارەبوونەوەی لێکهاتن و گونجاندن، یان نەگونجاو بۆ حاڵەتێك یان ناوەندێکی بەهێز بۆ واتا یان جووڵە و جموجۆڵ بەدیار دەکەوێت. چییەتی ڕیتم لە ڕاستیدا، چەشنێکە لە چەشنەکانی یەکێتی. چونکە بۆ دامەزراندن و چاوتێبڕینی هەر جووڵە و ئاواز و گۆتەیەکی دیاریکراو لە زماندا، بۆ کاری بە نۆبەتی بزاوتن و وەستاو، ڕووناك و تاریك، دەرکەوتن و گەڕانەوەی بەرایی لە کۆتاییدا، ئارامبەخشی لە گۆرانیدا، بە دەنگەوە هاتنی باڵی چەپ بۆ باڵی ڕاست، یان هاوسەنگ ڕاگرتنی هەناسە، لە وشە و دێڕ و کۆپلەی شیعردا، لە پاراستنی واتا و دەلالەتدا، لە سەروای یەکگرتوو یان هەمەچەشنە و سەروای پڕ لە مۆسیقادا، لە ئاوازێك یان پارچە مۆسیقایەك لە کاتی ژەنیندا بە دیار دەکەوێت. ڕیتم لە سروشتی ڕاگرتنی جووڵە لە بەردەم بەربەست و گەڕانەوەدا، کات دەگۆڕێتەوە. ئێستێتیکای چێژی چاوەڕوانی لە گونجاندنی ڕووداوەکاندایە (3). پێویستە ئەو ڕاستییەش فەراموش نەکەین، کە ڕیتم بە تەنیا

---

(1) مجدي وهبة، معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، ط: ٢، لبنان، بيروت، ١٩٨٤، ص: ٧١.
(2) ارستن وارين ورينيه ويليك، نظرية الادب، ص: ٢١٢.
(3) روز غريب، تمهيد في النقد الادبي، ط: ١، دار المكشوف، بيروت، ١٩٧١، ص: ١٠٧.

وهڵامدانەوەیەکی ئارام بەخش و هێمنکەرەوەیەکی حاڵـەتی دەروونـی بێـت، بـەڵکو لـە ڕوانگەی واتاوە، بەها و نرخێکی دیاریکراوی هەیە، چونکە سەرچاوەی ڕایەڵەکانی واتـا لە ناخی ڕیتمدا قاڵ دەبنەوە و بارگاوی دەکرێن. ئەگەر هونەر: ((گوزارشت لە بۆهاتن و نیگای واتا بکات، ئەوا ڕیتم ڕێگا و هۆکارێکی گرنگی ئـەم گوزارشـت و دەربڕینەیـە، چونکە خۆی زمانی هەڵچوونە))[1]. بۆیە لە بونیـاتی مۆسیقای شـیعردا، زۆر جـەختی لەسەر دەکرێتەوە و بە بنەما و ماکی باشسازی و بێ گرفتی بینای شیعری دادەنـدرێت. شیعر بە بێ ڕیتم ئاخاوتنێکی ڕۆژانەیە، دەربڕینی واتاش سادە و ساکار دەبێـت، بـەڵام دەلالەتی ڕیتم، بەهای کاریگەری و دوور خستنەوەی ئەو ساکارییە لە ئەستۆ دەگرێـت. بۆیە کرۆکی ڕیتم لە شیعردا، بۆ ڕامان و مەفای واتابەخشی ئاسـوودەیی یـان دەلالـی، زمانی پێوەر و گونجاندن دەبێـت. شـیعر لـە ڕێگـای بونیـاتی یەکـە و ڕەگەزەکانیـەوە هەوڵدەدات: ((لە قەسیدەدا جوانترین و گونجاوترین گونجاندن لە دەنگ و ئاواز بەدەسـت بهێنێت، ڕیتمیش بۆ مسۆگەر کردنی ئەم گونجاندنە بەهێزترین پاڵپشت دەبێت))[2]. بـۆ ئەو کارچاکییە و ڕۆڵگرنگییە کە بونیاتی پێکهاتـەی قەسـیدەی لەسـەر هەڵدەنـدرێت، پێویـستە سەرچـاوەکەی دەسـەڵات و لڤینێکـی دەرەکـی نـەبێت، بـەڵکو وەك بـوونی پێویستییێکی گوزارشتی هەڵقوڵاوێکی ناخی بێت[3].

ناوەرۆکی ڕیتم، ڕێکخراوی یەکە هاوکاتەکانی دەنگییـە، ئەمـەش وەك سـیفەتێکی بەهای بینا و بنەمای زمانی شیعر سـەیر دەکرێـت. چـونکە واقیعـی دەلالـەتی ڕیـتم: ((بریتییە لە کاتی چوونیەکدا گەڕانەوەی دیاردەیەکی دەنگییە، ئەگەر سێ کـەڕەت لـە شتێك درا و لە کەڕەتی چوارەمدا لێدانەکە بەهێزتر بوو، بە دووبارە کردنەوەی ئەم کارە، ڕیتم دروست دەبێت، ڕەنگبێ لە بێ دەنگی پاش هەرسێ لێدانەکە دروسـت بێـت))[4]. قۆزاخەی گەشەی ڕیتم، ماوە دیاریکراوەکانی دیاردە دەنگییەکانە، مـاوەی نێـوان هـەر دیاردەییێکی دەنگی، لەگەڵ دیاردەییێکی دەنگـی تـری هـەمان کـرداردا، بـە سروشـتی

---

(١) روز غريب، تمهيد في النقد الادبي، ط: ١، ل:١١٠.

(٢) جان كوهين، بنية اللغة الشعرية، ص: ٨٦.

(٣) د. عزالدين الحسين، شعر الطليعة في المغرب، ط: ١، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٨٧، ص: ٨٣.

(٤) محمد مندور، في الميزان الجديد، ط: ١، القاهرة، ١٩٤٤، ص: ١٨٠

ڕێکخستن دادەندرێت، پاش بەیەکەوە بەستنەوەیان، کرداری تەواوکردنی یەکتری پێ ئەنجام دەدرێت، کە هەر هەمووشیان لە ناو کەلێن و ڤالاییکی ڕیتمی، کە پێی دەوترێت (دەلاقە ـ الفجوة Gap) دەسووڕێنەوە، بۆیە: ((زۆربەی کات لە کارلێکردنی دوو ڕەگەزی جیاوازدا پەیدا دەبێت)) [1]. بەڵام چییەتی کاری ڕیتم، تێکشکاندنی بنەمای ڕێکخستن دەبێت، کرداری (دژبوون) دێتە ئاراوە. واتا بینای ڕیتم لە نێوان پێکهاتەکانی ڕیتمیدا ماوەی داکشان و گرژی (Strain) دەلاقە دروست دەکات، ئەمەش بە درێژایی مێژووی شیعر، مەرجی بە شیعربوون بوو. ئەم ئەرکەی ڕیتم لە ئەنجامی کارلێکردنی هەمەچەشنەیی نێوان هۆکار و ڕەگەزەکانی ترەوە، کە پەیکەری تەواوی شیعر بونیات دەنێت ڕوودەدات. کەواتە کاری ڕیتم بە پلەی سەرەکی، وەبەرهەمهێنانی توانست و چالاکیی هۆکارەکانی دژبوونە [2]. تا ئەم وەبەرهەمهێنانە زیاتر بە ناو قووڵایی هۆشیاری و ئاگاییدا ڕوو بچێت، ڕیتم توانستی لە گوزارشت و وێناکردن و کاریگەری پتر دەبێت.[3] بۆیە بەها و نرخی ڕیتم، تەنیا لە پانتایی ڕێکخستنی گۆتە و فزەدا (Utterance) نییە، بەڵکو بە سنووری بەهای چۆنێتی و هێزی ئێستێتیکا و جوانسازی و چڕترین دەلالەت و گوزارشتەوە بەشداری لە شیعر دەکات. ڕەنگبێ لە قەسیدەدا، وێنەیێکی بابەتی مسۆگەر نەبێت ئەگەر هەموو توانست و خاسیەت و ئێستێتیکایەکەی بۆ خزمەتی واتا نەبێت [4]. ئەم ڕاستییەش ئەگەر لە سایەی سیستمێکی گشتیدا پێڕەو نەکرێت لە تێکڕای قەسیدەدا دەستەبەر نابێت. بەو پێودانگە لە بونیاتیدا لایەکی و بەش بەشی لە فۆرمدا پەسەند دەکات، بەڵام بە هیچ جۆرێك لە تێکرا و سەرجەمدا، بەم دیاردەیە ڕازی نابێت. لێرەدا ڕیتمی ڕستە، لە ڕیتمی یەکەی دابەشکراو پتر کاریگەری دەبێت، چونکە مەرجی چەندێتی هاوسەنگ بوونی ئەندازەیی، بە تەنیا لە ئەستۆی ڕێکخستندا نییە، بەڵکو جەستە و ڕۆحی دوانەی: بەرانبەرOpposition) و وەکیەکی (Similar)، ئاسایی

(١) كمال أبوديب، في الشعرية، ط: ١، مؤسسة الايمان العربية، ش. م. م، بيروت، ١٩٨٧، ص: ٥٢.

(٢) د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، ط: ٣، دار الشؤون الثقافية العامه، بغداد، ١٩٨٧، ص: ٧٣.

(٣) محمد العياشي، نظرية ايقاع للشعر العربي، المطبعة المصرية، تونس، ١٩٧٦، ص: ٦٩.

(٤) روز غريب، تمهيد في النقد الادبي، ص: ١٨٩.

(Ordinary) و جیــاوازی (Disagreeing)، ڕێکخــستن و (Organization) دابــڕین (Separation) چەقی هاوسەنگ بوونن. هەر ئەمانەشن یارمەتیمان دەدەن تـا هەسـت بە ناخ و دەروون و سـۆزی شـاعیر بکـەین و لـە ئەزموونگـەریی شـعوردا، توانـست و تەوژمی کاریگەری و کارلێکردنی نـاوەوەی هەسـتی شـاعیر، لەگـەڵ ڤـاڵای مرۆڤـی و هەستەوەریدا ئاشکرا بکەین [1]. ئەمە دەلالەت لە بوونی پێوەنـدییەکی ئۆرگـانیکی بـە ئەزموون و زیندوویێتی ناوەوەی دەق دەکات، لە پاشان هەندێ لە پێکهێنانەکان پێوەندی لەگەڵ کێش و عەرووز و بڕگە و پێیەکاندا دەبەستن، ئەوانیش پێوەنـدی فـراوانتر لەگـەڵ ڕیتمی پارچەیەکی تر، ئاسـایی بـە گـوێی بیـسەر دروسـت دەکـەت. دواتـریش: ((بـۆ پێکهێنانی هەندێ ڕیتمی تر، تەشـەنە دەکـات و لـە نێوانیـشیاندا هەنـدێ خاسـیەتی بونیاتی پەیدا دەبێت، لە بونیاتی ڕیتمیدا، خۆشی دەبێتە بەشێك لە شـوێنێکی تـازە و پێوەندییێکی نوێـدا بونیـات دەنێـت)) [2]. لێـرەوە، ئـەو مەرجـە لەسـەر دەقـی شـیعر دەسەپێندرێت، پێویستە لە تێکڕای ڕیزبەستندا، پابەندی تەواوی هەموو بەشەکانی ڕیتم بێت. یان لە ڕێگای بەشەکانەوە، پێوەندی گشتی دروست بکات. بۆ ئەوەی سیستمێکی هەستپێکراو، دیار یان شاراوە، دابمەزرێت و لە سەرجەمی بونیاتی بنەڕەتی و بەشی یان لاوەکیـی دەقـدا، پێوەنـدی تـر دروسـت بکـات و خۆشـی تێیـدا بەشـدار بێـت. بـە پێوەندییەکانی: گشتی بۆ تایبەتیی بەش و تایبەتیی بەش بۆ گـشـــــت و بنـەڕەتی و تازە پێکهاتەیی، سیستمێکی پڕ لە هەستی نەگۆڕ، یەکـسان بـە هەڵـچوون و دەروون و شـعور دروسـت دەبێـت. پابەنـدبوونیش هـەموو جـۆرە پێوەندییـەکانی: گەڕانـەوە و ئاوێتـــەبوون، جیاوازەکـــان و هاوڕێکـــەکان، گونجاوەکـــان و هاوشـــێوەکان (تجـــانس- Homogeneity) دەگرێتەوە، بۆ ئـــەوەی بە تەواوەتی قەڵـەمڕەوی دەق، لـە ڕێگـای دەستووری تایبەت لە پێکهاتەی دەق و یەکێك یان هەندێ لەو پێوەندییانە داگیر بکات. ئەوەی ڕاستی بێت، پێوەندی گەڕانەوە (Repitition) گەورەترین دەسەڵات و کاریگەری

(١) د. عمران الكبيسي، اسلوبية جديدة لايقاع الشعر المعاصر (مقال)، مجلة الاقلام، العدد:١، السنة: ١٩٩٥، ص: ٢٥.

(٢) د. كمـــال أبـــو ديـــب، جـدليـــة الخفـــاء والتـجلـــي (دراسة بنيوية في الشعر)، ط: ١، دار العلوم للملايين، بيروت، ١٩٧١، ص: ١٠٤ – ١٠٥.

هەیە، زیاتر بەگوێچکە و بیستندا ئاشنایە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە هەریەکێك لە ڕەگەزە ڕیتمییەکان، کە بەشێکی بچووکن لە پێکهاتەی ڕیتمدا، ڕۆڵێکی گرنگ ببینن، چونکە لەسەر سیستمێك ڕێك نەخراون، لە ناو پانتایی پێکهاتەی ڕیتمیدا پەرش و بڵاون[1].

ناخی دەق ئەوەندە کار و کرداری چڕ و ڕایەڵی کارلێکردن دەگرێتەخۆ: ((تا لە ئەنجامدا دەستوور و یاسایێکی بەرهەمهێنەر پێکدێنێت، کە توانستی خولقاندنی ڕووداوی شیعری هەبێت)) [2]. ئەم یاسایەش لەسەر بنەما و بەندی دیاریکراو دانەمەزراوە، وەك ئەو یاسایانەی کە لە کێشە عەرووزییە شیعرییەکان پێڕەو دەکرێن، بەڵکو شاعیر دەتوانێت و سەربەستیشە لە هەڵبژاردنی هەر ڕێکخەرێکدا، بە هیچ جۆرێك لە شیعری هاوچەرخدا، شاعیر پابەندی یاسای ڕێکخستنی دیاریکراو نابێت، ئەم دیاردەیە دەبێتە ئاشکراکردنی پێوەندییە شاراوەکانی زمان، کە شاعیر لە بەرهەمەکانیدا بە دیاریان دەخات[3]. ئەو پێوەندییە شاراوانەی زمانیش بە تەنیا ناوەستێتە سەر بەشداری دەنگ و پێکهێنان و دەلالەت، بەڵکو بۆ ناو دەرەتانەکانی شارستانی، ڕووناکبیری، شارستانی و ئایندەدا شۆڕدەبێتەوە، بۆیە تیۆری ڕیتم لە زمانی شیعردا: ((پێویستە لە هەموو ڕەگەزەکانی: زمانی و دەروونی و ڕووناکبیری، نووسین و خوێندنەوەدا پێك بێت و هەربۆیە هەندێ کەس مرۆڤ بە زیندەوەرێکی ڕیتمی پێناسە دەکات)) [4].

**ب) پێوەندیی ئۆرگانیکی ڕیتم (Rhythm) و کێشی شیعر (Meter).**

پێکهاتەی بونیاتی قەسیدەی هاوچەرخ مۆسیقایە. لە دوو ڕەگەزی گرنگ: ڕیتم و کێش، پێکدێت. لە شیعردا هەریەکەیان لە دەرەتانی پێوەندی (Connection) و

---

(١) د. علوي الهاشمي، جدلية السلوك المتحرك – مدخل الى فلسفة بنية الايقاع في الشعر العربي (مقال)، مجلة البيان، العدد: ٢٩٠، كويت، ١٩٩٠، ص: ٩٧.

(٢) محمد لطفي اليوسفي، في بنية الشعر العربي المعاصر، دار سراس للنشر، تونس، ١٩٨٥، ص: ١٥٧.

(٣) ثامر عبدالمجيد العزاوي، الايقاع في الشعر العربي الحديث في العراق، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص: ١٦٧.

(٤) توفيق الزبيدي، اثر اللسانيات في النقد العربي الحديث في العراق، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامـــعة بغداد، ١٩٨٩، ص: ١٦٧.

گونجاندن (Harmony) یەکتر تەواو دەکەن. واتا دوو بابەتی هاوتەریبی بەردەوامن. لەو ڕوانگەیەوە، جیاییەکی زۆر وردی قایم لەنێوان زاراوەی کێش (Meter) و هونەری ڕیتم (Rhythm) دا هەیە. بۆ ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی ئەم جیاوازییە وردە، پێویستە لە بەراییدا لەدەنگەوە دەست پێ بکەین. دەنگ بەو ئەدگارەی کە یەکەیێکی جۆریی و بابەتیی سەربەخۆیە، وەك ڕووداوێك، قسەکەر بە شێوازی تایبەت دەیبێژێت، بۆ ئەوەی لە ڤالآیەکی زمانی و ڕاستییێکی تایبەتدا لەیەکتریان جیا بکەینەوە. بۆ حاڵەتی یەکەم، واتا: (وەك یەکەیەکی جۆریی و بابەتیی سەربەخۆ) بۆ سروشتی دەنگ، بەنموونە، وەك: (ب، ك...) و (بزوێنەکان) دەڕوانین. هەرچی حاڵەتی دووەمە: (ڕووداوی ئاخاوتن)، لە تایبەتمەندی لێکچوون و پێوەندی (Relation) ئاستەکانی: بەرزی و نزمی، ماوەی کورتی و درێژی، سترێسی توند و لاواز، زۆری و کەمی دەرکەوتەی پێکهاتنی زمانیی دەکۆڵێتەوە. لەم تایبەتمەندیانەدا، تێبینی شێوە و ڕێگای ئاخاوتن (Utter) بەدەنگ دەکرێت. سەرەڕای ئەمەش پێویستە ئاوڕ لە دەرەتانی ڕیزبەستن و ڕێکخستن و گونجاوی زمانیی و بەیەکەوە گرێدانیان بدرێتەوە[1]. لێرەدا ئەگەر بمانەوێت جوغزێك بۆ مەبەست و چەمکی ڕیتم بکێشین، دەبینین: لە ئاخاوتن و بەیتی شیعردا، یەکەییێکی ئاوازی گەڕاوەیە. یان لەنێوان دوو بڕگە و هەندێ جار زیاتریش لە بڕگەکانی ئاخاوتن یان بەیتەکانی قەسیدەدا، جوولە و وەستانێکی ڕێکخراوە، لە پەخشانیشدا دروست دەبێت[2]. دارشتنێکە، لە چاوەڕوانی و تێربوون یان گومانی هیوابڕاوی و حاڵەتی لەناکاوی پێکدێت، کە ڕیزبەستنی بڕگە دروستیان دەکات[3]. بەم جۆرە کێش، کۆمەڵە بڕگە و پێیەکە کە بەیتی شیعری لێ پێکدێت، لە قەسیدەی کوردیدا، یەکەیەکی مۆسیقای بڕگەییە.

ڕیتم لەبەرئەوەی خاسیەت و سیفەتێکی گەڕانەوەیە، بۆیە لە بونیاتی قەسیدەدا، دەتوانێت ڕۆڵی ئاستی پێوانەیی و ئاستی دەلالی ببینێت و ڕەگەزە چونیەکەکان لێك

---

(1) Warren Rwellek, Thory of Literature, London, 1954. p.160.

(٢) د. عبدالفتاح صالح نافع، عصرية الموسيقى في النص الشعري، مكتبة المنار، ط: ١، الزرقاء، ١٩٨٥، ص:٥٠.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٥٠.

جیاواز و لێك جیاوازەكانیش چوونیەك بكات. لەو شوێنانەی كـە كێـشەكان هاوسـەنگ دەكرێن، پتر جەختیان لەسەر دەكرێتەوە.

ڕیتم ڤالأیەكی دەقە، لەگەڵ سیستمی كێشدا هاودژە. یەكەمیان دەگۆڕێت و بنەما و بارگەی گۆڕان هەڵدەگرێت، كەچی دووەمیـان نـەگۆڕ و چەسـپیوە. لـە شـیعردا، كـێش تەرزێكە لەڕێگای یاسای بڕگەسازییەوە دەناسرێت. سیستمێكی تایبـەت و نـەگۆڕییێكی پتـەوی تایبـەت خـەڵق دەكـات. زۆر جـاران هەسـت پێكردنـی حاڵـەتی میكـانیزمی وەردەگرێت. ئەو هەمەچەشنەییە و هاوجۆرەی كە گۆڕانـەكانی ڕیـتم دروسـتی دەكـەن، هەسـتی میكـانزمی كـێش تێكدەشـكێنن و بـۆ كاریگـەری ئێـستێتیكای گـشتیی تێكستیش، بە بنەمای بنەڕەتی دادەنـدرێت. لـە قەسـیدەدا، سیـستمی كـێش بەتـەنیا كارلێكردن لەگەڵ نوێنەرایەتی و ڕاڤەیی خۆی ناكات، بەڵكو ڕەگەزی ئاستەكانی تریش، وەك ئاستی فەرهەنگی دەگرێتەوە. لە شیعردا بەبێ گوێدان بەمانای فەرهـەنگی، بـاری كێش و چۆنێتی دابەشبوون سەپاندنی هاوڕێك دەكرێت: ((ڕێكخستنی كێش بەتەنیا كار لە ئاستی فەرهەنگی ناكات، بەڵكو خۆی بۆ لای بەهای دەلالی دادەشكێنێتەوە))[1].

ڕیتم و كێش، لەناخی ناوەڕۆك و خاسیەتی جیاكاری خۆیانـدا، پـشت بـە گەڕانـەوە (تكرار Repitition) دەبەستن. لـەو سـاتەی كـە ڕیـتم بریتـی دەبێـت لـە گەڕانـەوەی كۆمەڵێك بڕگەی دیاریكراو، كێشیش لەهەمان كاتدا گەڕانەوەی بازنە ڕیتمییەكان لـەخۆ دەگرێت. تەوژم و گوڕی ئەم گەڕانەوانە، لەنێوان وشە و هزرەكاندا، جۆرێـك هـاوڕێكی و هاوسەنگی دەنوێنن. تـا ئـەم هاوسـەنگییە لـە پێكهاتـە و تـوون (Tune) دا ڕووت و ئاشكرا بێت، ئەوەندە گوڕی هاوسەنگی نێوان وشە و واتاكان بەهێز دەبێـت، چـڕترین و بەهێزترین جۆری وێنەكان لەخوازەدا خۆدەنوێنن، چونكە بۆ لێكـچواندنی نێـوان شـت و بابەتەكان، ڕێگایەكی دۆزەرەوەیە. یـان لـە بـواری بەرانبـەر كردنـدا، هـاودژیی ڤـاڵای ڕێكەوتنە. ڕێكەوتنی وشە لە دەرەتانی دەنگەوە، لەگـەڵ هاوشـانەكانی تریـدا، ئاسـتی شـیكردنەوەی زمـانی هـەر چـۆنێك بێـت، چەشـنێك لەڕێكـەوتن و گەیانـدنی دەلالی دەگەیەنێت[2].

---

(١) بارتون جونسون، دراسة يوري لوتمان البنيوية للشعر (مقال)، ترجمة: سيد البحراوي، مجلة الفكـر العربـي، العدد: ٢٥، السنة: ٤، ١٩٨٢، ص: ١٥١.

(٢) د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، ص: ٢٩١.

(ئەرستۆ) لە لاپەڕە (٢١٢/ ١٩٨٠)ی کتێبی: (وتاربێژی ـ الخطابة)دا، کێش بە جۆرێك لە جۆرەکانی ڕیتم دادەنێت. لە ئاستی شیعر و ئاستی پەخشاندا لە ڕیتم دەڕوانێت، هەردووکیشیان لە گۆتەی ڕیتمی خاوەن ژمارە بونیات نراون. جیاوازییەکەشیان ئەوەیە، لە شیعردا (کات) تخووب بۆ ژمارەکان دەکێشێت، کە ئەمە لە چەمکی (ئەرستۆ)دا کێش دەگەیەنێت. بەڵام لە پەخشاندا، بەڕای ئەو، نابێت ئەو خاسیەتە تایبەتییەی شیعر بەکار بهێنێت، چونکە خوێنەر بەرەو ئاسۆی چاوەڕوانی چەشنێکی دیاریکراوی دووبارەکردنەوە و گەڕانەوە دەبات و پەخشانەکەش لەدەستکردی نزیك دەکاتەوە[١]. لێرەدا شیعر و پەخشان، لەسەر بناغەی ڕیتمی بونیات دەندرێن، بەڵام مەرجی ڕەگەزی (کات) بەسەر پێکهاتەی ڕیتمەکەدا دەسەپێندرێت: ((جیاوازییەکی وا لەنێوانیاندا دروست دەکات، هیچ هەلێك بۆ ڕەچاوکردنی ڕۆڵی ڕیتم لە پەخشاندا لە تواناد نەبێت. لێرەش بەدوا، هەموو بۆچوونەکانی سەر بەم دەستەیە، خۆیان لە دوو کۆتی ئەو بۆچوونە بۆ ڕزگار ناکرێت: (یەك): دانانی کێش بەسەرەکیترین پێوەری جیاکردنەوەی شیعر و پەخشان. (دوو): وەکو ئەنجامێکی خاڵی پێشوو، لێرەوە (ڕیتم) لەشیعردا هیچ کەسایەتییێکی سەربەخۆی نامینێت و تەنیا لە (کێش) دا بەرجەستە دەکرێت))[٢].

شارەزا موسوڵمانەکان، لایان لە بابەتەکانی کێش و ڕیتم و مۆسیقا و شیعردا کردۆتەوە و پتر جەختیان لەسەر بۆچوونەکانی (ئەرستۆ) دەکردەوە. دۆزینەوەی کێشەکان لەلایەن (خەلیل)ەوە، زیاتر زەمینەی پێوەندیی دیالێکتیکی و هاوبەندبوونی ئایۆنی نێوان کێشی گشتیی شیعر و سیفەتە تایبەتییەکانی ڕیتمی مۆسیقای خۆش کرد، ئیدی (کێش)، وەك زاراوەیەك تەنیا بۆ شیعر و (ڕیتم)یش تەنیا لە بواری مۆسیقادا پۆلین کران[٣].

---

(١) ارسطو، الخطابة، ص ٢١٢.

(٢) د. محەمەد بەکر، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ: ١، هەولێر ٢٠٠٤، ل: ٣٤.

(٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل: ٣٤.

کندی[١] و فارابی[٢] و ئیبن سینا[٣]... له بۆچوونه‌کانیاندا، شیعر بـه گۆتـه و فـزه‌ی ژمـاره‌یی و ڕیتم به ڕێژه‌یی کاتی پێناسه ده‌که‌ن. پێیه عه‌روزییه‌کان له‌گه‌ڵ ڕیتـمی مـۆسـیقادا به‌راورد ده‌که‌ن، به‌و ئاکامه ده‌گـه‌ن، کـه تـوون (ئـاواز) لـه مۆسـیقادا، به‌رانبه‌ری تیپ له شیعردا ده‌وه‌ستێت. دواتـریش لـه لێکۆڵینـه‌وه و ئه‌زموونه‌کانیانـدا، ئه‌وه‌یان ڕاگه‌یاند، کێش بۆ تیپـه‌کان وه‌ك ڕیـتم بـۆ ئـاواز و توونـه‌کان وایـه. کورتـه و پوختـه‌ی بۆچـوونه‌کان ئاسـتێکی هـونه‌ری وه‌رده‌گـرن و شـیعر ده‌بێتـه قـسه‌یێکی ئه‌ندێشه‌سازی و به ئاخاوتنێکی هاوسه‌نگ و وه‌کیه‌کدا بونیات ده‌ندرێت.

فۆرمالیسته‌کان ڕیتم به ناوه‌ڕۆك و جه‌وهه‌ری زمان ده‌به‌ستنه‌وه، له‌باره‌ی شیعر، پاش ئه‌وه‌ی سیفه‌تی ڕه‌به‌قی خۆی له‌ده‌ست ده‌دات[٤]، له ڕوانگـه‌ی چـه‌مکی ڕیتمـه‌وه، بـه‌و ئه‌نجامه گه‌یشتوون: ڕه‌نگبێ په‌یام وه‌کو پانتـایی شـیعر بمێنێتـه‌وه ئه‌گـه‌ر کێـشه‌که‌شی له‌ده‌ست بدات، ئه‌و بنه‌مایـه‌ی کـه بـه‌ره‌و ڕیتمـی ده‌بـات، گونجانـدن (Harmony)ه. له‌وانه‌یه به‌زۆر هۆکاری دیکه، نه‌ك بـه‌ته‌نیا له ڕێگای کێشه‌وه مسۆگه‌ر بکرێت. ده‌قی شیعر له بونیاتی تردا، بواری جێگۆڕکـێ و ڕاگوێزانی وێنـه هه‌مـه‌جۆره‌کانی ڕیتمـی به‌رده‌وام ده‌بێت. شاعیر له‌ڕێگای ڕێکخستن و بـه‌دوای یـه‌کتر ڕیزکردنـی هـزر و واتـا و ده‌لاله‌تـه شـاراوه‌کاندا ده‌سـته‌به‌ری ده‌کـات. خوێندنـه‌وه بـه‌دیاری ده‌خـات و خوێنـه‌ر به‌ده‌نگییه‌وه دێت. که‌واته گرنگی هونه‌ری ڕیتم، شاعیر دروستی ده‌کـات و خوێنـه‌ریش ته‌واوی ده‌کات[٥].

له ده‌قی شیعردا، کێش کرده‌وه و وێنه‌ی ڕیتمـه و بـه به‌شێکیـشی داده‌نرێـت، بۆیـه: ((ڕیتم پێش مۆسیقا و شیعر ده‌که‌وێت))[٦]، به ئه‌زموون و داهێنانیش ده‌به‌سترێته‌وه. له

---

(١) بۆ زانیاری پتر، بڕوانه: رسالة الكندي، ترجمة: يوسف شوقي، دار الكتب، بغداد، ١٩٦٩، ل: ٦٦ - ٦٧ - ٦٨.

(٢) الفارابي، الموسيقى الكبير، تحقيق، غطاس خشبة، قاهرة، ١٩٦٧، ص: ١٠٨.

(٣) احمد الشارع، محاولة ابن سينا في الشعر، ط: ١، سورية، بلا تاريخ، ص: ١٢٣.

(٤) حاتم الصكر، مالا تؤديه للصدفة، مستل مطبوع من بحث مقدم الى مهرجان المربد الشعري العاشر، دار الحرية للطباعة، بغـداد ١٩٨٩، ص: ١٢. هەروەها بڕوانە: نصوص الشكلانيين الـروس، ترجمـة: ابـراهيم الخطيب، مؤسسة الابحاث العربية، ط: ١، بيروت، ١٩٨٢، ص: ٥٢.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٢.

(٦) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٩.

پێکهاتەیدا خاسیەتێکی دەلالیی هەمەچەشنە و سیستمی ڕیتمی لەخۆ دەگرێت. ئەگەر هاتوو کێش، هەر وەك (جۆرج سامبسون) وای دەبینێت، بناغەیێکی میکانزمی بەیت بێت، لەلای ئەو ڕیتم ئەو بناغەیەیە کە گوزارشتی لەسەر بونیات دەنرێت و شاعیر بەهەموو سەربەستییەکەوە دەربڕین لە هزر دەکات، هەر بۆیە بە هەمیشەیی لەگەڵ کێشدا ناوی دێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. شاعیری داهێنەر دەتوانێت لەڕێگای کێشەوە، گەورەترین کار بە ئەنجام بگەیەنێت، کاتێك کە سیستمە ڕیتمییەکان، کە کەسایەتی بەدیار دەخەن دابەش دەکات، لە هەمان کاتیشدا پێکهاتەکانی کێش بپارێزێت[1].

کێش بە بەراوردی پێوانەیی لەگەڵ ڕیتمدا، لەوە پتر نییە کە ناوەندێکی ڕەهەندی ڕێکخراو بێت و ئەزموونی شیعر بە دەنگییەوە بێت. ئەزموون ئەو کێشە هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵ سروشت و خاسیەتەکانی بگونجێت. ئەمە دەلالەت لەوە دەکات، هەرکێشێك سیستمێکی تایبەت بەخۆی دەبێت، لەناخیدا بە توانستێکی تایبەت بارگاوی دەکرێت، تەرزێکی دیاریکراویش لە ئەزموون پەسەند دەکات. ئەمەش لەڕێگای کێشە عەرووزەکانەوە دەستنیشان دەکرێن. پێویستە ئەو ڕاستییە پێکهاتەییە فەرامۆش نەکرێت، کە کێش بە بابەتی مۆسیقای شیعر دادەنێت. لە ڕاستیشدا، ناتواندرێت ئەو بابەتە بە زیندوویی ڕابگیرێت ئەگەر ڕۆحێکی تیا نەئاخنێت.

ڕیتم ڕایەڵەکانی ڕۆحی کێشە، بە پێتێنراوی لە منداڵدانی ئەزموون و کێش لەدایك دەبێت. قەسیدە لەڕێگای کێشەکانەوە ئاشنایەتی لەگەڵ بەرانبەر (خوێنەر، بیسەر) پەیدا ناکات، بەڵکو ئەو ئاشنایەتی و تێکەڵبوونە، چەقی بازنەکانی ڕیتم دروستی دەکەن، ڕیتم لە پڕۆسەی گەیاندندا نوێنەر و ڕابەرایەتیی کێش دەکات.

ئەو هاوبەندی و پێڕەوە، لەلای شاعیرانی تازەگەری و هاوچەرخدا، بە ئاراستەیێکی دیکەی فراوانتر دەڕوات، بنەما و بناغەی ئەم ئاراستەیەش فراوانبووی قەڵەمڕەو و هەمەچەشنەیی ئەزموونی شیعری هاوچەرخە، کە زیاتر بەناو قووڵایی لێڵی و دەلالەتدا شۆڕ دەبێتەوە، بۆ مەبەستی واتا و دەلالەت، ناوەندگەلی لەخۆ دەگرێت و هەموو

(1) S. H. Burton, Longman, The Criticism of Poetry, London, 1977, p.16.

سنووره‌كانیش ده‌به‌زێنێت. بۆ ئه‌م ئامانجه‌ش زیاتر گرنگی به‌ جیهان و سروشتی ناوه‌وه‌ی قه‌سیده‌ ده‌دات و ڕه‌هه‌نده‌ ڕیتمی و ده‌لالییه‌كان له‌ ئامێز ده‌گرێت، سیستمی بونیاتی پێكهاته‌ی مۆسیقا له‌به‌رچاو ده‌گیرێت و ده‌بێته‌ كار و پرۆسه‌ی داهێنان. قه‌سیده‌ له‌ڕۆحی زیندووی هاوچه‌رخ و ڕیتمدا هه‌ڵده‌كێشرێت.

## (٢) پێكهاته‌ی مۆسیقا له‌ شیعری نوێ و هاوچه‌رخی كوردیدا

شیعر ناوه‌ندێكی واقیع و ژیانه‌. هه‌رچه‌نده‌ ئه‌م ناوه‌نده‌، له‌ چه‌قی جیهانێكی سه‌ربه‌خۆی پڕ له‌ ڕایه‌ڵی زماندایه‌، به‌ڵام پێوه‌ندییێكی دیالێكتیكی هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ سروشت و یه‌كه‌كانی سروشتدا و گوزارشت له‌واقیعیان ده‌كات. بۆیه‌ گۆڕان له‌ واقیعی بوون و سروشتدا، شیعریش لێی دانابڕێت و له‌گه‌ڵ گۆڕانكارییه‌كاندا هاوڕێك و هاوته‌ریب ده‌بێت.

له‌ ماوه‌ی (٢٥) ساڵی ڕابردوو، هه‌ستكردن به‌ گۆڕانی فۆرم و چوارچێوه‌ی شیعر پێگه‌یشت، زۆر هه‌وڵ و هه‌نگاوی دڵكاری له‌م گۆڕانه‌دا به‌شدار بوون. گۆڕانی شیعر گۆڕانێكی سه‌رپێیی و ڕووته‌ختی نه‌بوو، به‌ڵكو له‌ ڕێگای زمانه‌وه‌، له‌ ناوه‌رۆكدا گۆڕانێكی ناخی و گشتگیری بوو. له‌ شیعردا بونیات و واتای ده‌لالیی تازه‌ پێكهات، یان به‌واتایه‌كی تر، ئه‌م گۆڕانه‌ پڕ له‌ ڕه‌گه‌ فۆرم و ناوه‌رۆكی گرته‌وه‌ و هیچ لایه‌كیانی فه‌رامۆش نه‌كرد. ئه‌وه‌ی لێره‌دا پتر مه‌به‌ستمانه‌ لێی بدوێین، ئه‌و مۆسیقایه‌یه‌ كه‌ سیفه‌تی نوێیی و تازه‌گه‌ری به‌ زمان و شیعر ده‌به‌خشێ. له‌ ڕاستیدا گۆڕان له‌ شیعر و مۆسیقای شیعر، به‌ حاڵه‌تێكی كتوپڕ نه‌هاتۆته‌ ئاراوه‌، به‌ڵكو ماوه‌یه‌كی باشی پێویست بووه‌، تاوه‌كو ئێستاش حاڵه‌تی ته‌واو پێگه‌یشتنی پێویستی به‌كات هه‌یه‌، چونكه‌ شیعر كه‌ ڕۆحه‌كه‌ی مۆسیقایه‌، ئه‌و بوونه‌وه‌ره‌ زیندووه‌یه‌ كه‌ هه‌میشه‌ له‌ تەكان و به‌ره‌وپێش چووندایه‌. به‌رهه‌مه‌كانی شیعری هاوچه‌رخ، به‌ها و نرخ بۆ گۆڕان و دیارده‌ تازه‌كان و هه‌وڵه‌ هونه‌رییه‌كان داده‌نێن.

هه‌وڵی ڕاسته‌قینه‌ ته‌نیا بۆ ئه‌وه‌ نه‌بووه‌ شاعیران له‌ ڕێچكه‌ی میتۆدی شیعری كلاسیك دوور بكه‌ونه‌وه‌، یان هه‌وڵ بده‌ن وه‌ك شتێكی بابه‌تی و ئاسایی، دژ به‌ جه‌مسه‌ری كۆنی شیعر، جه‌مسه‌رێكی دیكه‌ به‌ده‌ر له‌كێش و سه‌روا بۆ شیعر دروست بكه‌ن، به‌ڵكو هاندانی سه‌ره‌كی و بنه‌مائاسا بۆ ده‌ره‌تان و حاڵه‌تی ده‌روونی و هه‌ستی

شاعیر، مۆسیقاییێکی ڕێك و گونجاو دابهێندرێت. تا قەڵـەمڕەوی زمـان و دەلالـەت و داهێنانی شـاعیر فـراوانتر بکـات. بـەو پێودانگـە، تێکـڕای قەسـیدە وەك وێنـەیێکی مۆسیقای تەواو لە چەند ئاوازێکی وەکیەك و لێکجیاواز، لەبەرچاو دەگیرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لە ئەنجامدا دەبێتە جۆرێك لـە ڕیـتم و لەگـەڵ هەسـتی (Feeling)ی هەستی شاعیردا دەگونجێت. لەبارترین دەروازەی دەربڕین والاّ دەکات. لە ڕاسـتیدا هـیچ کردەوەیەکی هونەری نابێت سنوور لەبەردەم هەست و دەربڕین بکێشێت و ڕایەڵەکان لـە چەقی یەك جوغزدا گرد بکاتەوە.

لەبەر ئەوەی مۆسیقای شیعری کۆن بریتی بوو لـە یەکـەیێکی مۆسـیقای گـەڕاوە و دووبارە کراو، یان مۆسیقاییێکی یەك نزمی سەمفۆنیایی (Symphonic) سەرتاسەری، لە بونیاتی هەمە چەشنەیی مۆسیقا بەدوور بوو، بۆیـە (مەبەسـت Purpose) زۆر جـار دەپووکایەوە و ڕامانی ڕاستەقینەی نەدەگەیاند. بەلاّم هەرچی وێنەی بونیاتی مۆسـیقای شیعری هاوچەرخە، لە قەسیدەدا لە (یەکەیـەك)ی پـڕ لـە ڕیـتم و ئـاوازی هەمـە جـۆر پێکدێت، دەبێتە وێنەییێکی مۆسیقای بارگاوی بە تێگەیشتن و تێر بەمەبەست، دەلالەتی هەست دەگەیەنێت و خوێنەر بەرەو قوولاّیی واتا دەبات، بەبێ ئەوەی لەم دیتنکارییـەدا تووشی ئاستەنگ و بەربەست بێت.

بناغـەی مۆسیقای شیعری هاوچەرخ، بریتییە لـە بونیـاتی ڕیتمـی تایبـەت و بـە حاڵەتی هەست و شعوری شاعیر دەبەسترێتەوە. ئـەم حاڵەتـەش لـە وێنـەیێکی درووژاو (مهوش) ڕەنگ ناداتـەوە، وەك ئـەوەی لـە شـیعری کۆنـدا بـەدی دەکـرا، بـەڵکو ئـەم مۆسـیقایە لـە وێنـەیێکی تـەواو گونجـاو بـە حاڵـەتی هەسـت و شـعووری تایبـەت دەنگدەداتەوە، دەبێتە ناوەندێکیش بۆ ئەوەی خوێنەر لە قالبی هەست و شعووری خۆیدا بیگونجێنێت و بێ ئاریشە لەگەڵیدا بەردەوام بێت.

ئەوە جوانناسی پێکهاتەی تازەی مۆسیقای قەسیدەیە، کە بەتەواوەتی لە مۆسـیقای قەسیدەی کۆن جیاوازە، بەلاّم ئەم جیاوازییە بۆ هەریەکـەیان دەلالـەت لـە تایبەتمەنـدی دەکات، لاسەنگی و ناڕێکی ناگەیـەنێت، چـونکە هـەروەك چـۆن مۆسیقای شـیعر لـە قەسـیدەی کۆنـدا، خۆشـی و چـێژێکی تایبـەتی خـۆی هـەبوو، مۆسـیقای شـیعری هاوچـەرخیش، چـێژو خۆشـیێکی تایبـەتی خـۆی هەیـە. پەسەندبوونیـشیان توانـستی قایلبوونە بە چییەتی هونەری هەریەکەیان. ئێستێتیکایی لـە هەریەکەیانـدا ئامـادەیی

پەسەندبوون یان ڕەتکردنەوە دەبێت. سەرەڕای ئەمەش، بۆ حاڵەتی یەکەم، بوونی بڕوا بە فەلسەفەی هونەری تـازە و گـۆڕان، گەشـە و پێـشکەوتنی زمـان، پەیگـەی فـراوانتر و چەسپیوتر دەکات.

کێش و سەروا دوو بنەمای سەرەکیی شیعرن (هاوچەرخ)، هەر وەك لە شیعری کۆندا، ئەندازە و پێوەری ناسنامەی شیعر بوون، چونکە ئەم دوو بنەمایە، بناغەی جوانـسازیی (Aesthetic) تازەیی شـیعری نـوێ و هاوچـەرخن. بـەلاّم لـە قەسـیدەی هاوچـەرخدا، سنووری تەسکی پێڕەوگەلی وەلاوەنراوە، گۆڕانێکی بنـەڕەتی و نـاخی لـەم دوو ڕەگـەزە کراوە، بەو مەبەستەی لە بونیاتدا وێنەیێکی تازە بە دەست بێت. بەبێ کـێش و سـەروا ئێستێتیکای شیعر نامینێت. سیفەتی بەهارمۆن بوون لەناودەچێت. بوونی هەردووکیان لە قەسیدەی هاوچەرخدا، ناوەندێکی شیعری دوور لە ئاخاوتنی ئاسـایی یـان ڕێکخـراو پێکدێنن. ئەو ڕا و بۆچوونانەی باس لە نەبوونی ئەم دوو ڕەگەزە لە شیعری هاوچـەرخی کوردی دەکەن، بە هەڵەچوون و لە چییەتی ناخی ئەم حەقیقەتـە نەگەیـشتوون، بوونیـان دیاردەییێکی هەستی بێ گومانە، چونکە: ((شیعر بـــەر لـەوەی ڕێبـازێکی ئێـستێتیکا بێت، ڕوودا‌وە. بۆیە دەبێت وەك پێویست کێش و سەروای هـەبێت))[1]، قەسیدەش بەبێ هیچ ئـەسـتەنگێك، پێـوەنـدییێکی ئۆرگانیکی بەم دوو ڕەگەزەوە هەیە.

ئەگەر بەوردی توێژینەوە لە شیعری هاوچەرخ بکرێت، دەبینـدرێت دیـاردەی کـێش و سەروا، نە فـەرامۆش کـراوە نـە ڕەتیـشکراوەتەوە، بـەڵکو بـۆ گوزارشـتکردن گـۆڕانی بەسەرداهاتووە و شاعیر سەربەستتر دەکات. شاعیر لە ڕێگای ئەو گۆڕانە جەوهەرییەدا، هۆشـیاری و هەڵـچوونی دەروونـی و دەسـەلاّتی زمـانی لەگـەڵ دەربـڕین و گوزارشـت هاوتەریب و هاوڕێك دەکات. ئەم ڕاستییە بە دەربازبـــوون لە بەندەکانی کێش و سەروای کۆن بە ئـەنجام دەگـات. چـونکە ناسـاندنی شـیعری نـوێ و هاوچـەرخ، بـەپێی بـوونی بنەمایەکانی کێش و سەروا، لە تەك بنەما شیعرییەکانی دیکـە، سروشـت و خاسـیەتی پێکهێنانی شیعر دیاری دەکات، لە ژانری دیکەی دەقی ئەدەبی جیای دەکاتەوە: (( ئەو هۆنراوەیەی کە پێی ئەڵێن (هۆنراوەی ئازاد) یـا (هـۆنراوەی سەربەسـت)، ناوەکـەی پـڕ

---

(١) الدكتور عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر (قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية)، ط: ٥ دار العودة، بيروت، ١٩٨٨، ص: ٦٥.

بەپێستی خۆی نییە، چونکە هۆنراوە ئەگەرچی گوزارشت دانەوەیەکی ڕاستەقینەیە لە ویژدان و لەو سۆزەی کە لە دڵی هۆنەردا پەیدا ئەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لە کاتی دەربڕینا هەندێ نیشانە و دروشم جۆرە ساز و ئاوازێکی هەر تیا بمێنێ، کە لە پەخشان دایببڕێنێ چونکە ئەگەر هۆنراوە لە هەموو ئازاد بکرێ لە کێش و سەروا و داڕشتنی هونەرییەوە، مانای وایە ئەبێ بە پارچەیەك پەخشان))[1].

شاعیری هاوچەرخ لە کاتی نووسینی قەسیدەدا، بە هیچ جۆرێك پابەند و گوێڕایەڵی جۆرە تایبەتمەندییێکی نەگۆڕی بەیتی دوو باڵی یان ژمارە پێیەکانی (تفعیلات Measure) یەکسان و هاوڕێکی ئەم دوو باڵە بەیتیە نابێت. هەروەها لە کۆتایی بەیتەکانیشدا، پابەندی باس و دەربڕینی دووبارەکراو یان هەمەڕەنگی سیستمێکی نەگۆڕ نابێت. بەڵکو دەلالەت و واتای دەلالەت، بەگرنگتر وەردەگرێت و پتر ئاوڕ لە دەربڕین و ڕامان دەداتەوە.

لە شیعری هاوچەرخدا، وێنەی بونیاتێکی تازە بەدی دەکرێت، مەبەست لە وێنەی پێکهاتەی نوێدا، وێنەییێکی ڕیتمی بۆ حاڵەتی هەست و شعوور دروست بکرێت، چونکە کێش، کار و وەزیفە و وێنەی ڕیتمە و بەشێکیشە لێی. کەواتە پێش مۆسیقا و شیعر، ڕیتم بە دیاردەکەوێت و لەبەرچاو دەگیرێت[2].

شاعیرانی کوردی هاوچەرخ، بە کاریگەریی شاعیرانی تازەگەری و هاوچەرخی عارەبی، بۆ درێژە پێدان و بەردەوامبوونی ڕۆحی نوێکردنەوە و گۆڕان لە شیعردا، زۆر بە دڵکاری ئەم مەسەلەیان وەرگرتووە. بەڵام چونکە زمانی کوردی زمانێکی ڕیتمی و پڕ لە ئاواز نییە، بۆیە قورسترین ئەرکی هونەری، لە هەوڵی پێکهێنانی بونیاتی قەسیدەی تازەدا، چۆنێتی دروستکردنی زمانی ڕیتمی پڕ لە دەلالەت بەخشین دەبێت، بەبێ ئەوەی کێش و سەروا ڕەت بکرێنەوە. گونجاوترین چارەسەری ئەم ئاریشەیەش، تێکشکاندنی یەکێتی مۆسیقای بەیتە، کە بە تەواوەتی دەسەڵاتی بەسەر هەناسە و وەستاندا هەیە. ڕەنگبێ زۆر جار ئەم هەناسە و وەستانە، لەجێی مەبەست و بۆ مەبەستی دیاریکراو

---

(١) عەزیز گەردی، هۆنراوەی کوردی و عەرووزی عەرەبی — ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ: ٢٥، ساڵی دووەم، ١٩٧١/٧/٢٤، ل: ٣.

(٢) بڕوانە: حاتم الصگر، مالاتۆدیه الصدفة، ص: ١٢.

نەبێت، بۆیە شاعیر دەیەوێت و کار بۆ ئەم کردەوەیەش دەکات، کە مۆسیقا و حاڵەتی دەروون و هەناسە و وەستان و هەڵوەستە، لەو شوێنە جێبەجێ بکرێت کە شەپۆلەکان بۆی دەجوولێن، جوولەیەکی خێرا و بێ وەستان و بێ کۆتایی دیاریکراو. لەگەڵ ڕێڕەوی بەیت و کۆپلەدا دەڕوات، تا کۆتایی و مەبەست نەگەیەنێت، تووشی هیچ یاسایەك و تخووبێکی دیاریکراو و دامەزراو نابێت. لەم حاڵەتانەدا: ((ئاخاوتن و وشەکان) هەڵگری ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییە دەبن، کە بۆ زمان پێکهاتەیەکی شیعری دروست دەکەن، ئەمەش، خاسیەتی کێش دەگەیەنێت))(1). هەموو دێڕ و بەیتێك لە قەسیدەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چ کورت، چ درێژ، هەوڵدەدات لەگەڵ فۆنەتیك و جوولەی پێیەکان و بڕگەکاندا، گونجاندن و ڕێکسازیی دروست بکات، بە مەرجێك ژمارەی پێیەکان و بڕگەکان لەهەر دێڕ و وێنە و کۆپلەیەکدا، ئەگەر پێویستی بە گۆڕان بوو، دەگۆڕدرێن و مەرجی دووبارە بوونەوەی هەمان ژمارە بەدی ناکرێت و پێڕەو ناکرێت:

**ئەستێرەی ڕۆشنی گیانت،**
**بەلای ئاسمانی شارەوە غەریب دیارە**
**کێیە وەك تۆ بەسەر دڕکا بنێ هەنگاوی ئاوارە**
**ساغ نەماوە**
**هەموو ئەوەی کە دەیبینی**
**دیلی قەفەزی شتێکی دەستەڵاتدارە** (2).

کاری تازە لەم قەسیدەیەدا، شاعیر هەوڵیداوە لە ڕێگای ڕیتمی مۆسیقاوە، بەبێ ئەوەی بچێتە ژێرباری یاسای بڕگەسازی و یەکسانی ژمارەی بڕگەکانەوە، دەربڕین ئەنجام بدات، بڕگەی (٨، ١٢، ١٦، ٤، ٨، ١٣ ...)ی بەکارهێناوە. سەرەڕای ئەمەش، ڕەگەزی ڕێکی دەنگ کە پێیەکان دەستنیشانی دەکەن، سیفەت و خاسیەتێکی مۆسیقای ناخی دادەهێنێت، کە بریتییە لەو ڕیتمە چالاکەی کە هەستان و جوولە و هەڵوەستە لەگەڵ حاڵەتی دەروونی و هەستی ڕێکدەخات.

---

(١) الدکتور عزالدین اسماعیل، الشعر العربي المعاصر (قضایا وظواهره الفنیة والمعنویة)، ص: ٦٦.

(٢) ئەنوەر قادر محەمەد، زریان و زایەڵە و زنار، چ: ١، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە، زنجیرە (٢٧٤)، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل: ١٨٩.

ئەگەر بەوردی سەرنج لەقەسیدەی هاوچەرخی کوردی و کێشەکەی بدەین، دەبینین هەمان کێشی قەسیدەی کۆنە، بەڵام لە پێکهاتەیێکی تازە و جیاواز دایە، چالاکترین و زیندووترین بونیات بەرچاو دەکەوێت، ئەویش ڕیتمە.

ڕیتم، ئەو کێشەیە لە قەسیدەدا توانستی داهێنانی دەبێت: ((ئەزموون، ئەو کێشە دیاری دەکات و هەڵیدەبژێرێت کە لەگەڵ سروشت و خاسیەتیدا بگونجێت))[1]. مۆسیقای شیعر لە ناخی قەسیدەدا، تەنیا وەك دەنگ نابیسترێت، بەڵکو حاڵەتێکی هێمنی دەروونی و ئاسودەیی بە خوێنەر یان بیسەر دەگەیەنێت، لە هەناسە سواری و نیگەرانی ڕزگاری دەکات.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کێشی شیعر و مۆسیقای شیعر لەیەکتر جودا ناکرێنەوە و هەمان باس هەڵدەگرن. ناوەندی کێش، لە ڕایەڵەکانی مۆسیقا و ڕیتم پێکدێت، بە تایبەتیش: ((ئەگەر هەستمان کرد و بۆمان دەرکەوت کە کێش، زانستی مۆسیقای شیعرە، پێوەندییەکیش بە یەکیان دەگەیەنێت، لە دەرەتانی دەنگ و فۆنەتیکدا خۆی دەنوێنێت))[2].

مۆسیقا لە قەسیدەدا، بۆ جیهانی بڕگەسازیی کورت و درێژی جیاواز یان: ((چەند دانەیەکی دەنگی دیاریکراو لەسەر ڕەوتێکی دەستنیشانکراو دەگەڕێتەوە بێ گوێدان بەسەرەتا یان کۆتایی وشەکان، پشت بەدابەشکردنی ڕستە دەبەستێت، جگە لەمە بەگوێرەی عەرووزیش، هەر بەیتە شیعرێك بە فەرامۆشکردنی بەرایی یان دوایی وشەکان، بۆ چەند دانەیێکی دەنگی دیاریکراو یان چەند بڕگەیەکی دەنگی، کە بە پێ ناسراوە، دابەش دەکرێت))[3]. ئەمە دەبێتە پێوەرێك بۆ نیشاندانی تایبەتمەندی مۆسیقای شیعری هەر میللەتێك، چونکە زمانی هەر میللەتێك خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە شیعریش لای هەر میللەتێك سیستمێکی مۆسیقای

---

(١) بارتون جونسون، دراسة يوري لوتمان ـ البنيوية للشعر، ص: ١٥١.

(٢) د. عبدالعزيز عتيق، علم العروض والقافية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٤، ص:١٢.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٢.

دیاریکراوی خۆی دەبێت، بەپێی خاسیەتە دەنگە تایبەتییەکانی ئەو زمانـە دەستنیشان دەکرێت[١].

لە قەسیدەی هاوچەرخدا جگە لـە شـاعیر، ئەسـتەمە بتوانـدرێت کۆتـایی بـۆ بەیت و کۆپلە دەستنیشان بکرێت. ئەوکاتەی حاڵەتی دەروونی و هەسـتی شـاعیر لەهـەر شـوێنێ ئـارامی گـرت، کۆتـایی ڕادەگەیـەنێت. بـۆ نموونـە شـیعری ((چاودێری))[٢]، ڕاستی بۆچوونەکەمان بەدیار دەخات:

**هەموو دەمە و ئێوارەیەك**
**وەکو شنەی گوڵەگەنمی تازە فەریك**
**خۆی دەخستە باوەشی ڕێیەکی تەریك**
**لە دووندێکی دوور ئاوایی بە تەنها خۆی دەبینیەوە**
**لەم ئاوەدانییە دادەبڕا و**
**لە کتێبی ژینی ئێستای خۆی دەبۆوە**
**لەگەڵ ڕابردووی خۆی دەژیا**
**بەیاد و ئازاری زۆری ڕۆژانی زووی دادەچۆوە**
**زۆر کەڕەتان هەتاوی لێ ئاوا دەبوو**
**دەخزایە نێو تاریکی کەڤر و درەختان**
**گازەرەی پشتی ڕوودەچوو**
**لە زەنوێری خوناو پەخش و**
**---**

لەبەر نەبوونی دیاردەی نەگۆڕیی لە کۆتایی هـەر بـەیتێکی قەسـیدەی هاوچـەرخدا، گرفتی سەروا بەدیار دەکەوێت. شاعیر واز لە سەروا ناهێنێت، وەناشبێت دەسـتبەرداری بێت، بەڵام دەبێت و دەتوانێت واز لە دەنگی دووبارەکراو و دیاریکراو لـە کۆتـایی هـەر بەیتە شیعرێك یان کۆپڵەیەك بێنێت. شاعیر گۆران لە سـەروای کـۆن دەکـات، دەیخاتـە حاڵەتێکی گونجاوی پڕ لە مۆسیقاوە، یان بۆ مەبەستی لاسەنگ نەبوون، هەمەچەشنەیی

(١) گۆران، لە هەڵبەستا (کێش)، ڕۆژنامەی ژین، ژ ١٨، ساڵی یەکەم، ١٩٧١/٤/١٥، ل:١
(٢) کەریم دەشتی، سیفری ئاگر (شیعر)، چ: ١، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك، ٢٠٠٥، ل: ٦٩.

له سەروا بەکاردەهێنێت، کۆتایی هەموو شەپۆلەکانی مۆسیقا، له قەسیدەی هاوچەرخدا بەسەروا دادەندرێت. هەڵوەستەی هەناسـه و دەروونـی هەڵـچوو تێیـدا ئـارام دەگرێـت. کەواته سەروا له شیعری تازه و هاوچەرخدا، بریتییه له: ((دواین هەڵوەستەی مۆسـیقای هەر بەیته شیعرێك، که لەلایەنی ڕیتمەوه کۆتایی ئەو بەیته دیاری دەکـات))[1]. ئەمـه له قەسیدەی تازەدا، ئاڵۆزی سـەروا و بـەهای سـەروایه. سـەروا لـه قەسـیدەی کۆنـدا، پێویستی به زمانپاراوییێکی زمانی هەبووه، دەبوایه لەلایەنی فەرهەنگـەوه، شـاعیر پـڕ توانست و هۆشیاریی زمانی بێت، زۆر جار شاعیر بەر لـه نووسـینی قەسـیده، بـەدوای سەروا و بنەماکانی سەروادا گـەڕاوه. ئـەم دیاردەیـەش دەبـووه هۆکـاری پووکانـەوەی مەبەست و ئاستەنگی واتای ڕاستەقینه گەیاندن. بەڵام سـەروا لـه شـیعری هاوچـەرخدا، پێویستی بەدوادا گەڕانی وشه و دەنگی زمانی و تێکخزانـدنی هاوسـەنگییان نییـه، بـۆ ئەوەی یەك شێوەیی یان یەك کۆتایی یەکگرتوو پێی بسازێت، بەڵکو شـاعیر سەربەسـته له زماندا هەر وشەیەك بۆ سەروا بـەکاربهێنێت و بـەبێ ئـەوەی دووبارەشـی بکاتـەوه، بەمـەرجێك واتـای مۆسـیقا و واتـای مەبەسـت بگەیـەنێت. سـەروا لـه قەسـیدەی هاوچەرخدا، کۆتایی هەر بەیته شیعرێکی پـڕ لـه مۆسـیقا و ڕیـتم و مانایـه. چـونکه مۆسیقا ڕۆحی زیندووی گوزارشتکردنه.

قەسیدەی هاوچەرخی کوردی، جەستەیەکی پڕ لـه هەڵوەسـتەی ئـارام بەخـشه، ئـەم هەڵوەسـتانەش لـه نـاخی مرۆڤـدا، ڕاسـتەوخۆ پێوەنـدی بـه بنـەماکانی دەروونـی و فیسیۆلۆجییەوه هەیه، هەناسـەی ئاسـایی و هەناسـه بڕکێیـی، پێـوەری بـەردەوامی و ئاسایی و ئاڵۆزی دەگەیەنن. ئەگەر شەپۆلەکانی مۆسیقا، به ئاستێکی ئاسـۆیی لەگـەڵ هەناسەدا هاوتەریب بوون، ئەوا هیچ گرفتێك نایەتـه پێـشەوه و هەسـت بەحەسـانەوه و ئارامی مۆسیقایەکه دەکرێت. هەمان حاڵەتیش بۆ باری دەروونی ڕاسـتەقینەی بونیـاتی قەسیدەکه ڕاسته، کاتێك له کاتی خوێندنەوەی ڕستەکاندا، ڕێکی دەنگ و ڕیتمی گونجاو له پێشبینیدا خۆیان نواند، به واتایەکی دیکه، ئەوەی پێش خوێندنەوه پێشبینی دەکرێ و ئەوەی له کـاتی خوێندنـەوەدا ڕوودەدات هاوسـەنگ بـوون، ئاسـوودەیی بـه خوێنـەرو سەلامەتی قەسیدەکه دەگەیەنێت. بەڵام ئەگەر ئەم هاوسەنگییه هەستی پێ نەکرا، جۆره

---

(١) د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر (قضاياه وظواهرهُ الفنية والمعنوية)، ص: ٦٧.

ناڕێکییەك و بێزارییەك دێتە ئاراوە، زۆرترین هەوڵی دەروونی بۆ خۆ ڕاهێنان و گونجاندن دەدرێت، چونکە لە قەسیدەکەدا ڤالای بێزاری بەدیار دەکەوێت، لە کۆتاییدا ئەم بێزارییە دەبێتە سەرچاوەی وازهێنان.

شیعری هاوچەرخ، ناوەندێکی مۆسیقای شیاوی پڕ لە هەستە، هەموو جوولە و شەپۆلەکانی بە تەرازووی پێوان هاوسەنگ دەکرێن، پڕاوپڕن لە گونجان و ڕێکی. هەموو بزاوتنێکیش هاوبەندییێکی ئۆرگانیکی بە ڕیتمی دەبەستێتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش، تێکڕای لڤینەکان ڕایەڵەکانی ئاواز ڕێکیان دەخات، لەگەڵ هەست و هەستیی شاعیر هاوسەنگ دەبن. واتا سەرجەم جوولەکان لە ڕێگای ڕیتم و دەلالەتی توون و ئاوازەوە، چەقێکی جێگیر لە ناوەندی هەستی شاعیر داگیر دەکەن. هەرچی وەستانەکانە، کە پێیان دەگوترێت (سەروا ـ Rhyme) دیاریکردنی جێگا و دەنگە ڕیتمییەکانیان، کارێکی زۆر زەحمەت و پڕ لە ئاڵۆزییە، لەسەر توانست و کارامەیی شاعیر ڕادەوەستێت. جگە لەمەش لە تایبەتمەندییێکی شیعری ئازادی هاوچەرخ و نوێدا: ((جیاوازی لەگەڵ بەیتە درێژەکانی موەشەحاتدا هەیە، بەڵام سوودی لێی بینیوە. بۆیە شاعیرانی نوێ، نەك هەر بە تەنیا لە سەروای سنووردار ڕزگار دەبن، بەڵکو لە دوا پێی باڵی ڕاست (عروض) و دوا پێی باڵی چەپیش (ضرب) دووردەکەونەوە، کە لە شیعری ستوونییدا زۆرترین مۆسیقای گونجاو و پشوودان گرت دەکەنەوە، کارلێکردن و کاریگەریی بوون لە پێیەکانی ترەوە، جگە لە (عروض) و (ضرب)، کە بە (حشو) ناسراون، ڕوودەدات))[1]. ئەگەر ئەم دیاردەیە نەبێت، ڕەنگبێ لە کاری داهێنان و بونیاتی قەسیدەدا سەرکەوتن بەدەست نەیەت. ئەوەی زیاتر پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت ئەوەیە، کە بونیاتی قەسیدەی کوردی هەر چۆنێك بێت لەکاری داهێنانی هاوچەرخدا، کە کار و پرۆسەیێکی هونەرییە، لەناخیدا یەکە و هاوسەنگ بوون و هاوڕێکی پەیگانن، بۆیە باس لەو لایەن و ڕەگەزانە ناکەین، کە دەرەتانی ئاڵۆزی لە ناوەرۆکی شیعر دروست دەکەن. چونکە پێویستە ئەو ڕاستییە بدرکێندرێت، کە شاعیری کۆن خەمی دروستکرن و بونیاتی دێڕە شیعرێك بە باڵی ڕاست و

---

(١) الدكتور صَفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ط: ٤، مطابع دار الكتب في بيروت، بيروت، ١٩٧٤، ص: ٤٠٩.

چەپیەوەی لە ئەستۆ دەگرت، بەڵام شاعیری هاوچەرخ، هەر لە بەرایی کاری نووسیندا، کار بۆ بە ئەنجام گەیاندنی سەرپاکی یاسای قەسیدەکە دەکات. کارکردن بۆ بونیاتی قەسیدەی هاوچەرخ، کارێکی گشتییە و گۆشەکانی دابەشکردن یان کاری بەش بەشی لە خۆ ناگرێت. بونیاتنانی بینای مۆسیقای قەسیدە، پانتایی تەواو داگیردەکات و شاعیر بۆلای خۆیدا پەلکێش دەکات، ئەویش لە ناوەرۆکدا واقیعی وێنەییێکی پڕ لە هەستە و سەرتاپای هەست و نەست دەجوولێنێت و بونیاتی شاراوەی دەلالەت بە سەرواشەوە دەگەیەنێت.

لە قەسیدەی هاوچەرخدا، هەوڵەکان بە سیستمێکی نەگۆڕ بە بەیت (دێڕ) و سەروا نابەسترێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆحی قەسیدەی کۆن لە ناویدا هەر زیندووە، بەڵام قاوغە تەسك و بەرزەفتکراوەکان، گۆڕانیان بەسەردا دێن، گۆڕانیش گشتگیرییە و ناوەرۆك و فۆرم دەگرێتەوە. شیعری کۆن لەبەر سەرکەوتووبوونی بە هۆکاری هەندێ بنەمای سیستمی و یاسایی نەگۆڕ، بە جۆرێك کاریگەری دەگەیاند کە هەردەم خانەکانی بەرپرسی تایبەت، مێشکیان چالاك دەکرد و هەمیشە بە ئایۆنی ئەزبەرکردن و لەبیر نەچوونەوە بارگاوی دەبوون. شیعری هاوچەرخیش، هەوڵدەدات ئەو ڕۆحە بەزیندوویی بهێڵێتەوە، چونکە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی جوانسازیی شیعری کۆنە، سەرەڕای ئەمانەش، ناوەندی قەسیدەی هاوچەرخ، بە دەلالەت یەکسانە و هەوڵی دڵکاری ئەم دیاردەیە بنەمای بونیاتی قەسیدەیە. بۆیە ڕۆحێکی تر ـ جیا لە ڕۆحی شیعری کۆن، تێیدا ڕەنگدەداتەوە و مەسەلەکانی تەنسیش، هۆکاری کاریگەر بوونن:

**توانەوە لە یەکتردا**(١)
**هەندێ جار خەون دەچێتە بن باڵی مەلێك**
**کە دەفڕێ**
**لە سەرەوەڕا دەبینێ**
**گەردوون هەمووی**
**بەدار و بەرد و ئاویەوە**

---

(١) دلشاد عەبدوڵلا، مانگی نیوە مۆر (شیعر)، لە بلاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل: ١٠٨ـ١٠٩.

به هەور و ئەستێرە و مانگیەوە و
بەساڵ و ڕۆژ و ساتیەوە
چۆتە ناو پێستی ژنێك و
دەست هەڵدەبڕێ بنیشێتە ناو لەپیەوە
هەندێ جار ژنێك دەچێتە ناو لۆچی
خەیاڵ و نووسین و حەرفەوە
هەموو شتێك پڕ دەبێ لە سیمای
هەموو شوێنێ پڕ دەبێ لە بۆنی
هەندێ(*) جار ...
سەرم سوڕدەمێنێ کامیان،
جیهانە و کامەیان لەشی ئەو ژنەیە
کە خۆشم دەوێ

ئەم شیعرە لە درێژی و کورتی بەیتەکان، یان باشترە ئەگەر بڵێین لە ژمارەی بڕگەکان، هەست بە جیاوازییان دەکرێت، بەڵام هەر دێڕێك کۆتاییەکەی بە مۆسیقایەکی ئاسوودەبەخش دێت، بە تایبەتیش ئەو دێڕانەی کە لە ژمارەکانیاندا، چ جووت چ تاك، وەك دێڕی (١)، (٢)، (٣)، (٤).. ئەو پەڕی هاوسەنگی مۆسیقایان ڕاگرتووە، ئەگەرچی لە وێنەی شیعری دێڕی شەشەمدا، تۆزێك هەست بە هەناسەتەنگی، لەبەر بەرزی و نەگونجانی لەگەڵ وێنە شیعرییە ڕوونکراوەکانی بەیتی (٥،٧،٨)، کە (٩) بڕگەیە، دەکرێت، بەڵام سەرپاکی ڕێکی قەسیدەکە ئەو لەنگییەی داپۆشیوو.

شاعیر لەگەڵ ئارام بەخشینی مۆسیقایەکەی، هەوڵی نەداوە سەروای یەککگرتوو، یان چەسپیو و یاسایی بکاتە کۆڵەکە، بەڵکو لە ڕێگای سێ دەنگەوە: (ێ، ە (ەوە)، ی)، سەرجەم شیعرەکەی بە کێش و سەروای هاوچەرخ پڕ لە بونیاتی شاراوەی دەلالەت کردووە. ئەم شیعرە دۆنایدۆنە بە ڕۆحی قەسیدەی کۆن، بەڵام ئەوپەڕی دەسەڵاتی زمان و توانستی باشسازی و جوانسازیی بنەمای شیعری هاوچەرخی کوردی تێدا بەکارهاتووە، ڕۆحی کۆن پووکاوەتەوە، لە شوێنی ئەودا ڕۆحی هاوچەرخێتی شیعر چەکەرەی کردووە.

(*) لە دیوانەکە نووسراوە (هەنجێ) دیارە هەڵەی چاپە.

ئەگەر بەوردی سەرنج لە قەسیدەی هاوچەرخی کوردی بدەین، دەبینین سەرتاپای گونجاوی مۆسیقا، زمانی قەسیدەکەی داگیر کردووە، ڕۆحی مۆسیقا بونیاتی ناوەوەی قەسیدەی هاوچەرخە، هەر ئەو ڕۆحەش، زمانی شیعر دەکاتە دەنگ و بەدیاری دەخات. مۆسیقا لەناو قەسیدەدا دەنگدەداتەوە و سەداکەشی خوێنەر دەهەژێنێت. بۆ ڕوونکردنەوە، قەسیدەی ((ئالۆزبوونی خەونەکان))[1]ی جەلال بەرزنجی، بە نموونە دەهێنینەوە:

**کت و پڕ ناخم گران بوو**
**دەمارەکانیشم شل بوون**
**ڕووناکییە شەپڵە لێدراوەکانی ڕوحیشم**
**هیچیان لە بارەی خۆیانەوە وەبیر نەما**
**ئابلوقە دراوم**
**ئابلوقەدرانێکی هەمیشەیی و نەزۆك**
**هەستیشم گرژ بووەوە ناو گەرمایی بۆنکردووی خون**
**لەناو ئەو مێرگە ناوەستم**
**سۆزمی لێ هەڵدەپەنمێ..**
**هەر چەندەیش بمێنمەوە..**
**شتی جاویدانەی لێ ناڕوێ**
**ئابلوقە دراوم**
**ناشتوانم بە دیار ئەم ئەنجامە مۆمیاکراوە بوەستم**
**خەونێك**
**بۆ ماوەییێکی کەمیش بێت**
**لەشم تێك دات**
**سەوزایی دەروونیشم**
**بەسەر سەوزایی سروشت خات**

(١) جەلال بەرزنجی، گەرم نەبوونەوە (دیوان)، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥، ل: ٦ـ ٧ ـ ٨ .

**خوێنی ڕژاویشم**
**پێشوازی ڕووناکییە سەرما لێنیشتووەکان دەکات... هتد**

ئەم یەك بابەتییە، شێوازێکی تازەی پێکهاتەی مۆسیقای قەسیدەکەیە، کاتێك دێڕ و کۆپلـە و وێنـەکان دەخوێنینـەوە، هـیچ چـێژێك یـان تارمـاییێکی کاریگـەری شـیعر و مۆسیقای خورتی کۆنی لێ بەدی ناکەین. هەست بە ئاسوودەییێکی بێ گرفـت لـە نێـوان دێڕەکان و پاش و پێشی کۆپلەکان دەکەین، لە ژێر ڕۆشنایی بڕگەسـازیی هەمەچەشـنە: (٨، ١٤، ١٣، ٥، ١٢، ١٦، ٩، ٥، ٤، ٢، ٧، ٦..)دا، سـەرتاپای مۆسـیقای خـاوی قەسیدەکە ـ کـە خاسـیەتێکی مۆسـیقای شـیعری هاوچـەرخە بونیـات نـراوە، ڕیتمـی ئاوازەکان لەگـەڵ حاڵـەتی دەروونـی و ئـەرکی هەناسـەدان یەکـسان دەبـن. دووبـارە و گەڕانـەوەی (ئابڵوقـە دراوم)، بـە هـیچ جۆرێـك کـاڵ و کرچـی نابەخـشێت، لەلایـەنی دەروونیش پەشۆکاوی و نیگەرانی دروست ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕیتمی گەڕانەوە پەیدا دەکەن، لە حاڵەتی خوێندنەوە بۆ بەدەستهێنانی مەبەست، بە پێویـستی دەربـڕین دادەندرێت.

ئەم پێکهاتە مۆسیقایە، سیفەت و خاسیەتی شیعری هاوچەرخی کوردییـە، ئەمـەش تەنیا بۆ لایەنی هاوسەنگی و ئارامبەخشی نییە، بەڵکو بە بنەمای پێکهاتە و بونیـاتی شیعری هاوچەرخ دەژمێردرێت.

لە ڕاستیدا هونەری شیعری هاوچەرخ، دەکەوێتە سـەر پێکهاتـەی ڕیـتم و مۆسـیقا، شەپۆلەکانی مۆسیقای شیعر، نەك ئەو دەنگانەی کە بەر گوێچکە دەکـەون، دەروون لـە جوولە پڕدەکەن. بەها و نرخی ئەم هونەرە لە شیعری هاوچەرخدا، بە شێوەیەکی گـشتی ڕەنگدانەوەی واقیعی گۆڕانی شـــیعرە، کە شـــیعری هاوچـەرخی کـوردیش لێـی بـێ بەش نییە.

### (٣) **ئاریشەی سەروا** (Rhyme)

لە پێکهاتەی مۆسیقای شیعری هاوچەرخدا سەروا[١] وەك پێشتر بە کورتی نیشانمان دا، بەوێنەی گرفتێك و باسێکی لەبەرچاو گیراو دێتە پێشەوە، لە سیستمی کۆندا بەمەرجێکی بنەڕەتی قەسیدە دادەندرا[٢]، بەلاّم لەگەڵ تازەگەریی شیعر بێ گومان بۆچوون و پێناسەی تازە بەتایبەتی لە قەسیدەی هاوچەرخدا لەبارەی سەروا سەریان

(١) سەروا (قافیە) لە زمانی عارەبیدا، دەلالەت لە: ((وەستان، وەستاندن، بۆ وەستان...)) دەکات. ئەو شوێنەیە پێویستی وەستانی شاعیر دیاری دەکات. کاریگەری دەکەوێتە کۆتایی بەیتی شیعر، زۆرجار لە پەخشانیشدا (سجع) بەدیار دەکەوێت. بەلاّم لە زمانە ئەوروپاییەکاندا، سەروا بریتییە لە: گەڕانەوەی دەنگە لێکچوو و وەك یەکەکان لەماوەیەکی دیاریکراودا، بەزۆریش دەکەوێتە کۆتایی بەیتەکانەوە. وەستان، السجع... لە کوردیدا بە واتای (پاشبەند) دێت. بۆ زانیاری پتر، بڕوانە:

أ) احمد مطلوب، معجم النقد العربي القديم، ص: ١٧٠.

ب) گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ل:٥٧٨.

(٢) پەیدابوون و گرنگیدان بە سەروا، لە لای نەتەوەی عارەبەوە سەری هەڵداوە و هەر لە ڕێگای ئەوانەوە چۆتە ناو نەتەوەکانی دیکە: ((لەکۆندا سەروا بە بنەمای مەرجی دانەندراوە، تایبەتیشە بە نەتەوەی عارەب، نەتەوەکانی کە لەویان وەرگرتووە)) بڕوانە: پرویز ناتل خانلری، أوزان الشعر الفارسي، ترجمة وتعليق: د. محمد نورالدين عبدالمنعم، مراجعة وتقديم: د. عبدالمنعم محمد حسنين، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٨، ص: ١٠ ـ ١١. لەگەڵ لەدایکبوونی شیعر، کێش و مۆسیقا بە دوو کۆڵەگە دانراون، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بونیاتی شیعردا، هەر لە ڕێگا و دەرەتانی ئەوانەوە بووە، سەروا ناوی نەهاتووە، بیر و بۆچوونی وا هەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە شیعر لە بنچینەدا پێوەندی بە سەرواوە نەبووە: ((لە شیعری زمانە دێرینەکانی وەك هند ـ ئەوروپایی، سانسکریتی و یۆنانی و لاتینی، بەنموونە، سەروایان نەبووە، تەنانەت شیعر لە زمانە ئێرانییە ئوستائی و پارثی و پەهلەوییەکاندا بێ سەروا بووە. لە زمانی ئینگلیزی کۆنیشدا، لە شوێن سەروا جارجار جۆرێك لە ڕێکەوتنی پیتەکان (Assonnance) هەبووە)) بڕوانە: پرویز ناتل خانلری، ص ١٠.

سەبارەت بە سەروا و شیعری کوردی، زۆربەی ئەو لێکۆڵەرانەی لەبارەی شیعری کوردی دەدوێن، لەسەر ئەوە کۆکن کە شیعری کوردی لەسەروادا بە دوور بووە، هەندێکیان بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکانیان ئاماژەیان بە سروودەکانی (گاتها)ی زەردەشتی کردووە، چونکە کێشی سروودەکان، لەسەر هیجا دەڕۆن و سەروایان تێدا نییە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە:

أ) علاء الدين سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ل: ١٩٧٩، ل ١٠٦...

ب) د. معروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، مطبعة الوفاء، بغداد، ١٩٦٢، ل:٥٧.... هتد.

هەڵدا. بیری هۆکاری بنەڕەتی و مەرجی ڕێکخستن و یەکشێوەیی دوور خرایەوە، بنەمای ڕەگەزی مۆسیقا شوێنی گرتەوە.

ئەو ناوەند و ڕایەڵانەی سەروا لە شیعری کۆن و کلاسیزمدا هەیبوو، لە چەقی سیستم و ڤالأیەکی جیاوازدا بۆ ناوەند و ڕایەڵی دیکە گۆڕان. ئەم دیاردەیە وەك بنەمای وەلاوەنانی سەروای کۆن، کەوتە کاری جێبەجێکردن. لە ڕاستیدا: ((شیعری نوێ، وەك ڕۆڵ بینینی هونەری لە مۆسیقای قەسیدەدا سەروای فەرامۆش نەکردووە))(١). کەواتە قەسیدەی هاوچەرخ سەروای هەیە، بەڵام چەشن و چۆنێتی هونەری، تایبەت و جیاوازە، پانتاییەکەی لە پانتایی سەروای کۆن ناچێت، چونکە پێکهاتەکەی شاراوەیە و کات و شوێنێکی پڕ لە دەلالەت و تێکچڕژاوی هەیە، هەر هەمووشیان دەکەونە بەر تەلی هەست و ناخی شارەزایی و قووڵیی لێهاتووییەوە.

ئەگەر توێژینەوەی لابوریی (دەنگ) بۆ شیعری کۆن بکەین، دەبینین لەوێدا سەروا بەو جۆرە نییە کە لە لێکۆڵینەوەکاندا ناوی هاتووە، چونکە سەروا وەك یەکەیەکی مۆسیقای وەستاو، لەگەڵ دەنگێکی یەکەی دەنگسازی (فۆرمی دەنگ، پیت)، خاوەن سیفات و بونیات و شەپۆلی فیزیاوی جیاوازە.. بۆیە سەروا دەلالەت لە گونجانی مۆسیقای دوا دێڕو بەیت دەکات، بەمەرجێك لەگەڵ تێکڕای مۆسیقای بەیتەکە بەردەوامی هاوتەریبی هەبێت و شەپۆلەکانی وەستانی هەناسەش، لەگەڵ خاڵی وەستانی مۆسیقاکە، هاوسەنگ بن. ئەم دیاردەیە بنەمای پێکهاتەی شیعری هاوچەرخە. بەو پێودانگە شیعری کۆن لەگەڵ شیعری هاوچەرخدا، لەسیفات و خاسیەتی پێکهاتەی بنەڕەتی یەکسانن. بڕوانە هێڵکاری ڕوونکردنەوە:




هەرچی یەکەی دەنگسازییە، واتە تیپ، دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر مۆسیقای سەروادا دەکات و وەك مەرجی دووبارەبوونەوە و گەڕانەوە لە شوێنی نا پێویست و نە

(١) د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر (قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية)، ص: ١٣.

گونجاو ئامادەباشی و هەمیشەیی دەنوێنێت. ئەمەش شاعیر لەقووڵایی ناخی بەرهەم و دەسکەوتی زمانی دادەبڕێنێت. پێشتر لەبارەی سەروا بەر لە دانانی شیعر باسمان لە ماندووبوونی شاعیر کرد، کە یەکێك بوو لە گرفتەکانی بەردەم شاعیر و هۆکاری لەدایکبوونی ناتەواوی واتا بوو.

ڕاستە شیعری کلاسیك دیتنکاری دەسەڵاتی بەرهەمی زمان بوو، بەڵام لەبەردەم مۆسیقا و زۆر جاریش لەبەردەم دەلالەتبەخشینی ڕاستەقینە و پڕاوپڕ لە بونیاتی شاراوەی تایبەتی مەبەست، بەربەستی هەموو دەروازەکان بوو. هەرچی سەروای شیعری هاوچەرخیشە، هەوڵدەدات ڤاڵاکانی سەروا و تیپ ڕێکبخات و بنەمایەکی هاوبەشیان بۆ دامەزرێنێت. بەواتایەکی دیکە، پیت ڕایەڵێکی جێگۆڕی دەکاتە بونیات، لەهەر شوێنێك پێویستی مۆسیقا و مانای مۆسیقا پەیدا بوو ئامادەیی دەبێت. بەم جۆرە: ((سەروا لەکۆتایی بەیتی شیعردا، پێوەندییێکی دەنگی یان وشەییە، بەچەشنێك بتواندرێت وەستان یا گواستنەوە بۆ دێڕێکی تر ئەنجام بدرێت))[1]. سەروای شیعری هاوچەرخ، وەستان و جووڵە و بزاوتن لە یەك پرۆسەدا جێبەجێ دەکات، بە پێچەوانەی سەروای کۆن، پێڕەوی وەستان و واتا دەکات، تەنانەت ئەگەر لای خوێنەر ئەو وەستانە پێویستیش نەبێت. ئەگەر یەکێتیی بەیت ڕەتبکرێتەوە، ئێستا پێویستە یەکێتیی پیتیش پشتگوێ بخرێت. یەکێتیی سەروا بە گوێرەی پێویستبوون دەبێت، نەك پێڕەوکردن، هەموو شتێك لە شیعری هاوچەرخدا بە قوربانی مەبەست و بیر دەربڕین دەکرێن.

لەشیعری هاوچەرخدا سەروا ئامانجی خودی نییە، بەڵکو لەناو قەسیدەکە بەشێوەیەکی سروشتی و پێویست گەشە دەکات و لەدایك دەبێت، بەگوێرەی ئەزموونی شیعری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەزموونی تازەگەریی شیعر، مەسەلەکانی سەروا بەشێوەییێکی دڵکاری وەرناگرێت، بەڵکو هەموو کات پێویستیەتی ئەزموون، گوزارشت، زیاتر ئاوڕیان لێ دراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە شێوازگەلیی تازە (لادان) بە نموونە، لە پێڕەوی یەکێتیی بابەت و یەکێتیی تیپ و هاوبەند بوون... بەکاردێت. سەرهەڵدانی یەکێتیی مۆسیقا و هەر هەموو ئەم گۆڕانکارییانەش لە بەرژەوەندی ئاستی دەلالی ئەنجام دەدرێن، لەبواری زیندوویی و قووڵیی کار و پرۆسەی شیعردا لەدایك دەبن.

---

(١) د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر (قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية)، ص: ١١٤.

سـەروا لەشیعری هـاوچەرخدا کاریگەری لەسەر واتا نابێت، زۆریش ناڕەوایە ئەگەر سەروا بە منداڵدانی واتا سـەیر بکرێت. لەڕاستیدا سەروا و واتا دوو بابەتی جیـاوازن، لە زەینی شـاعیردا کـار لـە یـەکتر دەکـەن، بـەڵام دوو جەمـسەری وەك یـەك نـین و هەریەکەیان بەدەوری تـەوەری ئەوی تردا دەسووڕێتەوە بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی یـەکتر ببنەوە. پێویستبوونی دەنگ و واتا هاوتەریبی یەکیان دەخات[1]. سەروا بنـەمای پەیـدا کردنی واتا نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی کاری خۆیدا، واتا مسـۆگەر دەکات، واتای تایبەت و دیاریکراو لەگەڵ باری دەلالەت هاوڕێك دەبن.

بونیاتی شیعری هاوچەرخ، پێوەندییێکی ئۆرگانیکی لەگەڵ بونیاتی مۆسیقادا هەیـە، لە پانتایی ئەم پێوەندییەدا، (بەڵام سەروای مۆسیقایی، نـەك سـەروای بـەیتی و پیتـی دووبارەکراو)، داینەمۆی میکانزمی جەوهەری واتـا دەبێـت. بۆیـە سـەروا لـە شـیعری هاوچەرخدا بە بـەراورد لەگـەڵ شـیعری کـۆن، زۆر ئـاڵۆزترە. کاریگـەری مۆسـیقا کـە سەرواش لەخۆ دەگرێت: ((جـەخت لەسـەر پێویـستی بەیەکـەوە بەسـتنەوەی دەلالـەتی قەسیدە لە واتا و پێکهاتەدا دەکاتەوە))[2]. کەواتە سەروا پشت بـە بەرهـەم و حەسـیلە (Purport) ی زمان نابەستێت، بەڵکو لە لایەن شاعیرەوە پشت بە تەلـەکانی هەسـتی مۆسیقا دەبەستێت. ڕەنگبێ تیپێك یان وشەیەك ببێت بە سەروا، بەڵام دوور لـە یاسـای پـەیڕەو و زۆرەملـێ، بـەڵکو دەکەوێتـە ژێـر چـەتری مۆسـیقا و ڕیزبەسـتنی مۆسـیقا پێکدەهێنێت.

لەڕاستیدا دیاریکردنی سەروا تەنیا بۆ بەیتی شیعری دەبێت: ((بەڵام ئەگـەر ڕسـتەی شیعری هاوتا بکەین یان ڕووبەڕوو، ئەوا هیچ ڕێگایەك نامینێت تـا بـەدوای مۆسـیقای ئارامبەخشی کۆتایی دێڕ و بەیتەکاندا بگـەڕێین، چـونکە لەوکاتـەدا دێـڕ و بەیتـەکان، سروشتی بەیتی شیعری نانوێنن، بەڵکو وەستان بەگوێرەی پێویستی شیعری و سروشـتی تەوژمی مۆسیقا دەبێت کە هەست و شعوور پڕی دەکاتەوە))[3]. لـەو کاتـەدا وەسـتان،

---

(١) جویر، مسائل فلسفة الفن المعاصر، ترجمة: سامي الدوري، دار اليقظة العـربيـة للتأليف والترجمة والنشر، ط: ١، ١٩٦٥، ص: ٢١٨ ـ ٢١٩.

(٢) د. محمد عوني عبدالرؤوف، القافية والاصوات اللغوية، مكتبة الخانجي بمصر، المصر، ١٩٧٧، ص: ٩٤.

(٣) د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية، ص: ١١٥.

کەوا حیسابی سەروای بۆ دەکرێت، لەکۆتایی هەموو بەیتێکدا بەبێ پێڕەوی یاسا بەڕێوە دەچێت.

لە دەرەتانی بەیتی شیعریدا، شاعیر هەوڵ دەدات دەنگێك (تیپێك) لە چەند دیرێکدا وەك پێویستی یەك نزمی و سەمفۆنیایی و لاسەنگ نەبوونی دەنگی دووبارە بکاتەوە، بەڵام جار جار ئەم یاسایەش دەشکێت و یان لەنێوان تیپە گەڕاوەکاندا، تیپێکی دیکە بەکاردێت. ئەم دیاردەیەش بۆ واتا وەبەر دەسەڵاتی سروشتی قەسیدە دەکەوێت، کە هەستی شاعیر وەك توانستێك، بۆ مەسەلەکانی چڕکردنەوەی واتا و تاساندنی خوێنەر دەیگونجێنێت. ئەگەر دووبارە بوونەوەی یەك تیپی بەردەوامی هەمیشەیی وەرگرت: ((لە قەسیدەدا کۆتایی بەیتەکان، دەنگی یەك زەنگ (بیت) بەکارهات، لەوکاتە نارەحەتی و بێزاری ڕوودەدات))[1].

لەشیعری نوێی کوردیدا، کێشی عەرووزی و یەکێتیی سەروا یان جووت سەروا، قەسیدەی لەسەر دانراوە، وەك لە بەرهەمەکانی شێخ نووری و گۆران و دیلان و هەردی و زۆرانی دیکە بەرچاو دەکەون. بەڵام لەشیعری هاوچەرخدا، کێشی بڕگەیی و یان تیپی هەمەجۆری و سەروا، بە هونەرێکی گونجاوتر، لەگەڵ داهێنان و دەسەڵاتی زمان و ڕیتم و مۆسیقا بەرهەم دێن. وێڕای ئەمەش قەسیدەی هاوچەرخ، بە لەبەرچاوگرتنی مۆسیقا و وەستان، بەشێوەی پەیامی واتایی و دەلالەتبەخش دادەهێندرێت. بۆ نموونە، ئەگەر دوای خوێندنەوە، سەرنج لە شیعری ((فاوست))[2] بدەین، دەبینین:

**لەڕۆخ دەریاچە گوڵگوڵییەکەدا**
**قوڕقوشمی خاترجەمیی دەتوێنێتەوە**
**پەلکەزێڕینەی میتاڵە لاهوتییەکان لەبەر دەکا**
**شەختە ئیکسیرێك دەسووتێ**
**دەکڕووزێنێ.. ڕاڤانا.. ڕاڤانا**
**دەروونم گوڵە فیردەوسە**

---

(١) علي يونس، النقد الادبي وقضايا الشكل الموسيقي في الشعر الجديد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٥، ص: ٢٠١.

(٢) هاشم سەڕاج، زینانی ڕۆح (کۆ شیعر)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل: ٩٨.

هزرم بارستێك تلیاك
سپەی گیانم دەلوورێنێ
دەلەنگێم
خەریکە بانگلۆز دەبمەوە
کەواتە/ بوتڵە سرکەیەك لە کۆڤانی مەرگ دەگرم
ئەو کەڤرە سپیە تێفرووسماوانە چ دەکەن؟
ئاوەزێڕی خەفەتە ئەبەدییەکان
بەو دەریاچە جەلاتینییە دادەکەم و
دەکڕووزێنم.

ئەم قەسیدەیە ئەگەر دەنگی (ا) لە دێری یەکەم و سێیەم و پێنجەم، کە دەسەڵاتی ئەرکی یاسایی زمان (لە ... دا) و سروشتی داڕشتنی کار و وشەی: (دەکا، ڕاڤانا)، زنجیرەی کردوون لاببەین، دەبینین قەسیدەیەکی بێ سەروایە. بەڵام ڕوودانی ئێستێتیکا و ترپە و سترێسی بنەمای خۆی لەدەست نەداوە، لەگەڵ ئەوەی کە یەکێتیی سەروا و سەروای گەڕاوەی تێدا نییە، پڕاو پڕە لە مۆسیقا و وەستانی ئارام بەخش، لە کۆتایی هەر دێڕێکدا، خاڵی چەڤان و جێگیر بوون (Prop) هەستی پێ دەکەین، بێ گومان ئەم خاڵەش نوێنەرایەتیی سەروا دەکات، بەبێ ئەوەی چەڤان دووبارە بکاتەوە و حسابی سەرواشی بۆ دەکرێت. ئەگەر بە وردی هەست لە خاڵی جێگیربوونی: (دەریاچە، خاترجەمی، میتاڵە لاهوتییەکان ... هزرم بارستێك، دەلەنگێم..) بگرین، دەبینین مۆسیقا نەك لە کۆتایی، بەڵکو لە هەموو دێڕەکاندا شەپۆل دەدات و دەجوولێت و لەگەڵ ڕۆح دۆنایدۆن دەبێت و ئارامی پێ دەبەخشێت.

لێرەدا ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێت، کە لە شیعری هاوچەرخدا سەروا هەیە، بەڵام ناکەوێتە ناو چوارچێوەی تەوژمی مۆسیقای دەرەوە، کە هەندێ ڕا بە بوونی پێویستی سەروای دادەنێن، بەڵکو سەروا لەناو ئامێزی مۆسیقای ناوەوەدا خۆی دەنوێنێت. بێ گومان ئەو بونیاتی شاراوەیە دەکەوێتە ژێر دەسەڵات و توانستی شاعیر لەئاستی دیاریکردن و چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی بینای قەسیدەکەی لەسەر هەڵنراوە. دەسەڵاتی شاعیر بەتەنیا تەوەرەکانی دەرەوەی شیعر ناگرێتەوە، بەڵکو ڕایەڵەکانی ناوەوە کە مۆسیقا پێکدەهێنن لەخۆ دەگرێت: ((چونکە لە قەسیدەدا، مۆسیقای ناخ و ناوەوە،

لەڕێکخستنی ئەو وشانەی کە لەلایەن شـــاعیرەوە ئامادە دەکرێن خۆی دەنوێنێت، بۆیە بەرزی و نزمی، ناسکی و گرژیی مۆسیقایەکە، هاوبەندی ئەو حاڵەتە دەروونییە دەبێـت کە لە کاتی داهێنان دروسـت دەبێـت))[1]. ئـەم دیاردەیـە لـە شـیعری کۆنـدا بەرچـاو ناکەوێت، بەڵکو دیاردەی پێڕەوکردن و خۆبەستنەوە ئامادەباشی هەبووە. شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ، هەوڵیان داوە لەم تخووبە ڕزگاریان بێت، شێوەی تازەی سەروایان بـۆ قەسـیدە داهێنا و بریتییە لە: ((کۆتایی ئەو دێڕە شیعرەی کە تـەوژم و شـەپۆلی مۆسـیقایەکەی تێیـدا تـەواو دەبێـت، واتـا تـەنیا کۆتاییەکـە لـەو شـوێنەدایە کـە دەروون تێیـدا دەحەسێتەوە))[2].

(١) حسين مردان، الأزهار تورق داخل الصاعقة، الكتاب الجماهيري: ٩، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٣، ص: ١٨٥.

(٢) د. عزالدين اسماعيل، الشعر العربي المعاصر (قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية) ص: ٦٧.

# بەشی دووەم

## شێواز (Style) و شێوازگەری (Stylistics)

### تەوەرەی یەکەم

**( أ ) شێواز**

**(١) وشە، زاراوە، مێژوو**

لەجیهانی ئەمرۆی پڕ لە هونەردا، شێواز وشەیێکی زەق و بەرچاو و بلاّوە . پانتاییێکی ئاسۆفراوانی لەگشت بوارەکان و چالاکییەکانی ژیاندا داگیرکردووە و لە ناو زماندا بە وێنەی: نووسین، خوێندنەوە، وتاربێژی، بیرکردنەوە، کارگێڕی، بەڕێوەبردن و سیاسەت، پێوەندی، ئامۆژگاری، کاروباری جەنگ ... ئامادەیی بەردەوامی هەیە، زۆر دەرەتانی دیکەی مەشق و ڕاهێنانی گرتۆتەوە و ڕۆلێکی باش لە پێشکەوتن و تێگەیشتندا دەبینێت.

پێناسە و دەلالەتی شێواز ئاراستە و ڕێڕەوێکی دیاریکراوی وەرنەگرتووە، بەگوێرەی فەرهەنگ و کۆزانیارییەکان گۆڕانی بەخۆوە بینیوە و لەدۆخێکەوە بۆ بارێکی دیکە ڕۆیشتووە. ئەم دیاردەیەش بار و میکانیزمێکی ئاساییە، بەتایبەتیش لەو سەردەمانەی کە تەوژمی بیر و فەلسەفە و ڕۆشنبیری، هەموو لایەکی گرتبووەوە و ئێستاش توانستی هێز و ئاوەز و زانست بنەمای ئاشکراکردنی هەموو نهێنییەکان و چەقی بازنەی توێژینەوە، دەرخستنی ڕاستییەکان و هاوسەنگ کردنی بیر و بۆچوون و بوونن، هەر بۆیە یەك پێناسەی یەکگرتوو بۆ شێواز نابینین، کە بڕیار لەتێگەیشتن و چەمکی پەسەند و دلّنیایی زاراوەیی بوونی زانستی شێواز بکات. ئەم حالّەتە سەبارەت بە بوونی شێواز، گومان دروست ناکات، چونکە دیالێکتیکی ئەو یەکنەبوونە: ((بەرهەمی جیاوازی بەرنامەکانی لێکۆلّینەوەیە لەبارەی شێواز، ئەویش بەرنامەی کۆمەلّبوونە، نەك ئالّوگۆڕ بوون. هەر بەرنامەیەك، کە پەیدا دەبێت ئەوەی پێش خۆی ڕەت ناکاتەوە))[1].

---

(١) د. صلاح فضل، علم الاسلوب ( مبادئه واجراءته)، ط:٢، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٥ ص ٧١ – ٧٢.

ڕۆژئاواییەکان وا دادەنێن، نەژادی وشەی (Style)، کە ئەمڕۆ دەقی گرتووە، بەتایبەتی لە بواری زمان و ئەدەبدا پتر بەکار دێت و دەلالەتی (شێواز) دەگەیەنێت ، لە منداڵدانی وشەی لاتینیی (Stilus) لە دایکبووە، بریتییە لە: (( ئامرازێکی مەعدەنی، زانایان بۆ وێنە دروستکردن لەسەر پارچە و تابلۆ مشەمایەکان بەکاریان هێناوە))[١].

هەروەها دەشڵێن: ((شێواز بۆ هەموو ڕێگا جیاوازەکانی دەلالەت بەکار دێت، کە هەچ مرۆڤێك لەژیانیدا پێڕەوی دەکات))[٢].

ئێستێتیکا لەناو کولتوور و ئەدەبیاتی کۆنی گریکدا، سەرچاوە و سەرهەڵدانی شێواز بووە. ناوەرۆکی زانستی جوانناسی، بریتییە لە فەلسەفەی ئەدەب و هونەر... بە لە یەکترازانی ئەم دوو لایەنە لە مەبەستی شیعردا، بێ پارسەنگیی مەسەلەکە بەدیاردەکەوێت. هاوڕێکی شێواز لە ئەدەبیاتی کۆنی گریکدا، بەهای تایبەتی مۆرکی ئەدەبیاتەکەیە و مەبەستیش شێوازە[٣]. شێوازی تاکەکەسیش بە بەشێك لە هاوسەنگییەکە دادەندرێت .

لەناو بەرهەمە کۆنەکانی گریك و لاتین، لە پێشکێشکردنی ڕەگەزەکاندا: ((بەهۆی شێوازی تایبەت بەڕەگەزەکان، شێوازمان بۆ دەردەکەوێت، ڕێگای دیاریکراوی نیشاندان و دەربڕین دەرکەوت، وەك لە بەرهەمە شیعرییەکانی ئەرستۆ و هونەری شیعری هۆراسدا...))[٤] دیارە. (هۆراس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، پێویستە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری تەواوکەری یەکتربن و خولگەکانی گونجاندنیان یەك بن، مەرجی هونەریش دەداتە ئەو تاکەی، کە لە هەڵبژاردنی بابەتەکەی خۆیدا شارەزا بێت. چۆنێتی کاری وشەدارێژی و هاوبەندی بەکەرەستەی جوان، کارامەیی دەنوێنێت، بەڵام سنووریشی بۆ

---

(١) د. علي جواد الطاهر ، مقدمة في النقد الادبي، ط:٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بغداد ، ١٩٨٣ ، ص ٣٠٦

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٣٠٦.

(٣) هۆراس: هونەری شیعر، حەمید عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویە بەکوردی، چ:٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل: ٩

(٤) سەلیم ڕەشید ساڵح، شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٥ ل: ٦

هەر شێوازێك لە ڕەگەزەكانی ئەدەبی دەستنیشان كردووە، بۆ شاعیران و نووسەران جوغزی قەدەغە نەشكاندنی داناوە.

(ئەرستۆ) پەنجەی لەسەر ڕەگەزەكانی ئەدەب داناوە و لێكیشی جیاكردوونەتەوە، ئەم كارەش لە سۆنگەی شێوازی تایبەتیی ڕەگەزەكانەوە بووە . (هۆراس)یش لە شاكارەكەیدا ڕاستییەك دەدركێنێت ، كە شێوازی تایبەت لە شیعردا، چێژبەخشین و سوودبەخشین دەگەیەنێت. ئەم بۆچوونە قالبی ئێستێتیكا وەردەگرێت و بنەما پێكهاتەییەكەشی فەلسەفەی ئەدەب و هونەر دەبێت.

سەدەی چوارەمی پ. ز سەدەی دەستنیشانكردنی ڕەگەزەكانی ئەدەب بوو، هەردوو جەمسەرە سەرەكییەكە، كە شیعر و پەخشانن جیاكرانەوە. لە چاخەكانی ناوەندا هەرچەندە ڕەسەنایەتیی ڕەگەزەكان پارێزران، بەلاَم گۆڕانیان بەسەردا هات. لە ئەدەبی ئەورووپاییدا ئەم ڕەگەزانە ڕەنگیاندایەوە، ئەدەبی تازەش، ئەدەبی (مەسیح)ی بوو، باسی لە چۆنێتی ژیانی (قەدیس و كاهین)ەكانی دەكرد. ڕەگەزی تازەی چیرۆك و ڕۆمانی هێنایە كایەوە. لە شالاَوی ڕێنیسانسدا، ئەو كاتەی شێوازی میللی جێگەی شێوازی هاوسەنگی گرتەوە، شێوازی تاكی چەكەرەی كرد و لەدوای: ((زیاتر لە سەدەیەك هەوڵ و كۆشش، لە ئەدەبیاتی ئەورووپاییدا پەیدا بوو، كە یاسای تازەی لەشێوازدا هێنایە پێش و بەپێی سەردەم و ڕێبازەكان ، مانای شێواز گۆڕانی بەسەرداهات. ئەم بیرۆكەیە لەگەڵ هاوسەنگی كلاسیكی كەوتە كۆشش بۆ چەسپاندنی هاوسەنگییەكی تایبەت. بۆ لێكۆڵینەوە لە تێگەیشتنی مانای زاراوەی شێواز، پێویستە بڕوانینە هاوچەرخانی هەموو سەردەمە جیاجیاكانی هونەر))[1].

هەموو پێناسەكانی شێواز، بۆ دەربڕینی بیرێك دەلالەتن. سیستمی پێوەندیی نێوان بیر و زمان، بەربلاَوە و چەند ناوەندێك لەخۆ دەگرێت، وەك: مرۆڤ، مێژوو، ژیان... لە بونیاتی شێوازدا هۆكاری سەرەكیین. ئەگەر شێوە و جۆرەكانی دەربڕین فەرامۆش بكرێن، حالێبوون دەشێوێ و تارمایی پەنهانی باڵی بەسەردا دەكێشێت. هەندێ لە شێوازگەرییەكان لەڕووی زمانەوە بۆ دەربڕین دەڕوانن، هەندێكی دیكەیان دەیانەوێت لەڕێگای شێوازەوە زانستێكی تایبەت بەئەدەب دابمەزرێنن. زمانناسان لە كلاَوڕۆژنەی

(١) سەلیم ڕەشید ساڵح، شێواز لەكورتە چیرۆكی كوردیدا، ل:٧.

فۆرمەوە، ناوەرۆك دەكەنە مەبەست، بەو پێودانگەی تا وشە ڕازاوەتر بێت، مانای بیر و ئاوەز پڕ واتاتر دەبێت، هەرچی زاناکانن، بەپێچەوانەوە لەڕوانگەی بیرەوە لەزمان دەكۆڵنەوە.

لەدێرینەوە زمان کەرەستەی گەیاندنی واتا و بیر بووە، لە پاشان وەك ڕوویەكی ئێستێتیكای ئەدەب سەیركراوەو لە زمان و دەربڕینی ڕەمەكی - گشتیی - جیاكراوەتەوە. بەلاّم هەشبوو وەك بەرهەمگەلیی بیر لە شێوازیان ڕوانیوە، لە هەڵبژاردن و هۆیەكانی زمان و دەربڕینەوە، شێواز دەخەنە بەرباس و توێژینەوەوە. جگە لەمانە، بە بۆچوونی ئەدەبناسان، شێواز لەدیاریکردنی ئەو هێز و توانستە شاراوانە دایە، کە زمان لە (لاشعور)ەوە دروستیان دەکات[1]، سەرەڕای ئەمانەش بەپێی پێناسەکانی شێواز، فرەبۆچوونی هەمەچەشنەی تر بۆ شێواز داندراوە، بەلاّم ئەوەندە هەیە کە گشتیان لە یەك خاڵ و چەقی ناوەندا یەکتردەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە، شێواز دینامیكییەتی میكانزمی چۆنێتی دەربڕینە، بەو مەبەستە زمانیش دەگرێتەوە. لەکتێبەکانی ڕەوانبێژیی یۆنانیی کۆندا، زاراوەی شێواز بەمانای یەکێك لە هۆیەکانی هێنانە سەربار و قایلکردنی خەڵکەوە دێت، هەر لەم سەرچاوانەوە، شێواز وەبەرتیشکی زانستی دواندن (الخطابة) دەکەوێت، بەتایبەتی: ((لەو بەشەی کە بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی وشەی گونجاو و پێویست))[2]، دیاری کراوە. هەر بۆیە (ئەرستۆ) وتوویەتی: ((بەتەنیا ئەوەندە بەس نییە مرۆڤ بزانێت چ دەڵێت، بەڵکو پێویستە بزانێت چۆن دەیڵێت))[3]، لێرەدا هاوبەندی نێوان شێواز و ڕەوانبێژی، زیاتر لەهونەری شیعردا بۆمان ئاشکرا دەبێت، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شێواز بەشێکی فراوان بووە لە پیشەی قایلکردن ، کە لە بابەتەکانی ڕەوانبێژیدا خوێندراوەتەوە و وەبەر باس و لێکۆڵینەوەکانیان خستووە.

---

(١) سەلیم ڕەشید ساڵح، شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردیدا ، ل: ٧ ـ ٩.

(٢) مجدي وهبة وكامل المهندس ، معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب ، مكتبة لبنان ، لبنان ، ١٩٧٩ ، ص:٢٠، هەروەها بڕوانە: بيیرجيرو ، الاسلوب والاسلوبية ، ترجمة : د.منذر عياشي ، مركز الانماء القومي، بيروت ،ص: ١٣ ـ ١٤.

(٣) ارسطو طاليس، الخطابة، ترجمة: د. عبدالرحمن بدوي، ط:٢، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص: ١٩٣.

ئەگەر ڕەوانبێژیی کۆن هەوڵی دابێت جۆرەکانی هەمە چەشنەی گوزارشت بدۆزێتەوەو ناویان بۆ دابنێت و بەگروپیان بکات، ئەوە بۆ دانانی هەموو زانستەکان، هەنگاوی یەکەمە و پشتی پێ دەبەسترێت.

زمانناسانی ئەورووپایی، لە سەدەکانی ناوەندا، خۆیان بەلێکۆڵینەوەکانی شێواز خەریك کردووە، لە ئەنجامدا تیۆرێکی دابەشکردنیان بەپێی پێوەری دانـاوە، ئـەوان وەك پلەی ئەندازەی پێوانەیی، بریتی بوون لە شێوازی: سادە، ناوەند، باڵا. ئەم دابەشکردنەش پێوەستە بەئاستی هۆشیاری و ڕادەی ڕۆشنبیریی چین و توێژەکانی کۆمەڵ. دەستنیشانکردنی هەر خاڵێك لەپێوەرەکان لەسەر هاوکێشەی هاوسەنگ بوونی ئاستی ڕۆشنبیریی هزری چینەکان بووە. بۆ ئەم مەبەستە بۆ هەریەك لە ئاستەکانی شێواز، بەرهەمێکی شاعیری ڕۆمانی (ڤرجیل)یان بەنموونە ئاسای پراکتیکی هێناوەتەوە(1).

لای ڕەوانبێژانی ڕۆژئاوایی واباوە، کە بازنەی (ڤرجیل) بۆ پێناسەی شێواز، وەك زاراوە لە هەرە بەراییەکانەوە دێت، بەڵام وەك تێبینی دەکرێت دوای ئەم هەنگاوە، هەڵوەستەیەك هاتە پێشەوە، لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە و بناغەی گشتی بۆ (چەشن)ەکان نەکرا، جۆرە سڕبوونێکی بەخۆوە بینی، بەڵام دواتر لە قاڵبی سڕبوون هاتە دەرەوە و سەرلەنوێ بە جووڵە کەوتەوە و بەناوێکی تازە (زانستی شێواز) کەوتەوە کار. شارەزایانی ئەم مەیدانە هەوڵیاندا، بناغەیەکی تەواو و بێ خەوش بۆ بنەمای ئەم لایەنە دابنێن، بەو نیازە کە هەموو دەرەتانەکانی ڕەوانبێژی بگرێتەوە(2)، چالاکییەکانی نوێبوونەوە، لەدایك بوون و پێڕەوی دەستووری پێوانەیی، بەچەشنێکی تازە لە کاری ئەدەبی پێکهات.

دەستپێشخەری (جۆرج بۆفۆن ١٧٠٧ ـ ١٧٨٨ز)، لە بەرهەمەکەیدا: (گوتار لەشێواز Discours Le Style)، بیر و بنەمای پلە و پایەی شێوازی ڕەت کردەوە. ڕەخنەشی لەو

(١) قەسیدەکانی لادێیی، کە بۆ فەللاحەکانی نووسیوە، نموونەی جۆری یەکەمە، قەسیدەکانی کشتوکاڵی، بۆ جۆری دووەم، داستانە بەناوبانگەکەی (الالیاذة) بۆ جۆری سێیەم، هێنراونەتەوە، بۆ زانیاری پتر بڕوانە: بییرجیرو، الاسلوب والاسلوبیه، ص:١٣-١٤ ، هەروەها بڕوانە مجدي وهبة و كامل المهندس معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، ص : ٢٢، ٢٣.

(٢) د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص: ٣٦٤، ٣٦٥.

بۆچوونانە گرت، کە شـێواز بەپلـەی پێوانـەیی چـین و توێـژ دەبەسـتنەوە، ئـەو بـیرەی تەقاندەوە، کە: ((شێواز خۆی مرۆڤە))[1]، هەولێکە، پێوەندی ڕاستەوخۆی ئێستێتیکای شێواز، بەخانە زینـدووەکانی مـرۆڤ دەبەسـتێتەوە، کـە لەیەکێکـەوە بـۆ یـەکێکی تـر دەگۆڕێت، بۆ دارشتن و چوارچێوەی ڕازاندنەوە نییە، کە چاولێکەران و لاساییکەران، لـە داهێناندا وەریاندەگرت، بەبێ ئەوەی دەرك بـە بـەها و نرخـی ڕاسـتییەکان بکـەن یـان بەچاکی بەکاری بهێنن و سوودی لێوەربگرن[2].

لـەبارەی بۆچـوون و تیۆریەکـەی (بۆفـۆن)، هەڵەیـەك لـە تێگەیـشتن و وەرگـرتن بلاوبووەوە، ئەو مەبەستی وا نەبوو کە شێواز نووسەر دروست دەکات و سروشتی ئاشکرا دەکات ، بەڵکو شێواز بۆ نووسەران بەبیرو فیکرەکەیانـەوە، ڕێوشـوێن دەگرێتـەوە. بـەو مانایە: ((بیرو بۆچوونەکان و ڕووداوەکان و ئاشکراکان، ئەگەر لەدارشتن و بـاری شـیاودا بزانن بەکاری بهێنن، لەنێوان خەڵك و هونەرمەندان و نووسەراندا، هاوبەش دەبن . پاشـان بۆ خاوەنەکەی دەبێتە شـەقڵێکی تایبـەت و لـەناو خـەڵك و کۆمەڵـدا، شـوێنکەوتەیی دەردەکەوێت و پێی دەناسرێتەوە))[3].

زانستی ڕەوانبێژی، لە لێکۆڵینەوەکانی کۆن و ڕۆژئاواییەکاندا، بـەر لـە زمانناسـی سەری هەڵداوە و دەرئەنجامی توێژینەوەی زمان بووە، کە ئەمـەیش کاریگـەرێك بـوو لـە کاریگـەرەکانی هـزری یۆنـانی، هـەروەك (دیکـرو) و (تـۆدۆرۆف) لەکتێبەکەیانـدا (فەرهەنگی فرەزانی زانستەکانی زمان ـ القاموس الموسوعي لعلوم اللغة)، ئاماژە بـەوە دەکەن، سەرهەڵدانی ڕەوانبێژی لەسەر هۆکاری زانـستێکی تایبـەت و سـەربەخۆ بـووە، ئەمە لەبارەی کاری ڕۆژئاواییەکان لەسەر بیری زمانەوانی بەگەواهی دادەنرێت. هەروەها باس لەو ئەفسانەیە دەکەن، کە مێژووی پەیـدابوونی ڕەوانبێـژی، بـۆ جـاری یەکـەم بـۆ سەدەی پێنجەمی (پ. ز) دەگەڕێتەوە، فەرمانڕەوای ئەو کات (هیرۆن)، قـسەکردنی لـە خێڵ و هۆزەکەی خۆی قەدەغە کردبوو، کاتێك (سیسلی)یـەکان بـۆ گرنگـی و چـییەتی

---

(١) مجدي وهبة وكامل المهندس، معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب ، ص:١٤١.

(٢) احمد درويش، الاسلوب والاسلوبية (مدخل في المصطلح وحقول البحث ومناهجه)، مجلة فصول، المجلد: ٥، العدد: ١، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٤، ص: ٦١.

(٣) احمد حسن الزيات، دفاع عن البلاغة، ط:٢، مطبعة الاستقلال الكبرى، القاهرة، ١٩٦٧، ص: ٦٧.

دواندن فامیان کرد، ڕەوانبێژییان دانا و لەدەرگای زمانناسییان دا، چونکە زمان فێربوون لەسەر بناغەی وتار دەبێت[١].

لە چەرخەکانی ناوەندا، شێواز سیما و بەهایەکی تری وەرگرت، لە وتاربێژی و دواندندا وەك پێوانەیەکی ڕەوان خۆی نواند، لە سێگۆشەیەکی چەمکی: ڕەگەز، کەرەستە، وێنە پێکهات. دواتر لە سەدەی هەژدەدا هۆکارە نەگۆڕەکانی شێوازی سەدەکانی ناوەندی تێپەڕاندن و بەرەو تەرزی شێوازی ڕەگەزە کۆنەکان گەڕایەوە.

لەبنەڕەتدا زاراوەی شێواز، بۆ فۆرمی دەستنووسی کەسی یان تاکی بەکاردەهات، لەدواییدا گۆڕانی بەسەر داهات و قاڵبی تری وەرگرت، چۆنێتی بەکارهێنانی تایبەتمەندی وێنەکێشان، وشە و نووسینیشی گرتەوە، لەپاشان ئامانجی شێواز لە نووسیندا[٢] بۆ چۆنێتی و چییەتیی تایبەتمەندی دەربڕینی زمان بەکارهات.

بەتێپەڕبوونی کات، زاراوەی شێواز ڕامانی تری پێکا، لە چوارچێوەی کۆن ترازا، لە هەندێ بابەت و نووسیندا، بە تایبەتی لە چەمکی تێگەیشتندا، ناوەندێکی خوازەیی وەرگرت. شێواز، یەکەم جار بۆ چۆنێتی دەستنووس بەکارهات، وەك لەدواییدا بووە پێوانەی دەربڕینی ئەدەب و زمانی ئەدەبی. لە سەردەمانی ڕۆمانەکانیشدا، وەك خواستن بەکار هاتووە. چەمکی (Stilus) لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە نەك لەزمانی گریکی، وشەی (Stylus) دەلالەتی ڕامان و ئامانج دەگەیەنێت. فۆرمی (Style) لەجیاتی (Stil)، لە زمانی ئینگلیزیدا بەکار هاتووە[٣].

زاراوەی شێواز: ((لەناو ڕەخنەی ئەڵمانیدا، لە سەرەتای چەرخی نۆزدە، لە فەرهەنگی (Grimm) بەکار هاتووە. بەپێی فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) بۆ یەکەم جار وەك زاراوە، لەساڵی (١٨٤٦) لە زمانی ئینگلیزیدا بەدیار کەوت. بۆیەکەم جاریش لەساڵی (١٨٧٢) وەك زاراوە چووە ناو فەرهەنگی فەرەنسایی))[٤] لە ئینسایکلۆپیدیای فەرەنسایی دوو ئامانج کە خاوەنی دوو جەمسەری ئەرکن، بۆ زاراوەی شێواز دیاری کراون، جەمسەری یەکەم: لەناو بابەت و بەرهەمەکاندا، سیستمی ڕێکی و یاساکانی

---

(١) د.منذر عياشي، مقالات في الاسلوبية، ط:١، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٠، ص:١٨٠.

(٢) يوزف شتريلكا، الاسلوب الادبي من كتاب منهج علم الادب، مجلة الفصول، عدد: ١، ١٩٨٤، ص: ٧١.

(٣) د. صلاح فضل، علم الاسلوب ( مبادئه واجراءاته)، ص: ٨٢.

(٤) محمد عزام، الاسلوبية (منهجا نقديا)، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨٩، ص : ٩ .

کارکردن و کورتکردنەوە دەگەیەنێت، جەمسەری دووەمیش لەهەڵگرتنی شێوازێکی چاکدا، ئامادەیی سیمایەکی بەرچاو دەنوێنێت(١).

لای عارەبەکان، دەرکەوتنی شێواز وەك زاراوە و دەلالەت بۆ دوو بنەما دەگەڕێتەوە، یەکەم: قورئان. دووەم: تەوژمی وەرگێڕان. لە سەردەمی عەبباسییەکاندا، وەرگێڕان دەرگای پانتایی ئاشنایەتی و پێوەندی لەگەڵ لێکۆڵینەوە بیانییەکانی والآ کرد، بەتایبەتی بەتوندی باوەشیان بۆ کتێبەکانی (ئەرستۆ)، (هونەری شیعر) و (ڕیتریکا) کردەوە(٢).

لە فەرهەنگەکانی عارەبیدا، شێواز مانای دەلالی هەیە. ژێدەرەکی (ماددی) بووە. لە وشەی (سلب)ەوە هاتووە. سلبیش ئەو دارە درێژەیە، کە بۆ ڕێکخستن بەکار دێت. بۆ نموونە خاوەنی (ئەلجەمهەرە) دەڵێت : ((سلب ـ شێواز، واتا ڕێگا. کۆیەکەی: ڕێگایانە. بۆ شێوازی قسەکردنیش، بەو شێوەیەیە: ڕێگای فلانە کەسم گرت، بەمانای هونەرم لێی وەرگرت و بەکارم هێنا ...))(٣)، (سلب) دەلالەتە بۆ لاسکێك (سطر) لەداری خورما، هەموو ڕێگایەکی درێژ شێوازە. (اسلوب ـ شێواز) لەڕوخساری دەموچاو و ڕێگا و ئاینزادا(٤)، وشە و زاراوەکە لەیەکەوە نزیکن.

هەرچی (زەمەخشەری)یە، شێواز لەچەقی دوو دەلالەتدا کۆ دەکاتەوە: خوازەیی و ڕاستی. نموونەی دەلالەتی یەکەم، داری بێ توێکڵ گەلا و گوڵی گرت، دەلالەتی دووەم کە ئاماژەیە بۆ ڕاستی و خودی ڕاستی ناوەرۆکەکەی بریتییە لە زەوتکردنی جلوبەرگ و ڕووتکردنەوە . لەحاڵەتی خەم و پەژارەدا جلی ڕەش پۆشین، هەروەها دەلالەتی ڕاستی: ڕێگای دواندنی باشی فلانە کەسم گرتووە(٥).

---

(١) د.منذر عياشي، مقالات في الاسلوبية، ص: ٣١.

(٢) شەعبان شەعبان ئەحمەد، شێوازی شیعری جەزیری، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین،کۆلێژی ئاداب ٢٠٠٢، ل: ٢٧.

(٣) ابوبكر محمد بن الحسن بن دريد، جمهرة اللغة (ت ٣٢١هـ)، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، مادة: (سلب)، ٢٨٩/١. حيدر اباد، الدكت — الهند، ١٣٥١هـ.

(٤) احمد منصور محمد بن احمد الازهري، تهذيب اللغة، تحقيق: احمد عبدالعليم البردوني، الدار المصرية للطباعة والترجمة، مادة: (سلب)، ٤٣٥/١٢، مصر ١٩٦٦.

(٥) جارالله ابي قاسم محمود بن عمر الزمخشري (ت ٥٣٨)، اساس البلاغة، ط: ٢، دار الكتب والوثائق القومية، مركز تحقيق التراث، مطبعة دار الكتب، مصر، ١٩٧٢ ص: ٤٥٢.

لەجیهانی عارەبی و ئیسلامیدا، شێواز پتر پانتایی زاراوەی وەرگرت، بونیاتی شاراوە و زەمینەی پڕ لەواتا و زمانی خولقاند. ئەگەر چاوێك بەكتێبی (البیان والتبین)ی (جاحظ)دا بگێڕین، كە پڕیەتی لە ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی، دەبینین شێواز بۆ دانانی دەمامك لەسەر واتا كۆمەڵە زانیارییەك لەخۆ دەگرێت[1]. دواتر شێواز كەوتە ناو قۆناغێكی ترەوە و لێكۆڵینەوە لەبارەی شێواز، ڕووی لە پتربوون كرد، زۆربەیان وایان مەبەست بوو، كە شێواز وەك فۆڕم نیشان بدەن، هەرچەندە لایەنی چۆنێتی زمانی دەربڕین، لە هەچ كاتێكدا لە ناو لێكۆڵینەوەكاندا فەرامۆش نەكرابوو. هەندێ لە توێژەران ئەوەشیان باس كردووە، كە لە دوای فۆڕمدا ئاسۆیەكی دیكە هەیە، خولگە و ڕایەڵەكانی پڕن لە سۆز و هەست و هەڵچوونی دەروونی.. لەدواییدا لێكۆڵینەوەكان لەبارەی شێواز، ئاراستەیەكی تریان وەرگرت، چونكە شێواز ڕوخسار و ناوەرۆكی گرتەوە[2].

شێواز وەك زاراوە بەهێڵێكی ستوونی نەمایەوە، بەڵكو پتر تێكەڵ بەهێڵی ئاسۆیی بوو، خاڵی واتای دەستپێكردن و ناولێنانی، گۆڕانی بەخۆوە بینی و دەلالەتگەلیی: ڕێكنووسین، جوانیی دەربڕین، دەسەڵاتی زمان... ی نواند. مەودای تێگەیشتن و كارچالاكیی شێواز، لای هەندێ لە لێكۆڵەران تەنیا (شێواز)ە. بەڵام هەندێكی تر، بەتایبەتی ئەكادیمییەكان، شێواز: فۆڕم و ناوەرۆك دەگرێتەوە.

لە ئەدەبی كوردیشدا، وەك ئەدەبیاتی عارەبی و فارسی، شێواز لەڕێگەی توانست و شالاوی ئەدەبیاتی بیانییەوە لەدایك بووە، گەلێ ناوی لێنراوە، لەوانە: ((ڕێك، ڕێڕەو، خووڕەوشت، هەڵسوكەوت... لەزمان و ئەدەبی ڕۆژهەلاتدا بە (سەبك) ناوبراوە))[3].

لەپانتایی لێكۆڵینەوەكاندا، پیوەندیی پتەوی نێوان شێواز و ناوەرۆكمان بۆ دەردەكەوێت، بۆ ناواخنكردنی ناوەرۆكی هەچ بیرێك لەبابەتدا، هۆكارێكی بەدەسەڵات و

---

(١) بۆ زانیاری بڕوانە: الجاحظ، البيان والتبين، دار فكر للجميع، ١٩٦٨.

(٢) د. محمد القضاة، الاسلوب والاسلوبية والنص الحديث (الشعر والمناهج النقدية الحديثة)، بحوث مهرجان المربد الشعري الثالث عشر، اعداد: علي الطائي، ١٩٩٨، ص: ١٢٧ ـ ١٢٨.

(٣) حەمە نووری عومەر كاكەیی، شێواز لەشیعری كلاسیكی كوردیدا، نامەی ماجستێر، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی ئاداب، ١٩٨٩، ل: ٩.

پڕ چالاکییە. گرنگیدان بەناوەرۆك و ئاشکراکردنی بونیاتی شاراوەکەی، لەڕێگەی ڕوخسارەوە دەبێت: ((پابەند بوونی ڕوخسار بەناوەرۆکەوە تێکەڵاوبوونی دوو چالاکییە ، کە لەبنەڕەتدا چالاکییەکە ئەویش لەڕێگای شێوازەوە دەرخستنی بابەتی بیرە))[1].

ئەگەر شێواز لەبەراییدا وەك ڕەمزی کەسی بەکار هاتبێت و لێکۆڵینەوەکانیش هەمان بونیاتی شاراوەیان دووبارە کردبێتەوە، زیاتر ڕەنگاڵکردنی بیر و ناوەرۆکی گەیاندبێت و جوغزێکی مەودا کورتی بۆ کەمەری بازنەیی کێشرابێت ، ئەمڕۆ سەبارەت بەپێشکەوتنی بیری تازە و موتوربە بەبنەماکانی فەلسەفە و شارەزابوونی تەکنیکی ژیان بۆ بەرهەم، شێواز گۆڕانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، وەك بابەتێکی زمانناسی سەیر کراوە، بگرە وەك زانستێکی سەربەخۆ حسابی بۆ دەکرێت. هەموو بوارەکانی ئەدەبیش بەدیاردەخا و لادانە زمانییەکانیش دەگرێتەوە. هەر بۆیە بەبنەمای دروستبوونی تێکست، چاوی لێ دەکرێت و دەکرێ شێواز بەدەق دابنێین.

### (٢) چەمکی شێواز لە کۆندا

شێواز، پێوەندییێکی تۆکمەی لەگەڵ زماندا هەیە، چەمکەکەشی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی تەوژمی نیگا و بۆهاتن ( Suggestion)ەوە ، لەکاتی جموجۆڵی گەشەکردنی ژیان و گرفتەکانی و سەرهەڵدانی ڕێبازی هزری و فەلسەفی و زانستی، کۆمەڵێك بارگەی واتایی لە خۆدەگرێت. جگە لەمە، لە سووری گەشەی خۆیدا، پێشدەکەوێت و پتر بۆ چەمك چڕدەبێتەوە، پاپەندبوونی بەسەربەخۆیی و کاریگەریی دیارکەوتنی، بەگوێرەی زمان و مێژووی خۆیدا دەستنیشان دەکرێت.

هونەر و ڕەگەزەکانی ئەدەب بەهەموو بەش و ڕێبازەکانییەوە، سەرچاوەی دەرکەوتنی چەمك و تێگەیشتن و پێناسەی شێوازن. هەر بۆیە چەمکی شێواز - بەجیاوازی هەموو ڕێچکە و میتۆدەکانەوە، چەمکێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی و زمانەوانییە.

تێکڕای جیاوازییەکانی ـ هەندێ جار وەکیەکەکانیش ـ چەمکی شێواز، لەناو ئەدەبی ڕۆژئاواییدا خۆی دەبینێتەوە ، هۆکارەکەشی بۆ کۆمەڵێك بیر و باوەڕی هزری و

---

(١) سەلیم ڕەشید ساڵح، شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردیدا، ل: ١٨.

فەلسەفی دەگەڕێتەوە، کە گەلانی ڕۆژئاوایی کاریان بۆ دەکرد و دڵنیایی کۆمەڵایەتییان پێی هەبوو و بە قووڵایی مێژوویاندا تێپەڕببوون، کە لە ئاکامی بەردەوامی و درێژبوونەوەی ڕەگی مێژووی یۆنان و ڕۆمانەوە سەریان هەڵدابوو.

ڕامانی یەکەمی چەمکی شێواز، لەناوەندی ڕەوانبێژیدا، ڕایەڵی قایلکردن (Contenting) دەگرێتەوە، کە لەسەردەستی ئەرستۆ داهێنراوە، لە کتێبی (هونەری وتاربێژی)دا، ئاماژەی بۆکردووە. ئەم تێگەیشتنە لەلایەن وتاربێژ، سێ بنەما لەخۆدەگرێت: ((جوانیی قایلکردن؛ شێواز و چۆنێتی زمان بەکارهێنان؛ ڕیزبەندی و زنجیرەیی بەشەکانی ئاخاوتن))[1]. جگە لەمە، ڕەوانبێژیی یۆنانی، سێ چەشن لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: (( گفتوگۆ و ڕاوێژکردن (To Consult)؛ دادوەریی (Judical)؛ پیاهەڵدان (Praise) و زەمکردن (Dispraise). لێرەدا شێواز سێ بۆچوونی چەمکی دەبێت: بەرزیی هونەری قسەکردن؛ فێربوونی هونەری وتاربێژی؛ تیۆری قایلبوونی وتاربێژ))[2].

بنەمای چەمکی شێواز لەڕەوانبێژیی ئەورووپاییدا، تا سەرەتای چەرخی هەژدە، بریتی بوو لە تخووبی دابڕیی بابەت (Matter) و فۆرم لەدەرەتانی ئاخاوتندا، ئەوەی جەختی لەسەر دەکرایەوە، ڕێکوپێکی و بەرزی بوو، بەشێوازیان دەوت: ((کراسی هزرو بیر))[3].

تێڕوانینی (ئەرستۆ)، لەبارەی چییەتی و جەوهەری شێواز لە ڕەوانبێژیدا، گفتوگۆ و قسە و دواندن دەگرێتەوە، کە وتاربێژ بە مەبەستی قایلکردن بەدەستی دەهێنێت. چییەتی شێواز هەموو پانتایی یۆنان و ئەورووپای گرتەوە، هەروەك: ( ئۆلفیە ڕیبول) دەڵێ: چەمکی شێواز لەناو ڕستەدا، لەبنەڕەتدا کۆمەڵە ڕێکخستنێکە[4].

---

(١) د. شفيع السيد، الاتجاه الاسلوبي في النقد العربي، ط: ١، دار المعارف، المصر، ١٩٦٦، ص: ٩٠

(٢) د. منذر عياشي، مقالات في الاسلوبية، ص: ١٨٠.

(٣) د. شفيع السيد، الاتجاه الاسلوبي في النقد العربي، ص: ١٠.

(٤) الدكتور عدنان علي رضا النحوي، الاسلوب والاسلوبية بين العلمانية والادب الملتزم بالاسلام، ط: ١، دار النحوي للنشر و التوزيع، الرياض، ١٩٩٩، ص: ٧٦ .

چەمکی پێوانەیی ئاستی کۆمەڵ، لە ناوەندی کۆمەلأیەتیدا، لە ڕەوانبێــژیی کــۆنی یۆناندا بەدی دەکرێت. بەو مانایە ئاستی ڕەوانبێژی و هزریی کۆمەڵ، لە چەقی شــێوازی بەرهــەمی نووســەراندا بــوو. بــەلای (ئەرســتۆ)وە، پێویــستە ئــەو شــێوازە واقیعییانــە بەکاربێت، کە لەگــەڵ واقیعــی کۆمــەڵدا دەگونجێــت. کەچــی (ئــەفلاتوون) پێــی وایــە، هونەرمەند دەبێت شێوازی ڕاستی و ناڕاستی (سێبەری ڕاستی) بەکاربهێنێت[1].

ئێستێتیکا، کایەی هێزی هۆکار و بنەمای تێگەیــشتنی شــێوازە. بۆیــە هــەر لــە ڕەوانبێژیی کۆندا، ئەستوندەی ڕازاندنەوەی دەق بووە: ((لە هونەری نووسیندا، چــەمکی شێواز لە ئەدەبی کۆندا، لە جوانی و نموونەیی پێکهاتبوو، وەك دیاردەیەکی ڕازاندنەوە و چوارچێوەیەکی نەخشاندن دەبینرا))[2].

لە سەدەکانی کلاسیکدا، یاساکانی شێواز لەلای لاتینییەکان و دواتــر لــە ئــەدەبی ئەورووپاییدا، هەمان یاساکانی کتێبی (هونەری وتاربێژی)ی (ئەرســتۆ)ی لــەخۆگرتبوو. ئەوان سوودیان لە یاســاکان بینــی و پــەرەیان پێــدا و قــاڵبێکی (Rhetor)، هاوواتــای ڕەوانبێژی وەرگرت و سنووری شێوازیان تەسك کردەوە و بۆ پێوانەی ئاســتی دەربــڕین و گوزارشت بەکارهات.

لەدوای (ئەرستۆ) سێ چەشــنە چــەمکی شــێواز پێڕەوکــران: ســادە؛ ناوەنــد؛ بڵنــد: ((لەلایەك لەگەڵ ئاستەکانی کۆمەلأیەتی و لەلایەکی دیکە لەگەڵ هونەرەکانی ئەدەب و لەلای سێیەمیشدا بەرێك و نارێکی ڕوونبێژییان دەبەستەوە))[3].

بنەمای ئەم سێ چەشنە لە چەمکی شێوازدا چ بە ئــاوەز، چ بــە نووســین، لــە لای (ئەرستۆ) ڕەنگی دابووەوە بــەرزتر بــۆ مەرگەســات، وەك لــە کۆمیــدیا دەبیڕوانــی، کــە هەردووکیان دوو بابەتی لاسایی کۆمەلأیەتین. ئــەم خەملاندنــە بــۆ ئــەوە نــەبووە، کــە یەکەمیان توێژی بالأ دەدوێنێت و دووەمیشیان چینی سادە و خواروو، بەڵکو سەرچاوەی سەرهەڵدان و گەشەی یەکەم شار، دووەمیش لادێ بووە. (ئەرستۆ): ((ڕەگەزی زمانی بۆ

---

(١) هۆراس، هونەری شیعر، حەمید عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی ، ل : ١١.

(٢) م . دیلکروکس، الاسلوبیة (مفهوما في بنیة النص)، ترجمة: د. وایل برکات ، ط: ١، دار وحد للطباعة والنشر والتوزیع، سوریة، ١٩٩٦، ص: ٦٧.

(٣) شکري محمد عیاد، اللغة والابداع (مبادئ علم الاسلوب العربي)، ط: ١، انترناشیونال، لبنان ، ص :٢٣.

پێناسە و چەمکی شێواز بەکارهێنا، هەربۆیە پێویستە زمانی مەرگەسات بەرزتر و لە ڕوونبیژیشدا پڕاوپڕبێت))[1].

لە سەدەی سێیەمی زایینییدا، (لونجینوس)، فەیلەسووف و ڕەخنەگری یۆنانی، تێگەیشتنی شێوازی بۆ ناسنامەی دابینکردنی پلەی بەرزی خاوەنێتی، شرۆڤەکرد و بەگڵپەی خۆشی و شادی وەسف کرد. هەر لە بەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا، شێواز بۆ بیرکردنەوەی قووڵ و توانستی گوزارشت و دەربڕین و کارامەیی زمانناسی لە هاوبەندبوونی وشە و واتادا بەکارهاتووە. چەمکی شێواز: ((لەباری ئاسایی و گشتی، هۆی تەرزی بڵندی بەرەو ژوور ترە، هەستپێکردنە بۆ چڕی ئاوێتەیی نێوان هێزی بیرکردنەوە و بناغەی پتەوی پێکهاتن. شیاوی وشە و واتاو پێناسەی بابەتەکانی داهێنانن. لە وێناکردنی دەلالیی جوانی ڕێکخستندا، مەودای جیاوازییەکانن. ئەم چەشنە تەرزەیە، نەبەزۆری و نەبەخۆهەڵکێشان نایەتەدی، بەڵکو شتێکی ڕێك و چەسپیوە و وێنەی نییە))[2].

ڕۆمانسییەکان بەتیشکی فەلسەفە و ئاوەزی خۆیان، لە ئالییێکی دیکەوە بۆ چەمکی شێوازیان دەڕوانی، ڕەوانبێژی و فەلسەفەی فۆرم، ڕوونبێژی لە خود، یان گوزارشتکردن لە خودیان داهێنا. ڕوخساری جوان و ڕێکوپێك: (ڕوخساری ئەندامی پێکهاتەکانە)، کە لە ئەزموونی داهێناندا پابەند دەبن و لە نووسینیشدا یەکێکە لە سیفەتەکانی کەسایەتی. بەو پێودانگە بۆ بارگەی دەلالەتی کەسایەتیی نووسەر لە نووسیندا، چەمکی شێواز چەمکێکی کۆمەڵایەتییە. هەتا شارەزایی و بەئاگایی لە هەموو دەرەتان و خولگەکانی ئەزموونی داهێناندا پتر بێت، هاوکێشەی دەوڵەمەندی و بەهێزی سەرپەڕتر دەبێت. لەم ڕوانگەوە، (بۆفۆن) دەبێژێت: ((شێوە و زانیاری و ڕووداوەکان و خستنەڕووەکان، گواستنەوە و ڕاستکردنەوەیان ڕەنگە گران نەبێ، بەڵام دەستی شارەزایی هێندەی تر دەوڵەمەندی دەکات))[3].

---

(١) شكري محمد عياد، اللغة والابداع ، ص: ٢٣.

(٢) د. انيس المقدسي، الانماط العالمية في التعبير، مجلة العربي ، وزراة الارشاد والانباء بجامعة الكويت، العدد: ٨٦، الكويت، ١٩٦٦، ص: ١٢٤ .

(٣) شكري محمد عياد، اللغة والابداع، ص: ٢٤.

له ڕاستیدا بۆ بەدیهێنان، ئەم شتانە لە دەرەوەی چەقی دەسەڵاتی مرۆڤ دان. مرۆڤ بۆ خۆی هەر بنیادەمە، بۆیە شێواز هەرگیز نە وەردەگیرێت و نەگۆڕان و ڕاستکردنەوەشی تێدا دەکرێت. چەمکی شێواز، خودی تاك خۆیەتی. گۆڕان، ڕیزبەندی ڕستەیی یان سینتاکسی ناگرێتەوە، بەڵکو تەنیا دەلالەت و واتا دەگرێتەوە. بەم چەشنە تیۆری سەلمێنراوی چەمکی شێواز: ((لە بەکارهێنانی زماندا، شەقڵ و نیشانەی کەسییە، بەهیچ کلۆجێك دووبارە نابێتەوە. واباوە کە شێواز پەنجە مۆرە، نەدروست دەکرێت، نە غەشیشی لەگەڵدا دەکرێت))[1].

دوای بە دەلالەت بوونی کەسێتی لە چەمك و ناوەرۆکی شێوازدا، گەڕان بەدوای ناوەرۆکی زمان لە شێوازدا، هاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. زمان، گەورەترین هۆکار و فراوانترین دالانی دەربرینە، چەمکی شێوازیش،کرداری هەڵبژاردن و دیاریکردن دەگەیێنێت، بە دوو ڕێگا جێبەجێ دەبێت: هەڵبژاردن و دیاریکردنی سوودگەریی گونجاو، بە حاڵ و پلە و شوێن (Pragmatic Selection)ەوە، هەڵبژاردنی زمانزانی لەسەر دەستووری ڕێزمانی زماندا، ئەویش بەشێوەیەکی گشتی، لایەنی دەنگ و دەلالەت و وشە و سیستمی بونیات بگرێتەوە[2].

هەرچەندە شێواز پڕە لە هونەر و سەرتاپا تەکنیکی زمانی تێدا بەکاردێت، بەلام ڕێسا بەرایی و بناغەدارێژییەکەی زمان، وەك دیاردە و دەستوورێکی کۆمەڵایەتی دەپارێزێت. لەشێوەی باو لا نادات، بەڵکو هونەری تێدا بەکاردێت، بەواتا خەست دەکرێتەوە. (بێلی) شێوازناس دەڵێت: ((لە بەکارهێنانی زماندا، شێواز ڕێگایەکی لاساییکردنەوە نییە لە باو لابدات، بەو شێوەیە بەکارهێنانی زمان بەو ڕێگایە بەکارهێنانێکی شێوازییە))[3].

---

(١) شكري محمد عياد، اللغة والابداع، ص: ٢٤.

(٢) الدكتور عدنان علي رضا النحوي، الاسلوب والاسلوبية بين العلمانية والادب الملتزم بالاسلام، ص:١٥١-١٥٢.

(٣) رولف ساندل، مفهوم الاسلوب، ترجمة: لمياء عبدالحميد العاني، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد: ١، السنة:٢، دار الحافظ للنشر، بغداد، ١٩٨٢، ص: ٧٦.

بیرۆکەی باو لە شێوازدا، چەشنێکە لەشێوازی جیاوازی ئاخاوتن و نووسین. لە دەروازەی شێوازەوە لەباو دەرباز دەبن. ئەگەر شێواز، داڕشتن و توێژێکی وەك: نووسەران و سیاسییەکان و وتاربێژەکان ... بگرێتەوە، ئەو سیستمە دەبێتە ناوەندێك بۆ شێواز، لە بەرژەوەندی ئەم چینە بەتخووب دێت. دەرچوون لە باو، سنووربەزاندنی شێوازە، فراوانبوونیشی زیان بەلایەنەکانی دیکە دەگەیەنێت.

تێپەڕاندن لە باو، شرۆڤە دەکرێت و بۆ شێواز دەبێتە چەمك و میکانزمی نەریتە زمانییەکان بەردەوام دەبێت و چەشنە باوەکان دەگرێتەوە، ئاکام بەگوێرەی شرۆڤەکە، دیاریکردنی ئاراستەی خودی چەمکی شێواز دەبێت، نەك ئەو مەبەستانەی کە دەیگەیەنێت، بۆیە پێویست دەکا چەقێکی کەی هەمەلایەنەیی دەرچوون لە باو بدۆزرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شێواز ئامادەکردنە بۆ بەکارهێنانی زمان، کە دەقەکان تێدا جیاوازن[1].

لەکاتی بەکارهێنانی تایبەتمەندییەکاندا، ئەگەر زۆر چڕ کرانەوە، یان زێدەڕۆییان تێدا کرا، شێواز دەگەیەنن. وا باشە لە توێژینەوەدا بەشێوەیەکی سروشتی لە شێواز بڕواندرێت، ببێتە چەمکێك نموونە بۆ بەراوردکردن بدۆزێتەوە.

تێگەیشتن لە شێواز، لای ڕەخنەگر و زمانزانە بەراییەکانی عارەب، گەلێك دەلالەت بەدەستەوە دەدات. (ئەلئەسمەعی)، لە بەهای نرخاندنی شاعیراندا، شێواز بەکەلێتی یان نێرێتی (Potent ،Potency) ناو دەبات. لە ڕەخنەی ئەدەبیدا تەرزێکی بەرز و بڵندە. بەرەچاوکردنی هەموو دەرەتانەکانی زانستی دەربڕین، لە ئاستەکانی زمان و بونیاتی شاراوەی واتایی، لە پێوەندی دیالێکتیکی وشە و دەلالەتدا، شێواز بە: ((پیاڕۆیی Stick in to، پیاتێپەڕیی (Way across)، لەسەرپەڕکردنی هەڵبژاردنی بەرهەمی شاعیراندا بەکارهاتووە[2].

---

(١) ئوسامە حوسێن ڕەسووڵ، ٧ نوێژ لەسەر دووگردی شیعردا، چ : ١ ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٦، ل : ٢٨-٢٩ .

(٢) بۆ زانیاری پتر، بڕوانە: أ) ملك بن قريب الاصمعي، فحولة الشعراء، تحقيق: محمد عبدالمنعم الخفاجي و طه الزيني، مطبعة المنيرية بالازهر، القاهرة، ١٩٥٣، ص : ١٣، ٤٧ . ب) ابو عبيدالله المرزباني، الموشح في ماخذ العلماء على الشعراء، تحقيق: علي محمد البجماوي، القاهرة، ١٩٦٥ ، ص : ٦٣، ١٠٦، ١١٩، ١٢٠. ج) د. احسان عباس، تاريخ النقد الادبي عند العرب (نقد الشعر) من القرن الثاني الهجري الى القرن الثامن الهجري، دار المشرق، ط: ٢ ، ١٩٨٦، ص: ٥١-٥٢.

کەرەستەکانی: ڕەوانبێژی و ڕەوانی گەیاندن و پەیام، ڕەوانی لە ڕەوانبێژیدا، پاراویی لە زمانی پاراودا، نیشانەی قووڵبوونەوەیە بەناو چەمکی شێوازدا، کە (جاحظ) لە کتێبەکەیدا (البيان والتبين) ئاماژەی بۆ کردووە، کاری شرۆڤەیی لەسەر ئەنجام داون. شێواز لەلای ناوبراودا، واتای دەلالی زۆر دەگەیەنیّ، ئەو پانتاییەی بەکارهێناوە لە: ((تەوەری هونەری پراکتیکی، بۆ سیفاتی جیاکردنەوە، بە دەوری دابینکردنی قسەدا دەسووڕێتەوە. پاشان وەك گەیاندنی پەیامێکی زمانی دەیگوازێتەوە و دەیگۆڕێت بۆ بابەتێك کە هونەری تێدا بەکارهاتبێت، جا ئەو بابەتە چ شیعر بیّ یان پەخشان، (جاحظ) بە چەمکی پیشە ناوی بردووە))[1]. گرنگترین پێوانەکانی شێواز، بۆ پاڵپشتی زمانی و توانستی چەشنەکانی دەربڕین، هەڵبژاردنە. جگە لەمانە: ((ڕێکخستنی بۆ بابەتەکانی زمانەوانی دەستنیشان کردووە، لە دەقدا زۆر جەخت لەسەر وزەی نیگا و بۆهاتن دەکاتەوە))[2].

پاش پتر ئاشنا بوونی عارەب، بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی ڕۆژئاوا و خەریك بوونیان بە فیلۆلۆژی و زانستەکانی زمانی عارەبی، سەبارەت بە دیاریکردنی ڕێبازێکی سەربەخۆ بۆ شێواز، شێواز ئاسۆییێکی دیکەی بۆ دەرکەوت. ئەوەتە (عەبدولقاهر جرجانی) کە لە شێواز دەدوێت، بە: ((جۆرێك لە ڕێکخستن و ڕێگەی چۆنێتیی ڕێکخستن))[3]ی دادەنێت. ئەو ڕێگایە پەسەندکرا کە بنەمای هاوڕێکی واتایەکان هەڵدەگرێت و بەڕێگای یاسا و زانیاری زمانزانی، دەتوانرێت وەك پێوانە، شێوازێك لەیەکێکی تر جیابکاتەوە. چەمکی شێواز، هاوبەندبوونی ئۆرگانیکی لەگەڵ ڕێکخستنی واتاکان دەبێت، بیّ ئەوەی بەهای هونەری وشە ڕەت بکرێتەوە .

(١) د. عبدالسلام المسدي، المقايس الاسلوبية في النقد الادبي من خلال كتاب (البيان والتبين) للجاحظ ، مجلة الاقلام ، العدد : (١) ، السنة : ١٥، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٠، ص: ٢٢٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل : ١٥٦ ـ ١٥٩.

(٣) عبدالقاهر الجرجاني، دلائل الاعجاز، تحقيق : محمود محمد شاكر ، مكتبة الخانچى، القاهرة ،١٤٠٤هـ، ١٩٨٤م،ص: ٤٦٩.

شێواز لەسەر دەستی (حازم قرتاجی)، ڕایەڵەکانی خولگەی ناساندنی بەربلاوتر بوو، تاڕادەیەکیش گشت ڕامانەکانی لەخۆ گرتکردەوە، چونکە بەکەناری کۆکردنەوەی بناغەدانانی بیرۆکە، لەناو مەبەستی شیعردا تێدەپەڕێت: ((لە پلەی ڕێکخستنی وشەدا، کە وێنەی چۆنێتی بەردەوامبوونی وشە و فرێز دەگەیێنێت، بۆ میکانزمی گواستنەوە لە هەندێکەوە بۆ هەندێکی دیکە، دەستەیەکی ئامادەکراوە، جۆرێکیش لە بونیات و پێکهاتە پشتی پێ دەبەستێت))[1].

دیارە شێواز چەقی بازنەیەکی تیرە و تەوەر فراوان لە چەمك دەگەیەنێت. گرنگی ڕۆڵی شێواز، وەك زانست دەکەوێتە بەرچاوان. دەسەلاتیشی، هەر لە بنەمای پتەوی زمانی و هێزی ئاوەز و ئێستێتیکا و فۆرمی داهێنانەوە... تا دەگاتە نیگای دارشتنی ناوەرۆکی دەق دەگرێتەوە. جگە لەم چەمکانەی کە خرانە ڕوو، شێواز، چەمکی: دیمانەیی (بارۆکی) و (انطباعي ـ Impressionistic)... ش لە خۆ دەگرێت.

## (٣) چەمکی شێواز لای نوێخوازان

شێواز لە ڕەوانبێژیی کۆنی: (یۆنانی، ڕۆمانی، بگرە عارەبی)شدا، سەرسوڕهێنەر و توانستی زمانی بووە، زیاتریش لایەنی ئێستێتیکای گرتبۆوە. ئەم تێڕوانینە بەردەوام بوو تا ڕەوانبێژیی چاولێکەری سەری هەڵدا و شێواز چەمکی قایلکردنی گەیاند. ئەمەشیان بەڕای شێوازگەرییەکان، نیشاندانی بەرزی نەبوو، بەڵکو تەنیا لەسەر سۆز ئاستی کاریگەری دەگەیاند.

دوای دەرکەوتنی زمانناسیی نوێ لەسەر دەستی فردینان دی سۆسێر (١٨٥٧-١٩١٣ز)، کاریگەریی سۆزنواندن لەسەر بەرانبەر گرنگی پێدرا. لەژێر زاراوەییێکی نوێی زمانناسی بەناوی (نیگا)وە ڕێچگەی گرت. زۆربەی ڕەخنەگران وای دەبینن، کە شێواز: (( لە دەقی ئەدەبیدا، کۆمەڵێك وزەی سۆزییە))[2].

---

(١) ابو الحسن حازم القرطاجي، منهاج البلغاء وسراج الادباء، تحقيق: محمد الحبيب بن الخوجة، المطبعة الرسمية للجمهورية التونسية، تونس، ١٩٦٦، ص: ٣٦٤.

(2) B. Spillmer, Linguistica Litterateur, MADRID 1979, p: 23.

زەمینەی پێشبینی بونیادگەری سەبارەت بە چەمکی شێواز، ئاراستە سێگۆشەیەك نیشان دەدات. گۆشەی یەکەم: هـزری ئاراسـتەی (ڕۆلان بـارت)، گۆشـەی دووەمیـان: (ڕیڤاتیر)، ئەویتریشیان: ئاراستەی ڕێزمانی بەرهەمهێنەری (چۆمسکی)یە.

(بارت) نووسین وەك سەرپێچییێکی زمانی باو و ئاسایی، بەرانبەر شێواز دادەنێت. بە بارگاوی بوونی تـەواوی خـودی دەزانێـت، ڕەگـی بارگـاوی بوونەکـەش، لـە نهێنـی ئەفسانەیی نووسەر دایە. شێواز، بـەو ئامانجـەی گواسـتنەوە و گەشـەکردنی حاڵـەت و تێکەڵکردن لە دەروونی خوێنـەر بڕوێنێـت، دەبێتـە دیاردەیـەك و سروشتیـشی لەگـەڵ سروشتی سەرچاوەکانی ڕەگی دەمامك هاوڕێك دەبن[١].

لای (بـارت)، زمـان لـەپێش و شـێوازیش لـەدوای ئـەدەب دادێـن، وێنـە یەکـە فراوانەکانی شێواز، بەرهەم و توانـستی نووسـەرن، هـەموو میکانزمـە هونەرییـەکان و پێوەندییە لۆژیکەکان تێیدا سەرهەڵدەدەن. لەژێر تیشکی شێوازدا، زمـانێکی زینـدووی سەربەخۆ گەشە دەکات. ڕەگـی ئـەم زمانـەش، لـەناخی توانـست و نهێنـی و پـەنهانی نووسەردا سەرچاوە دەگرێت.

دەستنیشانکردن و لێکهەڵاوردکردنی شێواز و وێنـەی شـێواز، بـەڕای (بـارت) دوو شـتی دژبەیەکترن، لە حـاڵەتی زانستی بەدیار دەکەوێت، بەشێکی گەورەی پابەندە بە شێوە و بابەتی سۆسێری: (یاسای زمان و پەیامی دەقی ـ دەربڕین). کەواتە دژبوون لەنێوان پێوانەیی و یاسایی، لەگەڵ لادانـدا دەبێت[٢]. بۆیە کە دەڕوانینە شێواز، چەمکی جیاکردنەوە (Exception)ی هەیە، هەرچەندە لە بنچینەدا بەڕێکوپێکی ڕێکخراوە، بـەڵام لادانـە لەیاسـای تـاکی، دواتـریش لـە بەکارهێناندا، دەستگایی دەبێت. جارێك مەبەست باس لە ئاخاوتن دەکات، ئەگەر زانیمان پێوانە زمانی ئاخاوتنە، جارێکی دیکەش مەبەست باس لە پەخشان دەکات (کە شیعر بەشتێکی تـر بزانیت). دژبوون لەنێوان: ((بابەت و فۆرم، پابەندبوونە بە بۆچوونی دەرخستن، پاشان لەنێوان یاسا و لادانـدا دژبـوون بـە جیهـانبینییێکی ڕەفتـاری پابەنـد دەبێـت...))[٣]. چـونکە ئـەو کاتـە

---

(١) محمد عزام، الاسلوبية منهجا نقديا، ط: ١ منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٨٩، ص : ١٢.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٧٧.

(٣) رولان بارت، هسهسة اللغة ، ترجمة: د. منذر عياشي، ط: ١، مركز الانماء الحضاري، حلب، ١٩٩٩، ص:١٧٧.

کەمکردنەوەیەك لە ڕێکی و لێکهاتووی سۆسیۆلۆژیدا دەردەکەوێت، بەو پێودانگە یاسا بەپێی زۆریی ژمارەی بەکارهێنەران لە بەرچاو دەگیرێت. لەژێر ڕۆشنایی کەمکردنەوەی سۆسیۆلۆژی لە پێوانەدا، کە جۆرێکە لە سروشتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، ئەدەبیش شوێنێکی دیاری کراویدەبێت، مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکرێت.

زمان لای (ریڤاتیر) تەوژمی دەربڕین دەگرێتەوە، شێوازیش نیشاندانی پلەی بەرزی و ئاستی لووتکەیی دەنوێنێت. گشت فۆڕمە تاکەکانی شێواز، وەك سروشتی زمان سیمای ئاخاوتن لەخۆ دەگرن، بۆ داڕشتن و بەدیارخستنی سیماییێکی تایبەت، بوار دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی نووسەر سەبارەت بە کاریگەریی تایبەتی لەبابەتی دەربڕین و ئەدەبیدا ڕەگەزەکانی زمان بەکاربهێنێ. لە ڕەگەزی شێوازگەریی ئەدەبیدا، لە سیستمی وەکیەکی بەهای دەبێت. هەر بۆیە چەمکی شێواز لای (ریڤاتیر) بەنیازی چێژی ئەدەبی، هەموو بەرهەمێکی نووسراو دەگەیەنێت، پاشان پانتایی و قووڵایی: ((سەرجەم نیشاندان و قەبەکردن و یان دڵنیابوونێك، چ گوزارشتی، یان سۆزی بێت دەگرێتەوە، کە جوانکارییەك بگەیەنێت و بخرێتە سەر ئەو زانیارییانەی کەلەلایەن بونیاتی زمانەوە دەگوازرێنەوە بێ ئەوەی کار لە واتا بکات))[1].

دەسەڵاتی شرۆڤەکردنی سروشتی شێواز، لەسەر کار و بەرهەمی داهێنەرانەیە و ڕەگەزی بوون دەگەیەنێت. لە بونیاتی پێکهاتەدا کۆمەڵێك زنجیرەی بونیادگەری لەخۆ دەگرێت. ئەویش لە گوێزانەوەدا دوو چەشنە گۆڕان دەگرێتەوە، ئەوانیش: (بەزۆرەملێ، هەڵبژاردن و پەسەندی)، سەرچاوەی هەریەکەشیان ڕستەی زمانین. ڕەنگە لە ڕاستکردنەوەی دەلالەت و لە گواستنەوەی هەڵبژاردندا، ڕەگەزی دەلالەتی تازە پەیدا بێت، بەڵام لە پرۆسێسی گواستنەوەدا، ئاستەکانی ناوەند بەکارنایەن، ئەگەر حاڵەتێکی ناچاری نەبێت هەڵبژاردنیش تێناپەڕێنێت، بەوەش دەناسرێتەوە کە ڕستەی سەرەکین و ڕوخسارێکی سادە و ساکاریان هەیە، بەڵام زۆر بەکارن، کار و کرداری ئاوێتەبوونیان تێدا فەرامۆش کراوە. ئەمە لە پەنجاکاندا، سەبارەت بەچەمکی شێواز لە بونیاتی بونیادگەریدا بۆچوونی (چۆمسکی) بوو. لە پاشان لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، ڕاستکردنەوەییێکی ڕیشەیی بەخۆوە بینی، قاڵبێکی پەسەندی لە گونجاو و چالاکی

---

(١) محمد عزام، الاسلوبية منهجا نقديا، ص: ١٤.

وەرگرت، کە (چۆمسکی) شـێوەیێکی تـازەی بـۆ ڕێزمـانی بەرهەمهێنـەری گوێزانـەوە داڕشتن و بنەمای بونیاتی سەرخان و ژێرخانی دەستنیشان کرد.

لە بونیاتی ژێرخاندا، ڕستەکانی بونیاتی سەرخان بەهاریکاری ڕەگەزەکانی پێکهاتەی گوێزانەوە، چەند لقێکی لێدەبێتەوە. ئەم گۆڕانە لە چوارچێوەی بنەمای دەلالەت پاراستن روودەدات، یـان ئـەم گۆڕانکارییـە، لـە گـۆڕان و دەسـتکاریی واتـای دەلالی بـەدوور دەبێت[1]. لێرەدا گوێزانەوەی هەڵبژاردن، دەبێتە هەمـەڕەنگیی شـێواز و هـیچ کـار لـە پێکهاتەی زمانی ناکات. ئەنجامدانی ڕاڤەی دەلالی لەسەر دەستووری بونیـاتی ژێرخـان دەبێت. بونیاتی ژێرخان هاوبەشـە، بـۆ چـالاکی گوێزانـەوە وەك خـاڵێکی ئەنـدازەیی و پێوانەیی ڕێکوپێك سەیر دەکرێت، لە شوێنی ئەو ڕسـتە سـەرەکی و ناوەکییانـەدا، کـە هیچ ڕۆڵێك لەم داڕشتنە تازەیەدا نابینن، شێواز لە زمانی گوزارشتدا دەبێتە کارێزمان، چۆنێتی مامەڵە لەگەڵ کردنیشی، بەمەبەستی چییەتی، کە لەلایەن نووسـەرەوە هـەوڵی بۆ دەدرێت لە سنووری دەستەڵاتەکەدا دەبێت. هەر لەم کلاوڕۆژنەیەدا، دەروونی نووسەر دەخوێندرێتەوە و هەست بە دینامیکییەتی تیۆری ئەزموون و کارامـەیی ئێـستێتیکایی دەکرێت[2].

ئەگەر بەوردی سەرنج بۆ ڕەخنەی نوێ بدەین، دەبینین لە سـێ ڕوانگـەوە بـۆ شـێواز دەڕوانێـت، ئـەوانیش، یەکـەم: قـسەکەر (Speaker). دووەم: پـەیام (Message). سێیەمیش: گوێگر (کەسی دووەم - Listener).

لە ڕوانگەی یەکەمدا، شێواز دەبێتە مۆرك و شەقڵی مرۆڤ چونکە لەسـەر شـێوەی بیرکردنەوەی خاوەنەکەی جەخت دەکات، هەروەك لە پێناسەکانی چەمکی شێواز لـەلای: (بیفۆن، فلوبیرو، تاجانستار و بنسلی...) ڕەنگی داوەتەوە و ئاماژەش بەوە کـراوە، کـە شێواز لەم ڕوانگەیـەدا دەبێتـە هـاوڕێکی نێـوان توانـستی تاقیکردنـەوەی قـسەکەر و پێویستییەکانی گەیاندن. هەرچی شرۆڤەکردنی ئەوانی ترە، تەوژمی زمان پەسەندکردنی

---

(١) برند شبلنر، علم اللغة والدراسات الادبية (دراسة الاسلوب، البلاغة علم اللغة النصي)، ترجمه وقدم لـه وعلق عليه: د. محمود جاد الرب، ط: ١، دار الفنية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩١، ص: ٣٨ ـ ٣٩.

(٢) بۆ پترکردنـی زانیـاری بڕوانـە: د. صـلاح فـضل، علـم الاسـلوب، دار الافـاق الجديـدة، بيروت، ١٩٨٥، ص:١٠٦.

پێوانەی هەڵبژاردن و لادان ناگرێتەوە، بۆ لەدایکبوونی ڕایەڵەکان و دروستکردنی تۆڕی (دال) لەگەڵ (مەدلوول)دا، دەق دەبێتە سەرچاوە. لەم بانێژەیەدا، وردترین پێناسە بۆ شێواز دەستدەکەوێت، ئەویش: داڕشتنێکی دەق و پەیامە، کە دوێنەر جێگای ئەدەبیاتی خۆی تێدا دەکاتەوە و وەك زانستێك هەموو سیفەتەکانی زمانەوانی لە خۆ کۆدەکاتەوە، کە لە مەیدانی قسەکردنەوە بەهۆی گەیاندنێکی ئاسایی، بۆ دەربڕین و گوزارشتێکی کاریگەری هونەریی دەگوازرێتەوە[1]. بەشێوەیەکی گشتی فرە پێناسەی شێواز لە ئەدەبدا، کۆمەڵە چەمکێك دەبەخشێت ، لە ڕەخ و ئالیی شیعریشدا، پانتاییێك داگیردەکات. یەکێك لە گرنگترین سیفەتەکانی چەمکی شێواز لە دەقی شیعردا، لادانە (Displacement). لادان بەو تایبەتمەندییە جیا دەکرێتەوە کە لەزمانی ئاسایی و یاسایی دەردەچێ. نەگۆڕی زمان و سیستمی چەسپیو دەشکێنێت. بێ گومان ئەمەش لە ڕێگای دەسەڵاتی زمان و توانستی تەواوی زمان بە ئەنجام دەگات.

شێوازگەرەکان لە دوو ئاستەوە بۆ زمان دەڕوانن، یەکەم: بە تەرزی دەربڕین و گوزارشتی ناسراوە،کە لە ئاخاوتندا کاری هەواڵدان جێبەجێ دەکات، واتا نەژادی وتن دەگەیەنێت. دووەم: تەرزی داهێنانییە: ((سنووری یەکەم دەبەزێنێ و جۆرە لادانێك بۆ دەربڕین و گوزارشتی هونەری و تەکنیکی دروست دەکات))[2]. ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە، کە هەموو لادانێك شێواز نییە، هاوپێوەندی شێواز و لادان لە تێکستدا بە ئەنجام دەگات، پێچەوانەکەشی بەپێی کاریگەری، بارێکی شێواز دەگەیەنێت[3].

---

(١) بۆ زانیاری بڕوانە: ا) عبدالسلام المسدي، الاسلوب والاسلوبية، دار العربية للكتاب، ١٩٧٧، ص: ٦٠ . ب) توفيق الزبيدي، اثر اللسانيات في النقد العربي الحديث، دار العربية للكتاب، تونس، ١٩٨٤، ص:١٩-٩٢ . ج) احمد الشايب، الاسلوب (دراسة بلاغية تحليلة لاصول الاساليب الادبية)، ط: ٧ ، مكتبة النهضة المصرية، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٩٧٦، ص: ١٣٤ ... هتد.

(٢) بڕوانە: د. محمد عبدالمطلب، البلاغة والاسلوبية، سلسلة الدراسات الادبية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، المصر، ص: ١٩٨- ١٩٩.

(٣) جورج مونان، مفاتيح الالسنة، عربةُ وذيّلة بمعجم: عربي ـ فرنسي: الطيب البكوش، منشورات الجديد، تونس، ١٩٨١، ص: ١٣٦، ١٣٧.

لادان له کولتووری ڕەوانبێژیی عەرەبیدا، به دەرچوون له ڕێی ڕاست (العدول ـ Deviation) ناوی هاتووه. (ئیبن جیننی) به لاربوونەوه (الانحراف Deviance) باسی کردووه[(١)]، ئەم چەمکانه دەگەیەنێت: ((نابەجێیی پێویست له دەرکەوتندا، کەسی دووەم بەجۆرێك ماناکەی پێ دەگات یان وەری دەگرێت، که بەو شێوەیه چاوەڕێی نەبووه))[(٢)].

کورتەی تێگەیشتنی هەشت پێناسەکەی شێواز، لەلایەن (ئەحمەد شایب) ئەمانەن: ڕێگاکانی نووسین و دارشتن، یان ڕێگاکانی هەڵبژاردنی وشه و دانانیان له جێگای گونجاو، بۆ ئەوەی مەبەستی گوزارشتی واتا و ڕوونکردنەوەی پلەی کاریگەریتی لەسەر بەرانبەر بنوێنێ. هەروەها بریتیشه له جۆری چۆنێتی ڕێکخستن و هونەری بەکارهێنان. جگه لەمانەش، شێواز به بۆچوونی (شایب) بەم جۆره ناوی لێدراوەتەوه: چەشنه وشه و ورتەیەکی گونجاوه بۆ واتا دەربڕین[(٣)].

له فەلسەفه و ڕەخنەی عارەبیدا، جێگه پەنجەی زۆر کەسانی دیکه له مەیدانی شێوازدا دیاره[(٤)]، هەریەکەیان به ئاستی تێگەیشتن و ڕۆشنبیریی خۆی و ژینگەی کۆمەلایەتی و شارەزایی له بابەتەکانی زمان و فیلۆلۆژیی زمانەکەیان و ئاشنایەتییان بەڕەخنه و قوتابخانه زمانەوانییه ڕۆژئاواییەکان، له چەمکی شێوازیان ڕوانیوه، فەرهەنگی واتایان بۆ ڕێکخستووه.

### ( ب ) شێوازگەری

### (١) چەمکی شێوازگەری له هزری نوێخوازیدا

تیۆر و بۆچوونی تازه لەبارەی پەیدابوون و گەشەسەندنی شێوازگەری (Stylistic)، دوای سەرهەڵدانی ڕێبازی زمانناسیی نوێ به دیارکەوت. ئەم ڕێبازه لەسەر دەستی

---

(١) ابن جني، الخصائص، تحقيق: محمد علي النجار، ج : ٣ ، الناشر: دار الكتاب العربي، طبع : دار الكتاب العصرية، بيروت، ١٩٥٧، العدول، ص: ٢٦٧، الانحراف: ص : ٢٦٨.

(٢) سەرچاوەی پێشوو: ل: ٢٦٩، ٢٧١.

(٣) احمد الشايب، الاسلوب ـ دراسة بلاغية تحليلة لاصول الاساليب، ص: ٤٨، ٤٩، ٥٣.

(٤) لەوانه وەك، محەمەد عەبدە، شێخ حوسین ئەلمەرصفی، ئەحمەد حەسەن ئەلزەیات... زۆرانی دیکه. بۆ زانیاریش، بڕوانه: محمد رشيد رضا، تفسير القران الكريم الشهير ب(تفسير المنار)، دار المعرفة، ط: ٢، (ت، ت)، ص: ١٩.

زمانناسی سویسری (فردینان دی سۆسێر) له دایك بوو. نـاوبراو لـەبارەی ڕووداوەکـانی کۆمەلآیەتی، وەك بابەتێکی گشتی سەیری زمانی دەکـرد، پەنجـەی لەسـەر سـێ زاراوە دانا، کە پێوەندیی دیالێکتیکییان بە قسەکردنەوە هەیە و بـە یـەکتریان دەبەسـتێتەوە، ئەوانیش، یەکەم: ئاخاوتنی تاك. دووەم: زمان. سێیەم: زمانی مرۆڤی. ئەم هەوڵەی بـۆ ئەوەبوو تا بیسەلمێنێ کە زمان ماددەیەکە و شایانی توێژینەوەی زانستییە.

ئاخاوتنی تاك واقیعی ڕووداوی کۆمەلآیـەتی نییـە، لەبـەر ئـەوەی لـە تـۆڕی بـە ئاگاییـەوە دەردەچـێت، بەرهـەمێکی کەسـی تاکییـە. تـاکیش توانـستی هەڵبـژاردنی سەربەستانەی نییە و ناتوانێ پێشبینی بۆ بکات. بۆیە تۆژینەوەی زانستی هـەڵناگرێت، چونکە ڕووداوەکانی کۆمەلآیەتی پێویـستە گـشتی بـن و دەسـەلآتیش بەسـەر هـەموو دەرەتانەکانی کۆمەلآیەتیدا هەبێت.

زمانی مرۆڤی کۆمەڵە یاسا و ئاخافتنێکی تاکییە، بۆیە دیاردەی ڕووداوێکی پاکی کۆمەلآیەتی نییە، بەڵکو پێکهاتەکـەی دوو لایەنەیـە: تـاکی و کۆمەلآیـەتی. هەرچـی زمانە، کۆداب و نەریتێکە لە ئاخاوتنی کۆمەلآیەتییەوە فێری دەبین و کـەناڵی بەیـەکتر گەیشتنە، خۆی بەتەنیا ڕووداوێکی کۆمەلآیەتی نییە، بەڵکو گشتییە و داسەپێندراوەتە سەر تاکەکانی کۆمەڵ کە قسەی پێدەکەن(1).

(چارلس بالی١٨٦٥ — ١٩٤٧ ز)، لەبەر ڕۆشـنایی پرۆگرامـی مامۆسـتاکەی (دی سۆسێر)، لەبارەی زمانەوە دەڵێ: ((بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاوەزدا کۆمەڵـە هۆکـارێکی دەربڕینە، شێوازگەریش گرنگی بـە توێژینـەوەی ئـەو هۆکارانـە دەدات، سـەبارەت بـە بیرێکی دیارکراو لە دەربڕین و گوزارشتدا بەکاردێن))(2).

(بـالی) چـەمکی شـێوازی لـە وێنـەی ڕەوانبێژیـدا، بـۆ مەیـدانێکی سـەربەخۆ گواستەوە، کە گرنگی دەدا بە سیستمێکی گـشتی بۆئـەوەی وزەی شـێواز، لـە ڕێگـەی شێوازگەرییەوە دامەزرێنێت. سەرەڕای ئەمەش، (بالی) هەوڵی دەدا گۆڕان لە سیـستمی کۆمەلآیەتیی زمان بکات و لەدەربڕین و قسەکردندا، بە ماددەیەکی زیندوو بژمێردرێت.

---

(١) الدكتور عبدة الراجحي، النحو العربي والدرس الحديث، دار النهضة العربية، بيروت، ص: ٢٦، ٢٨.

(٢) فردينان دي سوسير، علم اللغة العام، ترجمة: د. يوئيل يوسف عزيـز، دار آفـاق عربيـة، بغـداد، ١٩٨٥، ص:٢٧.

شێواز لای (بالی)، کۆمەڵە ڕەگەزێکی زمانە، کاریگەریی سۆزی - نەك ڕووداوی فیکری - لەسەر گوێگر یان خوێنەر هەیە. شێوازگەریش، گرنگی دەدات بەو توێژینەوانەی سەبارەت بە نرخی کاریگەری ئەو ڕەگەزە سیستمیانە ئەنجام دەدرێن. جگە لەمەش، تخووبی شێوازگەری لە جوغزی زمان بۆ دەقی ئەدەبی دەبەزێنن.

شێوازگەری لەلای (بالی)، لە سیفەت و کاریگەریی ویژدانـدا، بەدوای دەلالـەتی واتای فرێزدا دەگەڕێت، شوێنیشی لە چۆنێتی گوزارشت لێکچوواندا هەیە، (بالی) هەر لەڕێگەی بیری قوتابخانەکەیدا، شێوازگەری بۆ شێواز هێنا کایەوە[1].

ئاشکراکردنی هەموو پەنهانەکانی دەق و هۆکارەکانی ئەلتەرناتیڤی ئەم کارە، بۆ بنەماکانی شێوازگەریی (سپێتزر) دەگەڕێتەوە، میتۆدی ئەم ڕێبازە شێوازگەرییە، چەمکی: (تاکایەتی) و(پێوانە)یش لەخۆدەگرێت.

شێوازگەریی تاکیەتی و ڕاڤەکردن (پێوانەیی) لە : ((تێڕوانینی لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای ناوەڕۆکی دەقدا بەیەکتر دەگەن، بەمەرجێك زمان و سیستمی ناوەوەی زمان، پێوەر بێت و لەژێر دەسەڵاتی زماندا، مەوداکانی تێکەڵبوون قاڵب بگرێت))[2]. سەرەڕای ئەمانەش، هەمان شێوازگەری بە چەمکی (بەدواداچوون)یش ناوی دێت، چونکە: (( گشت ڕێسا و ماکەکانی ئەم ڕێبازە، چ تیۆری، چ مەشقکاری، لە ناو بۆتەی شیکردنەوەدا نقووم بوون))[3]. قوتابخانەی (بالی)یش دەکاتە کۆڵەکەی پشت پێبەستن .

جیاکاری شێوازگەریی (سپێتزر)، لە تیۆری فیلۆلۆژیدا سەرچاوە دەگرێت. لە قووڵایی ئەدەبیشدا ئەو بارگەیە هەڵدەگرێت، کە توێژینەوە لە ناخی زمان و ئەدەبدا بکات، دواتریش لەبەر کاریگەریی وزەی دەسەڵاتی زمان و شێوازدا، چییەتی دەق بدۆزێتەوە.

---

(١) الدكتور عدنان علي رضا النحوي، الاسلوب والاسلوبية بين العلمانية والادب الملتزم بالاسلام ، ص:١٦٢ـ١٦١.

(٢) ئازاد ئەحمەد مەحمود ، زمان و ڕەخنەی ئەدەبی لە شێوازگەریی سپێتزردا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە:٢٣٢٥ ، چوارشەممە، ١٥ تشرینی دووەم، ٢٠٠٦، ل: ٨.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٨.

له سەرەتای پەنجاکاندا، هەوڵی بەردەوام و پێداگرتنی (ڕیڤاتێر)، له سەر سەرکەوتنی بەرهەمی پراکتیکی شێوازگەری و لێکۆڵینەوە لەبارەی بوونی تیۆرێکی گشتگیری لە زمانناسیدا، لە مەودای لێکۆڵینەوەکاندا، شێوازگەری: ((بەمانای توێژینەوەییێکی بابەتئامێز بۆ شێوازی کاریگەریی ئەدەبی))[1]، بووە ڕەنگاری زانستێکی بابەتیانە. هەروەها (ڕیڤاتێر) بۆ ئەوەی ئامانجی کاری شێواز بزانێت، له دەروونناسیدا، باوەڕی بە تیۆریی ڕەوشتی هەیە، وێڕای ئەمانەش، شێوازگەری، دوور له حاڵەتی ئاسایی، جەخت لەسەر بناغەی نیشاندانی تایبەتمەندی کەسایەتی نووسەر دەکاتەوە، سەبارەت بە چۆنێتی سەرنجڕاکێشان و پەلکێشکردنی خوێنەر، تیشك دەخاتە سەر گەیاندن. جگە لەمەش، بەڕای (ڕیڤاتێر) ئاکامی شێوازگەری لەلایەن وەرگرەوە، توێژینەوەیێکی زمانییە، چونکە بۆچوونی کاردانەوەی خوێنەر بەرانبەر بە نووسەر، بەپێی دەستووری پێوانەیی دەبێت. ئەم کاردانەوەیەش، وەك چەمکێکی شێواز سەیر دەکرێت. زمانناسیش، لێکۆڵینەوە لەبارەی کاریگەریی دەقی ئەدەبی دەکات[2].

بۆچوونی (بییرجیرو) لەبارەی شێواز، بریتییە لە چەشنە جیاکارییەك لە کاریگەریی ئەدەبدا، ئەو کاریگەرییەیش: ((ناناسرێت و دیاری ناکرێت ئەگەر هاتوو کرداری داهێنان، لە لەبارچوون نەپارێزێت))[3]. بەم بارە شێوازگەری هێز و بوونی ڕەخنە دەگەیێنێت، دەلالەت لە لایەنی هونەریی دیاردەی زمان دەکات. هەروەها خۆشی وا دەبینێتەوە، کە چڕی (هەستی) و هەست، کە وتاربێژ وتارەکەی پێ بارگاوی دەکات، پێویستە لە حاڵەتی ئاگاییدا بێت.

بەڵام شێوازگەری لەلایەن ( ڕومان جاکبسون)، بەجۆرێکی تر لێی کۆڵدراوەتەوە و پێناسەی بۆ داندراوە، لە ڕێگای نێرەر (Consigned)، بۆ وەرگر (Consignee)، پەیام (Messge)، دەق (text)، زمان دەروازە و کەناڵی گەیاندنە، لەنێوان زمان و ئەدەبدا

---

(١) عبدالسلام المسدي، محاولات في الاسلوبية الهيكلية، حوليات الجامعة التونسية، العدد، ١٠، ١٩٧٣، ص:٢٧٧.

(٢) عبدالسلام المسدي، الاسلوبية والنقد الادبي (منتخبات من تعريف الاسلوب وعلم الاسلوب)، اعداد وترجمة، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد: ١، السنة: ٢، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٢، ص: ٣٨- ٣٩.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٤٠.

پردێکی تۆکمە لە نێوانیان دروست دەکات[1]. هەروەها (جاکبسون) شێوازگەری دەکاتە بەرنامە و لێکۆڵینەوەکانی پێ ساغ دەکاتەوە. هەر لەڕێگای ئەم دیاردەیەوە، جیاوازی لە نێوان دەربڕینی هونەری و هەموو لایەنەکانی دیکەی وتاردا، دەستنیشان دەکرێت. بەکورتی شێوازگەری لە لای (جاکبسون)، باسکردنە لە تێکستی ئەدەبی، بەپێی ئەو ڕێگایانەی کە زمانناسی دیاری کردوون[2].

ئەمڕۆ، شێوازگەری بووەتە سەرچاوەی تەقاندنەوەی هەموو لێکۆڵینەوەکانی نوێی (بویتیقا) و شوێنەواری ڕەمزناسی، کە لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبیدا دەچنە پاڵ یەکتری و درێژە بە بەرنامەکەیان دەدەن، ئەم ڕاستییەش لە قوتابخانەی (جیرماس greimas)ی فەرەنسایی، کاری پراکتیکی لەسەر ئەنجام دراوە[3].

---

(١) محمد عزام، الاسلوبية (منهجا نقديا)، ص: ٢٠.

(٢) عبدالسلام المسدي، الاسلوبية والنقد الادبي، ص: ٤٣.

(٣) محمد عزام، الاسلوبية (منهجا نقديا)، ص: ٢٠.

# تەوەرەی دووەم
# شێوازگەری و زمانی شیعر

## (١) پێوەندی، بنەما، کاریگەری

شیعر، لەبەر گەورەیی و ئاستی پڕ لەدەلالەتی واتایی و گرنگی کار و جێبەجێکردنی ئەو کارەی کە لە ئەستۆیدایە، لەناو هیچ پێناسەیەك جێگای نابێتەوە. زمان زەمینەی جەوهەری سیفەتە گرنگەکانی شیعرە.

شیعر، هەرچەند دەلالەت لە تێکڕای شتەکانی نێو ڕایەڵەکانی مرۆڤ و گەردوون بکات، لەناو قۆزاخەی زماندا ـ زمانی شیعر، سووری خۆی تەواو دەکات و دەبێتە پێکوڕە و پێدەگات.

بنەما و ماکەکانی لەدایکبوونی زمانێکی تایبەت لەناو زمانی گشتیدا، شیعرە. زمانی شیعریش لەگەڵ زمانی ئاسایی، لەکار و پێکهاتە و ڕێکخستن و دەلالەتبەخشیندا، جیاوازییەکی مشتومڕ هەڵنەگری هەیە. ئەو زانستەی لەسەر دەستووری زمانناسی، توێژینەوە لەبارەی ئەم جیاوازییانە دەکات، بەشێوازگەری ناسراوە. هەروەها زمانی شیعر بوار بە کێش و پڕاوپڕ لە دەلالیی شیعر دەدات، کە گشت ڕێسا ئاساییەکان و دەستوورە یاساییەکانی زمان، تێك بشکێنێ و لە توێژینەوەدا زمانێکی دیکە، بارگاوی بەواتا و دەستووری ڕێکخستنی یەکەکان دروست بکاتەوە. ئەو زانستەی کە هاوسەنگی هەموو پێوەندییە ئۆرگانیکییەکانی نێوان ئەو زمانە و شێوازی دەربڕین بەدیار دەخات و شرۆڤەیان دەکات، شێوازگەرییە.

زمان لە دوو ئاست ڕاڤە دەکرێت: دەنگی و دەلالی، لەئاستی بەراییدا بۆ هەر دەنگێك، ناوێك ئامادە کراوە، سەرجەم وێنەکانی زمانەوانی نیشانەی دەنگێك لەخۆ دەگرن. ئەمە لە زماندا سنووری دیاردەیەك لە دیاردەکانی ریتم و ئاواز دەنوێنێت، کە ئەمرۆ لە لێکۆڵینەوەکاندا بۆ پێوانە و هەڵسەنگاندنی شیعر پشتی پێ دەبەسترێت. بەڵام ئەم هەنگاوە بەتەنیا بۆ کاری ئەم زمانە ناوەند نییە، بەڵکو ئاستی دواتر (دەلالی) بۆ سەلماندن، هۆکار و بنەمایە، بۆ زمانی شیعر دەبێتە ژێدەر.

زمانی شیعر زمانێکە لەناو خولگەکانی واتای شیعردا دەژیت، دەستنیشانکردنی خود و چییەتی زمانی شیعر و دیاردەکان و کاری یاسایی و لادانەکان و ئەرکی بونیاتی و

ڕێکـی و  نـاڕێکی  یەکـەکان ...ی پرۆسێـسی شـێوازگەری بەرپرسـیارێتی لەئەسـتۆ دەگرێت. بەو پێودانگە هەست دەکەین  پێوەنـدییێکی لـەباری نـاخی، لـەنێوان هـەموو دەرەتانەکانی زمانی شیعر و شێوازگەریدا هەیە. ئەم پێوەندییەش لـە لێکۆڵینـەوەکانی زمانناسیی تازە و هاوچەرخدا، بەیەکجارەکی خەست بووەتـەوە و هـەموو  قوتابخانـە و ڕێبازە زمانەوانییەکان گرنگییان پێ داوە، شیتەڵی زمان و شێواز و دەق و دیاردەکـانی شێوازگەری دەکەن.

ژێربێژی پیرۆزی زمانی شیعر لەوە دایە، کە زەمینەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسـیارانە لەخۆدەگرێت، کە لەبارەی مرۆڤ و گـەردوون... دەکـرێن. پـەردە لەسـەر پەنهانـەکان لادەدات و پانتـایی ئاشـکراکردنی بەرفراوانـە، سەرچـاوەی واتـای هێڵـە سـتوونی و ئاسۆییەکانی شیعرن.

زمانی شیعر لەڕیشەدا، بونیـاتێکی پـڕ ناوەرۆکـە، وردەکـاری ئـاوەزی و نیگـایی بەچەشنێکی دڵکاری (جدی) بەڕێوە دەبات. لەئاکامی هەڵبـژاردن و دۆزینـەوەی وشـەی داهێنراو، خولگەی گشت لایەنەکانی ژیان بەئایۆنبوون دەکات. شاعیر خۆی بـە دەسـت وشەوە نادات، مەوداکانی دەسەڵاتی لەلا پەسەند نییە، چونکە کارچالاکیی زمانی شیعر بۆ دەلالەتی ناخی شیعرە، شیعریش لەڕێگای دەسەڵاتی ئەو زمانەوە، هەوڵدەدات: ((ئەو شتە بەدەست بهێنێت، کە لـەزمان بـەهێزتر بێـت و شـاراوە و ڕەمزەکـانی جیهـانیش، شاراوەتر و پڕ لە هێماتر بن))[1]. چونکە شاعیر لەڕوانگەی شیعرەوە گوزارشت لەواقیع و ڕاستیی دەکات. زۆرجاریش ئەو واقیعە بەپێی یاسا دەستەبەر ناکرێت ، ناچار دەستووری واقیع، ڕێگا بە یاسایەك دەدات تا زمانێکی دیکە بونیات بنێت.

ئەگەر زمانی شیعر بەتەنیا لە شێوازگەریدا دەلالەتی وێنەیـەك لەوێنـەکانی زمـان بێت، ئەوا ئەو نرخەی نابێت، پێویستە چەقێك بێت و وەك زانست و فەلسەفە گوزارشـت لە شتی تازە بکات. لەڕاستیدا نە شیعر، نە زمانی شیعر هونەری زانست نین، بەڵام ئـەم ڕاستییە ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر باس لە شتی  تازە و شاراوە نەکات. نـەژادی زمـان دیاردەییێکی کۆمەڵایەتیی سروشتییە، زمانی شیعریش هونەرە. بە واتایەکی تر، زمانی شیعر داهێنراوێکی داهێنانگەرییە. شـاعیران وا ڕادەگەیـەنن کـە بـە زمـانی سروشـت

---

(١) جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ص: ٢٥ ـ ٢٦.

گوزارشت دەکەن ، زیدەڕۆییان نەکردووە، چونکە بەرهەمەکانیان هەڵوەستە هەڵدەگرن، زۆر بەرز و پڕ لە شرۆڤەن.

لە ناواخنکردن و هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی فەلسەفییانە بۆ دەقەکان، جیهانێکی تێکترنجاوی واقیعیانەی دەسەلاتی سروشت و پڕاوپڕ لە هێماکردنی دەرەوەی ئەم دەسەلاتە و هەموو نهێنییە شاراوەکان بەدی دەکرێت، تەنیا ئێستێتیکا ناگرێتەوە، بەڵکو کاری پوختە و پڕ لە بیروباوەڕن، لەگەڵ زانستدا هاوتەریب دەبێت. شەریف جۆرجانی دەڵێ: ((شیعر زمانی زانستە))[1].

لادان (Displacement)، یەکێکە لەو پێوەستانەی زمانی شیعر بە ناوەندی شێوازگەرییەوە دەبەستێتەوە، ئەویش لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ئەو دیاردانەی کە بەبێ بەراوردکردن لەگەڵ یاساکانی پێوانە دیاری ناکرێت. لەژێر تیشکی ئەم ژێربێژییە، زمانی شیعر لە دووتوێی مانا گشتییەکەیدا بەواقیعی زانستییانەی شێوازگەری دادەندرێت .

لادانی شیعر هەڵەیەکی ئەنقەستە و بۆ مەبەستی ڕاستگەیاندنێکی دەلالی و تایبەتی بەکار دێت. ئەم ڕاستییەش بەمەرج دانادرێت کە سەرجەم هەڵەکانی لادان، شێواز بێت و شێوازگەری لەخۆی بگرێت. سەرەڕای ئەمە شیعر هەیە ناپەسەندە، وێنە بیرییەکان هیچ چێژێك نابەخشن، واتاکان و بونیاتی هێمای دەلالییەکان، لە بەکارهێنان و وێناکردنیاندا ناواقیعیانە و ئاوەژوون. وێڕای ئەمەیش، لە گوزارشتیشدا هیچ بنەمایەکی نیگاییان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاست و ئەرکی یەکە پێکهاتەکانی زمانیان تێدایە.

شیعرایەتیی (Poetic) شیعر، لە هێزی زمان و جوانی ئێستێتیکا و کایەکانی نیگا و واتابەخشین و گەیاندندا سەرچاوە دەگرێت. وێنەکانی ناو مێشك بەچەشن و شێوازێکی دروست بەرهەمیان دێنێت. لەو پێودانگەدا شێوازگەری بۆ ناساندنی شیعر لەڕێگای بونیاتی زمانەوە، دوو جەمسەری دژ بەیەك (Contradiction): ناپەسەند و پڕ لە شیعرایەتی دیاری کردووە. لادان لە شیعر، قاڵبی شیعری ناپەسەند وەرناگرێت، چونکە لەپێناو ڕاستی درکاندندا، دەلالەت لە هەڵەی زمانی و تێپەڕاندن و سنوور بەزاندنی یاساکانی زمان دەکات و ئەنجام دەدرێت. بەلام ئەگەر وێنەکان بونیاتی بینای

(١) د. بدوي طبانة، فن الشعر بين الغاية والمفهوم، مجلة كلية اللغة العربية، العدد: التاسع، رياض، ١٩٧٩، ص: ٢٤٦.

دەلالەت نـەنوێنن ، واتـا نیـشان نـەپێکن، لادان ڕەت دەکرێتـەوە. بۆیـە لـە ئاکـامی شرۆڤەکردنی میکانیزمی داڕشـتن ، لادان یـەکێك لـە دوو دەرەتـانی: ((ڕازیبـوون یـان ڕەتکردنەوە))[1] دەیگرێتەوە .

سەبارەت بەوەی کە زمانی شیعر دیاردەیێکی باو نییـە، بۆیـە نـە هـەموو کـەس بەکاری دەهێنێت، نە گـشت تـاکێکیش بەڕاسـتی و بـە جـوانی لێـی حـاڵی دەبێـت ، بەپێچەوانەی زمانی گوزارشت و دەربڕینی ژانری پەخـشان، سـاناگەلی دەنوێنێـت. لـەم ڕوانگەیەوە، بە تێڕوانینێکی زانستی زماننـاسی، زمانی ناپێوانەیی و نایاسـایی (لادان) لـەبریتی زمـانی شـیعر بـەکاردێت و نـاوی دەبـەن. هـەر چـەندە بنـەماکانی لادان نەگەتیڤگەلیشن، بەڵام زادەی دەرکەوتنی واقیعی شێوازگەرین، لە لاداندا هەچ شـاعیرە جۆرە تەرزێکی تایبەتی هەیە دوور لە ئاسایی ناباو دەگرێتـەوە، لـە دەرەتـانی ئەدەبـدا بەهای جوانی دەگەیەنێت.

بۆ زانینی بەها و نرخی لادان، پێویستە لەگەڵ تای تەرازووی پێوانەدا هاوسەنگیان بکەین. ئەم بەراوردی ڕێکسەنگییە، بەو ڕاستییەمان دەگەیەنێت، شاعیر شـتێك ناڵێـت کە ئاخێوەری تر پێی دەدوێن، زمانی شیعر دەگمەن و هۆکـاری شـێواز دروسـتکردنە. شیعرایەتی نرخی ڕەهای شیعر و شێوازگەریش شێواز دەقرسێنێ. گەلێ جـاران شـێوازی شاعیر کەسییە، لە یەکێکی تر بەدی ناکرێت، شێوازی لادانـیش تایبەتمەنـدە، بـەتاکیی شاعیر بەستراوەتەوە و دووبارە بوونەوەی نییە: ((بـالی: بـە لادانـی زمـانی تاکایـەتی، سپێتزر: لادانی تاکی بە بەراورد لەگەڵ یاسای باو، بیفۆن بەشێوازی خۆی مرۆڤییـە))[2] ناوی دەبەن.

لە بەرهەمی شاعیراندا، شـــێواز دیاردەیێکی گۆڕاوە. هـەر یەکـە بـە توانـستی دەسەڵاتی شـــارەزایی خۆی، لـە یاســـاکانی زمـان دەردەچـێ تایبەتمەندییـەکانی شێواز لەناو شێوازی هەر شـــاعیرێکدا، مانایـــەکی فراوانتر بە خودی خولگـەکانی شێواز دەبەخشێت. شێواز ئاوێتەی هەر پێناســەیەك بێت، لە تێکـڕای زمانی شـیعری شاعیراندا، بە جیاوازی تاکایەتییان ڕەگی قووڵی هەیە.

(١) جان کوهن، بنیة اللغة الشعریة، ص: ١٩٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٥ - ١٦.

بە بەراورد لەگەڵ پێوانە و بە دژ بوونی ڕێکخستن، لە هەموو شتە بنەما ئەندازەییەکانی یاسا، یەك ئاستی لادان دەردەکەوێت. یان بە هاوسەنگکردن لەگەڵ پێوانە دەنگییەکانی زمانی ئاسایی، دووبارە لادان خۆی دەنوێنێت. ئەمەش هەڵگری ئەم ڕاستییەیە، لە ئاستی دەلالەتدا، لە ناوەڕۆکە جۆربەجۆرەکاندا، یاسایەکی هاوتەریب بە لادان هەیە. لێرەدا شیعر لەگەڵ زمان، شیعرایەتیش لەگەڵ شێوازگەری سەرچاوە دەگرن و دەبنە هۆکاری دروستبوونی زمانی شیعر و هەموو ماکە بنەڕەتییەکانی لەخۆ دەگرن[1].

لەو ئاستەی کە شیعر دەبێتە بەشێك لە زمان، شیعرایەتیش جۆرێکە لە شێوازگەری، لەم ناوەندەدا زمانێکی شیعری چەکەرە دەکات و بەدوای بنەما بنەڕەتییەکانی خۆیدا دەگەڕێت. بنەما بنەڕەتییەکانیش، هەموو ئاسۆیەکی سروشتی دەربڕین و ناسروشتی (لادان) دەگرێتەوە. زمانی شیعر دەبێتە هۆکاری پیشاندانی چییەتی و چەندایەتیی شیعر. بە واتایەکی تر، چییەتی و چەندایەتیی شیعر لە ڕێگای زمانی شیعرەوە ئاشکرا دەکرێن .

لێرەوە ئەو هەقە دەدرێت بە شیعرایەتی، لە ڕێگای زمانی شیعرەوە، وەك زانستێکی چەندێتی دروست بێت. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، لە قووڵایی لادانەوە، هاوبەندییەکی پتەو لەنێوان شێوازگەری و ئاماردا دروست دەبێت، بناغەی ئەم هاوبەندییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە شێوازگەری بریتییە لە زانستی لادانی زمانی و ئاماریش زانستی لادانی گشتییە. هەر بۆ ئەوەی تەوەرەکانی شیعرایەتی لە کار و چالاکی و بونیاتی پێکهاتندا بە پێوانە گونجاو بێت، ئامار بەسەر شێوازگەریدا ڕادەهێنرێت، چونکە بیرجیرو دەڵێ: ((بە بەراورد لەگەڵ پێوانەدا چەندێتی لادان دەزاندرێت))[2]. ئەم ناساندنە هەر وەك چۆن لەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵ پراکتیك دەکرێت ، هەروەها دەشتواندرێ لەسەر جۆر و ڕەگەزەکانی ئەدەبیش پراکتیك بکرێت، چەندێتی یاسایی و لادانی هەریەکەیان بە یاسای (بەراورد) دەستنیشان بکرێت. لە

---

(١) جان كوهن، بنية اللغة الشعرية ، ص : ١٦.

(٢) عبدالسلام المسدي، الاسلوبية والنقد الادبي ، ص: ٤٩.

تێکڕای شاعیرایەتیدا (Poetry) شێوازی شیعر بە ناوەندی پێوانە دادەنرێــت، وەك تیــۆر پشتی پێ دەبەسترێت.

شــێوازگەری لــە بــواری لێکۆڵینــەوە و توێژینــەوە لــەبارەی ئامــاردا، دوو ناوەنــد دەستنیشان دەکات، ئــەوانیش: ((یــەکێکیان: ڕووداو دیــاریکردن، ئــەوی تریــان ڕووداو پێوانەکردن))ن[1]. چونکە هەمــوو لادانێــك نایەتــە نــاو پانتــایی زانــستی شــێواز و لــە شێوازدا خۆی نانوێنێت، لە تێبینی کردندا دەبینین، بڕگەی کورت لە شیعر و پەخشاندا، پێویستییان وەك یەك نییە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پێویستی بڕگەی کورت لە شیعردا بنەمایەکی شێوازگەری بێت، بەڵکو ئەمە تەنیا ڕووداوی سووکی کێــشی شــیعرە. بۆیــە دەبێت پێش ئامارکردن ، بزانین ئامار بۆچی بەکار دەهێــنین، لەڕاســتیدا ڕاســتی هەمــە جۆر لەشێوازدا، لە سروشتی چۆنێتی نەك چەندێتی دایە. بــە مەبەســتی پــەیبردن و زوو تێگەیشتن و وێناکردن، دیاریکردنی سفات، دەروازەیەکی فراوانی شیعرایەتییە و لەکاری ئاساییدا پشتی پێ دەبەسترێت . هەروەها سۆزیش لە بابەتی ئەدەبدا هاریکاری دەکات. بەمەبەستی ناساندنی شەقڵی ئەدەب بە ئامار و بەرانبەرکردنی بابەتێك لەگەڵ بابەتێکی تــر، ڕەگــەزێك بــە ڕەگــەزێکی دیکــە، ئــەنجام دەدرێــت. لەئاســتی ڕووداوی ســۆزی شێوازگەریدا، ئامار بۆ واقیعی ڕاستی نیشاندان، تەنیا بابــەتێکی گریمانــە دەبێــت. لــە لێکۆڵینەوەی تیۆری (مۆریس کرامو)دا، ئاماری پێوەندی لە نێــوان فۆنــەتیك و واتــادا لەسەر بنەمای ڕێکەوتن دادەنێت. ئەم تیۆرە کاتێك لە بەرگی ئەفــسانە دێتــە دەرەوە و بەهاکەی بەرز دەبێت، کە ئاستی گریمانەی بابەتییەکان تاقیکردنەوە لەخۆ بگرن[2].

ئەگەر دەقی شیعر لەگەڵ تێکستەکانی تر، بەتایبەتیش پەخشان بــەراورد بکــەین، دەبینین جیاوازییەکی زۆری هەیە. شیعر لە پێوەندییەکانی دال (Signifiant) و مەدلوول (Signifie)، مەدلوولەکان لەگەڵ یەکتر، خاوەن شێوازێکی تایبــەتن، ئــەو پێوەندییانــە جۆرێك لە یاساکانی شێواز لەناو قەسیدەدا، زمانی شیعر دیاری دەکات، شــێوازگەریش جۆر و چییەتی پێوەندییەکان ئاشکرا دەکات. حاڵەتیش بەدی دەکرێت.

---

(١) جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ص:١٧.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل : ١٧.

پێوەندییەکان سەرەڕای شێوازی تایبەت بەخشین، دیاردەی نێگەتیڤیش دەنوێنن ، چونکە بنەماکانی وێنە شیعرییەکان، کە زمانی شیعر پێکدەهێنن، لە ئالی شێوازگەریدا جیاکاری خۆیان هەیە، بۆ ئەوەی ئاستی هەمەچەشنەیی و هەمەڕەنگی سازبکەن، هۆکاری هەمەچەشنەیان دەبێت، بە بەزاندنی سنووری یاساکانی زمانی ئاسایی، کە لە دەرەتانی شێوازگەریدا، بە بەرانبەرکردنی دەقێك لەگەڵ دەقێکی تردا بەدیار دەکەوێت. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت و ئاماژەی بۆ بکرێت، کە لەناو گرنگی کرۆکی شێوازگەریدا، زمانێکی نائاسایی شیعر هەیە هەر ئەویشە پێوەندییەکان دەستنیشان دەکات. ئەگەر شیعر نەبێت ، زمانی شیعر چ ڕەهەندێك بۆ بەهای لادان دادەنێت، دوورکەوتنەوە بۆ دەرەوەی شیعریش، یاساکانی زمانی شیعر لە شێوازگەریدا پێگەیان نابێت.

بۆ دەلالەتکردن لە شێوازی شیعر، زمانی شیعر فراوانترین قەڵەمڕەوە، سەبارەت بە بەهێزکردنی کاریگەریی شێوازی شیعر ، وێنە شیعرییە بابەتییەکانی شیعر بە بنەما دادەنرێت.

زمان بەهۆی دەوڵەمەند بوونی لە فەرهەنگی لێکسیکی وشەدا، بۆ پێکهێنانی وێنەی شیعری، لایەنێکی چالاك و بەهێزە. هەر ئەم ڕەخ و ئالییە گرنگە، وای کردووە بابەت و پوختەی زمانی شیعر، وێنەی شیعری بێت. لە ڕەوانبێژیی زمانی شیعردا ، خواستن بە وێنەی ماکێکی زیندووئاسایە، ئەویش پتر سوود لە لایەنی ڕەمزە دەلالییەکانی وشە وەردەگرێت. خواستن لە پانتایی زمانی شیعردا: ((پەڕینەوەی زمانی دەلالییە بەرەو زمانی ڕەمزکردن))[1]. ئەم بوارە وای کردووە زمانی شیعر خاوەن سیمایەکی هێمایی بێت.

بە تەنیا شیعر و شێواز لە لایەن زمانی شیعرەوە نارازاندرێنەوە ، بەڵکو ئاستی داهێنان و تازەگەریی شاعیریش سنوورکێش دەکات، چونکە: ((پرۆسەی داهێنانی شیعر، پتر لە بواری داهێنانی زماندا خۆی دەنوێنێت))[2]. داهێنانیش ئەوەیە، کە شاعیر لە

---

(١) د. عناد غزوان، مستقبل الشعر وقضايا نقدية، مطابع دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩٤، ص:١٣٨.

(٢) د. نصرت عبدالرحمن، الصورة الفنية في الشعر الجاهلي في ضوء النقد الحديث، مكتبة الاقصى، عمان، الاردن، ١٩٧٦، ص : ١.

شێوازدا وشەیەك بەكار بهێنێت، دەلالەتێك پتر بگەیەنێت، لە ئاستی ڕەگەزدۆزی و دژیەكەوە، شوێن و كاریگەری بەرچاوی هەبێت. جگە لەمەش، پێویستە ئەو توانستە لە شاعیردا هەبێت كە لەناو یەك وێنەی شیعریدا، دوو وشەی دژ بەیەك بەكار بهێنێ و پتر خزمەتی هزر و شێوازی شیعر و دەلالەتی بابەتەكەی پێ بكات. بۆیە پێویست دەكات شاعیر لەماوەی مامەڵەكردنی لەگەڵ زماندا، لە لاسایی و چاولێكەرییەوە دوورەپەرێز بێت، چونكە زمانی شیعر بۆ داهێنان و تازەگەری هونەری وشەیە.

بابەت و زمان، كۆ هاوبەندییەكی ئۆرگانیكی پتەو لەنێوانیاندا هەیە. بناغەداڕێژی كارەكەش زمانە. لە یەكەی بونیاتەكانی: وشە و فرێز و ڕستە، كە ژێدەری دەلالەت نواندنن، سەرچاوە دەگرێت. شاعیر بایەخێكی زۆر بە یەكەی بونیاتی وشە، لە بوارەكانی فۆنەتیك و دەروونییەوە دەدات. فرێز و ڕستە هەڵبژێردراوەكان، زمانی شیعر لەناو زمانی گشتیی بابەتەكە جیادەكەنەوە. ئەمە بەهێچ جۆرێك دیاردەی ئێستێتیكی یان نیگائامێز و نەخشەگەلیی شێواز ناگەیەنێت، چونكە: ((زمانی شیعر كە كۆمەڵێك بیروڕا و بۆچوونی تێدایە، بە ئاسانی دەركی پێ ناكرێ و گوزارشتی ئاشكرا نادەن بە دەستەوە، ئەگەر لەڕێی بەكارهێنانی وێنەی شیعرییەكانەوە نەبێت))[1].

بونیاتی زمان لە كلاوڕۆژنەی شێوازگەرییەوە گرنگییەكی چاك بە ئاستەكانی ناوەڕۆك و شێواز و زمانی شیعر دەدات. لەبەر ئەوەی بیركردنەوە و خەیاڵكردن چەمكی ناوەوە و نووسینیش چەمكی دەرەوەی شیعر دەگەیەنن، لە هەردوو تەوەرەكەدا پێویست دەكات جۆرە زمانێكی شیعر بەكار بێت، تەوژمی كاریگەری لە بیر و خەیاڵی بۆنێردراو (المرسل الیه Consignee) هەبێت . لە دەروازەی یەكەكان و ئاستەكانی زمان جێ پەنجە و شوونی (Effect ) هەبێت و جیاواز بێت لە زمانی ئاخاوتن ( Spoken Luaguag)ی ڕۆژانە. زمانی شیعرنووسین هەموو دەم لە زمانی ئاخاوتن خاوەن توانستتر و كاریگەرتر و بە دەسەڵاتترە. لەگەڵ ئەوەشدا سیفەتی بناغەیی زمان :

---

(١) د. جابر احمد عصفور، الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي ، دار المعارف ، القاهرة ، ١٩٨٠ ، ص: ٥.

((جۆرێکە لە هاریـــــکاری بۆ  بڵاوکردنەوە و ڕەنگدانەوەی بیری مرۆڤ لەناو خەڵکدا چ لە ڕێگای ئاخاوتن یان لە ڕێگای نووسینەوە بێت))[1].

ئامـانجی سـەرەکیی زمـانی شـیعر، گەیانـدنی بابـەتی (Theme) شـیعرە. لـەم هەڵوێستەدا شیعر نەك ئاکام، بەڵکو ڕێگاشە. ئەگەر وەك مەبەست مامەڵە لەگەڵ شیعر کرا، ئەو کاتە شیعر لە دووریانی چەشەی نیگاوە (Suggestive)، دوور دەکەوێتـەوە و بۆ خوێنەر ناوەندێکی زمانی بارقورس دەگەیەنێت. لە ئەزموونی شـیکردنەوەی هـەموو قوتابخانەکاندا، ئەو ڕاستییە بـەدیار دەکـەوێت کـە هـیچ کـام لـە قوتابخانـە و ڕێبـازە زمانناسـی و زمانەوانییـەکان، نـەیانتوانیوە شـاعیر و نووسـەر ئامـادە بکـەن، بـە پێچەوانەوە، شارەزایانی لە بوار و ئاستە جیاوازەکانی زمان پێ گەیاندووە.

زمـــان وەك دەسەڵاتێك و دیاردەییێکی هونەری، لە شیعری هاوچەرخدا، بـە وێنـەی بنەمایەك و هەبوونێکی نوێی تازەگەری بەرچاو دەکەوێت. دەسەڵاتی زمان، میکانیزمی بەردەوامی ئەو گرفتەیە کە شیعری هاوچەرخی جیهانی، لە ڕوانگـەی (زمـان ئامانجـە) دووچاری بووە. تیۆری زمان ئاکامە، لەڕاستیدا هەندێ کەڕەت تاکـە مەبەسـتە، هـەوڵ دەدات جۆرێك لە چەشنەکانی لادانی دەلالی و لێڵی و لەتلەتکردنی سینتاکسی و گـرێ کوێری ... پەیدا ببێت. لەو کاتەی کە هەوڵدەدرێت بونیاتی زمـانێکی پـڕ لـە تاسـە و سەرسـوڕهێنەر بێتـە ئـاراوە، بـەبێ ئـەوەی بـە هونـەرێك پێـچەوانەی هـەموو یاسـا دەستوورییەکانی زمان، هەوڵ بۆ دامەزراندنی بینای ئەم زمانە درابێـت. هـەروەها ئـەم دیاردەیە، جۆرە گوزارشتێکی تایبەتیشی دەبێت. ئایا تخووبی ئەم گوزارشتە چـییە؟ کـە لە پێوانە دەردەچێت و بەناو شیعرایەتی ڕوودەچێت: ((شیعرایەتی، سنووری شێوازی ئەم جـۆرە زمانەیـە و بـوونی زمـانی شـیعریش دەسـەلمێنێ و لـە بنەمایـەکانی بونیـات دەکۆڵێتەوە))[2]. لە پانتایی بۆچوونەکانی شیکردنەوەدا ڕەگـەزەکانی زمـان لـەناو ئـەم زمانە ونە، هەروەها شیعرایەتیش لە قـەسیـدەدا ون دەبێــــت.  شـیعرایەتی وەك زمانناسی، بابەتەکەی تەنیا زمانە. بوونی جیاوازی نێوانیشیان، بە شـێوەیەکی گـشتی

(١) د. محمد غنيمي هلال، النقد العربي الحديث، دار العودة و دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص : ٤٤٧.
(٢) علاءالدين رمضـــان السيد، ظواهر فنية في لغة الـشـــعـر العـربـــي الحديث، منـشـورات اتحاد الكتاب العرب، دمشـــق، ١٩٩٦، ص: ١٥.

بابەتی بە شاعیر بوون، زمان نییە، بەڵکو لە جۆرە جیاوازەکانیدا چەشنێکی تایبەتە. شاعیر تەنیا بە بیرکردنەوە و هەستکردن بە شاعیر داناندرێت ، بەڵکو لەڕێگای دەربڕین و گوزارشتەوە ئەم بوونە دەسەلمێندرێت. بەو پێیە ئەمە دەبێتە بەڵگەیەك كە شیعر زانست نییە، بەڵکو هونەرە. هونەریش جۆرێکە لە بنەمای شاعیرێتی و بۆ لێکۆڵینەوەی هەموو دیاردە زمانەوانییەکان دەروازەیەکی پڕ بونیاتی شاراوەیە[1].

لە بونیاتی ڕستەدا، جێگۆڕکێکردن چ زۆر، چ کەم، بە فۆنێم و مۆرفێم و وشە، کە دیاردەیەکی زەق و زۆریی شیعری هاوچەرخە، حەز و ئارەزووی شاعیر نییە، لە تازەگەریدا، بۆ مەبەستی گوزارشتکردن لە واقیع و قۆستنەوەی کاریگەریی زمان لەسەر دەق، هەوڵێکی دڵکاریی داهێنانە، بەڵام لایەنی دەروونی بۆ بارگاویکردنی وشە بە مەبەستی کارتێکردن باڵادەستە.

گەلێ کەڕەت ئەگەر هەڵبژاردنی مەوداکانی کایەی جێگۆڕکێ زۆر فراوان کرا، بۆ تێگەیشتنی خوێنەر، ئاڵۆزییەك و لێڵییەك و گرێکوێرەیەك دروست دەکات، بەرەو کەناری نا ئارامی پەلکێشی دەکات، لە ڕاستییەکانی دوور دەخاتەوە، بێ ئاگا دەبێت و بۆچوونی لەبارەی شتەکان و پێوەندی نێوانیان پشتگوێ دەخات.

ئەرکی زمانی شیعر، ئاسانکاری بۆ ڕایەڵەکانی تێگەیشتن دەکات. دەکرێ بۆچوونمان وابێ، کە زمان بەگشتی و زمانی شیعر بە تایبەتی: ((زایەڵە و ڕەنگدانەوەی جیهان نییە، بەڵکو جیهان وێنا دەکا و بەرهەمی دێنێت، لەوانەیە پێمان وابێت، کە پێوەندی شتەکان لە جیهاندا، وەك پێوەندی ڕەگەزەکانی زمانە کە ئەو جیهانە دەرەکییە وێنا دەکات))[2]، بەڵام بە بۆچوونی (سۆسێر)، گونجاوە ئەگەر وای بۆ بچین، کە زمان ئەو هاوبەندییانە بەو جیهانە دەبەخشێ، کە لە خولگەکانی دەرەوەی زمان یان جیا لە زمان دان.

---

(١) بڕوانە: جون كوين، بناء لغة الشعر، ترجمة: احمد درويش، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، اكتوبر ١٩٩٠، ص : ٤٨، ٥٣.

(٢) ڕاجێر وێبستێر، توێژینەوەی تیۆریی ئەدەبی (پێناسەیەکی پوخت)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، عەبدولخالق یەعقووبی ،چ:١، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦ ، ل : ٦٧ .

چێژ وەرگرتن لە دەق، گەورەترین خەسڵەتی داهێنانە. دیارە ئەم سیفەتەش لە فراوانکردنی جێگۆڕکێی وشەوە نایەتە دی، بەڵکو زمانی ئاسان و باو، سەرچاوەی گەیاندنی چێژە و شەقڵی واقیعیەتی گەردوونی دەقە. **(هۆراس)** دەڵێ: ((لە مەودوا، ئەمەوێ قەسیدەیەکی وا لە کەرەسەی باو دابڕێژم، کە دنیا تەماعی ئەوەی هەبێ شتێکی وەك ئەو بهێنێتە کایەوە، ڕەنج بدا و کۆشش بکات ...))[1]. مەبەست لە (دابڕێژم)، بەکارهێنانی زمانێکە، کە پڕبێت لە کەرەستەی جوان و وشەی داهێنان و بەشێوازێکی ئاسان و ڕەوان مامەڵەی لەگەڵ کەرەستە و وشە باوەکان بکات: ((گەورەترین خاسیەتی چاکی زمانی شیعری ئەوەیە، کە ڕوون و ئاشکرا بێت، بەبێ ئەوەی سواو بێت. زمانی شیعر ئەو کاتە باو و ڕوون و ئاشکرا دەبێت، کە لە وشەی ڕۆژانە دروست بێ))[2].

بەڵام ئەم ڕاستییە دەلالەت لە داهێنان ڕاگرتن ناکات. کرداری داهێنان، هەموو واتا و مەبەستێك دەگەیەنێت، پێویستە شێواز ئاسان و ڕەوان بێت نەك وشەی پڕ واتا بەکار نەیەت. پرۆسەی ئەفراندن لە تازەگەریدا، هەڵبژاردنی وشەی پڕ مانا و تاسەیە نەك شێوازی قورس و گران. شاعیر لە شێوازی زمانەوە بە دوای وشەی داهێنراودا بۆ ئەفراندن دەگەڕێ. ناخی شێوازی دەربڕین زمانە، ژێدەری گەورەیی و فراوانی بیری شاعیرە. مەبەست لە وشەی داهێنراوی شیعر، ئەو وشانەن پێشتر لەناو خەڵك، وەك کارێکی باو نەك وەك زمانی ئاسایی بەکار نەهاتبن، بەڵکو وەك وشەیەکی باو، شاعیر خۆی وشەکە دادەهێنێ، دیارە ئا لەم جۆرە وشانەش زۆرن، بە وێنە وشەی: (((چرۆ) بۆ (قۆچ) ...))[3] بەکار بێت. ئەو زمانە شیعرەی لە وشەی ناباو لێواولێو بێت و بەفراوانی تێیدا بەکاربێت، بەرزی و شکۆمەندی لەخۆ دەگرێت، لە ئاستی زمانی ڕۆژانە و ئاخاوتن سەرپەڕتر دەبێت. کە دەڵێین وشەی نائاسایی، سەرجەم وشەی خوازراو و دەستکاریی

---

(١) هۆراس، هونەری شیعر، حەمید عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی، چ: ٢، چاپخانەی چوارچرا، لە بلاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر ٢٠٠٥، ل: ٢٩.

(٢) ئەرستۆ، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل: ٨٣.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٧٩.

کراوەکان کە لەحاڵەتی ئاسایی بەدووربێت دەگرێتەوە. مامەڵەکردن لەگەڵ تێکڕای وشـە دەستکاری کراوەکان، بۆ مسۆگەرکردنی ڕوونی و ڕەوانی لە زمانی شیعردا زەمینەیێکی زۆر بەبڕشتە. ئەگەر نائاسایش لە ئەنجام و کاریگەریی شـتی ئاسـاییەوە بـوو، دەبێتـە شێوازی زمانێکی شیعری، لەزمانی شێواو و تێکەلاو بەرەوژوورتر[1] دەبێت.

بۆ زیندوویی دەق و نەمریی شیعر، شاعیر لەسەریەتی خـۆی بـە زمانـەوە مانـدوو بکات، دەرەتانی وشەکاری بۆ ئامانجی یەکەمی تێکست بەکار نەهێنێت، ئەرکی سووك و ڕەوانی شیعر لە ئەستۆی شاعیردایە. ڕادەی تێگەیشتنی شـیعر، کاردانـەوەی واقیعیـی زمانی شیعرە، کە ئەمەش لە شێوازی گراندا، کاردانەوەی نێگەتڤیانەی دەبێت.

شیعر لە کرداری داهێناندا، خوازراوێکی ڕووبەر بەرینـە. جێبـەجێکردنی کـرداری خوازەگەلی، تەنیا گۆڕان لە دەلالەت دروست ناکات بەڵکو دەشیشێوێنێت. بـوونی ئـەم میکانیزمـەش لـە تێکڕایی و بوونی شیعرایەتیی زمانی شیعردا، فاکتەری بەرجەستەی لەناوبردن و زیندووکردنەوەی زمانە، ئامادەبوونی یاسای تێگەیشتن لە زمـانی شـیعردا، یاسای بەکارهێنانە. شـاعیر هەوڵـدەدا ئـەو شـتە بابەتییانـەی لەبەرچـاون و چـەمکی دیاریکراویان لای خەڵکی هەیە، بەکاریان بهێنێتەوە بە مەرجێ داهێنان لە شتەکان یـان چەمکی شتەکان بکات. بە نموونە، وشەی ( کچ ) داهێنانی تێدا دەکرێت و بـە (پـەری) یان (مانگی چواردە) ناو دەبرێت. ئـەوەی ئـەم کـارە دەکـات و یاسـاکانی خۆنەویـست (عفوی ـ Spontaneous) دەشکێنێ و زمانـێکی تازە بە دەلالەتێکی تـازەوە دروسـت دەکات، زمانی شیعرە. کەواتە ئەزموونی زمانی شیعر لـە کـاری داهێنانـدا، پرۆسـەی دامرکاندن و ژیاندنەوەی زمان ئەنجام دەدات.

لێکۆڵینەوە لە دەق، دیاردەی پەسەند و ناپەسەندی دێنیتە بەرباس و لێکۆڵینـەوە. ئەگەر شیعرایەتی لەگەڵ زمـانی شـیعر ئاوێتـەی یـەکتر بـوون، ئـەوا چـێژێکی ڕۆحـی دەبەخشێت و کاریگەری لەسەر خوێنەر چالاك دەبێت. لە دەقی ناپەسندا، زمانی شـیعر ناتوانێت شیعرایەتی بەخۆی موتوربە بکـات، هەرچـەندە لـە ڤـالا (فـەزا)ی یاسـاکانی زمانیشدا بێت، جوولەی کاریگـەری سـست دەبێـت، پەشـێوی گـەڕان بـەدوای مانـادا

---

(١) ئەرستۆ، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، ل: ٨٣، ٨٤.

نابینرێت. شیعرەکە لە دایك دەبێت، بۆ ئاشکراکردنی ماناکان ڕەوتێکی خێرای نابێـت. ئەم دوو جۆرە تەرزە شیعرە، دوو دژی دژ بەیەکن، شـێوازگەری لەیـەکتریان هەڵـداوێت. چەقی جەوهەری شاعیر، لەناو بازنـەی زمـانی قەسـیدەکەی خۆیدایـە، ناکرێـت شـێواز لەفۆرمی خەملاندنی ڕێژەی سیمایەکانی شاعیر دیاری بکرێت، هەروەك چـۆن ناشـلوێت ئەم دوو لایەنە فەرامۆش بکرێن[1].

چەند جیهانی قەسیدە هەمەڕەنگ بێت، لەپشت تێکـڕای وێنـە و شـێوە و بابەتـە فراوانەکانەوە ڕایەڵێکی پەنهانی هەیە، ناوەندێکی نـەبینراو لـەخۆدەگرێت، مـۆتیڤێکی سەرەکی دەبینرێت، بە چەشنێك لە چەشنەکانی وەك داینەمۆی بنەڕەتی جیهانی تێکڕای شیعری، یاخود ڕەگەزەکانی خەیاڵ لەکاردایە. مۆتیڤێك، کە بە ئاسـانی خـۆی ئاشـکرا ناکات و لەناو ڕەگەزەکانی دیکە، خۆی بەدیارناخات یان بە ئاسانی لـەناو تێکـچرژاوی بەرهەمەکە دەستنیشان ناکرێت. بۆیـە لـەکاتی نـاواخنکردنی هـەر دەقێکـی شـیعری، شێوازگەری لـە ڕەخنــەی بونیادگەریـدا، کـار لەسـەر دوو تـەوەری سـەرەکی دەکـات. ئەوانیش، تەوەری سەرخان و ژێرخانی شیعرن.

بونیاتی سەرخان لەدیاریکردنی جۆری شیعر و بابەت ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینیّ، وێڕای ئەمەش، گرنگی بە شێواز و شێوازی ڕێکخستن و دووبارەکردنـەوەی فـۆنیم و وشـە لـە ئاستی ئاسۆیی و ستوونی دەدات. هەروەها هەوڵدەدات وێنە شـیعرییە هاوتەریبـەکان و دژبەیەکەکان... بەدیار بخات. بونیاتی ژێرخـان لێکۆڵینـەوە لـەبارەی چـییەتی زمـانی دەقەکە و بارگاوی بوونی بابەتەکانی شیعرایەتی و بنەما و بونیاتی داهێنـان... ئـەنجام دەدات. جگە لەمە سەنتەری واتا دیاری دەکات و ڕایەڵـەکانی واتـای واتـا و گرنگیـی ڕۆڵی سیمانتیك و کاریگـەریی تیۆرەکـانی سـیمانتیك لەسـەر دەقـی شـیعر بـەدیار دەخات. چۆنێتی کاری هەڵوەشاندنە و گرنگی و زیانی لەسەر دەقی داهێنراو و بنـەمای چەمکی تازەگەری... لەکاری ئەم تەوەرەدایە. سەرەڕای ئەمانەش ئەرك و چۆنێتی کاری یەکە پێکهاتەکانی زمان و دەسـتوورەکانی ئاسـتی زمـان و لادانـی زمـان و مرانـدن و

---

(١) د. ابراهيم خليل، الاسلوبية ونظمية النص، المؤسسة العربية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، عمان، ١٩٩٧، ص: ٧٥.

زیندووکردنەوەی زمانی شیعر و لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ئەنجام دەدات. دواتریش پێوەندی نێوان لایەنەکانی تری زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و میتۆلۆژیا و ئەنثرۆپۆلۆژیا، لەسەر تێکڕای قەسیدە و زمانی شیعر دیاری دەکات.

هەر لەتەوەری ژێرخانی شیعردا، دوو ئاستەنگ یەکانگیرن، یەکەمیان: ئاستی واقیع بینی، هەموو شتە واقیعییەکان لەناو دەقی شیعردا بەزمانی شیعر دەردەبڕدرێن، شێواز ئاوێنەی ڕاستەقینە دەنوێنێت. دووەمیان: ئاستی پێوەندییە. مەبەست پێوەندی دال و مەدلوولە. زمانی شیعر پێوەندییێکی ئۆرگانیکی لەنێوان دال و مەدلوول دروست دەکات، گواستنەوەیەکی دەروونی بەرانبەر بە بابەت جێبەجێ دەکات بۆ ئەوەی ببێتە دیاردەییێکی زەینی کە لە ڕاستی سەرچاوەکەدا هەستی پێ بکرێت.

شیعر پێش لەدایکبوونی بیر، وەك کەرەستەییێکی بەرایی لەناو کایە چالاکەکانی زانینی (Love) خەیاڵی مێشکدا وێنەی دەکێشێت. سروشتی پێداچوونەوەش، گەڵاڵەی دوا وێنەی ڕێکخراو سازدەکات. بەڵام ئەم پرۆسەیە دەستەوەستان دەوەستێت و تووشی هەرەس دەبێت، ئەگەر زمانی شیعر لە دەربڕین و گەیاندنی واتادا ئامادەباشی نەبێت. جگە لەمەش، میتۆدی نەخشاندنی وێنە فکرییەکان یان شێوازی تەواوی ئێستێتیکای دەقی شیعرەکە، دەسەڵاتی زمان نیشان دەدات. پێوەندی کاریگەری نێوان وێنەی کایە زانینەکانی شیعر، لە سنووری جوگرافیای مێشکدایە، پاشان ئامادەکردنیان و دواتریش نەخشاندنیان لە شێوازدا، دەربڕینیشی ئەرکی خودی زمانە. ئەم ڕاستییانە ئەمە دەسەلمێنن، کە کاری جێبەجێکردنی کرداری سەرخان و ژێرخان، زمانی شیعری تێکستە شیعرییەکەیە.

شێواز دیاردەییێکی زمانە، شێوازگەری مامەڵە لەگەڵ شێوە جیاجیاکانی شێواز دەکات، زمانی شیعریش مامەڵە لەگەڵ جۆری گوزارشتی داهێنانی تێکستی شیعر دەکات، ئەگەر شێواز بە نیازی ئێستێتیکا، وەك لایەنێکی چالاکیی زمان بەکاربێت، ئەوا شێوازگەری وەك بنەمای پێوانەیی بۆ دەقی زمانی شیعر، بە ناوەند دادەنرێت. ئەم ناوەندەش دوو جەمسەرە، یەکێکیان زمانی شیعری لە شێوازی شێوازگەریدا، ئەویتریان

زمانی شیعر وەك بنەمای بـیری قـووڵی شـێوازگەرییە. زمـانی شـیعرایەتیی، شـێوازی شیعرە، هەموو لایەنەکانی تری شیعر بەبێ زمان مەحاڵە[1].




بڕوانـە ئـەم هێڵکارییـە زیـاتر مەبەسـت ڕوون دەکاتەوە:

شیعرایەتی لە بونیات و پێکهاتەی خۆیدا، شیعر ڕاڤە دەکات. زمـانیش وەك زانـستێك، بنـەماکانی خۆی ئاشکرا دەکات و شرۆڤەی پراکتیکـی بەرانبـەر بـەخۆی ئـەنجام دەدات، لـەتێکڕای دەرەتانـە تێکچرژاوەکاندا، لە شێوازگەری ڕاڤەی خۆی دەکات. واتا ئەو ناوەندانەی کە زمان دەیانکاتـە ڕایەڵـەکانی تۆکمەیی دەقی شیعر، لەلایەن زمانی شیعرەوە ڕاڤـە دەکرێن.

لە ئەدەب بەگشتی و لە شێوازگەریش بەتایبەتی، هەموو ئەو بابەتانـەی دەکەونـە بەرباس و لێکۆڵینەوە، یان ڕۆڵیان لە واقیعی پێکهاتـەی توخمییـدا هەیـە، یـان خۆیـان یەکەی پێکهاتەییان هەیە. جگە لەمەش، ئەو یەکە پێکهاتانە، چ لەبنەڕەتی پێکهاتەی خۆیان، یان ئەوانەی کە پێوەنـدییان پێـوە هەیـە، ڕۆڵـی بـەردەوامیان دەبێـت. زمـانی شیعریش وەك ماددەیەك بۆ بونیاتنـانی سیـستمی شـیعر بـەکاردێت، شـیعریش لەبـەر فراوانبوونی زمان لەناو سیستمی خۆیدا پێکهاتەیە[2].

لەزانستی شێوازی ڕەخنەی هاوچەرخدا، قەسیدە تا کورتتر و خەستتر بێت، زمـانی شیعر بۆ دۆزینەوەی چەقی واتا و ئاشکرابوون بێ ئەرکتر دەبێت. تێکستی شیعری کورت لـە بەراییـدا، ماوەیـەکی سـنووردار بـۆ چـالاکی خـۆی دەستنیـشان دەکـات، پـاش

(١) جوين كوين، النظرية الشعرية، الجزء الثاني (اللغة العليا)، ترجمة وتقديم وتعليق: الدكتور احمد درويـش، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص: ٣٧٠، ٣٧١، ٣٨٠، ٣٨٤.

(٢) رولان بـــارت وآخـرون، في اصول الخطاب النقدي الجديـد، تـرجمة: احمـد المدني، دار الـشؤون الثقافـة العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص: ٣٢.

لەدایکبوونی، لە ئاقارێکی بچووك و تایبەتدا، زمانی شیعر دەلالەت و ئێستێتیکای خۆی ئاشکرا دەکات.

لە چەمکی قەسیدەی کورتدا، وشە بەپەلە مانا دەبەخشێ و وێنەش بەخێرایی بەرەو ڕەمز دەڕوات، بابەتەکانیش لەناو سیستمی خۆیان ناواخنی دەلالەت دەکەن. لە قەسیدەی کورتدا زمانی شیعر جوولەیەکی خێرا و ئەندازەیی ڕووەو واتای دەبێت، زۆر کەڕەت چییەتی دەقەکە، بە چەند وێنەیەکی ئاسۆیی و ڕێك خۆی ئاشکرا دەکات، زۆر جارانیش مانای گەورە و فراوان لە دوای وشەدا دەبێت. کەواتە لێرەدا زمانی شیعر چالاکییەکی دووجەمسەری هەیە. یەکەم: شێوازی کورت و خەست، دووەم: لە دەلالەتدا واتای فراوان و بەربلاو دەبەخشێت[1].

ڕەخنەی بونیادگەریی زمانەوانی، گرنگییەکی زۆر بە ماکەکانی بیر و هزری داڕشتن دەدات، شێوازگەری بە جەوهەری بابەت دەژمێرێت. ئەو بیر و باوەڕەش پەسەند دەکات کە پێوەندییە سێگۆشەیەك: (زمان، ئەدەب، شیعر) دروست دەکەن: ((ئەدەب و شیعر، سەرنج بۆ سروشت و بنەما و تایبەتمەندییەکان و هۆکارە چالاکییەکان و توانستی زمان ڕادەکێشن. هەر ئەمەشە وای کردووە، زۆر لە شاعیران لەسەر ڕایەڵەکانی بونیادگەری، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە فۆرمالیستەوە هەبێت))[2].

(ڕیڤاتێر) و (جاکبسون)، لەسەر هاوسەنگبوونی هاوکێشەی نێوان زمانی شیعر و شێوازگەری، لە بونیاتی زمان و ئەدەبدا، وای دەبینن کە جیاوازی نێوان شێوازگەری و ئەدەب و زمان، جیاوازییەکی دیاردەیی و ڕووپێوییە زیاتر لەوەی واقیعی بێت. لەبەر ئەوەی شێوازگەریی زمان لەچوارچێوەی تیۆری بەرهەمەکاندا خۆی دەنوێنێ، بەلام شێوازگەریی ئەدەبی، باڵی پراکتیکی بەرهەمەکان دەگرێتەوە. هەر لەبەر ئەمە شێوازگەریی زمان، لەپێناو هەڵهێنانی سیفەتی شێوازی زماندا ـ کە بابەتێکی زۆر گرنگی شێوازگەریی هاوچەرخە، پێویستە ئاوڕ لە بابەتی ئەدەبی بداتەوە... زانستی

---

(١) بەختیار عەلی و ئەوانی تر، تیریژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چ: ١، سلێمانی، ١٩٩٩، ل: ٧٠ - ٧١ .

(٢) رامان سلدن، النظریة الادبیة المعاصرة، ترجمة: سعید الغانمي، ط:١، دار الفارس، عمان، ١٩٩٦، ص:٩٠.

شێوازی ئەدەبی: ((بۆ ئەوەی زیاتر ببێتە شتێکی پرۆگرامگەلی و بابەتگەلی، لە هەموو لایەنێکدا پێویستە پشت بە زانستی شێوازی نوێ ببەستێت))[1]. هەر بۆیە هەوڵدراوە توێژینەوەی پراگماتی (Pragmatic) لەبارەی کاری پێوەندییە سوودبەخشەکان، بۆ ئەو ڕەگەزانەی کە شێواز لە دەقی ئەدەبیدا پشتی پێ دەبەستێت، ئەنجام بدرێت. سەرجەم پێوەندییە ئەرکییەکانی زمانی شیعر، لە شێوازگەریی نوێدا، بوارەکانی دیاری کراون. نەك بە تەنیا لایەنی تیۆری، بەڵکو هەموو ئەو ڕاستییە تیۆرییانەی کە شێوازگەری لە بەرهەمەکانی دەقی شیعری پشتیان پێ دەبەستێت، پراکتیك بکرێن، لە هەمان کاتیشدا پشت بە هەموو پێوانە و ئەندازەییەکانی دەقی شیعر دەبەستێت.

بۆ پێوەندی ئاسایی و ڕۆژانەی ناو خەڵك، زمان گونجاوترین ڕێگایە. سروشت و میکانزمی ئەم کارە، لە هەموو تاکێکی کۆمەڵدا بەدی دەکرێت. جگە لە بەدەرلەویستی (ضروري – Necessary ) ئەم دیاردەیە، دەلالەتێکی دیکە لە ئاشکراکردنی هەموو نهێنییەکاندا بوونی هەیە، یان ئەو دەسەلاتەی کە لە گوزارشتکردندا لە بابەت و حاڵەتی ئاسایی بەرەو ژوورترین بەشدارە.

شێوازگەری سەلماندوویەتی کە: ((زمان وەك پێوەرێك، پێشبینییەکان لە ڕوودان و ڕوونەدان ئاشکرا دەکات))[2]. ئەو زمانەی کە خاوەنی ئەم بنەمایە بێت، زمانی شیعرە. لە هەموو چەشنە زمانەکانی تر جیادەکرێتەوە و سەرپەڕتریشە. ئەو بوارەی بەها بۆ ئەم زمانە پڕ لە بۆهاتنە دادەنێت، شێوازگەرییە. بەو پێودانگە زمانی شیعر و شێوازگەری، پێوەندییەکی نیگاییان بەیەکەوە هەیە.

شیعر بارستاییێکی زمانە، کاریگەریشی زۆر لە زمانی ئاسایی پترە. ئەگەر بە پێی ئەم تێڕوانینە بڕوانین، دەبینین زمانی شیعر بە ڕێگای هەمەجۆر ڕێکخراوە. کاتێك کە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەسەر شیعر پراکتیك دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی بنەمای

---

(1) Ductor O and Todorov, Encyclopedic Drctienary of the Sciences of Language Translated by Catherine Porter, the Johns Hopkins, Unversity Press Baltimore U.S.A.T 1983, P 73.

(٢) د. نبيل عبدالهادي، د. عبدالعزيز ابو حشيش، د. خالد عبدالكريم السندي، مهارات في اللغة والتفكير، ط:٢، دار الميرة والنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الاردن، ٢٠٠٥، ص: ٢٦.

ئەو ڕاستییانە دەستدەکەون، کە دەبنە جیاوازی نێوان بونیاتی ڕێزمانی شیعر و زمانی ئاسایی (ڕۆژانە): ((لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، بە هاریکاری ڕێزمانێکی دیاریکراو و تایبەت بە زمانی ئاسایی، کۆمەڵە ڕیزبەندییەکی شیعری بەرهەم بهێنێت، کەچی بە پێچەوانەی ئەمە، لەسەر هەمان ڕیزبەندی پێویستی پێشتر، ناتواندرێت ڕیزبەندێکی تری شیعر بەرهەم بهێندرێت))[1].

شاعیری ئەڵمانیایی (هولدرلین)، دەڵێت: ((کار و دەسەڵاتی زمانی شیعر بە وشە گۆڕین، وەرچەرخانی جیهان دێنێتە ئاراوە، شیعریش خاوەن واقیع دەبێت ئەگەر سنووری زمانی هاوتەریب لەگەڵ بۆچوون و تێگەیشتنمان درێژ بکرێتەوە. (هایدگەر)یش لەبارەی مەزنی شیعر دەبێژێت: بە وشەکانی زمان بوونەوەر دادەمەزرێندرێت))[2]. ئەم ڕاستییە دەلالەت لە هەموو ئاخاوتنێك و دەربڕینێکی فزەیی ناکات، بەڵکو ئەمە بەرانبەر هەموو پێکهاتە شاراوەکان و ئاشکراکان ڕۆڵی جیهانبینیی شیعر دەگرێتەوە کە بە ورتە و فزەی ئاسایی مسۆگەر ناکرێت، هەر بۆیە زمانی ئاسایی و ڕۆژانە، هەوڵدەدات لە دەوری ئەم هۆکارانەی کە مایەی وێناکردن و جیهانبینین کۆ ببێتەوە.

قووڵیی دەلالی لە بیری دەربڕاوی شیعردا، لە ناخی واتای دەلالیی وێنەی شیعری یان ڕستەی تەواوی چەمك بەخشی سینتاکسیدایە. لە ڕاستیدا، هاوسەنگ بوونی ڕاستی گەیاندنی ڕستەکە و بارگاوی بوونی بە واتا لە بونیاتدا، بۆ چییەتی ـــ ماهیەتی، بەرزی زمانی شیعر دەگەڕێتەوە. نیشاندانی شێواز، لەهەریەك لەم دوو مەبەستە: (ڕاستی و واتا)دا، کە خاڵی هەڵوەستەن، بۆ دەرەتانی وێنەی جوانی پڕ لە وێناکردن و جیهانبینی زمانی شیعر دەگەڕێتەوە، دوو تەرزە شێوازی وێنەش دیاری دەکات: وێنەی (نەگونجاو)، وێنەی (زیادەڕۆیی). یەکەی بونیاتی هەریەك لەم دوو تەرزە شێوازە، بۆ جوانڕێکی سیفەتکاری (وصف) پیاهەڵدان (نعت Description) دەگەڕێتەوە. ئەمەش لە ڕێگای زانینی کاری ڕاستەقینەیی پیاهەڵدان جێبەجێ دەبێت و لەیەکتر جیادەکرێنەوە. وێنەی نەگونجاو چ لەبارەی وەسفکاری پیاهەڵدان یان چ لە لایەنی

(١) سمويل ر. ليفن، البونيات اللسانية في الشعر، ترجمة: الولي محمد، التوازني خالد، منشورات الحوار الاكاديمي، مطبعة فضالة، المغرب، ١٩٨٩، ص: ١٥.
(٢) د. صلاح فضل، الاساليب الشعرية المعاصرة، ط: ١، دار الآداب، بيروت، ١٩٩٥، ص: ٥٩.

پاڵپشتیکردن بۆ بەدیارخستنی پیاهەڵدان ((ئەو نەگونجاوییە ناگەیەنێت ئەگەر لە ڕێگای کاری ڕێزمانی بە مەبەستی دیارخستن نەبێت))[1]. بۆ نموونە وێنەی: (چاوی سپی)، لە حاڵەتی بەراوردکردنی دژی (سپی) بۆ دەلالەیی ڕاستی گەیاندن، لە بونیاتی پێکهاتەی فیسیۆلۆژیی چاودا: (ڕەش، شین، کەسك، قاوەیی ...)، وێنەیەکی نەگونجاوە. هەروەها لە حاڵەتی ئاماژە بۆ دیارخراوی کەسی، لە چەمکی سیمانتیکی سینتاکسیدا، بۆ هەمان نەگونجاوی تەرتیبی جوانڕێکی زمانی شیعر دەگەڕێتەوە.

تەرزی دووەم، کە زیادەڕۆیی پیاهەڵدان و وەسفکردنە (المبالغة النعتیة Exugg Ercctiue Rheyoric (Overstatement Description. لە وەسفکاری سینتاکسیدا ڕەنگدەداتەوە و داینەمۆکەشی بۆ زمانی شیعری وێنەکە دەگەڕێتەوە. ڕستەی: (ڕیشی وەك چۆڕەی شیرە)، وەسفکاری پیاهەڵدانی زیادەڕۆیی، وەسفکردنی (ڕیش) بە (سپێتی شیر) دەگەیەنێت. لەم وێنە شیعرییەدا گونجان هەیە، بەڵام گونجاندنێکی پڕ لە دەلالەتی زیادەڕۆیی، چونکە لێکچوواندنی دوو بونیاتی جیاوازئامێز: (ڕیش، شیر)، چەمکی زیادەڕۆیی بەخشن. یەکەمیان فیسیۆلۆژی و ئەویتریان بنەڕەتی. بەرانبەرکردنی ئەم دوو بونیاتە جیاوازە، واتایی (ڕەنگی)، بەرزی زیادەڕۆیی وەسفکارییە. جگە لەمە، دەلالەتێکی هەرگیزی نییە، دەلالەتی تریش بە هەمان چەمك لە: (کلۆبەفر، سپی کافوور...) بۆ وەسفی سیماتیکی ڕیشە. ئەوەی لێرە پێویستە بوترێت، ڕاستی و گونجاندنی وەسفکردن، هەمان ڕاستی بۆ دیارخەر و دیارخراو دەگەیەنێت. زمانی وێنەی نەگونجاو و وێنەی زیادەڕۆیی، لە باری ئاسایی دەردەچێت، کاری پڕ مەبەستیش تەنیا نیشاندانی دیارخەرە کە وێنە و دەلالەتی خوازەیی وەردەگرێت.

زۆرجار زیادەڕۆیی و نەگونجان، تێگەیشتنی لادان یان هەڵگەڕاوە ناگرێتەوە، لە ڕێڕەوی تەوژمی وەسفی ئاسایی ئاوەژوو نابێتەوە. ئەگەر لە فرێزی: (ڕێواسی ترش) و (ڕێواسی ناترش) وردبینەوە، دەبینین جیاوازییێکی سەرەکیی زمانی لە ناوەڕۆکیاندا بەدی دەکرێت. لە یەکەمیاندا، ناتواندرێت سنووری کاری وەسفکاری دیاری بکرێت. لەبەر ئەوەی دەلالەتی وەسف بۆ هەند و گشتە. بەڵام حاڵەتی دووەم، سنوورکێشانی وەسف ئاسانە، چونکە کارێکی ئاسایی وەسفی ناگەیەنێت، بەڵام لە چەمکی خەبەردان‌دا،

(١) جون کوین، النظریة الشعریة، الجزء الثاني (اللغة العلیا)، ص : ٣٣٨، ٣٣٩.

دەبێتە ڕواڵەتێکی ئاسایی. بەو مەبەستە ئەگەر لە حاڵەتی مەبەستی دەلالی نەبێت تەنیا هەوڵدان بێت، قاڵبی هەڵگەڕاندنەوە وەرناگرێت. لە شێوازگەریدا بنەمای تەواوکەری کاری ژێرخان، دەلالەتی جوانرێکی (تەرتیبی) زمانی شیعر دەگەیەنێت(١).

ڕێزمانی ڕستەسازی ئاستێکی سەربەخۆ و گرنکی زمانە، دیاریکردنی زمانی شیعر لەناو ئەم ئاستەدا، ئەمڕۆ خاڵی بەرنامەی کار و گفتوگۆکردنە. ڕێبازی زمانناسیی گوێزانەوە لایەنگیری ئەم دیاردە زمانییە دەکات، بە پێچەوانەی ڕێبازی بەرهەمهێنەر کە گرنگییێکی پێویستی پێ نادات. ڕێبازی یەکەم، زۆر لەو مەسەلەیە قووڵ دەبێتەوە.

بە بەراوردکردنی زمانی شیعر لەگەڵ ڕەوانبێژیی کۆندا، دەبینین دیاریکردن بۆ دەستنیشانکردنی جیاکاریی واتایی، لەنێوان وێنەی دەلالیی خوازراو، وێنەی پێکهاتەیی ڕستەسازیی زمانی شیعر سیفەتێکی ئاسان و سادەیە. لەم بارەدا کە (هەڵگەڕانەوە Revesal) بەدیاردەکەوێت، لەدۆخی ڕستەسازیدا دەبێتە لادان(٢).

لە زمانی کوردیدا وەك نموونە، دیاردەی هەڵگەڕاندنەوە لە باری ڕاستیی گەیاندندا، لە جوانرێکی یەکەی ڕێزمانی بۆ سیفەت بەخشین، دەبێتە گۆڕانی دەلالی: ((کوڕی پاشا، ژنی مەلا))(٣)، بە هاریکاری مۆرفێمی (ی)ی خستنەسەر، مانای لێکسیکی دیارخەر و دیارخراو ئاشکرایە، کە (کوڕی پاشا)یە، هی یەکێکی دیکەی وەك: ((مامۆستا، فەللاح، کتێبفرۆش...)) نییە، ژنەش، ژنی مەلایە و هی: (قازی، سەوزەفرۆش، باخەوان...) نییە. لە دۆخی گۆڕینی شوێنی دیارخەر و دیارخراو بە لابردنی مۆرفێمی (ی) خستنەسەر و دەرکەوتنی ناوبەند لە هەندێ باردا، چەمکی دەلالەتێکی ژێراوژێر لە

---

(١) جون كوين، النظرية الشعرية، الجزء الثاني (اللغة العليا)، ص: ٣٣٩.

(٢) لادانی ڕستەسازی لە دیاردەی هەڵگەڕانەوەدا، بۆ تایبەتمەندی هەر زمانێك لە زمانەکانی جیهان دەگەڕێتەوە، ئەم تایبەتمەندییەش، پەیوەستە بە چۆنیەتی پێکهاتن و کاری بونیاتی زمانەکە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

Louis Hjelmslev the Applications of Linguistica to the Study of Poetic Language, 1960, P, 862.

(٣) محەمەد مەعرووف فەتتاح، خۆیەتی لەزاری سلێمانیدا. گۆڤاری (کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد)، بەرگی: ٧، بەغدا، ١٩٨٠، ل: ١٦٩، ١٧٢.

وەسفدا دێتە ئـاراوە. ئـەویش تێگەیـشتنە لـە سـیفەتێکی دەلالیـی شـاراوە، کـە لـە شێوازگەریدا شیعر دەوری تێدا دەبینێت و نهێنییەکە ئاشکرا دەکـات. (کـوڕە پاشـا) و (مەلاژن)، سیفەتێکە دەلالەت لەتاکی بنەڕەت بۆ یەکێکی خوازراو دەهێنێ. کوڕە پاشا بە مانای سیفات و ئەدگاری وەك کوڕی پاشا وایە، کە لە بنەڕەتدا کەسێتی بۆ خـوازراو هـیچ پێوەنـدییەکی ئۆرگـانیکی لەگـەڵ مانـا لێکـسیکییە بنەڕەتەکـەدا (کەسـێتی لێ خوازراو) نییە. (مەلاژن)، بوونی سیفەتی ژنی مـەلا لـە یـەکێك دوور لـەم پێوەندییـە پیاهەڵدانە، لە وەرگەڕاندا وەك یاساییەکی ڕێزمانی خۆی دەنوێنێ، دەشتوانین: ((ئامـاژە بە ڕێسایەکی نەگۆڕ بکـەین، کـە توانـستی دەسـتووری هـەبێت. لـەم بـارەدا هـەموو سیفەتەکان مانای بنەڕەتی خۆیان دەپارێزن، بەڵام بە هەڵگەڕاندنەوەیان، واتـا، گـۆڕینی شوێنی دیارخەر و دیارخراو، ئەوا واتایەکی دەلالیی سیفەتی وەردەگرێت))[1].

لە بونیـاتی زمـانی شـیعردا، لـە قەڵـەمڕەوی ڕواڵـەتی هەڵوەشـاندنەوەی یاسـای ڕستەسازی، واتاگۆڕی دیاردەیەك بـە شـێوازی قەسـیدە دەبەخـشێت. بـۆ دەلالـەتێکی خوازراو یان لێکچوون، یـان هـەر ڕەگـەزێکی دیکـە ... سـیفەتی چـالاکی زمـان، لـە نیشاندانی تێگەیشتنی سنووری دەسەڵاتی واتا، سیفەتی بنەڕەتییە.

دیاردەی جیاوازی شیعر لەگەڵ بەشەکانی تری ئەدەب بە تایبەتیش پەخشان، تـەنیا لەکێش یان بەرز و ڕێکی ڕیتمی مۆسیقادا نییە، بەڵکو جیاوازییەکە لە چۆنێتی زمـانی دەقدایە. لە زانستی شێوازدا، شیعر سیستمی زمانی ئاسـایی پێـڕەو ناکـات. هـەروەك (ئەدۆنیس) لـەبارەی دەقـی شـیعری هاوچـەرخ لـە تازەگەریـدا، بۆچـوونێکی تایبـەتی دەردەبڕێت و وای دەبینێ، شیعر بە زمانی خۆی لـە سیـستمێکی تایبەتیـدا، وشـە لـە دەلالەتدا، بە ڕەهەندی نەژادی خۆی دەزانێت. بەپێچەوانەی زمـانی پەخـشان، زمـانی شیعر زمانێکی ئاماژەیی و ڕەمزییە. زمانی شیعر پێویـستە لـە ئاسـایی و ڕوونـی بـە دووربکەوێتەوە وشە لە شیعردا: ((دەبێتە وێنەیەکی دەنگی و بە پەلـە تێگەیـشتن دەدا،

---

(١) جان کوین، النظرية الشعرية، الجزء الثاني (اللغة العليا)، ص : ٣٤٥ .

ئەگەر پرۆسەکە سادە نەبێت، حاڵیبوونیش لەلای خوێنەر قورس دەبێت و جەخت لەسەر زۆری توانستیی لێڵی دەکات))[1]. ئەم جۆرە ڕەمز و لێڵییە لە تازەگەریدا، لە ئاستی ئایدۆلۆژیدا، شۆڕش و قایلنەبوون و ڕەتکردنەوە دەگەیەنێت، کە بەدەستهێنانی لەلایەن شاعیرەوە بابەتێکی زۆر سەختە، ئەگەر لە ڕێگای زمانی ڕەمزەوە نەبێت[2].

لە شیعری هاوچەرخدا، وشە و بێژتن کرۆکی بابەتی شیعر نین. بەڵکو پێوەندی و هاوبەندیی یەکەکانی ئاستی بونیاتی زمان لەناو قەسیدەدا، بۆ دەقی شیعر منداڵدانن. لە شیعردا زمان لەسەر سیستمێکی تایبەتی، تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت. لەم ڕوانگەیەوە پێویستییێکی زۆر پێویستە، لە شیعری هاوچەرخ، لە دەلالەتی کۆن دوور بکەوێتەوە: ((بۆ ئەوەی توانستی هەبێت بارگەی نیگا و بۆهاتنی تازە هەڵبگرێت، کە لە پێشدا ئەم حاڵەتەی بەخۆوە نەبینیبێ. بۆ ئەم مەبەستەش وا باشە یەکەم جار بەنیازی دروستکردن و پێکهێنان لە بونیات، وشە بۆ سەرچاوەی بنەڕەتی خۆی بگەڕێندرێتەوە، پێش ئەوەی لە مانای جۆراوجۆری قەڵب هەڵبکێشرێت))[3] .

لە تازەگەریدا، زمانی شیعر بۆ وەڵامدانەوە و ئاشکراکردنی پرسیارە ڕیشەییەکانی تایبەت بە سروشت و مرۆڤ و گەردوون و هەموو نهێنییەکانی تر، هەوڵێکی دڵکارییە. ئەمەش لەکاری چالاکی و شێوازی نووسیندا، دەبێتە پرسیارگەلی و سکالاگەلی ئەزموونێکی تازە. گوزارشت لە دووتویی چەمکی ئەم پرسیارانەدا دەکەن، بە مەرجێك هەمووش لە گەوهەری تێڕوانینی کەسییەوە بۆ مرۆڤ و گەردوون بڕوانێت[4]. لە ڕەسەنایەتیی شیعری تازەگەریدا، چوار ڕەگەز، بەشداری بونیات دەبن ئەوانیش: (شاعیر، زمانی شیعر، شێواز، شیعر(دەق)...).

---

(١) عبدالله رضوان، الغموض في الشعر العربي، مجلة شؤون ادبية، العدد: ١٠، الشارقة، ١٩٨٩، ص: ١٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: السيد ابراهيم محمد، الضرورة الشعرية (دراسة اسلوبية)، ط: ٣، دار الاندلس، بيروت، ١٩٨٣، ص: ٨٩.

(٣) احمد عبدالمعطي حجازي، القصيدة الجديدة وأوهام الحداثة، مجلة ابداع، العدد: ٩، السنة الثالثة، القاهرة، سبتمبر ١٩٨٥، ص:١١.

(٤) أدونيس، فاتحة لنهايات القرن، دار العودة، ط: ١، بيروت، ١٩٨٠، ص: ٣٢١.

زمان بە گشتی لەبەر ئەوەی پابەندە بە گشت دیاردەکانی کۆمەڵایەتیی سروشتی، بە بەردەوامی لە گۆڕاندا دەبێت، ئەم گۆڕانەش لایەنئامێزە. چونکە ئەوەی نەگۆڕێت بە تەنیا: ((فەرهەنگی زمانە، بەو پێیەی، کە زمان بەبێ دەرهاوێشتنی ڕەخێك، لە هەموو کار و چالاکیی بەرهەمی مرۆڤی بەشدار دەبێت، بەلاّم سیستمی ڕێزمان، بە شێوەیەکی زۆر سست نەبێت ناگۆڕێت. ئەم دیاردە هێدییەی ڕێزمانیش، بۆ چاکسازی و نوێکردنەوەی بەند و ئاستەکانی ڕێزمان دەبێت))[1].

لایەنی ڕێزمان بەشداری بارێکی زۆر گرنگ دەکات، ئەویش زمانی شیعری قەسیدەیە، کە گوزارشت لە بونیاتی ژێربێژی دەکات، لە لایەنی پێکهاتە، یان ژێربێژی، وشە نرخی بۆ دادەنێت و هەڵیدەسەنگێنێ. وێڕای ئەمەش ئەم بەها و هەڵسەنگاندنە، ئاواز لە ڕیتم، وێنە هەستیارە بێ ورتەکانیش دەگرێتەوە[2].

زمان لە هەموو کار و جۆری چالاکی مرۆڤی ڕەنگی داوەتەوە. (مالینۆفسکی) ئەنثرۆپۆلۆژناس دەبێژێت: ((زمان بە تەنیا هۆکاری تێگەیشتن و پێوەندی نییە، بەڵکو لە کار و چالاکی و ڕەوشتی تاکدا، ئەڵقەیەکی ئامادەباش و بەشدارە، بە تەنیا ئاوەژووی کاردانەوەی بیر و ئاوەز نییە))[3] . هەر بۆیەشە زمانی شیعر بە بەشێك لە پێشکەوتنی زمانی ئاسایی دادەندرێت، ڕەنگدانەوەشی لە بەرهەمی ئەدەبی و فۆلکلۆری کارێکی ئاسایی و زیندووە، بە گۆڕانی شێوازیش دادەندرێت.

زمانی شیعر دیالێکتێکە لە زمانی گشتی. ئەو هەڵوێستانەی کە زمانی گشتی لە شوێنی کار و چالاکی مرۆڤی وەریاندەگرێت، هەموو بوارێك دەگرێتەوە، پانتایی ڕازاندنەوەی زمان لەخۆ دەگرێت. زمانی دەربڕین و هەرەوەزی کۆمەڵ، ڕەنگدانەوە و دەستنیشانکردنی جۆری کار یان مۆسیقا یان پیشە دەگەیەنێت. وشەکان زۆر بە ئاسانی لە بازنەی چەمکی چالاکییەکاندا دەسووڕێنەوە و مۆرکی ئەو ئیشە هەڵدەگرێت کە

---

(١) محمد الاسعد، مقالة في اللغة الشعرية، ط: ١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٠، ص : ١٤.

(٢) ارشيبالد ماكليش، الشعر والتجربة، ص:٥١.

(٣) محمد الاسعد، مقالة في اللغة الشعرية، ص: ٣٧ - ٣٨.

ئاوێزانی دەبێت. زمانی شیعر لە بەیت و گۆرانی و تەنانەت مۆسیقاشدا[١]، هەمان شەقڵ دەگەیەنێت و دەبێتە پەنجەمۆر و لێی دانابڕێت، چونکە جیاکاری هەموو دیاردەییێکی پراکتیکی و چەشنەیی زمان، زمانی دەربڕین و گوزارشتکردن (شیعر)، تێیدا بەشدارە[٢].

---

(١) د.ابراهيم السامرائي، فقه اللغة المقارن، المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٦٨، ص : ٥٦ .

(٢) زمان، گوزارشت لە دەربڕینی چین و توێژ دەکات، هەر لایەنە بۆ مەبەستێ لە تایبەتمەندییەکانی خۆی بە کاری دەهێنێت. جێگەی هەڵوێستی کار و چەشنی چالاکی، ڕۆڵ لە کاری هەمەجۆری زمان (زمانی دەربڕینی کار) دەبینێت. لێکۆڵینەوە جیاوازەکان لەبارەی هۆزەکانی ئوستralیا و هیندە سوورەکانی ڕۆژئاوایی، بەدەریان خستووە کە زمانی ڕاوچییەکان، لەگەڵ زمانی کشتوکاڵییەکان مۆسیقایان جیاوازە. ئاواز و دەربڕین زۆر بە هێمنی لەگەڵ جۆری کارەکان هاوسەنگ دەبن. بڕوانە: (پەراوێزی ژمارە ١، ل:١٥١). ئەم دیاردەیە گشتییە هەر نەتەوەیەك بەپێی تایبەتمەندی زمان و ژینگە و جوگرافیاوە، جۆرێك لە تایبەتمەندی دەربڕینی خۆی هەیە. ئەگەر لە کولتووری کوردی بە تایبەتیش لە ئەدەبی فۆلکلۆر وردبینەوە، دەبینین تایبەتییێکی دەربڕینی زمانی کار و هەرەوەزی کوردی بەدی دەکەین. دەربڕینی زمانی گۆرانی، کە ئێمە بە (زمانی شیعری گۆرانی) دەزانین، لە جیاکاری جۆری چالاکییدا، نیشانەی دیاردەی هەرەوەز دەگەیەنێت. بە وێنە، ئاواز و ڕیتمی زمانی گۆرانی (دروێنەکردن)، لەگەڵ ئاواز و ڕیتمی زمانی هەرەوەزی (ساوارکوتاندن)ەوە، دەتوانین بە ئاشکرا هەستیان پێ بکەین. هەر وەك چۆن ئاوازی زمانی دەربڕینی کاری (بێری)، لەگەڵ ئاوازی زمانی دەربڕینی (مانگادۆشین) و (پەڵەوەڕدان دان ...) لە یەکتری جیاوازن. ئێمە ئەم ڕیتم و ئاوازە بە بنەمای زمانی دەربڕینی تەبایی دادەنێین. چونکە چ لەنێوان یەکەکانی بەشداربووی هەرەوەز، یان لەنێوان کاری تاکی بۆ بەرانبەر قایلکردن، هەڵگری بارگەی تەباییە، لەناو ڤاڵای پێوەندیکردندا، بە توانست و گوڕی تەبایی دادەندرێت. پێوەندی: تاك بە تاك، تاك بە کۆمەڵ، تاك بە گیانەوەر، بە سروشت (پتر لە لاوك و حەیران بەرچاوە)، ڕادەگەیەنێت. لە دابونەریتدا وەك یاسایەکی سەرەکی سەیر دەکرێت.

هەروەها، زمانی دەربڕینی ڕیتمی مۆسیقای: هەڵپەڕکێ، گۆرانی، بەیت، لاوك، حەیران... لەلایەك بە فاکتەری گوزارشتی خۆشی و ناخۆشی دادەندرێت، بنەمای دیاردەی تەبایی و هەرەوەز و نەریتە، لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ چەشنی هەر یەك لە بابەتەکان، نیشانەشن کە لە ئامرازە سەرەتاییەکانەوە تا کەرەستەی مۆسیقای سەردەم دەگرێتەوە.

## (٢) زمانی شیعری تازە و گەڕان بە دوای یاسای نوێدا

### أ) چییەتی زمانی شیعر

گەڕان بەدوای تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعر، لە دەرەتانی ورتە و گۆتە و بونیات و چەشنی داڕشتن و شێوەوە، دەرگایەکی دیکە لە زمــان و شــیعر و شــێوازگەری و لادان و زمانی شیعرایەتی والاّ دەکات. جگە لەمەش، گەڕانە بەدوای هەندێ دیاردە، کە بــواری ئێستێتیکای بونیاتی شیعر ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی تێدا دەبینێت، لەوانە چڕیی کورتبڕی و درێژبڕی، پاش و پێشخستن، دووبارە و گونجاندن ... کە دەقی پڕلە داهێنــان و ئەفرانــدن لەوانی دیکەی جودا دەکاتەوە.

ئەوەی سەبارەت بەتایبەتمەندیی بونیات و پێکهاتنی شــیعر پێویــستە پێــی لەســەر داگیرێت ، ئەو تایبەتمەندییەیە کە بۆ پتربــوونی شــیعرایەتی بەشــدارە، زمــانی شــیعری تێکستێکی بە داهێنان بارگاوی کراو، لــە زمــانی قەســیدەیەکی جیــاواز لــەوی پێــشتر جیادەکاتــەوە، کــە تــەنیا ئامــانجی ســەرەکیی گەیاندنــە. بــەلاّم شــیعری تازەگــەریی داهێنەرانە، بەناو ڕایەڵەکانی جوانکاریی دەق و کارچالاکیی ناوەندەکانی داهێناندا شۆڕ دەبێتــەوە، بــەهۆی زمــانی شــیعرەوە گوزارشــت و دەربــڕین لــە شــتە شــاراوە و پرسیارگەلییەکان دەکات، لە ڕوانگەی تەوەرەکانی داهێنانــەوە، لــە شــاکاری داڕشــتن و وێنە و ئاواز و ڕیتم و مانای وشە و وشەکانەوە، کاریگەری و شوێنقووڵی زیاتردەبێت.

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کە سەبارەت بە زمــانی شــیعر ئــەنجام دراون ، توانستی گەیاندن و چالاکیی زمانی شیعریی دەقی داهێنەرانە ڕادەگەیەنن. شــاعیر لــەم پرۆسەیەدا ، سوود لە ڤالاّی دەلالەت کە لە بنەما هەرە گرنگەکانی زمانە وەردەگرێت.

لە ئەدەبیاتدا زمانی شــیعر بــۆ بونیــاتی قەســیدە دەســتێکی بــالاّی هەیــە. ئــەو ڕاستییەش لەلایەن (کۆلیردج) ئاماژەی بۆ کــراوە کــە دەنووســێت: ((زمــانی شــیعر لــە ڕێوشوێن و تــەدارەکی بونیــاتی دەقــی شــیعردا، گــەورەترین و مــەزنترین ڕەگــەزە. لــە زەمینەی ئەوەوە زناکی و زرنگــی جێبــەجێکردنی شــیعری و لــە بناغــەی تــەلارکاریی هونەرییدا، کە بەکۆمەڵێك ڕەگــەزی دژبــوون و هــاوڕێکبوونی داهێنەرانــە داپۆشــراون، دەردەکەوێت)) [١].

---

(١) عدنان قاسم، لغة الشعر العربي، ليبيا ١٩٨١، ص: ٦.

پێش شیعر هەندێ بێژە وەك كەرەستە و ماددەی خاوئاسا هەیە. بەلاّم شیعر لە قوولاّیی و پانتایی خۆیدا، كە خاوەن سیفەتی لەیاسا دەرچوونە دایاندەڕێژێت و ڕێكیان دەخات و لەگەڵ شیعرایەتییەكی پوختەدا، جۆرە گونجاندنێكی تێكچڕژاویان لێ دروست دەكات.

بێ گومان دەرئەنجامی ئەم كارە، لە چوارچێوەی پێكهێنان و ئاسۆی پڕلە مەبەستی كارەكە ئەنجام دەدرێت، هەروەها: ((لەرێگای دروستكردنی وێنەكاندا، كە لەگەڵ هەڵچوونی شاعیر هاوهێز دەبن جێبەجێ دەكرێن. ئەو هەڵچوونانەش بە نیازی هەڵوەشاندنەوە و بونیاتنانەوەی زمانی، دوای ئەوەی زمان چەمكی خوازەیی، كە لە نەشونماكردنی بەراییەوە پێوەی نووساوە لەدەست دەدات، بە هاریكاری نەژادی ئەو پێوەندییانە، جۆر و پلە و پایەكەی لەیەكتر دابڕ دەكات و تەرزی شێوە هەڵدەوەرێت، هانی خەیاڵ و ئەندێشە دەدەن، بابەتێكی زیندوو و پڕ لە بەرەكەت بۆ ژیانێكی پڕ لە ئارامی و ئارایشتكراو ڕابگەیەنن))[1].

سروشتی دروستكردنی ڕستە، لەكاری بیری ڕایەڵەكانی وشەدا، هەنگاوێكی گرنگ و هاندراوە: ((شیعریش، بۆ ئەوەی گوزارشتێكی پڕ لە كاریگەریی جادوویی نائاسایی بگەیەنێت، زمان بەهۆی هەندێ ڕیتم و ئاوازی نائاسایی، وەك گوڕ و تینێك بەكاردەهێنێت))[2].

زمانی شیعر توانستی ئیحا و نیگابەخشینێكی سەیری هەیە، ئەم دیاردەیە لە زمانی ئاساییدا بەدی ناكرێت. بەو پێودانگە زمانی شیعر و زمانی ئاسایی، لە پێكهێنان و بونیات و یاساكانەوە، تا دەگاتە دەلالەت بەخشین، دوو جەمسەری دوور لە یەكتر و جیاوازن. سەرەڕای جوانكاری و كاریگەری پڕ لە تاسە، ڕاچڵەكینی جیاوازیان هەیە: ((بە بارتەقای توانستی زمانی ئاسایی بۆ قسەكردن، لە ئەدەب و زمانی شیعردا، كاری جوانی داهێنەرانە و سەركەوتوو ئەنجام دەدرێت، ئەمە بۆ بوونی زمانی ئاسایی پاساوێك نییە))[3]، وەك ئەوەی كە زمانی شیعر و ئەدەبیات، لەلایەن (دی سۆسێر)ەوە

(١) رجاء عيد، لغة الشعر، منشأة المعارف الاسكندرية، ١٩٨٥، ص: ١١٤.

(٢) سعيد الورقي، لغة الشعر العربي الحديث، دار النهضه العربية، ١٩٨٤، ص: ٦٧.

(٣) صلاح فضل، النظرية الثانية في النقد الادبي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٨٧، ص: ٣١٦.

لە ڕێگای دامەزراندنی زمانناسیی نوێوە، بەها و نرخی بۆ دانراوە، شێتگیرانەش ئاوڕی لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ داوەتەوە و لە بونیاتی دەقدا، لە هۆکارە هەرە گرنگ و سیفەتە جیاکارییەکان دایدەنێت. (سۆسێر) لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانیدا، زمان و ئاخاوتنی لە یەکتر جودا کردۆتەوە، پاشان زمان وەك دیاردەیێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی و ئاخاوتنیش وەك تایبەتمەندییێکی تایبەتیی تاك دەخاتە ڕوو. لەم ڕوانگەیەوە ئاخاوتن لە شیعردا، تایبەتمەندییێکی نائاسایی وەردەگرێت. هەموو یاسا نادەستوورەکانی لادان، دەکات بە یاسا و لەسەری دەڕوات. جگەلەمەش، ئاخاوتنی شیعر لە ناوەڕۆك و ناخیدا، ناوەندێکی ڕەوانبێژییە. چونکە شیعر و ئەدەب لە بەکارهێنانی زماندا، تایبەتمەندی ڕەچاودەکەن و هونەر و داهێنانی تێدا دەنوێنن. هەوڵدەدەن دەست بەسەر هەموو توانست و وزەی زمان لە دەرەتانی فەرهەنگی و فۆنەتیکی و بونیاتی و دەلالی... دابگرن و لەگەڵ کاری ئێستێتیکادا بەیەکیان ببەستنەوە، بەرهەمێکی پڕ لەسەرنج بەدەست بهێنن. بەڵام ئەم هەوڵە لە زمانی ئاسایی و ناشیعری بەدی ناکرێت، چونکە لە دەربڕین و گوزارشتکردندا بێ لادانە، واتە بێ بنەمای زمانی شیعرە. تایبەتێتی و داهێنانی زمانی شیعر و چۆنێتی بەکارهێنان و هونەرنواندن بۆ سیمای لادان، لە بەرهەم و دەقی شاعیراندا بۆ بەهای هەڵسەنگاندنی جیاکاری و سیفەتی بە شاعیربوون و شاکار ئاست و پێوانەن. ڕاستیی سەلمێندراوی ئەم تیۆرە نابێتە ئاڵۆزیی زمان و تێکشکاندن و لەناوبردنی، چونکە: ((فەرهەنگی زمان گۆڕان و لادانی نائاسایی ناگرێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەگەر سیستمی زمان گۆڕانیشی بەسەر دابێت، زۆرسستە تەنیا بۆ مەبەستی پوختەکردنی بار و بەندی ڕێزمانەوەیە. کەواتە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و شیعری، بۆ دروستکردن و هەڵنانی دەقێکی تایبەت، هەوڵێکی پوختە دەبێت))(١).

لێرەدا ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، ڕاستیی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لەشیعردا مەدلوولی وشە بەئەندازەی مەدلوولی فەرهەنگی پێویست نییە. لە شیعردا دەلالەت کردنی وشە لەسەر ئاوێتەبوون و ڕیزبەستن و میانە (السیاق Contex)ەوە بەندە، لە بەکارهێنان و نەریتی ئاسایی، سەرپێچی و لادان ڤاڵایەکی جوانکاری دەنوێنێت.

(١) محمد الاسعد، مقالة في اللغة الشعرية، ص: ٤٠.

هەر شاعیرێك لە چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ وشە و چییەتی پرۆسەی داهێناندا، پێڕەو و خاوەنێتی جۆرە شێوازێك دەكات، كە لە بەرهەم و شاعیرانی تر جیای دەكاتەوە. شێوازیش، دەسكەوتی كۆمەڵەك كاری فیكری و ئاوەزی ئەزموون و ڕۆشنبیرییە، توانست لە سەیری و پوختەیی و قووڵی بەكارهێنانیدایە.

زمانی شیعر، لە لووتكەی هەندێ بەندی تایبەتی ڕێكخستن و داناندا، سەرتاپای بونیاتی زمان داگیر دەكات ، ناهاوڕێكی و لاسەنگی لە نێوان ماك و بنەما: زمانی و وێنەیی و ڕیتم و ئاوازەكاندا، شیعرایەتی كز و لاواز دەكات. شیعرایەتی لە ناخی بونیاتێكی پوختە و قووڵ و پڕ لە چەقی پێكهاتن دروست دەبێت. شاعیر هەوڵدەدات لە پرۆسەی بونیاتی دەقدا، بە داهێنان و ئەفراندن، بابەتێك بهێنێتە ئاراوە بەتەواوەتی لە دەقێكی تر و بابەتێكی دیكەدا جیاواز بێت. ئاوێتەكردنی یەكەكانی زمان و كەرەستە دەنگی و لێكسیكییە فەرهەنگەكان بەو مەبەستەی داهێنەر بتوانێت تێكستێكی تازەگەری یان چەند دەقێكی هاوشانی یەكتر لێیانەوە بونیات بنێت، بە كەرەستە و ماددەی سەرەتایی دادەنرێت. لێرەدا بە قووڵی ڕۆڵی ئیلهام لەبەرچاو ناگیرێت، هەرچەندە بوونی وەك كلیل زۆر پێویستە، وەلاوەنانی كەلێنێك بۆ تەلیسمەكە والا دەكات ، بەلام ماندووبوون و توانست و ئاگایی و ڕۆشنبیری... لە بونیاتی دەقی پوختە و پاراودا، بەسیفەتی جیاكاری، دەوری زۆر چالاك دەبینن و بنەمای بە ئەنجام گەیاندنن .

سەرجەم و سەرپاكیی زمانانی شیعر خاوەن شێوازن، زمانی شیعریش لە دەروازەی دەقی شیعرەوە، پلە و ئاستی وێناكردن و توانستبەخشین و پوختەیی ڕێكخستن ... ئاشكرا دەكات .

یەكێك لەكارە هەرە گرنگەكانی شاعیر كە لە دروستكردنی دەقدا، بەنیازی هەڵنان و داڕشتنی بونیاتێكی پوختە پێی لەسەر دادەگیرێت، تەوەر پێكهێنانە. ئەم تەوەرانەش لەناخدا بە پێوەندییە هەمە جۆرەكانەوە بەندن. پاشان یەكە و دروستبوونی هەر تەوەرێك لە تەوەرەكان، بەرِیزبەستن و میانەی دەقی شیعرەوە دەبەسترێنەوە، لە ڕوانگەی ئەم تەوەرانەوە، لە دروستبوون و پێوەندیی و هاوبەندیی میانەكانەوە، ئێستێتیكای زمانی بەدیار دەكەوێت.

زمانی شیعر، جگە لەوەی كە هۆكارێكە بۆ بەرهەمهێنانی كاری پڕ لە داهێنان و تازەگەری و سەرپەڕكردنیان، بۆ ئاكامی سەرنجڕاكێشانی هونەریش دەستێكی باڵای لە

جوانکاری و ئێستێتیکادا هەیە. زمانی شیعر بۆ کارتێکردنی بەرانبەر، پەیامی پڕ لە مەبەستی دەق دەگەیەنێت . کارلێکردن لەنێوان ڕەگەزەکان و بابەتی لادان و باری ئاسایی پێویست و گرنگە، چونکە لە دەقدا هۆکاری قووڵن، بەبێ ئەم پرۆسەیە هیچ ناگەیەنن. زمانی ئاسایی بەشێکی گرنگە، بەڵام ئەو بەشە لە جیهانێکدا کە پێی دەوترێت (پەیامی شیعر)، لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و کارلێکردنی لەگەڵ بەشەکانی تردا، درێژە بەگرنگییەکەی دەدات. کارلێکردنیش، لە سروشتی کەرەستە کارلێکراوەکان و لە چوارچێوە و پانتایی خۆیدا، گۆڕان بەرهەم دەهێنێت، سروشت و سیفەت و کاری نوێ دێتە ئاراوە. لە دەقدا ئاکاری جیاکاری دەنوێنن. لێرەدا لادانی زمانی شیعر، ناچالاکە زیاتر لەوەی کە چالاك بێت.

بابەتی نەگۆڕ و چەسپیو سیستمی ڕێزمانییە، بەڵام ئەوەی چەمك و کاری گۆڕان هەڵدەگرێت و یەکە و یەکەی وشەکانی ئەو سیستمەیە، کە سیفەتی شیعرایەتی و ئاوێتەیی بە دەق دەبەخشێت، ئەو سیما و سیفەتانە، بە دەقێکی تر دەپێچرێتەوە بۆ ئەو دەقە یان ئەوی تر، دەبێتە هۆکاری پوختەیی بوون. ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە، لادان لە ئەدەبی گشت جیهاندا، خاسیەتێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی زمانی شیعرە، تیۆری ئێستێتیکایی و جوانکاری بۆ ئارایشتی تێکست، بەلادان ڕەت دەکرێتەوە، بگرە بە کۆڵەکە و ئەستوەندی بونیاتی دەقی شیعر دادەنرێت[1].

لە شیعری هاوچەرخ و بەتایبەتی لە شیعری نوێخوازی و تازەگەریدا (Newness)، زۆرجار وەك دیاردەیێکی شێواز لادان چڕدەکرێتەوە. چڕی و خەستکردنەوەی (کۆلادان) لە شێوازگەریدا[2]، لێڵی (Obscurity) لە زمانی شیعردا دروست دەکات و لەبەردەم تێگەیشتنی خوێنەر ئاستەنگ پەیدا دەبێت، ڕەنگە ئەوەی شاعیر دەیڵێت لای

---

(١) اوستن وارين ورينيه وليك: نظرية الادب، ص: ١٧٩.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

أ) الدكتور ابراهيم خليل، كتاب الضفيرة و اللهب، منشورات امانة عمان الكبرى، ط: ١، عمان، ٢٠٠٠، ص: ٣٩-٤٠.

ب) د. ابراهيم خليل، الانزياح الاسلوبي ولغة الشعر عند امين شنار، مجلة افكار، وزارة الثقافة، العدد: ١٧٧، تموز/ يوليو، ٢٠٠٣، ص: ٣٩ ـ ٤٤.

خوێنەر ئەو چەمکە نەگەیەنێت. لای شاعیرانی هاوچەرخ پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە خۆیان لایەنی دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە بن. باشترین جۆری لادان لەدەقدا ئەوەیە، کە لە ناخی دەق و ڕیزبەستدا، ڕاڤە و شرۆڤە هەڵبگرێت و ڕووناکی بخاتە سەر مەرامی شاعیر، بەمەرجێك لادان لەناو لادان و لێکچواندنە لادان زۆر نەبێت، بۆ ئەوەی لە دەلالەت بەخشیندا گرێکوێرە پەیدا نەکەن.

**ب) میتۆدی بیردۆز دەق دروست ناکات...**

ئەوەی پێشتر لە خاڵی (أ) باس کرا، لەبونیاتی دەقدا چییەتی زمانی شیعر بوو، ئایۆنی ئەم بابەتە، بەدوای چییەتییێکی دیکەی لە خۆی سەرپەڕتر دەگەڕێت، بۆ ئەوەی لە ڤالای سەرووی ئاوەزدا، میتۆدیەك بۆ پێناسە و پانتاییێکی ڕووبەر فراوانی بێ تخووب بۆ کار و چالاکیی خۆی دەستنیشان بکات.

زمانی ئاسایی بۆ پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون بەردەوام لە گۆڕاندایە. لەبەر ئەوەی زمانی شیعریش دیالێکتێکە لەزمانی ئاسایی، پێویستی بە دەڵتای پێشکەوتن دەبێت، لە زماندا بە بەردەوامی وشەی نوێ دروست دەبێت. هەر وشەیەکیش بۆ وشەیەکی دیکە نوێیە. نوێ و وشە، یان بە پێچەوانەوە، بۆ وشە هارمۆنی دەبن. وشە نوێیەکان حەزە تایبەتییەکان بەرهەمیان ناهێنن، بەڵکو لە ئەنجامی کۆمەڵە کارێك بۆ داڕشتنی یەك وێنە، ڕۆژانە وشە لە جێگایەکی نوێ لە دایك دەبێت.

شیعر خۆی بەرهەمێکی پڕ لە جوولەی ژیانە. لێرەدا نە بۆ شوێنی قەسیدە و نە بۆ شوێنی ڕەخنە تیۆر نییە. هەموو تیۆرەکان لە ڤالایەکی بۆشاییدا دەنگن، کاتێك مرۆڤ هەوڵدەدات ئەو شوێنە بۆشانە بەکارێکی پڕمەبەست، یان بێ مەبەست بارگاوی بکات، لە زەمینەی ڕۆحدا شیعر چەکەرە دەکات و دەکەوێتە گەشەکردن، لە پانتایی گشت زمانێکیشدا زمانی شیعر لەدایك دەبێت. هەر کاتێك وشە بەهۆی زمان دەقێکی پڕ لە هیوا و ئاواتی مرۆڤی بونیات نا، ئەوکاتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ژیان لەناو شیعری ڕاستەقینەدا سەرچاوە دەگرێت. لەم ڕاستییەدا تیۆری شیعری تازە و هاوچەرخ، بۆ دیاریکردنی پلەی بالآیی خۆی بە بەردەوام بەدوای یاسا و دەستوورێکی تازەی شیعردا دەگەڕێت. هەروەکو ئاشکراشە، هەر لە زەمانی کتێبی (هونەری شیعر)ی (ئەرستۆ)وە تا

ئەمڕۆ، تیۆرەكانی ڕەخنە بە چوار دەوری شیعردا لوولیان خواردۆتــەوە و گرنگییــان بــە: شیعر، بابەتی شیعر، زمانی شیعر، تەكنیكی ناوەوە و دەرەوەی شیعر داوە .

شیعر نەك بەتەنیا هەرخۆی هونەرە، بەڵكو تێكەڵاوی لەگەڵ هەموو دەرەتانــەكانی دیكەی هونەردا هەیە و چەمكی كۆزانیاری دەگرێتــەوە. ئەگــەر داهێنــان لــە چــەمكی هونەرەكانی تری ناشیعریدا، لە خولگەی یەك بازنەدا بسووڕێنەوە، ئەوا هونــەری شــیعر ئەم تەوەرە دەشكێنی و چەمكی كۆداهێنان لەخۆ دەگرێت. شیعر ڕەگی لــەناو قــوولآیی دراما و سینەما و شانۆ و شێوەكار و وێنە و وێنەی فۆتــۆگرافی ... دا هەیــە، دەرگــای شــیعریش بــۆ هــەموو دەنگێــك و داهێنانێــك و هونــەرێك والآیــە، بــۆ شــیعرایەتی سەرچاوەیەكی هەمەڕەنگ دەبێت .

كاتێك شــیعر لە پەنجایەكاندا یەكەم شالآوی نوێبوونەوەی دەست پێ كــرد، ڕاســتیی گومڕابوون و ونبوونی خــۆی لــەناو تــاك و كۆمــەڵ و پاشــانیش لــەناو میتۆلۆژیــادا بــۆ دەركەوت. بەلآم تا لە ژیانی ڕۆژانە و ئاساییدا، بەناو قوولآیی و ڕایەڵــەكانی ڕووبــچین و بە وردی لە ناخی خواستەكانیدا هەڵوەستە بكەین، زیاتر جەوهەری شیعرمان بۆ بــەدیار دەكەوێت و شاراوەكانی ئاشكرا دەبن.

شیعر سنووری هەموو هونەرەكان دەبەزێنێت. ئاوازی بەرزی شــیعر، كــە هــەر لــە سەرەتاوە لەبیری میتۆلۆژیا و ئەفسانە و داستان و كولتوور و مێژوودا لە دایك بووە، بۆ ئاوازی میللی (Falk) گۆڕدرا، تێكڕای پاڵەوانەكانی بــوون بــە خــەڵك و بابەتەكانیــشی هەموو لایەكی ژیــان لــە: جــل و بــەرگ و خــواردن و كــار و پیــشە و شــین و شــایی و خۆشەویستی و مەرگ ...ی گرتەوە .

ئەمڕۆ شیعر لەناخی نوێبوونــەوەی دووەمدایــە، دروشــی تازەگــەری هــەڵگرتووە و داهێنان لە تیۆرە نوێیەكانی دەكات. یەكەم مەبەستی شیعر زمانە. لە سنووری زمــانی ئاخاوتن، ڕایەڵەكانی زانیاری و ڕوخسار دادەمەزرێنێت. شیعر لە هەموو قۆناغــەكانــدا، بەو بیرەی كە گفتوگۆی بیری گەورەتر هەڵدەگرێت، بەرهەمێكی گشتی دەنوێنێت.

تا كێــشەی چــینایەتی گۆڕەپــانی شــیعر بێــت و ئیــستعماریش لەڕێگــەی زمــانی دوژمنایەتییەوە دەسەلآتی فراوانی هەبێت، قەسیدە لە ڕۆژانەدا ڕەنگ ناداتەوە و ژیــانی ئــاخێوەر و بیروبــاوەڕ و ڕەوشــتیان لــە شــیعرایەتی پڕنابێــت. هــەر شــتێكیش ئەگــەر لەشیعرایەتی بەدووربێت، تێگەیشتن و هەرسكردنی ئاسان نابێت. شیعر ئەو جیهانــە پــڕ

لە جوولەی ڕۆحە، کە هەموو گەردوون و خۆجێی دەگرێتەوە. بەڵام فۆرمی شیعر، کە کار و چالاکیی وزەبەخشی پێ دەردەبڕێت، لە سنووری کێش و قافیە و ڕیتم و مۆسیقادایە. دێڕەکانی بەئەندازەی ئاوەز و بیر ڕیزکراون، هەندێکیان لە پێکهێناندا یەك وشەن، هەیانە زیاتر و زیاتریش. خاڵبەندی بەدی دەکرێت و خاوەن کار و دەلالەتن، کەمێکیان تەواوکەری واتای وێنەن، تۆزێکیشیان بۆ تەواوکردن دەلالەتی چاوەڕوانین. نیشانەی سەرسوڕمان، پرسیارکردن ... لە دوتوێیاندایە. شیعر دەخزێتە ناو هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانەوە، تەزووی پێوەندیی نەژادی و سەرسامی و تاسان و دەگمەن و ئاسایی لەخۆدەگرێت. سەرەڕای ئەمانەش، ئەو هاوار و قیژەیەیە، کە لە سیاسەت و ئابووری و جەنگ و مەرگ و برسێتی و ترس و دڵەڕاوکێیی و نامۆیی و غوربەت... دایە.

هێزی گوزارشت و ئاخاوتنی شیعر، هەمان بابەتی قۆناغەکانی پێشووتری خۆی دووبارە ناکاتەوە، چونکە هەستی چەشتنی شیعر و گۆڕانی بەردەوام لە هەستییەتی شیعر، بۆ شت و بابەت و ژیان، دەرفەت بە شاعیر دەدات یەکە و یەکەکان و وشەی تازە لە دەقی شیعردا بەکاربهێنێت. شیعرلەگەڵ گۆڕانکارییەکان هاوتەرییە و داینەمۆی داهێنانە، بەدوای شتی تازەی شایان بەگۆڕانکارییەکان دەگەڕێت و دایدەهێنێ، هەستی گەڕان و تازەگەری و داهێنان و دۆزینەوە... بابەتی پڕ لە زیندووی شیعرن. شیعر لەسەر بنەمای پشکنین و شرۆڤە و تازەگەری و داهێنان و بەخشین لەدایك بووە. ئاخێوەر بۆ شیعر پێویستی بە: ((یەکەکانی تیۆری چینایەتی و تیۆرەکانی شۆڤێنی نەتەوەیی نییە. هەروەها پێویستیشی بە ئابووریگەلیی بازاڕ و سەرمایەداری کە خۆیان خۆیان نوێ دەکەنەوە نییە))[1]. جگە لەمانەش، شیعر پێویستی بەدەروازە و تیۆرەکانی زانیاریش نابێت، کە کۆزانیارییەکانی لەبارەی: کۆتایی مێژوو، دەوڵەت و ڕووخانی سۆشیالستایەتی و شتی تری لەسەر دامەزراوە. لەم ڕیزبەستنانە و هی تریشدا، تیۆرییەکانی شیعر دیاری دەکرێن و لایەنەکانی ڕەخنەش هەمەچەشنە دەبن. ڕەخنەگری شیعر، لەسەریەتی گرنگی بە فەلسەفە و نیگارکێشان و شانۆ بدات، هەروەها پێویستیشە ڕەخنەگری سینەما و شانۆ، نیگارکێشان و مۆسیقا، شیعریان لەلا گرنگ

(١) لينين، المادية والفهم التجريبي النقدي، ترجمة: د. فؤاد ايوب، دار دمشق، دمشق ، ١٩٧٥، ص: ٩٤.

بێت. سنوور لەنێوان ڕەخنەی شیعر و هونەرەکانی تردا نییە و دەبێ ماوەی نێوانیان زۆر کورت بکرێتەوە، چونکە هەر هەموو هونەرەکان لە چەند خاڵێکی وەك: سەیری (Oddity)، کە ژیانی ساکاری لەسەر هەڵنراوە، سەرسوڕمان (Surprise) کە بیری لەدایکبوونی گەردوون لەخۆ دەگرێت، هاوبەشن کە پێشتر ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە ، کەچی بونیات و یەکە پێکهاتەی شیعرایەتین. وێرای ئەمانەش، ئاوەزی مرۆڤ ئەمڕۆ بەهۆی ئامێرە سەردەمییەکانی وەك: ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر و هۆیەکانی ڕاگەیاندن... نەژادی پێوەندی لەگەڵ گشت و تەنانەت پارچەیەك لە شیرینی و شوکولاتەشدا پەیداکردووە ، شتە پەنهانەکان زووتر و زیاتریش ئاشکرادەبن .

لە قۆناغی شیعری ئۆرگانیکدا، جیاوازی لە کەرەستەکاندا ناکرێت. واتە جیاوازی لەنێوان وشە و دیمەن، وێنەی فۆتۆگراف و وێنەی زمانی ناکرێت. هەروەها ئاستی جێناوی (تۆ) لەجێناوی یەکێکی تر و یەکێکی تریش لە جێناوی یەکەم بەدی دەکرێت. زمانی لێڵ و نادیار لەگەڵ زمانی پڕ لە جوانیی وێناکردن دەبن بەیەك ... ((لە ڤالآی ئەم جۆرە شیعرە سەیر و دەگمەن و نەگونجاوییەدا، کە پێی دەوترێت شیعری نێرەمووکی (Hermaphroditic)، دوای تازەگەری شیعر بە تەنیا چەکەرە ناکات، بەڵکو هەموو ئەو شتانەی کە لەبونیاتی شاراوەی بینین و زمان و ئاوەز و فیکردان، لەگەڵیدا گەشە دەکەن))[1].

ناکەوینە هەڵەوە و هیچ جێگای سەرسوڕمانیش نییە ئەگەر بڵێین: گشت باڵەکانی ڕەخنە، لە فەلسەفە و فیزیك و زانستەکانی: مادده و ڕۆح ... سوود لەشیعرایەتی و وێنە خواستراوەکانی شیعر وەربگرن و گەواهی ئاسا بۆ لێکۆڵینەوەکانیان بەکاری بهێنن.

کەواتە شیعر بێ ناسنامەیە، زمانێکی دیاریکراویشی نییە، بەڵکو لە هەموو زمانێکدا بابەتە. نەجوگرافیا و نەشوێنی تایبەتی و گشتیشی دەستنیشان دەکرێن. ئەوەی دەریشی دەبڕێت یەك نزم نییە، بۆ هەموو بابەتەکانیش یەك وێنە و وێنەی دەلالی دروست ناکات ... بەڵکو شیعر ئەو بابەتەیە، کە توانستێکی نەزانراو و بێکۆتایی هەیە. لەهەموو کاتێکدا لەبری مرۆڤ ئامادەییێکی نهێنی و ئاڵۆز و نادیاری دەبێت. خاوەنی زمانێکی گەردوونی پڕ لە ئەزموونی ئادەمیزادە. بۆیە سەیر نییە ئەگەر بۆچوون

(١) علي الشرع، لغة الشعر العربي المعاصر في النقد العربي الحديث، جامعة اليرموك اربد ١٩٩١، ص: ٦٦.

بۆئەوە بچێت، کە شۆڕشی زانیارییەکان (زانیاری سەبارەت بە پێکهاتە و ڕووداو و شت) شیعرە. ئەگەر تائێستاش بەتەواوەتی تێی نەگەیشتبین، بەڵام لەپێکهاتەی ئاوەز و ژیانی ڕۆژانەماندایە، بۆنموونە کتێبی زمانی باڵا (اللغة العليا)[1] ی (جـون کـۆهین)، یەکێکـە لەو کتێبانەی کە لەڕێگای شەش یەکەی تازەوە، لە لێکۆڵینەوەکەیدا چارەســەری تیــۆری شیعری نوێ دەکات، ئـەوانیش بـریتین لـە: بنـەمای نـاکۆکی و دژی، گـشتەکی، واتـای شیعری، لایەنبوون و بێ لایەن بوون، دەق، پێکهاتن.

ڕەنگبێ ئەو ناونیشان و ئەدرەسانە بۆ ئێمە نامۆ و نادیاربن، بەڵام لـە ڕۆشـنبیریی ڕۆژئاواییدا چارەسەرن. کاتێك (جۆن کۆهین) باس لە بنەمایەکانی دژبـوون دەکـات، بـۆ ئەوەی سنووری نێوان شیعر و ناشـیعر دیـاری بکـات، سـەدان بۆچـوونی فەلـسەفی لـە دەستپێشخەرییەکەی (دی سۆسێر)ەوە، کە بۆ بنەمای زمان جیاکاری ڕاگەیاند، بـەدوای خۆیدا ڕادەکێـشێت. شـیعریش هـەڵگری بنـەما و بارگـەی جیاوازییەکانـە. کـە دێتـە سەرباسی گشتایەتی (Comprehensiveness)، سەدان بۆچوون لە واتاکانی سیاسـی و ئایدیۆلۆژی جێ دەهێڵێ و بەبێ ئەوەی گرنگی بەبۆچوونە دێرینەکان بدات، بەشێوەیەکی گشتگیر بەکاری دەهێنێت. بۆیە لەلای ئەو شیعر زمانێکی کـۆکیی گـشتییە و هـەمان ڕۆڵی مۆسیقا و هونەری وێنەکێشان دەبینێت. کاتێك بەدوای واتـای شـیعردا دەگـەڕێت بەئاسانی دەیدۆزێتەوە و بەدەستی دەهێنێت، چونکە وشەکان و یـەکەکانی پێکهـاتن و بونیات، کە بە مەبەستی واتا ڕێکخراون، لە واتا زیاتر هیچ مەبەسـت و سەرچـاوەیەکی تر ناگەیەنن.

زمـان دیـاردەیێکی بـێ سـنوورە، زمـانی شـیعریش لەگـەڵ ئـەم دیاردەیـەدا واتـا دەبەخشێت. لە ڕێگای وێنە شـیعرییەکانەوە بەمەبەسـت دەگـەین. لادانـیش دیـارترین سیفەتی زمانی شیعرە. (جۆن کۆهین) لە کتێبی (بونیـاتی زمـانی شـیعر ـ بنيـة اللغـة الشعرية)دا، گرفتی لادانی زمانی، لە بەرهەمی سێ شاعیری فەرەنـسایی دەخاتـە ڕوو، هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات.

---

(١) جون كوين، النظرية الشعرية، الجزء الثاني (اللغة العليا)، ترجمة وتقديم وتعليق: احمد درويش، دار غريب للطباعة والنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص: ٢٥١ ، ٥٣٦.

زمانی شیعر بیردۆزێکی ئەندازە و یاسـایەکی بیرکـاری نییـە، شـرۆڤەی سـەلمێندراوی نەگۆڕ لەخۆ بگرێت ، سنووری دیاریکراوی هەبێت، بەڵکو چییەتی زمانی شیعر بۆکـار و چالاکیی دەلالەت گەیاندن، هـەڵگری بارگـە و سـیفەتی گـۆڕان و ناجێگرییـە. زمـانی شیعری هیچ شاعیرێك بۆ شـاعیرێکی دیکـە، لـەبواری داهێنانـدا دووبـارە نابێتـەوە و لێکجیاوازن، وەك چۆن زمانی شیعری (مالارمیە)، لە زمانی شیعری (بۆدلێر)، زمـانی (موتەنەبی) و (ئیمرەئولقەیس)، زمانی (جەزیری) و (خانی) و (نالی) و (حاجی قـادری کۆیی)، لە یەکتر جیاوازن. هەروەها لـە نوێکردنـەوەدا، زمـانی شـیعری (مەولـەوی) و (پیرەمێرد) و (گۆران)، لە داهێنانیـشدا زمـانی (شـێرکۆ بێکـەس) و (جـەلالی مـیرزا کەریم)، لە مۆسیقاشدا زمانی (جەلال بەرزنجی) و (سەباح ڕەنجدەر) لێك جیاوازن ... بەم تیۆرە، خۆمان لە بەردەم ئـەو لادانـە زمانییانـە دەبینینـەوە، کـە بـۆ یەکـە و وشـە و بابەتەکان، گۆڕان و پێشکەوتنەکانی هەستیی شیعرایەتی دەبووژێنێتەوە.

شیعرایەتی خـاوەنی هـیچ بنـەما و یاسـایەکی تیـۆری نییـە تـا قەسـیدەی تێـدا دابڕێژرێت. بەو پێودانگە: ((هـیچ تیـۆرەك لـەدوای شـیعرەوە نایـەت و بـاس لەشـیعر بکات))[1]، خۆی بە خاوەنی شیعر بزانێت. ڕەنگبێ یەکەمین تیـۆری شـیعر ئـەو تیـۆرە بێت، کە سەبارەت بـە ناشـیعر بـدوێت، لـەبارەی: توانـستی بەرهـەمهێنان و شۆڕشـی تەکنیکی سروشت، نهێنی دەریا و بونیـاتی شـاراوەکانی نـاوی، ڕواڵـەت و پێکهاتـەی بابەتی چیاکان، توانستەکانی بـەئاسمان گەیـشتن: ((بـوونی ئەشـکەوت لـە پاراسـتنی تابلۆکان و پەیکەرە ئێسکەکان و نهێنی ئاینەکان، لاپەڕە سـادەکان و نووسـینە پـڕ لـە بونیاتە شاراوەکان و ڕەمزە جادووییەکانی کتێبـە کۆنـەکان، نادیـاری و زینـدووی لـە مرۆڤی کۆن و نوێدا...))[2]. ئەو ڤالآیەی گشت ئایندە پڕ لە زانـستییەکانی تێـدا سـاز دەکرێت، جـادوویی ئـاگر، هـەموو دیـار و نادیارێـك، لێکۆڵینـەوە ئامـادە دەکـات و دەیانخاتە بەر باس و توێژینەوەوە.

---

(١) دیڤید لویس، ماذا عن الشعر، ترجمة: د. احمد محمود الساجي، مؤسسة المؤلف للطباعة والنشر والتوزیـع، القاهرة، ٢٠٠١، ص: ٢٠١.

(٢) د. حسام الآلوسي، من المیثولوجیا الی الفلسفة عند الیونان، جامعة الکویت، ١٩٧٣، ص: ١٢٥.

نە بیردۆز شیعر دروست دەکات و نـە شـیعریش تیـۆر دادەنێـت. شـیعر نەکایـە و کەڵێنە بۆشەکان پڕدەکاتەوە نە پڕەکانیش بەتاڵ دەکاتەوە. هەر کـاتێکیش بـۆ کۆتـایی هێنان بە شەڕەنگێزی ژیان پێویستت پێی بوو، ئامادەیە و بەدیاردەکەوێت. ئەو دەمـەی لەسەر شانۆی ژیان و جیهـان دەروازەی فراوانبـوونی گـیرا، دوور دەکەوێتـەوە. کەواتـە زمانێك نییە شیعر بە موڵکی خۆی دابنێت. تیۆر و بیردۆزە نوێیەکان هەوڵدەدەن شـیعر بۆ هاوکێشەکانی بیرکاری بگۆڕن و لەم چەقەدا شیتەڵی بکەن، بەڵام ئەگەر لە سـەرووی هەموو یاساکانی بیرکاری دانەندرێت، ئەم هەنگاوە کارایە سەرناکەوێت، چونکە بنەمای بونیاتی شیعر، لە هەموو یاساکانی سروشت و ژیان و زانست و بیرکاری بەرەو ژوورتـرە. شوێنکەوتنی تیۆرەکانی شیعر، لێرەوە بەدیاردەکەوێت. شیعر وەك زیندەوەرێکی ڕەسەن وایە، هەر کاتێك بەناو جەنگەڵی دارستانێکی نادیـاردا تێپـەڕی، کاریگـەر و جێمـاوی خۆی دەگۆڕێت.

**کەواتە یەکەکانی زمانی شیعری تازە چییە؟**

مەبەست لە زمانی شیعری تازە، ئەو زمانەیە کە لەنێوان هونەرەکانـدا هاوبەشـە، کە دەقێکی شیعر دەخوێنیتەوە وا هەست دەکـەی دیمەنـەکانی فیلمێـك دەبینیـت، کـە گوێت لە خوێندنەوەی تێکستێکی شیعر دەبێـت، وەك ئـەوە وایـە پارچـە مۆسـیقایەك ببیستیت، شیعر و تابلۆ یەك وێنا دەنوێنن.

سەرچاوەی زمانی شیعری تازە، لە ماکە سەرەتاییەکانی ژیان: ئاو، خـاك، هـەوا، ئاگر، سەرچاوە دەگرێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کاتێك لەگەڵ دیاردە مامەڵە دەکـات، بۆ بەرایی سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە. زمانی شیعر دالی هەموو ئاو، لـە دەریـا و دالی گشت درەختەکان لە دار و دالی ئاگر، لە سووتەمەنییەکان و دالی هەوا، لـە بایـەکان و دالی زەوی و ماددە لە ژینگەوە وەردەگرێت.

ئەوەی ڕاستی بێت نابێت ئەمە وا لێکبدرێتەوە کە زمانی شیعری تـازە، بـۆ چـەند یەکەیـەکی دیـاریکراو کـورت بکرێتـەوە، بـەڵکو ئـەوە دەگەیـەنێت، بـۆ وێنـاکردن و ڕاڤەکردن، دەلالەت و یەکەخواستن، کراوە و فراوان دەبێـت. وزەی ڕۆحـی خـودایی، لـە یەکـە و بنـەما سـەرەتاییەکان دایـە، وزەی کـاری سـەرەتایی بـە مەبەسـتی پێـشتر دانەمەزراوە. دەستڕەنگینی کارێك بەرهەم دەهێنێت وەك بەرهەمی هێزی ڕۆح وایە. بەم

جۆره یەکەکانی یەکەم پێکهاتن، لـە یەکـەکانی دارشـتنی کـەژیی (Weather) نزیـك دەبێتەوە، بە گۆڕین نەبێت ناتوانرێت بگۆڕێت.

لە حاڵەتی جوولەی (Movement) گەردوونی شیعردا، لەنێوان یەکەکاندا، ئەگـەر لە گواستنەوەی واتادا نەبێت دابڕ نییە. وشەکان شوێن وێنەکان دەکەون، بۆیە یەك وشـە واتای ئەڵقەیەکی زنجیرەیی (وێنە) هەیە و وێنەیەکیش واتای تەواو دەگەیەنێت .

کەواتە دەتواندرێت لە زمـانی شـیعردا، نـەك لـە یەکـەکانی زمـانی دیـالێکتی، لێکۆڵینەوەی مرۆڤی و گشتەکی بکرێت.

زمانی شیعر تەنیا وشە نییە، بەڵکو بەشێکە لەو زمانە، یەك وشە بە چالاکی جفـرە (pit) دەنوێنێت، پێویستە هێما و ڕەمز جێگای بگرێتەوە. بۆیە هیچ کات و زەمەنێکی دیاریکراوی نییە، جگە لە زەمـەنی تایبـەتی نـەبێت. هـیچ شوێنێکیـشی نییـە جگـە لەشوێنی تایبەتی نەبێت. زمـانی شـیعری تـازە بەهـەموو ڕووداوەکـان و مێژووەکانـدا تێپەڕیوە، کاتێك کە دەیخوێنیتەوە، لە شوێنی واتا جێگیر دەبێت و لە ناو واتـای وشـەدا دەسرەوێت. زمانی شیعری تازە، لەلای (گلگـامیش و شکـسپیر و موتەنـەبی و خـانی و نالی و پیرەمێرد و گۆران ...)ەوە سەری هەڵداوە و بەرەو لای ئێمە ڕێـچکەی گرتـووە، لە یۆنان و میـسیۆلۆژیا و ئەفـسانەکان و کتێبـە ئاسمانییـەکان و لـەناو وێنـەی ژیانـە ساکارەکان و لە زمانی کولتوور و کۆنینە و لە سەرگوزشتە سادەکانی گەل و لـە خـەو و خەیاڵدا بە ئەمڕۆ گەیشتووە.

مەرج بۆ شێوەی نووسینی قەسیدە، واتا چـۆنێتی ڕێـڕەوی نووسـین لەسـەرەوە بـۆ خوارەوە، یان لە ڕاستەوە بۆ چەپ و بـە پێـچەوانەوەش دانانـدرێت. مـەرجی چـەندێتی وشەی بەیت و کۆپلە و دەق، یان دەسپێك و کۆتایی گێڕانـەوە و واتـا تـەواوکردن، یـان دیاریکردنی کێش و ڕیتم و سەروا دەستنیشان ناکرێن. زمانی شیعر لافاوێکی زمانـە و هەموو فۆرم و سیفەتەکانی بۆ گوزارشتکردن و واتا دەربڕینـە. لـە پێویـستی بیـنین بـۆ بیستن و هەروەها لە پێویستی بیستن بۆ هەستەکانی تر زیاترە.

زمانی شیعری تازە و بەرز، مامەڵە لەگەڵ حاڵەتەکانی کەسێتی و گشتی ناکـات، تەنیا بۆ حاڵەتی تێکڕا و گشتی کار و پلەی ڕەوشتی و ئایدیۆلۆژی هەیە. لـە ڕوانگـەی مەبەست و بەرژەوندییە گەردوونییەکاندا بە مرۆڤەوە بەستراوەتەوە. هـەر بۆیـە زمـانی شیعر لە حاڵەتی وتـاربێژی و بابەتەکانی کاتی، بـەرزیی خۆی لەدەسـت دەدات، جگـە

لەو دەرەتانانەی کە ئاوێتە و بوونی بنەمای جوولانەوەی زیندەگی و بوونــەوەرن، هیــچی لە خانەکانی یاداشتی زیندوویی مێشکدا نامینێتەوە.

زمانی شیعری تازە هەوڵدەدات میسیۆلۆژیای ژیانێکی ڕۆژانەی تایبەت بــەخۆی و دەوڵەمەند بە پێشینە و بەرایی بۆ ئادەمیزاد دروست بکات. مرۆڤیش خاوەنی بــوون و زیندەگییەکی پڕ لە ڕەمز و دەلالەتە، بەڵام لە دەربــڕین و گوزارشــتی شــیعری هــەژارە: چونکە ئەگەر بەپێی زانیارییە بلاّوکراوەکان، بەراوردێك لەنێوان ژیانی دێرین و هاوچەرخ بکرێت، ئەوە دەردەکەوێت کە ژیانی هاوچەرخ، لە کۆنینە و دێریندا زیاتر ســەرەتاییيە. بۆیە زمانی شیعری ئاسایی چونکە پابەندە بە تەکنیکی شــێوە و پێــشکەوتنەکان، لــەم ناوەندەی بوون و زیندەگییەدا کەمتەرخەمی دەربڕین دەگەیەنێت.

پێشکەوتن، ژیان بۆ زیندەگییێکی دیکە ناگۆڕێــت، بــەڵکو هۆیــەکان و ڕێگاکــانی پێگەیشتنی دەگۆڕێت. ئەو زمانــەش (زمــانی شــیعر)، لەبــەردەم ئــەو گۆڕانانــەی کــە هەواڵی و ڕێزمانی و گوزارشتی بەیەکەوە دەبەستنەوە بێ دەنگـــی زمان بــن، هــەموو یەکەکانی خاڵبەندی لە: وێلگــوڵ و خــاڵ و خــاڵی نــاوبڕە و هێڵــەکان و داش و دابــڕ... زمانن. بەم جۆرە پیت و ئاخاوتن کــە پێویــستی دالی گوزارشــت و دەربــڕینن، دەرگــای نوێکردنەوەیان بۆ والاّ دەکرێت .

لێرەدا لەژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانەی کــە لــە دەقــی نــوێی شــیعر ڕوودەدەن، زمانی شیعری نوێ دەدۆزرێتەوە. ئەو زمانە بێ کێش یان خاوەنکێش (کێــشدار) بێــت، زمانێکی گێڕانەوەیی یان داڕژاو و پەخشانی بێت، پارچــە مۆســیقایەك یــان شــیعرێکی کلاسیك بێت، وێنەیەکی فۆتۆگراف یان دیمەنێکی بێ دەنگ بێت، ئاگادارییێکی بازرگانی یان ئاوازێك بێت ... دەق وەری دەگرێت و بەکاری دەهێنێت، شێواز و ناوەرۆك و کۆتایی خۆی پێ دیاری دەکات.

# بەشی سێیەم
## هەندێ دیاردەی هونەری و شێوازگەری لە زمانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا

### بانێژەی باس

زمان بە بنەمای پێویستی دەربڕین دادەندرێت. لە خەسڵەتە گرنگ و بنچینەییەکانی بۆ گەیشتن بە ڕاستی نهێنییەکان ئاشکراکردنی پەنهانەکانە. زمان وەك ڕێگا بەکاردێت، شێوازی نوێی زمان ڕاستی دەگەیەنێت، بۆیە سەرەڕای بەرهەم و چالاکیی مرۆڤی بیریشە. پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، کە تێکڕای شاراوەکان، لە ناوەندی نهێنییەکانی ڕایەڵی پێکهاتەی زماندان: (( بیناکانی زمان بیرە، بۆیە ئێمە بۆمان نییە تەرزەکانی بونیات لەبیر دابڕین چونکە بونیات خۆی بیرە)).[1] تەرزی بینای دەرەتانی شیعر داهێنانە، داهێنانیش دەسکەوت و بەرهەمی چالاکیی زمانی شیعر لەخۆ دەگرێت.

شیعر نەك تەنیا پێوەندی بە واقیعەوە هەیە، بەڵکو بەناو واقیعدا ڕوودەچێت، ئەم پرۆسەیە لە بانێژەی داهێنانەوە بە ئەنجام دەگات. زمانی شیعر، تێکهەڵکێش لە نێوان چەقی واقیع و گۆشەکانییەوە دێنێتە ئاراوە، دەبێتە گەورەترین دەسەڵاتی ئەم ڕاستییەش. لە ڕوانگەی ئەم ڕاستییەوە بۆ دەروونی شاعیر، شیعر نزیکترین خاڵە و دەبێتە ناوەندێك، لە بازنەی دەوروبەری تێکڕای ئەو واقیعانەی کە شاعیر دەریان دەبڕێت دەسووڕێتەوە.

ئەو کێشانەی بۆ مەبەستی ئاشکراکردنی نهێنییەکان و تەقاندنەوەی بەئاگابوون شیعر بە دەوروبەر دەبەستنەوە، گرژی پەیدا دەکەن، بۆیە بۆ ڕامانی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەت و چۆنێتی مەفا بینین لە چییەتی ئەم مامەڵەکردنە، بۆ دالانی پێکهێنان و وێناکردن، چەشنە سەربەستییەك بە داهێنەر دەبەخشێت، بەڵام: ((ئەم سەربەستییە بە جۆرێك خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ گرنگی چەمکی شیعر هاوسەنگییەك دروست دەکات، سەرکەوتنی شاعیریش لەبارەی ئەو بابەتانەی کە دەریدەبڕێت، لەسەر پەسەندبوونی لەلایەن خوێنەرەوە ڕادەوەستێت، چونکە خوێنەر بە هیچ جۆرێك مەحاڵ قبوڵ ناکات و بوونی بەڕاست نازانێت)).[2]

---

(١) د. ابراهيم السامرائي، في لغة الشعر، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، بلا تاريخ، ص:٧١

(٢) د. جابر عصفور، مفهوم الشعر (دراسة في تراث النقدي)، ط : ٣، دار التنوير، بيروت، ١٩٨٣، ص:٢٠٥

لێرەدا، لە سروشت و ئەرك و كارچالاكیی شیعر و زمانەكەی دەگەین، كە چ پەیام و واقیعێكی پیرۆزی هەڵگرتووە، بۆیە شاعیر بەرانبەر گواستنەوە و چۆنێتی ڕاگواستنی ئەم ناوەرۆكە پڕ بەهایە، بۆ زەین و بیر و ئاوەز و دەروونی خوێنەر بەرپرسە: ((واتاكان لە زەیندا، دەستكەوتی وێنەی ئەو شتانەن كە لەبەر چاوانن)).[1]

ئەزموونی شیعر، لە ڕێگای زمانەوە بابەتەكانی بە پەلە بەرەو ناخ ئاراستە دەكات ، بەر لەم دیاردەیەش، ئەزموون لە ڕێگەی داهێنانی زمانی شیعرەوە، بەردەوامی و زیندوویی بە بابەت دەبەخشێت. ئەم ئاراستەكردنەش بەرزەفتی زۆر ئاست دەكات، لە هەموویان گرنگتر، ئاستی ناوەوە (ناوەرۆك Content) و دەرەوە (پێكهاتەی بیناكردن Turaleforming)ی زمانن، لە ڕێگای زمانەوە دیاردەی هونەریی و پێكهاتەیی سەرهەڵدەدات. دیارە هەمووە كارێكی ئەدەبیش، پێویستی بە دارشتنێكی ورد و هونەری هەیە، یەكێك لە خەسڵەتە هەر گرنگ و دیارەكانی شیعر، وەك ماددەیێكی بیناكردن، وەبەرهێنانی (Investment) خاسیەتەكانی زمانە. هەر بۆیە لە هاوچەرخدا، ڕایەڵەكانی شاعیر و زمانەكەی بۆ ئەزموون و داهێنان و تازەگەری، ئەگەر لەگەڵ ژانرێكی دیكەی ئەدەب و زمانی بابەتەكەی بەرانبەریان كەین پتەوترە. شاعیر بۆ مەبەستی دەربڕین و بارگاوی كردنی واتا، گەورەترین توانست بەكاردەهێنێت. لە ڕێگای زمانەوە نیگا (ئیحاء) لە واتا و دەلالەت دەكات. وێنە و وێناكردن و جیهانبینیی تایبەت دروست دەكات. زمانی شیعر بۆ دەربڕین و گوزارشتكردن: ((پێڕەوی دەستووری گشت زمان دەكات، بەلاّم سوود لە دەلالەت دەبینێت، لە ڕێگای مۆسیقای دەربڕینەوە، دەلالەت بۆ وێنەكان پتر دەكات و بەسەریان دەخات، وشەكان پتر پڕ واتا دەكات، هەموو ئەم كاریگەرییانەش لە دەروازەی وێنەكانەوە ئەنجام دەدرێن)).[2]

سەبارەت بەو مەسەلانەی كە لەسەرەوە پەنجەیان بۆ درێژ كرا، زمانی شیعر بۆ مەبەستی داهێنان و شلكردنەوەی ڕایەڵی نهێنییەكان و ئاشناكردنی مرۆڤ بە واقیع و ژیان.. گوزارشتكردن لە ناخی واتا و هێنانە پێشەوەی ناوەندی دەلالەت، دەسەڵاتی زمان چەند دیاردەیێكی هونەری و پێكهاتەیی لە شیعردا هێناوەتە كایەوە. هەوڵدەدەین

---

(١) حازم القرطاجي، منهاج البلغاء وسراج الادباء، ص: ١٨.

(٢) محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، ص: ٣٨٦.

بە نموونەوە، چەند لایەنێك لەم دیاردانە لە شیعری  هاوچەرخی کوردیدا، وەبەر باس و لێکۆڵینەوەیان بخەین.

## ٣ . ١ کاریگەری زمان لە گەڕانەوە (Repitition)ی شیعردا.

### ٣ ـ ١ ـ ١ گەڕانەوە وەك زاراوەییێکی دیاردەیی و هونەری:

گەڕانەوە، دیاردەیەکە لە دیاردەکانی شێوازگەری، ڕەوانبێژان و زمانناسان و ڕەخنەگران بەگشتی[١] باسیان کردووە. گەڕانەوە بە فزە و ورتە (Pronuncation) و واتاکانییەوە، بریتییە لە دووبارەکردنەوە و ناوهێنانەوەی وشە و دەستەواژەکان، لە شوێنێکی دیکەی جیا لەو جێگایەی کە لە بەراییەوە وتراون یان تۆمارکراون. لە هەندێ وێنەی شیعریدا: (( بۆ جۆرێك لە جۆرەکانی دیاریکردنی شیعر بەکاردێت))[٢]. شێوازێکی گەڕانەوە، سەبارەت بە گوزارشتکردن هەموو شێوازەکانی دیکە لە خۆ

---

(١) عارەبەکان گرنگییان بە گەڕانەوە داوە، هەر زوو تیشکیان خستۆتە سەر و بە دیاردەی جەخت و تێگەیشتنیان داناوە. سەرەتای سەرهەڵدانی لە لای عارەبەکان، دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئایەتەکانی قورئان، یەکەم سوارچاکی ئەم مەیدانەش، (ئیبن قوتەیبە) بووە، پاشان (ئیبن ڕەشیق) و زۆرانی تر ئەم لایەنەیان بە دڵکارییەوە وەرگرت و پانتاییێکی ڕووبەر فراوانی لە ئەدەب و ڕەوانبێژیی عارەبی داگیر کردووە. بۆ زانیاری پتر بڕوانە:

أ) ابن قتيبة (ابو محمد عبدالله بن مسلم)، تأويل مشكلة القرآن، شرح: السيد احمد صقر، ط: ٢، القاهرة، عيسى البالي الحلبي، ١٩٥٤، ص ٢٣٥، ٢٣٧، ٢٣٨.

ب) ابن رشيق (ابو الحسن القيرواني)، العمدة في محاسن الشعر وآدابه و نقده، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد،ط: ٥، دار الجيل، بيروت، ١٩٨١، ص ٧٣.

لە شارستانیەت و ئەدەبی ڕۆژئاوادا، گەڕانەوە بە زەق و زۆپی بەرچاو دەکەوێت، وەك دیاردەییێکی هونەری، مێژووی خۆی هەیە. ئینسایکلۆپیدیای (برنستون ـــ Princeton)، ئاماژە بەوە دەکات، کە دیاردەی گەڕانەوە، گرنگترین خاسیەتی شیعر بووە، شاعیرانی ئینگلیز هەر لە (شکسپیر)ەوە تا دەگاتە (ت.س. ئلیەت)، ئاوڕیان لێداوەتەوە. جگە لەمانە، لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، ناوەندێکە و گۆشەی تایبەتی خۆی هەیە، لێی کۆڵدراوەتەوە. بڕوانە:

Princeion, Encyclopedia of Poctry and Poctics, Enlargal, Macmillan Press lid, London, 1975, p.699

(٢) نازكة الملائكة، قضايا الشعر المعاصر، ط: ٣، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٦٧، ص:٢٣٠.

دەگرێت. یەکێك لە بنەماکانی ئەم دیاردەیە، دووبارەکراو پێویستە بە واتا گشتییەکەوە ببەسترێتەوە و لێی دانەبڕێت، بە پێچەوانەی ئەمە، تەنیا لایەنی ئێستێتیکا دەگرێتەوە.

چەمکی گەڕانەوە لە ئاستێکی سادەدا دەستنیشان دەکرێت، کاتێك قسەکەر دەربڕینێکی دەربڕی و پاشان وەکو خۆی گەڕاندەوە، ئەوا دەربڕینەکە هەمان واتا یان واتای جیاواز دەبەخشێ. ئەگەر هەمان واتا گەڕایەوە، ئەوا مانای یەکەم و دووەم هاوسەنگ دەبن لە حاڵەتی دەستنیشانکردنی دەربڕین (فزە) و واتادا، سووری گەڕانەوە بۆ جەختکردن دەبێت. بەڵام ئەگەر: ((لە دەستنیشانکردنی واتادا، دەربڕینەکە وەك یەك بوو و واتاکە جیاوازبوو، سوود بۆ دەلالەتی هەردوو واتا جیاوازەکان دەبێت))[1].

ئەگەر گەڕانەوە لە دەرەتانی هونەریدا بەکارهات، ئەوا سوودی دووبارە و جەخت و دەلالەتی جیاواز تێدەپەڕێنێت.. لەناو کاری هونەریدا هەوڵدەدات سوودی نوێ بەرهەم بهێنێت، بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی چەمکی خۆیدا، لە شوێنە جیاوازەکانی کارە هونەرییەکەدا، هەندێ ڕەگەزی وەکیەکی (Similar) ئامادە بکات. لە ڕاستیدا گەڕانەوە بە شێوەگەلییەکەیەوە بنچینە و بنەمای ڕیتم لە خۆ دەگرێت، لە بواری مۆسیقادا لەدایك دەبێت. زۆر جاران لە شیعردا تیۆری سەروا جێبەجێ دەکات، گەلێ کەڕەتیش بۆ باشسازیی ئێستێتیکا نواندن بەکاردێت. لە شیعری هاوچەرخدا بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی دوو وێنە و کۆپلەی شیعری یان لەیەکتر جیاکردنەوەیان سوود دەبەخشێت. بۆیە بوونی گەڕانەوە بەتایبەتی لە ڕەخ و ئاڵیی شیعردا، لە کرداری ڕیتم و پێویست بوون و پێوەندیی بەستن، تەنانەت ئەگەر لە ئاستێکی سادەش بێت، گرنگییێکی گەورەی هەیە.

سروشتی کاری داهێنان و ئەزموونی هونەری، بەتایبەتی لە بواری شیعردا، بوونی گەڕانەوە و سوود و پێویست بوونی بە دیار دەخات. چونکە داهێنان و ئەزموون بارتەقای گەڕانەوە لە قەسیدەدا، کاریگەری و واتادەربڕین و مەبەستگەیاندن ئاراستە دەکات، زمانی شیعر ئەم ڕۆڵە بەرچاوە دەگێڕێت.

لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە مەبەستی : ((دابینکردنی ڕیتمی ناوەوە، ڕێخۆشکردن و پاڵپشتکردنی وەك ناوەندییێکی دەنگی، گوێچکە هەست بە گونجان و

---

(١) احمد مطلوب، معجم النقد العربي القديم، ص:٣٧٠

هاوڕێکی و پەسەندی بکات))[1]، دیاردەی گەڕانەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە، قووڵاییەکی قووڵ لە خۆدەگرێت و وەك چەقی پانتاییێك خۆی دەنوێنێت.

ئەم گونجاندنە بە تەنیا ڕایەڵەکانی لە تەوەری ڕیتمدا ناسووڕێتەوە، بەڵکو خولگەکانی بونیاتی پێکهاتەی دەلالەت، بە ئایۆنی هاوواتا و دژەواتا بارگاوی دەکات، کاریگەریی بونیاتی شاراوەی مەبەست پێك دێنێت، لە دووتوێی گەڕانەوەدا بە ئەنجامی دەگەیەنێت.

گەڕانەوە لە زۆر ئاستدا بەدیار دەکەوێت، ناتوانرێت لەیەك گۆشەدا گۆشەگیر بکرێت، بەڵکو ئەوەندە دەسەلاتی زمان بەکارهێنانی فراوانە، بە ڕادەیەك شیعری هاوچەرخ بۆ دەلالەت کردن لە واتا و مەبەست، بە قەسیدەی گەڕانەوە دەناسرێت، زۆر بە ساکاریش خۆی لەگەڵ هەموو تەکانەکانی داهێنان و تازەگەریدا ڕادێنێت.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە بونیاتی گەڕانەوە لە شیعری هاوچەرخدا لە بونیات و زمانی شیعردا، سیستمێکی تایبەت بەڕێوەدەبات، خۆی لەناو کۆمەڵەك چەشن دەبینێتەوە، سەرچاوەی ئەم سیستمەش لە ناخ و قووڵایی داهێنان و ئەزموونىدا دەبێت. ئەو توانستەی هەیە کە ئەم دەرەتانە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی گەورەترین هەل بۆ گەڕانەوە بڕەخسێنێ و چڕترین کاریگەریش ببەخشێت. ئەم پرۆسەیە تخووبی دەسەلاتەکانی دەرەتانی ڕستەسازی و وشەسازی زمان دەبەزێنێت، لەیەك کاتدا دەبێتە دەروازەی ئامرازی مۆسیقا و دەلالەت بەخشین. زۆر لە شاعیرانی هاوچەرخ ئەم دیاردەیە دەکەنە بابەتێکی کارا و بونیاتی شیعری لەسەر هەڵدەنێن.

گەڕانەوە دەتوانێت چالاکی خۆی بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکات، ئەویش: ((ئەو کاتە بە ئەنجام دەگات، ڕووداوەکان بۆ ژمارەیەك درێژکردنەوەی بچووك بچووك دابەش دەکات کە ڕۆڵی خۆی تێدا دەبینێت. هەر وەك لە کرداری وەبیرهێنانەوەدا بەرچاو دەکەوێت))[2].

---

(١) د. عبدالرضا علي، الايقاع الداخلي في قصيدة الحرب، بحث مقدم الى مهرجان المربد العاشر، ١٩٨٦، ص:٥.

(٢) د. صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص (سلسلة عالم المعرفة)، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب/ ١٦٤، كويت، ١٩٩٢، ص: ٢٠٤

### ٣ ـ ١ ـ ٢ هەندێ لە شێوەکانی گەڕانەوە:

لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، دەستنیشانکردنی دیاردەی گەڕانەوە، لـە بەرهـەم و داهێناندا کارێکی ئاسان نییە، چونکە گەڕانەوە کۆمەڵێك ڕایەڵ و ناوەندی تێکچرژاو لە خۆ دەگرێت، هەر یەکێکیش لە بواری بەکارهێناندا، ڕیتم و شێوازی دەلالەت بەخـشینی خۆی هەیە. جگـە لەمـەش، هۆکـاری زەحمـەتی دیـاریکردنی گەڕانـەوە لـە قەسـیدەی هاوچەرخدا، لەلایەك بۆ کارامەیی شاعیری هاوچەرخ دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە دانـان و جێبەجێکردنی سیستمێکی تایبەت، کە لەگەڵ قـوولێی داهێنـان و ئاسـتی ڕۆشـنبیریی سەردەم و هاوچەرخ و زماندا بگونجێت، لـە لایـەکی دیکەشـەوە زینـدوویی و چـالاکیی داهێنان و بەردەوامی تازەگەری، تارمایی ئاسان هەرسکردنی گەڕانەوەی ڕەواندۆتەوە.

شێوەکانی گەڕانەوە: (( زۆر هەمەڕەنگە، لەوانە: دووبـارە بوونـەوەی پێویـست لـە چەند کاتێکی دیاریکراودا، گەڕاندنەوەی بڕگەی بەرایی لـە کۆتاییـدا، ڕێگـا بـە بـیری شیعرایەتی دەدا کە ئـاوڕ لـە خـۆی بداتـەوە و قەسـیدەکە داخـراو بکـات، بـەم جـۆرە بەدواداچوونێکی جوغزی یان بازنەیی داخراو دروسـت دەکـات))[1]. زۆر جـۆری تـر لـە قەسیدەی هاوچەرخ بەدی دەکرێت، هەوڵدەدەین لە ڕێگای دەسەڵاتی زمانەوە هەندێکیان بخەینە بەر دیدە.

### ٣ ـ ١ ـ ٢أ: گەڕانەوەی بەرایی Primitive Repitition

ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە گەڕانەوەیە، بۆ مەبەستی گەیشتن بە بـوارێکی شـیعریی دیاریکراو، لە چەند داڕشتنێکی هاوشێوە یان جیاوازدا، لەسەر ئاستی ڕیتمی و دەلالی، جەخت لەسەر ورووژاندنی حاڵەتێکی زمان دەکاتەوە. بۆ نموونە ، (سـەباح ڕەنجـدەر) لـە قەسیدەی ((سرووش))دا[2]، دەڵێت:

**کتێبی چی ئێمەی هێنا**

**ئەی گیانی ڕێز لێگیراوی نووسەری هەموو ژیان**

---

(١) سوزان بیرنار، جمالية قصيدة النثر، ترجمة: زهير مجيد مغامس، مطبعة الفنون، بغداد، بلا تاريخ، ص: ١.

(٢) سەباح ڕەنجدەر، خەون وا خۆی گێڕایەوە ( کۆ شیعر)، دەزگای چاپ و بلاوکردنـەوەی ئـاراس، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل: ٦٦-٦٧.

تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە ژیان دا
تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە جوانیی دا
تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە زیندووبوونەوە دا
تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە نەمری دا
گۆرانی بەرەو جەنگی سەرفرازی ڕازی کراوەیە
هەموو ڕێگاکان بە ئومێدت دەکات
ـ ـ ـ هتد.

لەم قەسیدەیەدا دەبینین: فرێزی: (تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە) چوار جار، بە هەمان شێوە و بە هەمان ئاستی زمانی گەڕاوەتەوە، بەڵام هەریەك لە گەڕاوەکان، لە کۆتایی ڕستەکاندا، گەورەترین بونیاتی شاراوەی دەلالەت لە خۆ دەگرن، لە ڕێگای ئەم گەڕانەوانەدا، سووڕی ژیان تەواو دەبێت، قۆزاخەی بوون: ژیان، جوانیی، زیندووبوونەوە، نەمری، دەپشکوێت:




لێرەدا، گەڕانەوە کارێکی نوێ جگە لە جەختکردنەوە و مسۆگەری گونجاندن جێبەجێ دەکات، ئەم چوارینە گەڕانەوەیە بەرزەفتی تەواوی بەرایی قەسیدەکەی کردووە، ناوەندێکی دروستکردووە لە ڕێگای ئەو ناوەندەوە، تەواوی ناخ و بابەتی قەسیدەکەی لە خۆ دەگرێت. جگە لەمەش هەر بە هۆکاری ئەم گەڕانەوەیە، کە لە قووڵایی زمان لەدایك بووە، سیفەتێکی دەلالی و واقیعیی قەسیدەکەی دیاری کردووە، ئەم سیفەتەش تەنیا لە

ڕوانگەی گەڕانەوەکەدا نییە، بەڵکو تێکڕای هاوبەندییەکانی زمان و پانتایی واتا بەشدار دەبن. سیفەتی (بوون)، نیگای ڕۆح بەخشین بەرەو ئاسۆی ڕاستی دەبات، زەینی خوێنەر بەرانبەر ئەم گەڕانەوەیە ئاسۆیی دەوەستێت و (ڕاستی) و (بوون) بەزیندوویی لەدایك دەبن.

گەڕانەوەی ئەم قەسیدەیە، هاوڕێکی و گونجاندن لە نێوان ڕیتمی دەنگ و مۆسیقا و دابەشبوونی پەیگانی شیعریی بەرچاو مسۆگەر دەکات. مۆسیقایەکەش چڕی چێژی قەسیدە بەدیاردەخات.

**بەسەر زەمینی ڕۆحدا ڕابوردم**
**لە دوورەوە خۆم بینی**
**ئاسمانێکی ئاوی پڕ لە وردە ماسی**
**پەڕیمەوە بەرەو ئەو دیو**
**ئەو دیوی شتەکان**
**ئەو دیوی لەش**
**ئەو دیوی با**
**لەوێ بە خۆم گەیشتم[1].**

لەم شیعرەدا فرێزی (ئەو دیوی)، لە بەراییدا سێ جار گەڕاوەتەوە. زمان، لە ڕێگەی ئامرازی خستنەسەری (ی)، فرێزە گەڕاوەکە سێ جیهان نیشان دەدات: ( **شت، لەش، با**). لێرەدا ئامرازەکە، هەموو قورسایی دەلالیی جیهانەکانی لە ئەستۆ دایە. گەڕانەوە لە سەنتەری ڕۆح، لە جیاتی جەختکردنەوە گومان دروست دەکات، ڕووبەرەکەشی فراوانە، بە شێوەی بازنەیی و ستوونی دەخوێندرێتەوە، لەڕێگای هێمای گەڕانەوەکاندا، بەڕاستیی (خۆی) دەگات. لە دێری کۆتاییدا گومانەکانی گەڕاوە بەتاڵ دەبنەوە.

لە سەرەتاوە وتمان، گەڕانەوە لە داڕشتنی جیاوازیشدا بۆ حاڵەتی دەلالەت بەخشین لە ئاستی زمانی و ڕێزمانیدا بەدیار دەکەوێت، ئەم سیما داڕشتنە لە دەرەتانی ڕێزماندا، بۆ زمانی شیعر، بەهای بونیاتی تایبەت دەبەخشێت. بۆ نموونە، لە قەسیدەی: ((دوو

---

(١) نەزەند بەگیخانی، ستایش ( کۆ شیعر)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل:١٧

هەزار وشە بۆ ساڵی دوو هەزار))[1]، فریزی: (ئەمە قسەی)، لە سەرەتای قەسیدەکە و لەدەستپێکدا، چوار جار بە سێ دارشتنی جیاواز بەم شێوەیە بەدیار دەکەوێت، لە دێڕی یەکەم: (ئەمە قسەی)، لە دێڕی سێیەم: (قسەی)، لە دێڕی شەشەم: (قسەی)، لە دێڕی نۆیەم: (ئەمە):

**ئەمە قسەی ئاوە، پێکەنینی ئاوە، گریانی ئاوە**
**لە ڕێ ڕەوێ دوو هەزار ڕووبارە سیمای زەماندا**
**قسەی بەردە و هاواری بەردە**
**لە یەکەمین ساتەوەختی هەناسەکانی زەمیندا**
**سووڕانەوەی ژانە بە دەوری ژیاندا و**
**قسەی (با)یە و سترانی (با)یە و ڕەنگی لێ ئەپژێ و**
**دەنگی خاکە و قیژەی سروشتە وەختێ مرۆڤ**
**لەدایك ئەبێت و وەختێ ئەمرێ!**
**ئەمە گێڕانەوەی دیرۆکەکانی سەرنجە.. سەرنج کاتێ**
**ئەبێ بە دۆزەخ و بەهەشت، ئەبێ بە پەپوولە و باران...**

ئەم جۆرە دارشتنە لە گەڕانەوەدا، ، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دەسەڵاتی بەسەر ناوەرۆکی قەسیدەکەدا هەبێت، بەسەر پێشەکی قەسیدەکە زاڵ دەبێت. دارشتنی یەکەم، جگە لە حاڵەتی جەختکردنەوە، دەستنیشانکردن بە جێناوی (ئەمە)، گومان ناهێڵێت، دەروازەی یەکەمی گێڕانەوە (ئاو)، کە ڕاستەوخۆ بۆ ناخی قووڵایی مەبەستی قەسیدەکە شۆڕدەبێتەوە والا دەکات. لە گێڕانەوەی دووەمدا، چونکە بەردەوامی حاڵەتی جەخت و گومانڕەواندنەوە بەردەوامە، جێناو بۆ مەبەستی پتەوی دەلالەت تواوەتەوە، والایی دەروازەی ئاسۆی فراوانتر وەردەگرێت. هەمان حاڵەت و هەمان شێواز لە گێڕانەوەی سێیەمدا، ئاستی ڕێزمانی خۆی وەرگرتووە و بۆیە لە منداڵدانی گێڕانەوەی دووەم: (قسەی) لەدایك دەبێت. هەرچی گێڕانەوەی چوارەمە، ڕایەڵەکانی دڵنیایی و بڕوا بوون هێندە پتەون، تەنیا ئاستی ئاسۆیی بەبێ ئاستی ستوونی (قسەی)، دەروازەی خۆی والاترین دەکات و واتاکانی پێشوتر کە بریتین لە: (ئاو، بەرد، با)، لەناو بونیاتی

(١) شێرکۆ بێکەس، ژن و باران (شیعر)، چ: ١، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل: ٣.

شاراوەی ڕاستەقینە: (دیرۆکەکانی سەرنجە..) نقووم دەبن، پانتایی شیعرایەتی بێنگرتوو دەبێت، بڕوانە:




### ٣ ـ ١ـ ٢ب گەڕانەوەی دوایی Final

گەڕانــەوەی دوایــی هــەر وەك گەڕانــەوەی بــەرایی، پانتــایی کاریگــەربوونی لــە چوارچێوەی پێکهاتەی بونیاتی قەسیدەدا ڕۆڵ دەبینێت. لـە ناوەنـدی خاسـیەت زمـانی شیعر و دەستوورەکانی زمانەوانی، چەقی دەلالی و ڕیتمی، لە کۆتـایی قەسـیدە دیـاری دەکات و بەربڵاوی ئاسۆکانی واتای دەلالەت و واتای ڕیتمی خەست دەکاتــەوە. شـیعری ((با و تۆڵە))[1]، بۆ پاڵپشتی قسەکان، بە نموونە دەهێنینەوە:

**ئەوە با لە دەرگا دەدات**
**با گیانی ئەو منداڵەیە**
**کە ئێوارە جەندورمەیە**
**لەو دارستانەدا کردی**
**بە خۆراکی نێزەیە**
**بەم نیوەشەوە هاتووە**
**لە دەرگاکەی خۆیان دەدات**
**لەو دیو دەرگا**
**دایکی لە داخا مردووە**
**شاریش سەرانسەر نووستووە**
**کەس نییە دەرگای لێ وازکات**

(١) لەتیف هەڵمەت، دیوان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل: ٩١٤ ـ ٩١٥.

ئەو هەر لە دەرگا دەدات
نازانێ دایکی بەبێ گیان
لەو دیو دەرگاکە کەوتووە
شاریش سەرانسەر نووستووە
ئەو هەر لە دەرگا دەدات
ئەو هەر لە دەرگا دەدات

ناونیشانی قەسیدەکە (با و تۆڵە)یە، بە هۆکاری گەڕانەوە، پێنج کەڕەت لە کاری (دەدات)، تێکهەڵکێشی کاری ناوەرۆکی قەسیدەکە (مردنی دایك) دەبێت. لە ڕێگای ڕۆحی پاکی کوژراوی منداڵ، دۆنایدۆنی (دەدات) دەبێت. پەیگان و ئەستووندەی قووڵی دەروازەی واتا، (دەرگا)یە.. هەروەها بە هۆکاری نیشانەی کاتی ئێستایی (دە)، گونجاوترین ڕیتمی مۆسیقا دێنێتە ئاراوە. گەڕانەوەی هەردوو ڕستەی کۆتایی، دڵنیایی دەلالەتکردن و جەختکردنەوەیە. گەڕانەوەی کۆتایی بەم جۆرە واتا و شێوەی داڕشتن و مۆسیقا پێکدەهێنێت:




### ٣ـ١ـ٢ پ گەڕانەوەی پلەدار Progressive

ئەم جۆرە گرنگترین شێوەی هونەریی گەڕانەوەیە. پێویستییەتی شیعرایەتی توانستی بینایی پێکهاتەی شیعری دەبێت. زمان لە داڕشتن و جۆرایەتی ناوەرۆکی ڕستەسازی بنەمای بونیاتن، قاڵای ئاکامێکی گرنگی شیعر دەسازێنێت.

ئەم چەشنە گەڕانەوەیە، شوێنپێی سروشت و بنچینەی ئەندازەی ئەزموون و داهێنـان دەکەوێت، ئەم دارِشتنە تایبەتمەندییێك بە خاسیەت و واقیعی شیعری هاوچەرخ دەدات.

قەسیدەی ((ئێوارەی پایز))[1]، بینایەکی ئەندازەیی پلەدار، هـەر لەناونیـشانەوە تـا دوا کۆپلەی قەسیدەکە پێکدەهێنێت. سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە، لـەم جـۆرە گەڕانەوەیـە و قەسیدەیەدا، کە دەستپێك ڕستەیەکی ڕاگەیاندنی خەبەرییە، کۆتاییەکەشـی ڕسـتەیەکی پرسیارییە و لە ناوەڕاست و بەتەواوەتیش لە پلەی پێنجەمی قەسیدەکەدا، ڕستەی (ئای لەم ڕۆژە ڕەشانەی دیم!)ی سەرسوڕمان بەدی دەکرێت، تەوەرەکانی پلەداری، لە خولگەی ئەم چەشنە ڕستانەوە بارگاوی دەبن:

**ئێوارەیە و**
**گڤەی (با) دێ..**
**هەور ئاسمانی گرتووە**
**ئێوارەیە و**
**داری پایز ئاهەنگی مردن ئەگێڕێ..**
**گەلاْ سەرچۆپیی گرتووە**
**ئێوارەیە و**
**منی تەنیا لەناو کۆمەڵێ تارمایی ڕێبوارانا..**
**لەسەرمانا .. ئەلەرزم و**
**هەنگاو ئەنێم بەژێربالّی ڕەهێڵە و شەستە بارانا**
**ئێوارەیە و**
**منی بێ پالّتۆ .. بێ چەتر**
**دەربەستی تۆف و سەرما نیم**
**ئێوارەیە و**
**کەس بۆ خەمی من ناسووتێ..**
**ئای لەو ڕۆژە ڕەشانەی دیم!**
**ئێوارەیە و**
**خۆشەویستی و ترسی پایز..**

---

(١) محەمەد عومەر عوسمان، لە غوربەتا(شیعر)، چ:٢، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٢١، ٢٢،٢٣

هەموو گیانمی گرتۆتەوە
ئێوارەیە و
پایز لە دڵی تەزیوما..
ئاگرێکی پڕ بڵێسەی کردۆتەوە
ئێوارەیە و
زۆر حەز ئەکەم لە جێی باران
گەڵای زەرد بەسەرما داکا
ئێوارەیە و
باوەش ئەکەم بەگەڵای مردووی پایزا..
ئەو پایزەی ڕەنگی قژ و ڕەنگی چاوی ئەو .. ون ناکا
ئێوارەیە و
تاوێکی تر گۆڕەکەی ئەگرمە باوەش
لێی ئەپرسم.. ئاخۆ شەوان سەرمای نابێ؟
ئاخۆ سڵ ناکا لە گرمەی هەور و لە لوورەی باڕەش؟

ڕایەڵەکانی زمان لەم جۆرە گەڕانەوەیەدا، ئەوەندە تێکچرژاون، کۆمەڵێك دەربڕینی هەمەچەشنەی جیاواز لە خۆدەگرن، هەموو لەسەر ڕیتم و داڕشتنی جیاوازەوە دروست کراون. ڕیزبەستی (ئێوارەیەو) نەخشەی قەسیدەکەی کێشاوە، جوولە و گۆڕانی ڕیتم، لە پانتایی دەق هەمە چەشنەیە، تێکڕایان هاوبەندبوونیان بە ناخی چۆنێتی دەلالەتی ڕستەکانەوە هەیە، بۆ نموونە:



پلەی یەك نزمییەکانی کپ، دەلالەتی: (با؛ مردن؛ تارمایی؛ ترس؛ گەڵای مردوو) لە خۆدەگرن. پلەی یەك نزمییە جیاوازەکانی گڕ، دەلالەت: (تۆف و سەرما؛ سووتان؛ بڵێسە؛ باران) دەگەیەنن. تێکەڵییەکەش دەلالەتی: (ترس/ بڵێسە، باوەش/ گۆڕ) دەبەخشێت. هاوکێشەی پلەداری بەم جۆرەیە:

١ + ٢ + ٣ + ٦+٩+ ١٠ {؟}= ٤ + ٥+ ٧+ ٨ + ١٠{؟}.

٥+ ؟ = ؟ + ٤ + ؟

٦ = ٤

♫ کپ = گڕ ♫

ئەم جۆرە بونیاتە لەسەر توانست و وردیی شاعیر ڕادەوەستێت، ئەم پلەیە لە نێوان ڕیتمی هێور و گرژی دەلالەت لە جوولەدایە، کە بە گوێرەی هێڵکارییەکەی پێشوو، گۆڕانکاری و تێکەڵی پێوانەیی و وەستانی ڕیتمی دیارخراوە، لە تێکڕای دابەشکردنی (١٠) پلەی (ئێوارەیە و) لە نێوان شەش کۆپلەی قەسیدەکەدا، کۆمەڵێك جیهان و واقیع و دیاردەی سروشتی و دەروونی و دەستکردی نیشاندراوە، کە هەر هەموویان واقیع بە ژیان و ژیان بە واقیعی واقع دەبەستنەوە[1].

(١) گەڕانەوە، فرە شێوەی دیکەی هەیە، وەك: گەڕانەوەی بازنەیی، گەڕانەوەی پێویست بوون، گەڕانەوەی دەلالی و بونیاتی، گەڕانەوەی هاوسەنگی...کە هەر یەکەیان چەند بابەتێك لەخۆدەگرێت، بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (١) علاء الدين رمضان السيد، الظواهر الفنية في لغة الشعر العربي الحديث (دراسة)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٩، ص: ٦٥ ـ ١٠٠. (٢) د. منذر عياشي، الاسلوبية والدراسات الاسلوبية، المعرفة، عدد، ٣٢٩، ١٩٩١، ص ٧٧ـ٩٠ ..هتد.

بۆ حاڵەتی پراکتیك کردن، نموونە لە شیعری هاوچەرخی کوردی بەرچاو دەکەوێت. ئێمە لەبەر ئەوەی زیاتر مەبەستمان نیشاندانی جەوهەری دیاردەی هونەریی زمانی شیعری هاوچەرخ و دەسەڵاتی زمانە لەم بوارەدا، بۆیە باسەکەمان بەو چەند جۆر و نموونانەی کە لە شیعری هاوچەرخی کوردی هێناومانەتەوە کۆتایی پێ دەهێنین. درێژداری و لە بابەت دەرچوون بە پێویست نازانین.

## ٣ . ٢ لێڵی (Ambiguity) له واتای زمانی شیعریدا

لێڵـی لـه ڕووی فەرهەنگـەوە، تەمومـژی واتـایی دەگەیـەنێت، هـاودژی ڕوونییـە. دیاردەیەکی زمانییە، له ڕێگای دارشتنی دەستوورەکانی زمان، له ئاستەکانی فۆنۆلۆج و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە دروست دەبێت. هۆکـاری بوونیـشی بـۆ دوو جەمـسەری (Contradiction) واتا، له وشه یان ڕستەدا دەگەڕێتەوە: ((وشەیەك یاخود ڕسـتەیەك، گوزارشت و دەربڕین له واتایەك پتر بکات))(١).

ئەم دیاردە زمانییە، لـه ڕێگـای زمـانی شـیعرەوە پانتـاییێکی فراوانـی لەشـیعری هاوچەرخ داگیرکردووە. له ڕووی ڕێزمانەوە، ئەو وشه و فرێز و ڕستانەی لێڵی دەگەیـەنن به نادروست دانانـدرێن و ڕەت ناکرێنـەوە، بـه پێـچەوانەوە، ڕەخنـەگران و زمانناسـان ئاوڕێکی دڵکارییان لێ داوەتەوە و لـه دیـاردە هونەرییەکانـدا، بەجەوهـەری توانـستی شاعیر و داهێنانی دەبەستنەوە. له ڕێگای لێڵییـەوە شـیعر تـاریکترین گۆشـە ڕوونـاك دەکاتەوە، نهێنیترین پەنهان ئاشکرا دەکات.

لێڵـی، خاسـیەتێکی نـاخی شـیعرە، هـەموو دەقێـك ئـەو خاسـیەتە بـۆ خـۆی دەگەڕێنێتەوە، بۆیە لەداهێنانـدا دەسـتی لێ هـەڵناگیرێت، جێگـا و شوێنیـشی لـەناو مووڕەگەکانی ڕەگی شیعردایە. بەو مەبەستە دەق بەتەنیا نابێتە یەکەیەکی لێڵی، بەڵکو بنێر و وەرگر هەردووکیان له ئاسۆی لێڵیدا دەبن(٢).

(ئیمبسۆن) له کتێبـه بەناوبانگـەکـەیدا: ((حـەوت تـەرزە شـێواز لـه لێڵیـدا ـ Seven Types of Ambiguity))(٣)، لێڵی به نـاوەرۆکی شـیعرایەتی و بـه پێـوەری توێژینەوە و شرۆڤەکردنی شیعر دادەنێت، به وردیش پێناسەی دەکـات: ((بـەبێ بـوونی واتا له بەشێك یان بڕگەیەکدا هەرگیز واتا نابەخشێت، زۆر شت و بابەت له واتادا لـەخۆ

(1) Crystal, D. ADictionary of Linguistic and Phontics, London, Black Well Publishers 3,ed, 1991,p7.

(٢) رومان ياكبسون، قضايا الشعرية، ترجمة: محمد الولي و مبارك حنون، ط: ١، دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٨، ص: ٥١.

(3) W.Empson, Seven Types of Ambiguity, New Dictionaries, Newyourk, 1966

دەگرێت، لێرە و لەوێ واتا دەبەخشێت، لە ڕاستیدا ڕستەیەك چەند واتایەك دەگەیەنێت))[1].

ناوەرۆکی شیعری هاوچەرخ، پێویستی بە تێڕامان و وردبوونەوەی قووڵ و لێکدانەوەی هەمە چەشنە هەیە، واتای ڕاستەقینە بە ئاسانی دەست ناکەوێت. واتای فرە واتایی باڵادەستە و سەرچاوەی لێڵییە. زیرەکییەکی تایبەتی دەوێت. لێڵیش لە شیعردا ئەگەر واتا پتر نەکات، کاریگەریی دەروونی نەبێت پەسەند ناکرێت:

بێی ئاخفتن
تو بخو دزانی  ئەز حەز بەندا هەویا ناکەم
بێی ئاخافتن،
نە ئاخێڤە
وێ وەروە رال بالگەهێ خۆ
بهاڤێژە یان بنخێڤە
هەکو دێهلەکا هوسا رویس
دناڤ نڤینێن تەدا درازێت
ئەز هەست دەکەم
تو چالەکا گەلەك کویری و
ئەزا بویمە کرمەکێ سور
یان مێریزەرکم ئیا خێڤە[2]

ئەم تێکستە لە ڤالایەکی لێڵیدایە. خوێنەر بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی واتا، دەتوانێت چەند خوێندنەوەیەکی هەبێت. بنەمای بوونی ئەم خوێندنەوانەش، دەلالەت لە لێڵیی قەسیدەکە دەکەن. لێکدانەوە لە ئاستی جڤاکیدا، باس لەسەربەخۆیی ژنەك لەگەڵ هەوێیەکەیدا دەکات. لە لایەنی سیاسەتدا: ((کەسەکێ خودات هەڵویستەکێ ڕامیاریێ

---

(1) W.Empson, Seven Types of Ambiguity, p4.

(٢) محسن قوچان، لایێ گەرم ژبازێری، چاپا ئێکێ، چاپخانا کولیژا شەریعێ، دهۆك، ١٩٩٩، ل: ٦.

دیار، نەڤێت چ حزبەکا هەبیت و ب چ هزرێن دی بێت رامیاری قایل نابیت))[1].. هتد. جگە لەمانە، چەندین ئاست و دەرەتانی دیکە لە خۆ دەگرێت. لە ئاستی دەروونی و مێژوویی بە دوور نییە.

شیعر کارێکی جەربەزایەتی (Risk) لە بەرچاوگیراوە. شاعیر هەوڵدەدات لە کانگای داهێنانیدا، شێوازی گوزارشتکردن و بنەمایەکانی ئەندێشەی بیناکردنی قەسیدەکەی دیاری بکات. لە شیعردا ئەم جەربەزەییە ئەگەر بە شێوەیەکی هونەری لە چوارچێوەیێکی گونجاودابێت بڕوا پێبوونی بەدوادا دێت.

زۆر جار لێڵی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، لەسەر پڕ جوولەیی وشە ڕادەوەستێت، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر شاعیر ڕوونی لە جیهانبینینی نەبێت، هانا بۆ لێڵی دەبات و خۆی لە پەنادا دەشارێتەوە:

**ئایا تێر تەماشا دەبێت یان نا**
**چاویلکە**
**کوێرەکان بۆ جوانی بەکاری دەهێنن**
**مامەڵەی کڕینی شەکرلەمەش دەکەن**
**لە تەماشاکردنی هەوری لە کاچوو ڕاهاتووم**
**دەشزانم بەندەکانی ناو بەندیخانە بۆ پڕهیوان**[2]

ئەم وێنە شیعرییانە ڕوونن، لێڵی لە بە هێزی بەکارهێنانیان دایە، دەسەڵاتی زمان پڕە. وشەی (چاویلکە) لەگەڵ وێنەکانی سەرەوە و خوارەوەدا هاوپەیوەستە، هەریەك لە وێنەکان بەبێ خوێندنەوەی (چاویلکە) مانایان نادۆزرێتەوە. کەرەتێك ئەو واتایە دەبەخشێت. ڕەنگ بێ (چاویلکە) خۆی تێر تەماشاکردن نەبێت، جارێکیشیان دەلالەت لە تێر نەبوونی کوێرەکان لە دیتندا دەکات. دواتریش ڕەنگی هەور ناوەندی واتاکە لە خۆدەگرێت و هیوایەك بە مرۆڤ دەبەخشێت، مرۆڤی کوێریش وەك زیندانییەك بۆ ڕووناکیی دەڕوانێت.

---

(١) ئەبو عوبەید عەبدوڵلا زیاب، هۆزانا نویخازی ل دەڤەرا بەهدینان، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك، ٢٠٠٥، ل: ١٠٦.

(٢) سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چل ساڵە (کۆ شیعر)، دەزگای چاپ و بلاوکرنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٨٢

(ئەدۆنیس) لە کتێبی ((زەمەنی شیعر، زمن الشعر))دا[1]، دان بەوە دادەنێت کە خۆی لێڵی دەکاتە کۆڵەگەی پەیامی شیعری و دەسەڵاتەکەشی بۆ لادانی زمانی شیعر دەگەڕێنتەوە. خوێنەر لە بەرانبەر نەگەیشتن بە ئاستی دەلالەت دەربڕین بەرپرس دەکات. زمانی شیعر زمانی ڕەمزە و پێویستە لە ڕوونی دوور بکەوێتەوە، بۆ وەدەستهێنانی واتاش، پێویستە خوێنەر ئاستی ڕووناکبیری و هونەری بەرز بێت[2].

**شین..**
**ڕەنگ نییە!**
**پیتیش نییە!**
**ئەوەیش نییە، کە بۆ مردوو ساز دەکرێ!**
**ئاخ لە شین و داخ لە شین**
**هەر بۆ خۆم ئەزانم چییە!!![3].**

لەم دەقەدا، شیعر لە ڕووی سیفەتی فیزیکی و پێکهاتەی کیمیاییدا ڕەنگ نییە. لە ڕووی دەنگسازیشەوە وێنەی دەنگی (ش) نییە. لە دەرەتانی ڕێوڕەسمی دابونەریتی ماتەمینی کۆمەڵایەتیشدا شین و گریان نانوێنێت. بەڵکو لای شاعیر ئەو شتە ڕۆحی و دەروونییەیە کە بەدیاردەی زیندوویی، دەلالەتی شینن: ناعەدالەت، نەبوونی پێناسەی بوون، بێ مافی، بێ بڕیاری، بە مراد نەگەیشتن. لێرەدا دەرکێشانی (شین) لە ئاراوی واتادا، لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و توانستی خوێنەر ڕادەوەستێت، چونکە لێڵی ڕێچکەی ڕەمزی گرتووە، هەر ڕەمزیشە هێشووی دەلالەت بەرهەم دێنێت.

---

(١) ادونیس، زمن الشعر، دار العودة، بیروت، ١٩٧٨.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل: ١٥٨ ـ ١٥٩.

(٣) کەژاڵ ئەحمەد، دیوان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل: ٧٢

تێبینی: ئەم دیوانە لە ساڵی (٢٠٠٦) چاپکراوە، بەڵام چونکە دیوانەکە سەرجەم شیعرەکان لە خۆ دەگرێت، ئێمە سوودمان لێی بینیوە، ئەم شیعرە کە بۆ نموونە هێناومانەتەوە، ڕێکەوتی ١/ ١٢/١٩٩٣ لەسەر تۆمار کراوە.

لێڵیی لە دەقی شیعردا، بە تایبەت دەقی شیعری هاوچەرخ، پتر بونیاتی شاراوەی ڕەوانبێژی بە چەق دەدات، بە پێچەوانەی لێڵیی ڕێزمانی کە لە دەروونی ئالۆزی واتای ورتە و فزە و خوێندنەوە و هێزدا پەیدادەبێت، بۆیە لە ڕوانگەی ئەدەبەوە زۆرجار لێڵی دەبێتە سەرچاوەی ئالۆزبوون. هێندێك لە میتۆدە هاوچەرخەکان داڵدەی ئەم ئاراستەیە دەدەن، کلاسیکی و پرناسی هاودژ و ڕەمزگەری و سووریالیش بە هاوشانی دادەنێن. ڕەمزگەری و میتۆدی نیگاگەری، جەخت لەسەر کۆمەڵێك هۆکار دەکەنەوە، کە زمانی ویژدانی بۆ ڕاگواستنی کاریگەری و هەڵچوونی بەرانبەر، پشتی پێ دەبەستێت، لە هەمووشیان گرنگتر دیاردەی (لێڵی)یە.

شاعیر بە تەواوەتی و بەڕوونی واتا بەدەستەوە نادات، بەڵکو ڕنینی واتا بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، تا زیاتر چێژ لە دەق وەربگرێت. چونکە فزەکانی زمان بەرانبەر دەربڕینی واتا بە ئاستەنگ دەوەستن، هەرچی ڕەمزگەرەکانن، وا دەبینن کە لێڵی پێویستە لێڵییەکی پڕ لە گورج و گۆڵی واتا بێت، ڕێبازی وێناکردن بگرێتە بەر، بەپێچەوانەی ئەمە سیفەتی مەتەڵ و پەنهان لە خۆ دەگرێت.

وشە لە شیعردا لە منداڵدانی دەنگ و ڕووداو لەدایك دەبێت، ئەگەر ئەم ڕاستییە بە دڵکاری لەسەری بوەستین، بڕوای تەواویشمان بە دەوری زمانی شیعر لە تەوەرەکانی سادە و ئاسایی هەبێت، ئەو کاتە لەوە دڵنیا دەبین کە هەڵهێنجانی واتا ئاسان نییە و ڤالای لێڵی پەیدا دەبێت.

لە تازەگەریدا بە ئەدەبی کوردیشەوە، ئەم چەشنە دیاردە هونەرییەی لێڵی بوونی شۆڕش و ڕەتکردنەوە و مل نەدان دەگرێتەوە، لە ئاستی ئایدۆلۆجی و هزرەوە، شاعیر لێڵی دەکاتە دەروازە و دەنگی خۆی تێدا بەرز دەکاتەوە و سەنگەری بەرگری و بەگژداچوون، لە ڕێگای ئەم دیاردە و زمانی شیعرە ئالۆزییەوە دادەمەزرێنێت. گرفتی سەرەکیی لێڵیی هاوچەرخ، نقوومبوونە لەناو ڕەمز و مێژوو و ئەفسانەدا، جگە لەمەش، بۆ هەر وشە و مەبەستێك واتا بە چەندین ئاست و دەرەتاندا تێدەپەڕێت[١]، بۆ نموونە:

---

(١) د. محمد احمد حمدون، ظواهر لغوية في الشعر المعاصر، مجلة: المنهل، العدد: ٥٠٤، المجلد: ٥٤، دار المنهل للصحافة والنشر، جدة، ابريل/ مايو ١٩٩٣، ص: ١٧٦.

**(شەو) لەژێر لێفەی هەورەکان ئارامی گرتووە..**
**ئاوازی باران پرِوشان..**
**شازادە چاوی بە کرێوە رِشتووە..**
**قامیشی لێواری (ئابزۆ)ی پۆشیوە..**
**بە خشڵی پەرستگای پایزی (ئینەننا) خەملێوە..**
**بەیانیش بەم شکۆ و بەرزییەوە**
**باران دێ کێشمانەی خۆی دەدا و**
**چارۆگەی رِێژنەدار،**
**بە کێڵگەی سکداوی دموزی دادەدا .. هتد** [1]

سەرچاوەی لێڵی لە شیعری هاوچەرخدا، بۆ جیاوازی کار و وەزیفەی شیعر و بۆ وێناکردنی سەردەمییانەی زمان دەگەرِێتەوە. شاعیر لە قووڵایی ئاستی رِووناکبیرِیی خۆیەوە، گوزارشت لە جیهانبینی و وێناکردنی گشتگیری ژیان دەکات، واتا و دەلالەت و رِەمز چرِ دەکرێتەوە، بۆیە شیعری هاوچەرخ بۆتە هونەرێك و پێویستی بە شارەزاییێکی تەواو و رِۆشنبیرییێکی بەرز هەیە. بۆ رِاستی بۆچوونەکان، چەند دیمەنێك لە قەسیدی: ((مارشێکی تر بەرەو بەهەشت))[2] بە نموونە، دەهێنینەوە:

**وەك شەرِکەرێك کە هەمیشە دەکێشێت بە تەپڵە گەورەکانی جەنگدا. یەکێك نەفخی هەستانەوەی رِۆحلەبەرەکان لێدەدات. یەکێك شەیپوری گەشانەوەی هەموو خۆڵەمێشەکانی دونیا. گەشانەوەی پشکۆی مردووەکان. ئەو ئاگرانەی لە رِۆژگاری هانیپالەوە خامۆش بوون. زیندووبوونەوەی پەنگرِی خێوەتگاکانی هۆلاکۆ. من هەمیشە دەکێشم بەتەپڵی ئەم جەنگەدا و هاوار دەکەم من بۆ فەتحی تۆ لێرەم ئەی بەهەشت ئەوەتا بەهەشت لە هەر چوار لاوە دێت. کە لێرە دەرِۆین ئەوسا دەزانین بەهەشت لە پشتمانەوە بوو. کە دەگەرِێینەوە تێدەگەین بەهەشت وا لە دوامانەوە. کە دەگەرِێینەوە بۆ دوا تێدەگەین بەهەشت لەولا لەبەردەماندا بوو..**

---

(١) نەژاد عەزیز سورمێ، تاقگەی مەند و ئەوانی تر (دیوان)، چ: یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان، ٢٠٠٥، هەولێر، ل: ٢٠٩ ـ ٢١٠.

(٢) بەختیار عەلی، ئیشکردن لە دارستانەکانی فیردەوسدا (قەسیدەیەکی درێژ)، چ: یەکەم، چاپخانەی رِەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل: ٧.

لەم تێکستەدا، وێنە شیعرییەکان سرکن و وشەکان بەتەمومژیی زمانەوە، ئاسۆی سانایی والا ناکەن. لێڵی بۆ ناخی دەلالەتەکانە، چونکە هەر ڕستەیەك و وێنەیەکی شیعری بۆ (مەبەست)، پێویستی بە تێڕامان و بەداواچوون هەیە. وێنەکان هاوبەندبوون بە یەکیان دەبەستێتەوە. ئەم دیاردەیەش لە شیعری هاوچەرخدا، ناوەندێکی گرنگ لە لێڵی داگیر دەکات.

پانتایی لێڵی لە قەسیدەدا، فرە تەرزێك لە بواری چۆنێتی بەکارهێنان و دەلالەتبەخشین و ڕایەڵ و چییەتی پێکهاتن لە خۆ دەگرێت، لەوانە:

(١) ئەو لێڵییەی کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی هەموو جۆرە خوازەیەك بە خواستنەوەش پەیدا دەبێت. ئەم جۆرە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی خوازە و خواستن و ڕیتم دەبێت، جگە لەمانەش لەڕێگەی شیتەڵکردنی ڕستەی سادەوە، لێڵیی ڕستەیی دەستنیشان دەکرێت.

(٢) زۆری دەلالەتی فرێزیی.

(٣) فرە دەلالەتی ورتە و فزە (لفظ)

(٤) بە مەبەستی گوزارشتکردن بۆ حاڵەتی دەروونی و زەینی، واتاکان یەکدەخرێن و تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن. ئەم شێوازە جۆرە گرێ کوێرەیەك لەلای شاعیر دروست دەکا.

(٥) لێڵی ئەو کاتە ڕوودەدات، کە شاعیر یان نووسەر لە نووسیندا، بۆ ئاشکراکردنی هزرەکەی هاوشێوەی بەدیار بخات. هەرچەندە بە تەواوی لەسەر خودی شتەکە پراکتیك نابێت، بەڵام لێڵی دەکەوێتە نێوان هەردووکیانەوە، شاعیر لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوەی تر دەیگوازێتەوە.

(٦) زۆریی حاڵەتی هاودژ لە دەربڕین و گۆتەی دەقدا، لێڵیی بەرهەم دەهێنێت. وشەکان دەبنە هاودژی یەکتر، خوێنەر ناچار دەکات بۆ واتا وێنا بکات. جاری وا دەبێت دەربڕینێك واتا نەگەیەنێت، چونکە دەربڕین و واتاکە هاودژ دەبن، یان پێوەندییان بەیەکەوە ناگونجێت، خوێنەر ناچار پەنا بۆ وێناکردن دەبات.

(٧) کاتێك هەستی (مشاعر) و هزری شاعیر تێکەڵگەریی (Dualism) دایاندەگرێت لێڵی پەیدا دەبێت. ئەو کاتەش بە دیار دەکەوێت، کە دوو واتای تایبەت بەوشە، دوو واتای هاویەك دەبن و ڕیزبەستی ڕستە دیاریان دەکات،

ئاوەژووەکەی لە زەینی شاعیردا، بنەما و بەیانی دابەشبوون دەبێت. ئەو حاڵەتەش بۆ پلەی جیاوازی، بە پێی پلەی زەینی نووسەر باو دەبێت. هەروەها ئەم حاڵەتە بۆ پلەی جیاوازی، بەپێی پلەی دابڕی، کە شاعیر بۆ بەرهەمەکەی لە زەیندا تۆماری دەکات، باوە[1].

### ٣ – ٣ وشەی شیعر و بارگاوی بوونی بە ڕەمز[*] Symbol

ڕەمز دیاردەیێکی هونەرییە، بەڵام بارگاوی کردنی بەواتا لەناو دەسەڵاتی زماندا، سەرەڕای ئەو ناسنامەیە دەشبێتە دیاردەیێکی شێوازگەری.. ڕەمزایەتی بە یەکێك لە ڕێباز و ڕەگەزە هەرە گرنگ و بەرچاوەکانی شیعری هاوچەرخ و تازەگەری دادەندرێت.

مێژووی ڕەمز مێژوویەکی دوور و درێژە، بنج و بنەوانەکەشی بۆ زانستی لاهوت (The ology) دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ( Creed - دەستووری باوەڕی مەسیحییەت) هاوواتایە. هەر لە بەرایی سەرەتاوە بە گشتی لە دروشمی ئایینی و هونەرە جوانەکان و بە تایبەتیش لە شیعردا بەکار هاتووە. تائێستاش لە پانتایی واتاسازی و بیرکاری و لۆژیکدا، بەها و نرخێکی هێماگەلی هەیە [2].

نەتەوەی عارەب بە درێژایی مێژوو، واتە لە سەردەمی جاهیلییەوە تا سەردەمانی ئەمڕۆ، ئەم زاراوەیان لە ناو ڕایەڵەکانی واتای زمانە گشتییەکەیدا، دوور لە لایەنی

---

(١) بۆ زانیاری پتر بڕوانە، Empson, Seven Types of Amiguity p, 3, 45, 102, .133, 155, 167, 198

(*) زاراوەی ڕەمز، زیاتر لە هێما پڕ بە پێست دەلالەت دەبەخشێت. هەر بۆ مەبەستی تێکەڵ نەبوون لەگەڵ (نیشانە) و (ئیشارەت)، ڕەمز بە گونجاوتر دەزانین، بۆچوونەکەی (د. پەخشان سابیر) پەسەند دەکەین، سەبارەت بە گونجاوتری زاراوەی (ڕەمز) لە (هێما)، چەند خاڵێکی خستۆتە ڕوو. بۆ زانیاری پتر، بڕوانە: پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠ – ١٩٩١)، نامەی دوکتوراە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٢، ل: ٥

(٢) د. محمد فتوح احمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ط: ٢، دارالمعارف، القاهرة، ١٩٧٨، ص: ٣٣.

هونەری بەکار هێناوە. هەر لەلای ئەوانەوە بە دیارکەوتنی ڕەمز لە نـاو پانتـایی واتـای هونەریدا، بۆ نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.[١]

ئەم دیاردەیە، لەگەڵ لەدایکبوون و بەدیارکـەوتنی ئـەدەب سـەری هەڵـداوە. بۆیـە ئەدەبی کوردیش لەم دیاردەیە بێبەش نەبووە، بەڵام لە ئەدەبی نوێ و هاوچـەرخدا، وەك چەقێك خۆی نیشان داوە: ((چڕی بـەکارهێنانی دەگەڕێتـەوە بـۆ دوای شـەڕی دووەمـی جیهانی)).[٢] لە ساڵانی حەفتاکان، لە ژێـر کاریگـەری ئـەدەبی عـارەبی و سـیماکانی ڕێبـــازی ڕەمزی و دۆخی تایبـــەتی کورد، لـە ئـەدەبی کـــوردیدا بـە زەق و زۆپـــی بەدیار کەوت.

ڕەمز لە زمانی شیعری قەسیدەدا، بنەمایەکی پتەو و سەرکەوتووە. ئەم زاراوەیە لـە ڕێگای زمانەوە، بۆ بابەتێکی ناشاراوە لە ئاوەزدا وێنەیەکی هاوشـانی نادیـار دروسـت دەکات، بەڵام بە مەرجێك لە نێوانی هەردوو حاڵەتی وێنەی بابەتەکانـدا هاودەنگییـەك هەبێت. ئەگەر ڕەمز لە شیعردا وەك پەیگا، بـۆ مەبەســتی ئاشکراکردن ڕۆڵی هەبێت و بەکاربێت، ئەوە وەك زاراوە لە ژیربێژی و بیرکاری، میتۆدی مەعریفە و دەلالەتـسازی و هێماسـازی... بـەدیار دەکـەوێت. لەگـەڵ بۆنـە ئاینییـەکان (Liturgy) و هونـەرە جوانەکان مێژووی هەیـە، لـە تێکـڕای ئـەم دەرەتانانـەدا، شـیعر ڕەگـەز و ماکێکـی هـاوبـەشـــە. ڕەنگبێ لەجیاتی و بریتی یان نوێنەرایەتی شتێکی کە بەکاربێت[٣].

لە شیعردا ڕەمز تایبەتمەندییەکی ئامانجی دیـاریکراوی هەیـە، چـونکە خـۆی لـە خوددا ئامانجە. بە تەنیا بۆ بابەت، دەلالەتێکی جوغزیی دیاریکراو، یان هێماییێکی بـێ دەنگی ناگەیەنێت، چونکە ئەگەر دەلالەت نەبوایـە، ڕەمـزی زانـستی نـەدەبوو، ئەگـەر هێماش نەبوایە،ڕەمزی زمانی بەدیار نەدەکەوت. دەبێ ڕەمزی شیعر چـی بێـت؟ لەبـەر ئـەوەی ڕەمـز لـە شـیعردا، دەنگدانـەوەییێکی حاڵییـە، لـە کـار و پرۆسـەی شــیعر سەرهەڵدەدات و لە دایك دەبێت، بۆیە ئەو دەلالەتە نییـە کـە بەرانبـەر دەیـەوێت پێـی

(١) د. درويش الجندي، الرمز في الادب العربي، مكتبة نهضة المصر، القاهرة، ١٩٥٨، ص: ٢٠.

(٢) پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کـوردیی کرمـانجی خـوارووی کوردسـتانی عیراقـدا، ل:٨٠

(٣) اوستن وارين ورينة ويليك، نظرية الادب، ص: ٣٢١.

دایپۆشێت، ئەو هێمایەش نییە کە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بیرۆکەیەکیش نییە، تا شاعیر بۆ بینای ڕەمزێکی دیاریکراو دایبڕێژێتەوە. بەڵکو ڕەمزی شیعر، بونیاتێکی ئۆرگانیکی تەواوە، لە ناخی وێناکردنی ئێستاتیکی پەیدا دەبێت، کۆمەڵە دەستوورێکی خودی لەخۆ دەگرێت، کە خوێنەر لە پەنایدا دەلالی مسۆگەریی لێوە بەدەست دێنێت.

ڕەمز، خاوەنی کێشەکانە، دەرگای داخراوی کێشەکان دەکاتەوە، هەست بەرانبەر بەکێشەی بوونی و ئاریشەی شارستانی فراوان دەکات. بەڵام ئەم کارەی لە ڕێگای دەلالەت و هێماوە بە ئەنجام ناگەیەنێت، بەڵکو لە ڕێگای پێکهاتەی جوانسازی و ئێستێتیکای هاوشانی جێبەجێ دەکات. بە واتایەکی تر، حاڵەت و هەڵوێستێکی ئێستاتێکی پێکدەهێنێت و ڕەمز بۆ هەڵوێستی بوونی و شارستانیی دیاریکراو دروست دەکات، لەم ڕوانگەیەدا دەلالەت و گوزارشت، حاڵەتی پەنهانی وەردەگرن و لە بەرانبەریاندا هەڵوێستێکی هاوشانی پەیدا دەبێت.

جیاوازی لە نێوان ئەم دوو حاڵەتە بەوە دادەندرێت کە وێناکردنی ڕەمزی ئێستێتیکایی، توانستی کۆمەڵەك بارگەی وێناکردنی دەبێت، بەڵام لە ڕاستییدا، ناوەرۆك و جەوهەرەکە یەك بابەت لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە (تاریك)، بۆ ڕەمزی (تاریکی) چەند دەلالەتێکی وەك: نەزانین، داگیرکردن، ناخۆشی، ژێردەستی.. دەبەخشێت. کەچی ناوەرۆکی (تاریکی)، لە سیمانتیکدا یەك دەلالەتە و هاودژی (ڕووناکی) دەگەیەنێت.

جیاوازی و تایبەتمەندییێکی دیکە، ڕەمزی شیعر دەتوانێت بارگەی بوونی ڕەمزێکی سەربەخۆ هەڵبگرێت، بەڵام ئەم دیاردەیە بە هیچ جۆرێك لە زانستدا ڕوونادات. لە شیعردا، ڕەنگبێ (تاریکی) ڕەمزی نەزانین و ژێردەستی.. بێت، لە دەقێکی کەدا، تەنیا ڕەمز بگەیەنێت. لە پاشان وردە وردە لە قەسیدەکانی تردا، لە واتای یەکەم وەك هەستێك و ئیدراکێکی بەشە نموونەیی، بۆ ئەو ڕاستییەی کە ڕەمزێکی ئێستێتیکایە دوور دەکەوێتەوە، ئاماژە بۆ هەستە دەرەکییەکان ناکات. بەڵام لە زانستدا، ڕەمز لە قووڵایی ئەزموون و تاقیکردنەوە و هاوکێشەکاندا، بۆ ئەوەی هاوکێشەیێکی وەهمی دروست نەبێت، لە مەدلوولی خۆی جیا نابێتەوە.

لێرەدا و لەم کلاوڕۆژنەیەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ڕەمزی شیعری ڕاستییێکی هونەرییە، شتەکان لە تەوەری کۆدەبنەوە و ئەویش بۆ ئەوەی جیهانێکی جوانسازی پڕ لە

مەبەست بنوێنێت، بەرەو خولگەکانی خەڵقکردن هەنگاو دەنێت. بۆ ئەم مەبەستەش (وێنە) دەور دەبینێت. لە گەڕانەوە و دووبارە بوونەوەدا، خەسڵەتی ڕەمزی وەردەگرێت، ڕەنگبێ وێنە: ((جارێك بواری خوازە دابپۆشێت، بەڵام ئەگەر بە ناچاری گەڕاندراوە، ئەوە ڕەمز دەگەیەنێت و بە بەشێك لە ڕێکخستنی ڕەمزی یان ئەفسانەیی دادەندرێت)).(١)

بۆ بونیاتنانی ڕەمز، زمان دەسەڵاتێکی کارایە. لە ڕێگای زمانەوە وشە بارگاوی دەکرێت و سیفەتی ڕەمزی پێ دەبەخشرێت. هەر زمانیشە جۆر و ئاستی بارگەی ڕەمز دیاری دەکات. ڕەمز هەیە تایبەتە، ئەم چەشنە لە ناخیدا کۆمەڵێك پێشبینی و وێناکردن بارگاوی دەکات، چونکە ئەو ڕاستییەی کە ئەم ڕەمزەی بارگاوی دەکات، لە ڕیزبەستی دیاریکراودا دەستنیشان ناکرێت. وێڕای ئەمەش، ڕەمزی کولتووریش(٢) هەیە، داوای وێناکردنێکی (Interpretation) دیاریکراو دەکات و وێناکردنێکی دیاریکراویشی لێ داوا دەکرێت، چونکە تا ڕادەیەك ڕاستییە دیاریکراوەکان دەستنیشان دەکرێن. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیری هاوچەرخ، ڕەمزی تایبەتی وەك پێویست خەڵق بکات. لە ڕەمزی کولتووریدا هۆشیارییەك هەیە، هەموو حاڵەتە مەبەستییەکان لە باوەش دەگرێت. ئەمە لەلای شاعیر ڕاستییێکی بەراییە، بەڵام سەرچاوەی دروستکردنی ڕەمزێکی شیعری سەرکەوتوو نییە. ڕەمزی شیعری سەرکەوتوو،

---

(١) اوستن وارين ورينة ويليك، ل: ٢٠١

(٢) ڕەمز بە گشتی و لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە تایبەتی، سەرەڕای ڕەمزی کولتووری، چەند جۆرێکی تریش لە خۆدەگرێت، هەریەکێك لەم جۆرانە، زەمینە و هۆکار و ڕەگ و ئاست و هەندێکیشیان بەش و لقی تایبەتی خۆیان هەیە، لەوانە، ڕەمزی: ئەفسانەیی، ئایینی، مێژوویی... بە ناو ناوەندی دەسەڵاتی زمانی شیعر و کارێزمای داهێنان و تازەگەریدا شۆڕبوونەتەوە، گوزارشت لە ژیان و مەرگ و ئەفراندن و کۆمەڵ و واقیع و سەرووی واقیع و سروشت.. دەکەن.

بۆ زانیاری پتر لەبارەی جۆرەکانی ڕەمز، بڕوانە:

أ) پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا، ل: ١٥٢ – ٣١٩.

ب) میرسیا ایلیاد، ملامح من الاسطورة، ترجمە: حسیب کاسوحە، ط: ٢، دمشق، ١٩٩٥، ص: ٥ – ١٠

پ) د. احسان عباس، اتجاهات الشعر العربي المعاصر، سلسلة المعرفة، الكويت، ١٩٧٨، ص: ١٥٤.

ت) انطوان غطاس كرم، الرمزية والادب العربي الحديث، دار الكشاف، بيروت، ١٩٤٩، ص: ١٨... هتد

ئەو ڕەمزەیە لە داهێناندا سیفەت و کار و سروشتی هەبێت. جۆرێک لە بارگەی تایبەتییەتێکی گشتی و گشتییەتێکی تایبەتی هەڵبگرێت.

ئەگەر ڕەمز لەلای شاعیر وەك ئامرازێکی ڕازاندنەوە بەکارهات، ئەو ڕەمزە وەك لاشەیەکی بێ گیانی سارد و سڕئاسا سەیر دەکرێت، بەڵام ئەگەر وەك خەڵقێکی جوانسازی (Aesthtic) مامەڵەی لەگەڵدا کرا، واقیع و شارستانیەت و مێژوو بەرجەستە دەکات، بەم مامەڵەیە، ڕەمز بارگەی بابەت و شتەکان بە زیندوویی هەڵدەگرێت.

شیعر بە هۆکاری زمان، بابەتێك نییە تەنیا ئامانجی بوونی گەیاندن بێت، بەڵکو لەم (بوون)ەدا، دەیەوێت بەهۆی ڕەمزەوە، کە بنەمای قەدەغەشکێنی هەیە، لە ناخیدا هەندێ مەرج دابنێت، یان لە ڕێگای وێناکردنەوە جیهان هەڵگەڕێنێتەوە. بەم جۆرە ڕەمز بە تەنیا نوێنەرایەتی ئەو واقیعە ناکات کە هەستی پێ دەکرێت، بەڵکو لە هۆش و بیردا بارگەی هۆی ڕوودانی واقیعەکە هەڵدەگرێت. هانی ئەو جیهانە دەدات کە لە ناخیدایە تا لە ئاسۆی وێناکردنەوە، ناوەندی جیهانێکی کە بونیات بنێت.

داهێنانی شیعر بە ڕەمز، واقیعی هەستپێکراو بۆ واقیعی هونەری دەگۆڕێت. جگە لەمەش، ڕەمز دیاردەیەکی بوونی و مرۆڤی هەندێك لە پێکهاتەی بیر و هەست و ئێستێتیکا دروست دەکات. پاشان لە نێوان دەق و خوێنەردا، دەرگای ڕایەڵەکانی مەبەست و واتا دەکاتەوە، تا لە کۆتاییدا لە لایەك واقیعی ماددی و مرۆڤی، لە لایەکی تریشەوە واقیعی هونەری و ڕەمزی بەدیار بکەون، بەو ئاستەش کە دوو پانتایی سەربەخۆن و هەریەکەیان هێما بۆ ئەوی تر دەکات و بۆیەکتریش ڕەمز دەنوێنن. هەروەها بونیاتی شاراوە بۆ هەر مەبەستێك بێت، ڕەنگبێ لایەنی وەسف یان گوزارشت بگرێتەوە، یان لە بواری واقیعەوە بەرەو دەرەتانی هونەری بچێت، لەوانەشە بۆ واقیع ناواخنکردن بێت. لە کۆتاییدا دەبێتە تیۆری قەسیدە و لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتی تێکست ئاوێزان دەبن.

جیهانی ڕەمز لە پانتایی شیعری هاوچەرخی کوردیدا ناوەندێکی بەچەقە. سەبارەت بە باری تایبەتی نەتەوە، ئەم جیهانە بە زمانی شیعر و ڕایەڵەکانی دەلالەتەوە چڕ کراوەتەوە، زۆر بە دڵکاری ئاوڕی لە واقیع و بوون داوەتەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیش، هەموو ئاست و ئاسۆییکی گرتۆتە بەر. واتا دەلالییەکان سروشتێکی

ساکار وەرناگرن، زمانی شیعر، خوازراو و داهێنان بە ئاراستەیەکی هونەری ئەم جیهانە خوازراوە بەرهەم دێنێت، زمان ڕۆڵێکی دینامیکی دەبینێت. زمانی دەلالەتیش ئەو سروشتە دروست دەکات کە لە سادەیی سەرپەڕتر بێت. کاری شاعیر لەم پرۆسەیەدا، بە بنەما و بونیاتی شاراوەی ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی بارگاوی دەبێت، سەرەڕای پێکهاتەی هونەری لە بەرهەمدا، ئەفراندن بە داهێنانی هونەری، بابەت و ڕەمز بۆ مەبەست دەگۆڕێت:

بابەت + ڕەمز = مەبەست (واتای دەلالی):

**((وتیان شێخێکی نوورانی هاتووەتە ئاوایی دەمی گورگ ئەبەستێ..))**
**یاشێخ ئەرێ تۆ ئەتوانی دەمی گورگە نەوتینەکان...**
**وا ببەستی: لەم کۆچەدا لە بارگەی شەم جێ نەمێنم**
**هۆ شەمەکان دەمی گورگی کۆچەریکە خڕ دابخەن[1].**

شیعر، ڕەمزی پێکهاتەیەکی فیکری قووڵی هەیە، بناغەکەشی بۆ واقیع دەگەڕێتەوە. لە شیعری ڕەمزی و دەلالیدا، بابەت بناغەی بیرە. بەمەش سنوور و ناوەڕۆك و گوزارشت... گەواهی ڕاستیی جیهانی دەلالەت بەخشن.

(گورگ) ڕەمزە، دەلالەت لە دەسەڵات دەکات، (گورگە نەوتینەکان)، واتای دەلالەتی (کەرکوك) دەگەیەنێت. مەبەستیش بە عارەبکردنە. وشەی (شێخ) دوو بارگەی هەیە، یەکەمیان چاکی و بێ گوناهی نەتەوەی کورد، ئەوی تریان: ڕەمزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، سەرکردایەتی سیاسی کورد دەگەیەنێت. هاوکێشەکە بەم جۆرە یەکسان و هاوسەنگ دەبێت:

**کەرکوك + گورگ = بە عارەبکردن (دەرکردن).**

ڕەمز، تایبەتمەندییێکی پێکهاتەیی هەیە، ئەوکاتە دەبێتە ڕەمز و سیما و خەسڵەتە ڕەمزییەکان هەڵدەگرێت، کە لەگەڵ خودیەتی خۆیدا دابڕێك بێنێتە ئاراوە.. ئەم دابڕینە: ((بۆ ئەوەیە کە لە نوێژەنەوە وەك ڕەمز بونیات بندرێتەوە، دەرەتانی دوو لایەنی لەخۆ

---

(١) حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم (٢)، دارالحریة الطباعة، بەغدا، ١٩٨٩، ل: ١٨٣

بگرێت)).[(١)] ئاستی (دال) بەرەو ئاستی (مەدلوول) بچێت، بۆ ئەوەی ڕەمزێك دروست بكات لە خودی ڕەمزەكە جیاواز بێت. (دی سۆسێر) ڕەمز بە دیاردەیەك دادەنێت كە لەیەك كاتدا یەك لایەنی و دوولایەنیش ڕابگەیەنێت.. بابەتێكی یەك لایەنییە، چونكە بە بێ دال نابێت، دوو لایەنییەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە مەدلوول دالێك داوا دەكات لە دالە بەراییەكە ناچێت. ئەم جیاواز و لێكترازانە، توانست بۆ بوونی خوێندنەوەی دەق دروست دەكات. ڕەمزی زمانیش بە هەمان شێوە، تایبەتمەندی بە توانستی ڕەمزی واتای دەق دەدات، لەیەك كاتدا ڕەمزە و یاسای ڕەمزیش دەگەیەنێت. خوێندنەوەی دەق بۆ واتا بە پێوانە دادەنێت. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە: ((دژبوونێك لە دایك دەبێت، چونكە شیعر لە واقیعی دەقدا هەستی پێ دەكرێت، بەڵام ناتواندرێت دەربڕین و گوزارشتی تەواوی بۆ بكرێت، لێكۆڵینەوە لە شیعرایەتی، پێویستە ڕووبەڕووی ئەم دژایەتییە ببێتەوە، بە گوێرەی توانستی بەرنامە، پێویستە لەم خاڵەدا، پلە و ئاستی ڕەوایەتی و شەرعیەتی دەستنیشان بكرێت. ئەم پرۆسەیەش ئەگەر لە دەرئەنجامی (واتای واتا)دا نەبێت، دەستەبەر نابێت، لە گرفتەكانی ئەزموونداڕەگی شاعیرایەتی ون دەبێت))[(٢)].

سامالە شەوی زستانە
ئەستێرە بە ئاسمانەوە، دەجریوێنێ
دەوروبەرم، یەك پارچە وەك گۆمێكی مەنگ
كپ و بێدەنگ و خامۆشە
پێخەفی گەرم
بۆتە هێلانەی مەلۆتكەی
خۆزگە و جووتبوون و خەوبینین
شاری ماندوو، كراسێكی خۆڵەمێشی لەبەردایە
باڵندەی ئەندێشەی منیش
باوێشكەداو خەوی نایە[(٣)]

---

(١) جون كۆهین، النظرية الشعرية (اللغة العليا)، ص: ٢٨٤

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل: ٢٨٤

(٣) سەلام محەمەد، دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەكی زەردەوە( كۆ شیعر)، چاپخانەی حسام، بەغدا، ١٩٨٨، ل: ١٤٣.

(گۆمی مەنگ)، بەسێ سیفەت: (کپ، بێدەنگ، خامۆش) بارگاوی کراوە. (دەوروبەر) ڕەمزی (نیشتمان)ە، بۆ سیفەتی بنەڕەتی و سروشتیی (گۆم) دەگەڕێتەوە و جوولەی تێدا وەستێنراوە. ڕەمزی یەکەمی (گۆمی مەنگ) سروشتییە، ڕەمزی نوێ (کپ کردنەوە)، دالی یەکەم و دالی دووەمی مەدلوول جیاوازن. نیشتیمان، بۆ جاری دووەم بە ڕەمزێکی نوێتر (شاری ماندوو) بارگاوی کراوە. واتای واتایەکەش لە ناوەندی وێنەی: (کراسێکی خۆڵەمێشی لەبەردایە)، سەنتەر دەگرێت و ڕەمزی سووتاندن دەبەخشێت. (کارەسات) نیشان دەدات.

لە داهێناندا، ڕەمز پێوەندییێکی ئۆرگانیکی لەگەڵ لێڵیدا[1] هەیە، ئەم دیاردەیە، ئاشکراکان لەناو ڕایەڵەکانی پەنهانی دەشارێتەوە، واتا، پێویستی بە زانیاری پتر و ئاوەزو بیری زیاتر دەبێت. لە بوارەکانی فەلسەفە و دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا شارەزایی دەخوازێت.

ڕەمز هەر جۆرێك بێت، زۆرترین بنەمایەکانی شیعر و واتا و بە تایبەتیش گشتگیریی دەلالی تیایدا بەدیار دەکەوێت. شیعر دەخاتە ناو خانەی هەست و ئیدراك، بۆ ئەوەی بابەتێکی تەواو و پڕ مەبەست مانا ببەخشێت، لەگەڵ وێناکردن و ئەندێشە و نیگا و بۆهاتنەوە تێکەڵاوی دەکات. ئەمە وێڕای ئەوەی کە جەوهەر و خودیەتی شیعر دەگرێتەوە، ئەو جیهان و فەنتازییە پڕ واتایە کە ڕەمز بەهای پێ دەبەخشێت، بەرەو ئەو پانتاییەی دەبات کە بە بۆچوون و بیر، لە خەرەند و بونیاتی شاراوەی گشتی، بە هۆکارەکانی پێکهاتەی هونەرێکی ئامادەباشی پڕاو پڕ کراوە. شاعیران دەتوانن ئەم ئەزموونە پڕ لەواتایە، لە چوارچێوەی پەنهانی دەلالیی قەسیدەکانیاندا بنووسنەوە. لێرەدا ڕەمز توانستی کۆتشکاند و سنوور بەزاندنی دەبێت، بە داهێنان و گەیاندن

(١) ڕەمز، پێوەندی ئۆرگانیکی و سروشتی هاوبەندبوونی بە ڕەگەزە هونەرییەکانی شیعری هاوچەرخەوە، وەك: وێنە، لێکچواندن، خواستن، درکە.. هەیە. لە ئەدەبی کوردیدا نموونەیان بەرچاو دەکەوێت، بەلام ئێمە تەنیا ئاماژەمان بۆ (لێڵی) کردووە، چونکە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی کورد لە دوای نسکۆ و تەمومژی سالآنی هەشتایەکان، ئەم دیاردەیە زۆر بە قووڵی بەناو ناخی شیعری هاوچەرخی کوردیدا ڕووچوو، تا ئاستێك ئەو ناوەندەی داگیر کردووە، دەکرێت شیعری هاوچەرخی کوردی لەنیوەی دووەمی حەفتایەکان و تێکڕای سالآنی هەشتایەکان، بە شیعری ڕەمز و لێڵی ناو بنێین.

بارگاوی دەکرێت، جوانی بنەڕەتی قەسیدەش، ئەو شێوازە شیعرە پڕ لە مەبەست و سەرسوڕمانە دەردەبڕێت..

لە ئەنجامی مەرگەساتی گەورە و جەرگبڕ، هەستەکانی مرۆڤی جوانیویست و مرۆڤپەروەر، ئالۆزدەبن و تا ئاستێکی بەرچاو تێکدەشکێن. لە دوای جەنگی پڕ لە کارەسات و کاولکاریی یەکەمی جیهانی، شاعیرانی فەرەنسایی لە قەسیدەکانیاندا، جێگۆڕکێیان بە ئەرك بینینی هەستەکانی ئادەمزاد کرد، دیاردەی ناوازەیان داهێنا. دیاردەکەش دەرئەنجام و بەرهەمی ئەو بینینە بوو کە تەرمی مرۆڤیان لە شەڕگەکاندا، بە جۆرەها شێوەی شێواو دەبینی. شاعیرانی کوردیش لە ناوەڕاست و نیوەی دووەمی سالانی هەشتایەکان، دوا بە دوای کارەساتی هەڵەبجە و کیمیاباران و جینۆساید و ئەنفال.. ئەم جۆرە دیاردەیان لە شیعری خۆیاندا تاقیکردەوە:

**پەنجەکانم دەبینن**
**مەرگ ساوایەکی حاشالێکراوی دایکداری بێ باوك بوو**
**بە چاوم هەستم پێ دەکرد**
**بە زمانم بۆنم دەکرد**
**بە لووتیش تام**(١)

وێنەکان بە تەواویی و سەرتاپا لە ڕەمز هەڵکێشراون، لەو ڤالایەدا چەندین وێنەی لێڵی لە دایك بوون. ناخی وێنەکان بارگەی (ئەنفال)یان هەڵگرتووە. سەبارەت بە نیگەرانی دەروونی، وێنەکان ڕێچکە و سروشتی ئاساییان بەزاندووە: (پەنجە ← بینین، چاو ← هەست، زمان ← بۆن، لووت ← تام)، شاعیر بە ڕەمز وشە و ڕێزبەندی و دەلالەت، لە بینایەکی واقیع جیاواز، بەها و نرخی تایبەتی پێ بەخشیون. بەڵام شاعیرایەتی چۆن ئاشکرا دەبێت؟ ئەوکاتە بەدیار دەکەوێت، کە ڕاستەوخۆ هەست بە خودیەتی وشە بکات، نەك لەجیاتی شتێك هەستی پێ کرابێت، هەڵهێنجراوی حاڵەتێکی هەڵچوون نەبێت. هەروەها وشەکان، پێکهاتن و دەلالەت و فۆرمی ناخی و دەرەکییان، بە تەنیا خاوەنی جیاوازی واقیع نەبن، بەڵکو بەها و کێشی تایبەتییان

(١) مەهاباد قەرەداغی، هاژەی ڕۆح، چاپخانە و ئۆفیسی سەفوەت، سلێمانی، ١٩٩٩، ل: ٢٧٨.

هەبێت. زۆرجار بەڵگە شت ڕوون ناكاتەوە، چونكە: ((لەتەك هەستكردن بە بەرانبەری لە نێوان بەڵگە و شت، ڕاستەوخۆش هەستكردن بە نەبوونی ئەم بەرانبەرییەش پێویستە))[1]. ئەم دژایەتییە سەپاوە، چونكە بە بێ دژبوون بوونی ڕێكەوتن و گونجاندن لە نێوان چەمك و دەلالەتەكان مسۆگەر نابێت. پێوەندی نێوان بەڵگە و چەمك، دەبێتە میكانزمێك ڕووداو دەوەستێت و هۆشیاری و بۆهاتن لە واقیعدا دەمرێت.

ڕاستە ڕەمز لە بنەڕەتدا بۆ لە دایكبوون و خولقاندنی واتا هاتۆتە ئاراوە، بەڵام هەموو ڕایەڵەكانی ڕەمز، هاوبەندبوونی ئۆرگانیكی لەگەڵ حاڵەت و جیهانی دەروونیدا هەیە. لە زۆر دەرەتاندا، زمانی ڕەمز هێندە ئاشنایەتی لەگەڵ ڕۆحی دەروونی خوێنەر پەیداكردووە، لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، لە ناوەندی دەلالەت بەخشیندا، وەك دانایی (الحكمة – Aphorism) خۆی دەنوێنێت. بۆ نموونە: ناوی لێكدراوی (داربەڕوو)، ئەوەندە دەلالەتی: بەرگری و ڕەمزی نەتەوەی كورد، لە ناو ناخی خوێنەری كوردا قووڵ كردۆتەوە، لە ڕاڤەكردن و شرۆڤەسازیدا، پێویستی بە تێڕامان ناكات، واتای ئامادەیی جەم دەگەیەنێت:

**هۆ بێرییێ!**
**گەر تو هاتی..**
**پرسیار بكە ژ دار بەروویێ..**[2]

داربەڕوو لەسەر بنەمای خوازە بەكار هاتووە، لە بواری سیمانتیكدا، ڕەمزی داربەڕوو بۆ خوازە دەبێتە بنەما، چونكە: ((گەشەكردنی واتای خوازەی جۆراوجۆر، وەك پێویست لەناو خۆیدا پەنهان داوە)).[3] بەڵام ئاشنایەتی و دێرینیەتی بە دەروونی

(١) ڕومان یاكبسون، قضايا شعرية، ص: ٢٠.
(٢) مؤید تەیب، ستران و بەفر و ئاگر (شیعر)، دهۆك، ١٩٩٢، ل: ٥١.
(٣) تقی پور نامداریان، رمز و داستانهای رمز در ادب فارسی، ج: ٤، انتشارات علمی فرهنگی، تهران، ١٣٧٥، ل: ٢١.

خوێنەری کورد، هەموو ڕایەڵە شاراوەکانی ناخی، دەستبەجێ ناواخن دەکات، هاوبەش بوونی سیفەتی سروشتی داربەڕوو و کورد، ناسنامەی ئاشکرابوون ڕەها دەکات[1].

## ٣ . ٤ زمان و دیاردەی بەدەقکردن

بەدەقکردن (Intertextuality)، بە دەلالەت لە چەمکی ڕەخنەیی و فەلسەفی کۆن، زاراوەیەکی هاوچەرخە و لە ئەنجامی تەوژمی تێکەڵاوبوونی بیر و هزری ڕۆشنبیری و شارستانیەت، بەهۆی زمانەوە پەیدا بووە. لە ڕاستیدا وەکو زۆر زاراوەی تر، هێشتا لەسەر فۆرم و چوارچێوەییێکی نەگۆڕی بەدەقکردن، یەك هەڵوێستی بەدی ناکرێت. لەلای (جولیا کریستیفا) بە دەقکردن، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەق، کە شوێنی دەقێکی پێش خۆی یان هاوچەرخی خۆی پێ دەگێڕێتەوە. (سولبیر)ش وای دەبینێت، کە بەدەقکردنی هەر دەقێك لەلای خوێنەر، کۆمەڵە دەقێك پێکدەهێنێت و خوێندنەوەی تازەشی پێ دەبەخشێت. هەرچی (میشال فۆکۆ)یە، پێی وایە: گوزارشت بوونی نییە و دەربڕینێکی دیکەش ناسەپێنێت. ئەوەی لە خودی خۆی لەدایك دەبێت بوونی نییە. بەڵکو لە کۆمەڵە دەنگێکی کەڵەکەبوو، بە دوای یەکتر ڕیزبەند و زنجیرە کراودا کار و ڕۆڵ دابەش دەکات.[2] بۆ ئەم دەرەتانە، (فۆکۆ) پتر لە ژێر کاریگەریی (بخاستۆن باشلار)

---

(١) (جیل گرانجیر) لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە ناوی: (شێواز و بەڵگە هێمايیەکان)، لە ئاستی گەیاندن ڕەمز بە زمان دادەنێت و جفرە و هێماکانی بۆ دوو تەوەر دابەش دەکات، ئەوانیش، یەکەم: ئەو تەوەرەی یەك دەلالەتی هەیە و واتاکەشی دیاریکراوە، دووەم: پێچەوانەی یەکەمە و فرە دەلالەتە و واتاشی بێ سنوورە. ئێمە پتر مەبەستمان بەشی دووەمە، چونکە، ڕەمز فرە واتا و دەلالەتە، سیفەتێکی نیگایی وەرگرتووە و لە بواری شیعردا جێگا و پەیگانی هەیە. ئەم ڕەمزە شێوازێك پێکدەهێنێت، بۆ بابەتی لێکۆڵینەوەی شێوازگەری دەست دەدات و ڕاستەوخۆ لە جەوهەردا لەگەڵ واتا ئاوێزان دەبێت. هەروەها ناوبراو هەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا، شرۆڤە بۆ ڕەمز و دەلالەتەکانی دەکات و تیۆری ڕەمز لەسەر سێ ئاستی: (فرە دەلالەتی ڕەمز، دەلالەتی ژێر ڕەمز، دەلالەتی سەرووی ڕەمز) دەستنیشان دەکات. بۆ زانیاری پتر، بڕوانە:

G. Granger, Essai Doune PhilosoPhical Style, Paris, 1980, P 187, 216

(٢) بۆ زانیاری پتر، بڕوانە: سعید علوش، المصطلحات الادبیة المعاصرة، منشورات المكتبة الجامعیة، دار البیضاء، ١٩٨٤، ص: ١٢٣ – ١٢٤.

کاری کردووە، خۆی لە کاریگەریی بونیادگەری بەدوور گرتووە، چونکە بیر و بۆچوونەکەی لە ئیپستیمۆلۆجیا (Epistemology) ی (باشلار)ەوە وەرگیراوە، کە هەموو دەم خوێنەر لە ڕوودانی ژێر وەهم، یان ڕوودانی ژێر جادووی ڕاستەوخۆی بانگێشە بۆکراو، ئاگادار دەکاتەوە، کە چەمکەکەی لە سەرخانەوە سەرچاوەی گرتووە. (فۆکۆ) دەیەوێت زانستە مرۆڤییەکان لەو بێ گومانییە، لە بەرایی هەمووشیانەوە بیرۆکەی: (پێوەندی ـ Communication) و (بەردەوامی ـ Continuation) پاك بکاتەوە، کە لە ناخی هەستێکی هاوبەشدا جێگیرە. ئەم بۆچوونەش بەهۆی بۆهاتن و نیگای گشتییەوە بەدەست دێت و پێشدەکەوێت و بەردەوامیش دەبێت[1].

هەوڵەکانی (فۆکۆ) لەبارەی ئیپستیمۆلۆجیا، لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی (کارل مارکس ـ سەبارەت بە بونیاتی ژێرخان) و (نیتشە ـ پرۆگرامی گەران بە دوای نەژاددا Mcthode Gacalagigue) هاوشێوەن[2].

(ڕۆلان بارت)، لەبارەی چەمك و بوونی بەدەقکردن بۆچوونێکی دیکەی هەیە، بنەمای لەدایکبوونی ئەم دیاردەیە بۆ بێ برانەوەیی دەگەڕێنێتەوە. بنەمای بەدەقکردن بنەمایەکی بێ کۆتاییە. بە واتایەکی تر، سیفەت و خاسیەتی ئەدەبی (دەق)، خۆی لەخۆیدا پانتاییەکە و زەمینە بۆ دەقی تر دەرەخسێنێت. هەموو دەقێکی ئەدەبی لە ڕێگای زمانەوە، ناوەندی بە دەقکردن پەسند دەکات.[3]

دیاردەی بەدەقکردن، ڕاستەوخۆ بۆ ڕایەڵەکانی بونیات و سیفەتە تایبەتییەکانی تێکست دەگەڕێتەوە. تا تێکست لەلای خوێنەر پتر پەسند بێت و پلەی ورووژاندنی زیاتر بێت، ئەوەندیش دەرگای بەدەقکردنی والاتر دەبێت. بۆیە ڕۆڵیشی وەك ڕووداوی مێژوویی سەیر دەکرێت. ئەگەر لە دەروازەی واتاوە تێی بڕوانین، بەرەو واقیعی

---

(١) د. عبدالرحمن عثمان، مذاهب النقد وقضاياه، مطابع شركة الاعلانات الشرقية، القاهرة، ١٩٧٥، ص:٩٥ — ٩٦.

(2) V. L. Lenin, Materialism and Empiriocriti – Clsm, Progress, Moscow, 1970, P.437.

(٣) زكريا ابراهيم، مشكلة البنية، سلسلة مشكلات للسفية /٨، دار مصر للطباعة د. ت، بلا تاريخ، ص:٦٥.

ئەنسرۆپۆلۆجیا هەنگاو دەنێت و ئاراستە وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگە و پانتـایی زمانەوە بۆی بچین، بەو پێودانگەی، کە زمانی ئـەدەب و دەق زمـانێکی هیماگەلییـە، ئەوا زۆر واتا و دەلالەت بەرهەم دەهێنێت. تا ئەو ئاستەی کە تەوەرێکی پڕ لە داهێنـان دەخولقێنێت و بۆ داهێنەرەکانی کە، توانستی دەسەڵات سەپاندنی هەبێت کە (بارت) ئـەم ڕاسـتییەی نـاو نـاوە: ((تێکـەڵاویی و گوزارشـتکردنەکانی واتـا Meaning to Coexists)).[1] کۆپلەیەك لە شیعر، یان پارچەیەك لە تێکست، سـنوور و ڕووبـەرێکی ڕوونی نییە، بە بەردەوامی بۆ دەوروبەری خۆی فراوان دەبێت، دەیـان و سـەدان بۆچـوون لەخۆ دەگرێت، تا خاڵی پلەی بزربوون خۆی پەنهان دەدات.

گرنگی چەمکی بەدەقکردن، فەیلەسـووفەکان پلـەی وێنـاکردنی ئێـستێتیکایی بـۆ دادەنێن. لە چەمکی ئاسۆیی (Horizontal)دا، بۆ دانانی یەکەیەکی بەڕێوەبردنی کار، ڕێگای: (تێگەیشتن، شرۆڤەکردن، پراکتیکردن) دەگرنەبەر، بەو پێگەیەی کـە ئاسـتێکی مێژوویی هەیە لەم ناوەندەدا چەمکی بەدەقکردن هەڵـدەهێنجن. وەك مـەرجێکیش بـۆ هەموو داهێنانێکی ڕەچاوکراو لەبەرچاو دەگیرێت. چونکە لە کاری مرۆڤی بۆ تێگەیشتن لە ناوەندی جیهان، ڕەگەزێکە و لە پێکهاتەی واتـایی پڕاوپـڕە. واتـا بـۆ واتـا دروسـت دەکات، بونیاتی شاراوە بۆ دەلالەتی نوێ دەخولقێنێـت. بۆیـە گەڕانـەوە بـۆ کایـەکانی مەعریفیی مێـژوویی، لـە ناوەنـدی مێـژووی کۆنـدا پەسـەندترە، لـە بـەرایی هـەموو شتێکیشەوە، پێویستە بیر لە پرۆگرامی مێژووی تێگەیشتن بکرێتەوە، ئەو تێگەیشتنەش پێدڤی بە هاوڕێکی و هاوسەنگی لە نێوان ستوونەکانی ڕابردوو و هەنووکە دەبێـت. بۆیـە سەبارەت بە جیاوازی تێگەیشتن بەرانبەر جیاوازی ئاسۆی ئەزموونی پێشوو و ئەزموونی ئێستا: ((چەمکی ئاسۆیی بۆ زانـستی وێنـاکردن و فەلـسەفی و ئـەدەبی و مێـژوویی، بـە بنچینە و بناغە دادەندرێت))[2].

---

(١) بڕوانە: مەرگی نووسەر لە:

Barthrs, The Death of Authors, Stephen Heath (ed) Imagemisic Text Brothers London, 1977.

(٢) د. صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، ص: ٥١

تەوەرەکانی ناخی بەدەقکردن، سوود لە دەقێك وەردەگرێت بۆ ئەوەی دەقێکی تر دابڕێژێت، مەفابینینە لە واتای تێکستێك بۆ ئەوەی واتایەکی تر و نوێتر، لە دەقێکی تر ببەخشرێت. ئەم کردارەش کارامەیی زمان و داهێنان و ئەزموونی گەرەکە، تا شاعیر پڕ رۆشنبیریی گشتی بێت، کرداری بەدەقکردن تۆکمەتر و بەهێزتر و پڕ واتاتر دەبێت. هەر لەم پرۆسەیەدا، سوود وەرگرتن لە هەر بوارێك و هەر تێکستێك بابەتێکی ڕەوایە، کایە مەعریفییەکانی مێشك، بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی دەقێك لە ناوەندی بابەتێکی پێش خۆی، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەزموون و بنەمای داهێنان و شارەزایی زمانی شاعیر، جگە لە بەرپرسیارێتی، هاوسەنگیش دەبن. بەدەقکردن بەرانبەر کردنی جیهانێکی تایبەت و جیهانێکی رۆشنبیرترە. هەروەها سەبارەت بە مەسەلەکانی ئەزموونی ئێستێتیکا و جوانکاری، لە ساتی بینای ئاسۆی چاوەڕوانیدایە، کە لە خوێندنەوەی کار و بەرهەمێکی ئەدەبی، لە لایەن خوێنەری هاوچەرخ یان داهاتوو جێبەجێ دەبێت.

پرۆسەی بەدەقکردن و بەرسڤی پرسیاری ئەرکی دەقەکانی تر، لە ئەستۆی ئاسۆی کاری ئەدەبیدایە.[1] کرداری هەڵهێنجان و گواستنەوە، لە تێکستێکەوە بۆ دەقێکی تر، هێشووی واتا بەدەست دێنێت، بەو پێودانگەی دەق کارێکی بەرهەمییە، دەتوانێت لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕدا نوێنەرایەتی دەقی دیکەیش بکات. واتا لە ڤالای دەقدا پرۆسەی بەدەقکردن، ڕایەڵەکانی برگە برگەیی لە دەقەکانی تر وەردەگرێت، تەنانەت هەندێکیان دەستنیشان دەکرێن و هەندێکیشیان هەڵدەوەشێندرێنەوە. بۆیە (جولیا کریستیفا) کرداری بەدەقکردن بە: ((یەکەیەکی ئایدۆلۆجی))[2] دادەنێت. لە ڕاستیدا ئەم یەکەیە چەقی بەدەقکردنە. دەکرێ لە زۆر ئاستی جیاوازدا، بەرجەستە بکرێت و دەقی تر بەدوای خۆیدا بهێنێت. بۆیە بۆهەر دەقێك دوو بۆچوونی گەورە بەدی دەکرێت، ئەوانیش: ((یەکەم: ئێستێتیکایێکی نەگۆڕ، زمان وەك هێماکان. دووەمیش: دینامیکییەتێکی پڕ لە جوولە. ئەمەش ئەو ناوەرۆکەیە کە هەڵوەشێنەرەکان بۆ چەمکی بەدەقکردن جەختی لەسەر دەکەنەوە)).[3]

---

(١) هانز روبرت جارس، علم التأويل الادبى حدوده ومهماته، ترجمة: بسام بركة، مجلة العرب والفكر العالمي، بيروت، ١٩٨٨، ص: ٨٨

(٢) د. صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، ص: ٢٢٩

(٣) كلاوس برينكر، مفهوم التأويل، ترجمة: د. انطوان بطرس، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة ١٩٨٧، ص: ٤٣٢.

بۆچـــوونی یەکـــەم دەرەتـــانی دیمەنـــسازیی (مظهریـــة — Phenomonlogy) دەق دەگرێتەوە، ئەوی تریش لایەنی بەرهەمهێنەرەکەی (Generalogy) لە خۆ دەگرێت.

ئاریشەی بەدەقکردن و توانستی شرۆڤەکردن، کە لە چوارچێوەی ئـەم چـەمکەدایە، ناکرێت لە بیرۆکەی بەرهەمی ئـەدەبی دابـڕ بکرێـت. بـەدەقکردن کـرداری هەڵمـژین و گۆڕینی بنەڕەتی یان لاوەکیـی دەقێـك یـان چـەند تێکـستێکی دیـاری کـراوە و پـەلی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوە، بۆ خانەکانی دەقی ئـەدەبی دەهاوێـژێت. گـەڕان بـەدوای بەدەقکردندا، تەنیا بە خوێندنەوەیەك بابەتی تەوەرەکانی ئاشکرا نابن، بەڵکو پێویـستی بە توانست و ڤالای بەرانبـەرکردنی لەگـەڵ دەقـەکانی تـردا دەبێـت، هـەوڵی هونـەریی هەمەجۆریشی پێویستە.

بەدەقکردن، لەگەڵ دەقی ئایینی و شیعری و داستانی و ئەفسانەیی و مێـژوویی... تێکەڵ و ڕەنگاو دەکرێت، هەریەکەیان لە بواری ئـەدەب و شـیعردا، پانتـاییێکی فـراوان داگیر دەکات و ڕاسـتەوخۆش لەسـەر ئاسـتی ڕۆشـنبیری و ئەزموونگـەری و توانـستی داهێنەرانەی شاعیر دەوەستێت. لێـرەدا هەوڵـدەدەین هەنـدێ بـەدەقکردنی ئـایینی لـە بەرهەمی شیعری هاوچەرخی کوردی نیشان بدەین.

### آ) قورئان

نەك بە تەنیا لای عارەب، بەڵکو هەموو ئەو نەتەوانـەی کـە بـوون بـە موسـڵمان و ئایینی ئیسلامیان پەسەند کردووە، قورئان لەسەر ئاسـتی بیریـان کاریگـەریی تـەواوی هەیە و زۆر بەدڵکاری ئاوڕیان لێ داوەتەوە و لە بـوارە جیاجیاکـانی هونـەری و هزریـدا سـوودیان لێ وەرگرتـووە. شـاعیران بـۆ دەرەتانـەکانی: بـەهێزکردن، ڕوونکردنـەوە و نیشاندان، لێکچواندن، جوانسازی... هتد پرۆسەی بەدەقکردنی قورئانیان ئـەنجام داوە و لە بەرهەمەکانیاندا زۆر تا کەم بەرچاو دەکەوێت.

لەو ڕوانگەوە کە ئایینی ئیسلام بۆ کێشە و گرفتە نەتەوەیی و هزرییـەکان چارەسـەر بووە، (لەتیف هەڵمەت) بەسەرهاتی ((ئەبرەهە))[1]، لـە شـیعردا بـەدەق دەکـات و لـە

(١) ئەبرەهەی حەبەشی کە بە خاوەن فیل ناسراوە، بە نیاز بوو کەعبە وێران و کاول بکات، بە لەشـکری فیـل هێرشی بۆ کرد، بەڵام لە ڕێگا بەهۆی بەرد باران کردنیان لـە ڕێگـای باڵنـدەی ئەبابیلـەوە، لەشـکرەکەی شکاو ئاواتەکەی نەهاتە دی. بڕوانە: قورئان، سورەتی فیل، ئایەتی: ١ ـ ٥.

هاوچەرخدا ئاماژە بۆ ڕوودانــەوەی دەکــات. بــەڵام بــۆ دووبارەنەبوونــەوەی چارەســەری موعجزات، (گەڕان) ڕۆڵی کلیلی بەدەقکردنەکە دەبینێت و ناخی هەڵـچووی پـێ بـەتاڵ دەکرێتەوە:

**من ئەگەڕێم گشت ئەشکەوتەکان ئەگەڕێم**
**گەر محمد بدۆزمەوە پێی ئەڵێم**
**بۆ ـ زولفەقار**
**دراوەتە دەست دوژمنەکانی عەممار**
**لێی ئەپرسم.. بۆچی دووبارە ئەبابیل**
**لەشکرەکەی ئەبرەهە، ناداتە بەر بەردی سجیل**
**لێی ئەپرسم چی ئەزانی لەبارەی زیندانەکان**
**باستیل.. باستیل**
**هەزارەها نوقرە سەلمان**
**لێی ئەپرسم.. چی ئەزانی**
**لەبارەی سەدەی تاوان**
**لێی ئەپرسم.. تۆ ئەزانی.. تۆ ئەزانی**
**چەن جار کوردستانیان سووتان..**
**چەن مزگەوت و چەن هەزار قورئانیان سووتان[1]..؟**

ئەم بەدەقکردنە لە هاوچەرخدا، ئاست و پلەی نموونەیی وەردەگرێت، چونکە نەك بـە تەنیا ئایەتێکــی قورئــان سەرچــاوەی لــەدایکبوونی دەقێکــی تازەیــە، بــەڵکو واتــا و دەلالــەتی نــوێ و گرفــت و کێــشەی نەتــەوەییێك دەخاتــە ڕوو، کــە لــە بەســەرهاتە سەرەکییەکە، پڕ کارەسات و تاوان و جەرگبڕ ترە. تاوانباران لــە ئەبرەهــە، تاوانبــارتر و وێرانکەرترینن.

(سەباح ڕەنجدەر) لە دیاردەی بەدەقکردندا، ئەوەندە قووڵە خوێنــەر و ڕەخنــەگر، تــا سەرەداوی بنەمای بەدەقکردنەکــە دەدۆزنــەوە، پــڕ زانیــاری و هۆشــیاری و ڕۆشــنبیری

(١) لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم، چ: یەکەم، سلێمانی ١٩٩٩، ل: ١٠٥ - ١٠٦

دەكات. بە جۆرێك تەكنیكی هونەری و فیكری و داهێنانی هاوچەرخی بەكار دەهێنێت، بەدەقكردن، یەك دەقی دەنوێنێت. ئەم داهێنانەش بۆ توانستی هونەری و ڕۆشنبیریی شاعیر دەگەڕێتەوە، ناوەندەكانی دەلالەتیش، لە كلاورۆژنەی دەلالەتە بۆماوەییەكە، گشت دەرەتان و میتۆدە بەرهەم بەخشەكان دەگرێتەوە، تازەگەری لە بواری مرۆڤی و دەروونی و ئەفراندن و كێشەی بنەڕەتی و لاوەكی و مەسەلەكانی بوون، پێویستی بوون، پێویستایەتی ئەنجام دەدات:

**ئەوی لە هەموو شتێك دروستكراو**
**تەواو مەست بە هەموو شتێك**
**كتێبی چی ئێمەی هێنا بەكراوەیی**
**لە دەستە گوناه نەكردووەكانی بووە گیانێكی شیاو دابەزییە سەرزەوی**
**گریان هێندێك شتی دەهێنایەوە بەهەشتی پڕ ئاوازی بێداركردنەوە**
**ناوچەوانە دەمار دەرپەڕیوەكەی بۆن دەكرد**
**لەسەرەخۆ سووتانی دەنۆشی**
**چاوە سڕە بریقەدارەكانی لەگەڵ دێڕەكان لە خۆشییەكی بەردەوامدا بوون**
**دێڕەكانیش هەمیشە بە برادەری یاد و دروودیان دەزانی**
**بە هەردوو دەست توند ژیانی گرت و دەمی كردەوە**
**بڕوای كرد بە بازێكی ژیر بۆ حیكمەتەكانی ڕووناككەرەوەی چاو و نیگا**(١)

ئایەتی: ((وإنكَ لَعلی خُلقٍ عظیم))،(٢) ژێدەری بە دەقكردن و لە دایكبوونی ئەم قەسیدەیە. (تەواو مەست بە هەموو شتێك)، بۆ كەسایەتیی پێغەمبەر ڕەمزە. شاعیر زیرەكانە مەفای لەم ئایەتە وەرگرتووە. سوێند خواردنی خودا بە (قەڵەم)ی فریشتەكان، بونیاتی شاراوەی مەبەستی گەورە دەبەخشێت، پاكترین و گونجاوترین كەسایەتیی، گەواهی بۆ ڕاستییەكانی باشە و خراپە دەدات. گەورەیی و مەزنی كەسایەتیی

---

(١) سەباح ڕەنجدەر، خەون وا خۆی گێڕایەوە، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، چ: ١، هەولێر ٢٠٠٤، ل:٣٩

(٢) القرآن، سورة القلم، ایة: ٤

پێغەمبەریش، بۆ بوونی دەسەڵات و بەخشندەیی خودا دەگەڕێتەوە، ئەویش هەوڵدەدات ئەو (مەزن) و (گەورە)ییە لە ناو خودی خۆی بپارێزێت و بەهاو نرخی بزانێت. شاعیر مەبەستێتی ئەم سیفەت و خەسڵەتە، لە هەموو تاکێکدا بونیات بنێت. دروستبوونی پێغەمبەر لە زەوییەوە دەستی پێ کردووە، بە هەمان شێوە هەموو تاکێکیش لەسەر هەمان زەوی دروست بووە و دەبێت. ئەو سیفەتانەی کە لە سرووشەوە بۆ ئەو هاتووە، مرۆڤ دەبێت لە ڕەنگدانەوەی ئەوەوە خۆی بونیات بنێت، بۆ پاراستنی چەمکی مرۆڤی و کردەوە مرۆڤییەکان و ئاوێزان لەگەڵ سەروو، سرووش و سرووشت بوون، تاك لە دەرەتانەکانی: ڕەوشتی و دەروونی و پەروەردەیی و هزری.. خۆی خۆی دروست بکاتەوە، لە گیانی شەڕەنگێزی و دڕندایەتی، بۆ مەبەستی پاراستنی بەهای مرۆڤی دوورکەوێتەوە. نرخی دەستکردی گەورەیی مرۆڤ بزانێت و پاداشتی ڕاستەقینەش وەربگرێت.

**ب) فەرموودە**

فەرموودەکانی محەممەدی پێغەمبەر کاریگەری هەبووە لەسەر هزری نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیران، بۆ بونیاتی شاراوە و دەلالەت بەخشین زۆرشت لە ناخی فەرموودەکان هەڵهێنجراون، ناوەندی بەچەقیان داگیر کردووە. دیاردەی بە دەقکردنی فەرموودە، بۆ مەبەستی ئامۆژگاری و ئێستێتیکا و دەلالەت و ڕوونکردنەوە و زۆر مەبەستی کەسێتیی شاعیر بەکار هاتوون.

لە قەسیدەی ((حوسێن))[1]دا، (دڵشاد عەبدوڵڵا) سوودی لە فەرموودەی: ((ان الارض تبکی علی المؤمن اربعین صباحاً بالسواد))[2]، وەرگرتووە و کرداری بە دەقکردنی ئەنجام داوە.

---

(١) دڵشاد عەبدوڵڵا، بزربوونی ناوێك، ئۆفسێتی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل: ٥ — ١٩

(٢) بڕوانە: الإمام ابي بکر احمد بن الحسین البیهقی، شعب الایمان، تحقیق: ابي هاجر محمد السعید بن بسیونی زغلول، دار الکتب العلمیة، بیروت، لبنان، ٢٠٠٠، ص: ١٨٣.

- - - -

ئەی ئاو!
چۆن توانیت بچیتە ناو گیانی نەسرەوتی
ڕووبار و
حوسێن تینوو بێ؟
زمان چۆن پڕا،
بێ فێربوونی ناوی حوسێن؟
چۆن دەستت شوشت و دەستنوێژت
هەڵگرت و شمشێر و تیر و ڕم
بەلاتدا تێپەڕین
فرمێسک و برین و ئازاریان
لات جێ هێشت؟
زەوی چل ڕۆژان گریا و تۆ ئاگات لێ نەبوو
خۆر چل ڕۆژ گیرا
باڵندە چل ڕۆژ دەنووکیان بەسترا
چل ڕۆژان ژنێك ئاوس نەبوو
منداڵێك نەهاتە دنیاوە
پیاوێك نەچووە سەر جێگەی ژنێك
چل ڕۆژان خوا بە تەنیا مایەوە
---- هتد

ئەم بەدەقکردنە، چیرۆك و کارەساتی کوشتنی ئیمامی (حوسێن)، هەر لە ترۆپکەی بونیاتی شاراوەی بیرەوە تا دوا ئەنجامی تەواوبوون و بە سەردەمکردنی لەخۆ دەگرێت. زنجیرەی واتای بیری بابەتەکان، ڕێز بەستنی گونجاو و نەپەڕاندن، بە دوای یەك داهێنانی خاڵی چیرۆکەکە، بە زمانێکی زیندوو دابەشکردنێکی بابەتییانە، کارەساتەکە وەك نوێترین ڕووداوی هاوچەرخ نیشان دەدات.

**چ) کتێبی پیرۆز**

ڕۆڵی حەزرەتی عیسا لە: خووڕەوشت و چۆنێتی مامەڵەکردن و ڕەهەندی ڕەهایی و ڕاستگۆیی، بەزەیی و خۆشەویستی و وەفا، کەسێتی ڕزگارکەر، تێڕوانینی بۆ مرۆڤ و ژیان، گوزەران و خزمەتکردن و چاکەکاری و زیندووکەرەوە و شفابەخش...هتد، لە: ((الکتاب المقدس))دا[1] ئاماژەیان بۆ کراوە، لە شیعری هاوچەرخی کوردیشدا ئامادەیی هەیە. شاعیران بۆ دەربڕینی ناخی پەنگخواردوو حاڵەتی دەروونی؛ نارەزایی؛ تارمایی ترس و کردەوەی دەسەڵات و تەمومژ و نارەزایی... ئاوڕیان لێ داوەتەوە، تێکەڵاوی بەرهەمەکانیان کردوون. جگە لە مەسەلەی ڕۆشنبیریی باری تایبەتی کورد و چەوساندنەوە، نارێکی مامەڵەی دەسەڵات، ئایین بە پەنهان و پاردە کردن... هۆکاری بەدەقکردنن. هەندێ جار ئەم پرۆسەیە، بۆ مەسەلەکانی ئایدۆلۆژی و سکۆلاریزم (Secularism) بەکار هاتووە، قەسیدەی: ((دەرکەوتنی م..))،[2] جوانترین بەدەقکردن لەخۆ دەگرێت. هەوڵێکی پڕ هونەری و پرۆسەی چالاکییەکی تەکنیکی، داهێنانێکی لێواولێو لە توانست نیشاندەدات. شاعیر هەوڵیداوە سیفەت و بونیاتی پێکهاتەیی کەسی و ڕەهەندی (مەولانا خالیدی شارەزووری) و تەقەڵاوماندووبوون وخاسیەتی کار و خووڕەوشت و دەروونی (حەزرەتی عیسا) لە یەك بۆتەدا قاڵ بکاتەوە، تێڕوانینە نزیکەکانیان نیشان بدات:

**ئەستێرەیەکی گەورەم دی لە شارەزوورەوە دەهات**
**دارستانێکی گەورەم دی**
**پیرۆزە ئەوەی دێ**
-------
-------
**دوازدە پەنجەرەی ڕووناك و**

---

(١) بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: الکتاب المقدس العهد الجدید، ط: ١، الناشر: اتحاد جمعیات الکتاب المقدس، بیروت، لبنان، ١٩٩٢، سەرجەم لاپەڕەکان، بە تایبەتی، ل: ٨، ١٤، ٢٢٥...
(٢) دلشاد عەبدوڵلا، بزربوونی ناوێك، ل: ٣٣ – ٤٠

**دوازده مۆمدان و**
**پەرداخێك شەراب لەمسەری**
**مێزەوە تا ئەوسەری مێز**
**هەریەکەو قومێکی لێ دەخواتەوە**
**لەتێك نان**
**هەر زارەو گازێکی لێ دەجوێ**
**ژیان بەو گاز و لێو تەڕ بوونەوە**
**دەچڕێ**
**ئەگینا**
**من لە کوێ و**
**ئەستێرەی ئۆرشەلیم[1] لە کوێ.**
**-------**

**-------**
**بە دار هەنجیرێك[2] دەڵێم**
**بە ڕووتی بەلاتدا تێپەڕدەبم**
**تکایە چاوان دابگرە!**
**بەگوێم دەکا**
**-------**

**-------**
**دڵی ژنێك پەلەپەل لێ دەدا**
**ئەو گەورە ترە لەلای من**
**لە کەنیسا**
**لە سێدارە دێمە خوارێ**

(١) بۆ مەسیح ئاماژە و ڕەمزە، مەسیح ئەوەندە ئۆرشەلیمی خۆشویستووە، بۆیە شاعیر ئـەم دەلالەتـەی پـێ بەخشیوە، بۆ زانیاری پتر لەبارەی خۆشەویستی مەسیح و ئۆرشەلیم، بڕوانە: الكتاب المقـدس، لوقـا (١٣: ٣٤ — ٣٥)، ل: ٧٢.

(٢) ئاماژە بۆ وشككردنی دار هەنجیرە لەلایەن یەسـوعەوە، بڕوانـە: الكتـاب المقـدس، ص: ٦٣، ١٣١ (متـی ٢١: ١٨—١٩)، ص: ٦٣.

**لە سێزدەمین پەنجەرەوە**
**تیرێك دێ**
**مانگی ڕووت**
**لەسەر جێگەکەم دەکوژێ**
**ئەستێرەیەك دێ شیعرێکی بە دەستە**
**مەولانایێك دێ..**
**ئەو لە کوێ**
**ئۆرشەلیم لە کوێ**

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، کە عیسا وەك ڕەمز بۆ زۆر دەرەتانی هزری و نەتەوەیی و ڕەوشتی بەکار هاتووە. بە ڕەمزکردنی مەسیح، پڕ لە ڕایەڵی دەلالەت بەخشینە. چەقێکە و هەموو چیوەی بازنە دەلالەتییەکان و تەوەرە بارگاوییەکان دەگرێتەوە. (عەبدوڵڵا پەشێو) بڕوای ڕەهای بە کردەوەی زیندووکردنەوەی عیسا هەیە، بۆیە بۆ چارەی کێشەی دووبەرەکیی نەتەوەکەی، خستوویەتییە ناو بونیاتی شاراوەی دەلالەتەکان و گەورەترین گوزارشتی پێ دەربڕیوە.

**شەو لە خەوما،**
**ئارامگەی حاجیم[*] دیتەوە**
**چۆکم دادا، سوژدەم برد بۆی**
**گوتم حاجی پەرێشانین**
**سەری کز کرد،**
**دەستی دانا سەر دڵی خۆی.**
**گوتی: مەردبە زیندووم کەوە**
**گوتم: گەورەم**
**من عیسا نیم[1]**

---

(*) مەبەست (حاجی قادری کۆیی)یە.

(١) لە کتێبی پیرۆزدا، باسی ئەوە کراوە کە چۆن عیسا توانیویەتی کوڕی سەرۆکی یەهودی پاش مردن، زیندوو بکاتەوە، واتا عیسا توانستی زیندوو کردنەوەی هەبووە. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: کتێبی پیرۆز، (مرقس ٥: ٢١ — ٤٣، لوقا ٨: ٤٠ — ٥٦) ل: ٢٥. جگە لەمە کوڕی بێوەژنێکیش لەسەر دەستی عیسا زیندوو بووەتەوە. بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، لوقا ٧، ل: ١٨١...هتد.

چۆن زیندووت کەمەوە بێژە
گوتی: لێرە دەرمبێنە
دوو بەرەکی
لە شوێنەکەی من بنێژە[1]

خاچ و مەسیح لـە پانتـایی شـیعری هاوچـەرخدا، داینـەمۆ و میکـانزمی پانتـایی بەدەقکردن لە خۆدەگرن. ئەو سیفەت و خاسیەتانەی کـە لـە کتێبـی پـیرۆزدا[2] خـاچ و مەسیحی پێ بارگراوی کراون، وەك ڕەمز سەرچاوەی دروسـتکردن و بنـەمای واتـایی و سیمانتیکی دەقـی تـازەن. لـە دوای نـسکۆ تـا کۆتـایی هەشـتایەکان، ئـەم دوو وشـە بارگاوییە، دەقی بەرگری و خەبات و بەردەوامی و دان بەخۆداگرتن...ی دروست کردووە.
بۆ نموونە:

سەر بڵندی
بۆ ئەو شاعیری یە
لەوێ خۆ کرییە مەسیح
هەمی دەوران و زەمان
--
ڕابوی خاچا خو ڤەدای و..
بلند کری
دلسۆژیا خو پێڤە کری
داخەونێت ئاگری سۆتین..
جارەکا دی
بدەن تری
بدەن تری[3] [4]

---

(١) عەبدوڵڵا پەشێو، بروسکەی چاندن، هلسنکی، ١٩٩٩، ل: ١٧٦
(٢) بڕوانە: الکتاب المقدس، ص: ٨٩، ١٤٨، ١٩٢، ٢٢١، ٢٢٤، ٣٧٤، ٦٠١....
(٣) عەبدولڕەحمان مزووری، ژ ئەڤینا چراییێت کەڤن، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠، ل: ٧٤.
هەرچەندە ئەم دیوانە مێژووی ساڵی (١٩٨٠)ی لەسەر تۆمارکراوە، بەلاَم بە پێویستم زانی وەك سەرچاوەی نموونە بەکاری بهێنم.
(٤) جگە لە قورئان و فەرموودە و کتێبـی پـیرۆز، زەردەشـت و مەسـەلەکانی چـەمك و هـزری زەردەشـتی، کتێبـی: (ئاڤێستا) و (گاتەها - گاتا)..هتد ڕووبەرێکی فراوانیان لە شیعری هاوچەرخی کـوردی داگـیر کـردووە و بـۆ زۆر بواری هزری و نەتەوەیی و پـاکی و مەسـەلەکانی بـوون و ڕۆح و ئاریـشە سـەردەمییەکان، نـاواخنکردنی ڕۆژگـار و ڕاستییەکان..هتد، بەکار هاتوون، لێکۆڵینەوەی دوور و درێژ هەڵدەگرن. هەروەها (حەللاج) و بیر و باوەڕی حەللاجی و چۆنێتی کوشتن و پەردە شاراوەکانی پشت کوشتن و سەرگوزشتە و چیرۆکی کوشتنی حەللاج بە قووڵی لە ناو شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ڕووچووە و کاری بەدەقکردنی پێ ئەنجام دراوە، بۆ زۆر بـواری هـزری و نەتـەوەیی، ڕەمـزی و کێشەیی، دەقی شیعری لە ئامێز گرتووە.

### ٣ . ٥ كاریگەریی زمان لەسەر دیاردەی کەڵەکەبوون Cumulation

لە شێوازگەریدا کەڵەکەبوون، بەهاییێکی ڕەوانبێـژی و دیمەنـسازییەکی ئێـستێتیکایی هەیە، بۆ مێژووی توانست و دەسەڵاتی داهێنەر دەگەڕێتەوە، بەو مەرامەی چەمکی ئەم دیاردەیە لە ئاست و ناوەندی بەرهەمی و ئێستێتیکایی بزانین، لە لێکۆڵینەوەدا نـووکی قەڵەمی لەسەر دابنێین، پێویـستە نرخـی داهێنـانی شـارەزایی قاڵبوونـەوە، ڕۆڵـی لـە بەرهەمی داهێناندا دیاری بکەین. قاڵبوونەوە (الخبرة Experience)ی مرۆڤـی لەسـەر کۆمەڵێك هۆکاری دەروونیی دەوەستێت، قۆناغـەکانی شـارەزایی، هۆکارەکـان بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت. هـەر لـە بـەرایی هۆشـیاریی مرۆڤیـدا، زۆر لـەم هۆکارانـە دوور کەوتبوونەوە و لە ئاوڕلێدانەوەی شێتگیرانە بە دوور بوون. بەڵام هەموو دەم بۆ پاڵپشتی کردن لە داهێنان، ڕۆڵی گرنگیان بینیوە. لەکاتی بەکارهێنانی ئەزموونی ئەو توانـستەی کە لە کرداری چڕی توانست و شارەزایی ، دەبێتـە بنـەمای پێکهێنـان و دروسـتکردنی تەرزەشێواز و دیاریدەی کەڵەکـەبوون، هـەولیان داوە کـار و بەرهـەمی داهێنـان لـەناو نەچێت، هەندێ بنەمای حاڵەتی دەروونیی هەڵچوو و کاریگەرێتی پێـی دامرکێتـەوە[1]. مێژووی بنەمای ئەم هۆکارانە، بۆ هەست و زانیـاری ئـەو قۆناغانـە دەگەڕێتـەوە، کـە ناوەندی چوارچێوەی کۆمەلایەتیی تـاك و حاڵـەتی ژینگـە تێیـدا بـاڵا دەسـتە. بـەڵکو جوغزئاسـا، دەورەی تـاك و خانـەوادەی کۆمـەڵگای داوە. پاشـان ئـەم شـارەزایی و قاڵبوونەوەیـە، بـۆ ئـەو مەبەسـتەی کـە خاوەنەکـەی وەك سـەرمایەیەك بـۆ ئاسـت و ئاراستەیەك بەکاری بهێنێـت، ئاراسـتە وەردەگرێـت. ئـەو ئاراسـتەیەش، بـەهای ئـەو قاڵبوونەوەیەیە کە لە ئەنجامی داهێناندا دەست دەکەوێت، بـە جەوهـەری ڕاسـتەقینە و لاوەکی دادەنرێت. پاشان ئەم شارەزاییە لـەکاری تـاکی و داهێنانیـدا دەق وەردەگرێـت، وەك دیاردەییێکی پسپۆری خۆی نیشان دەدات، زیاتر لە جەوهەری ڕاستەقینە و لاوەکـی جوولەی دەبێت. بۆ بەردەوامی کار و داهێنان و هێشتنەوەی بەزیندوویی، پتر ڕووچـوون

---

(١) علاء الدين رمضان، الهروب من الصمت الى الجسد، مجلة الشعر، العدد ٧٣٠، يناير ١٩٩٤، ص: ٩١.

بەناو قوولّیيدا، پێویستی بە کار و بەرهەمی دوای خۆی دەبێت. چونکە داهێنەر تا لەسەر یاداشت و خەونی بانگراوندی خۆی پێی دابگیرێت، بەو پێودانگەی نرخێکە یان توانست و ئاگادارییەکە سوودی لێ وەردەگرێت، لە حالّەتی واقیعی دووری دەخاتەوە. ئەو حالّەتەش چونکە بیر و هەزرێکی ڕاستەوخۆ کۆی دەکاتەوە، بۆیە ڕەهەندێکی دوورتر و ناخێکی تر وەردەگرێت، بەڵکو ((دەبێتە بڕیاری چەندێتی و ماوەیی قوولّی ئەو جارەیەی کە پلان و هەنگاوی داهێنان، دیاردەی کەڵەکەبوون لەدەقی ئەدەبیدا جێبەجێی دەکات))[1].

کەڵەکەبوون، دیاردەیەکە و لە ڕێگای زمانی شیعرەوە ناوەندێك لە شیعری هاوچەرخدا داگیر دەکات. هەر دیاردەیەك و شێوازێك لەشیعری هاوچەرخ، لە گەڕانەوەی جەختی و هاوسەنگی و ڕێکیی پتەوی ڕیتمی بە دوور بێت، تەنها لە ئاستی ورتە و فزەدا دەربڕین بگەیەنێت، بە واقیعی دیاردەی کەڵەکەبوون دادەندرێت. لە شێوازگەریدا، لێکۆڵینەوەی تایبەت شرۆڤەی دەکات. قەسیدەی هاوچەرخی کوردی، دوو چەشنە دیاردەی کەڵەکەبوون لە خۆ دەگرێت، ئەوانیش:

١- **کەڵەکەبوونی سادە** Simple Cumulation.

٢- **کەڵەکەبوونی تێکەڵ** Complex Cumulation.

جۆری یەکەم، لە قەسیدەیەکدا وەك دیاردەیەك لە ڕێگای چالاکیی زمانەوە، بەهۆکاری حالّەتی دەروون و ئاوێتەبوون بەدیار دەکەوێت. کەڵەکەبوون لە وێنەیێکی سادەی قەسیدەدا، شێوازی ورتەیی (لفظي Pronunciatinal) دەنوێنێت. بە چەند جۆرێك لە شیعردا بەدیار دەکەوێت لەوانە:

**(١) کەڵەکەبوونی یەك جەمسەری** (Monopoler):

أ) **ورتە و فزەی یەك فۆنەتیکی**، بە زۆری ئامرازی بانگهێشتن، ئەم دیاردەیە بونیات دەنێت، پتریش لە بەرایی کۆپلە و قەسیدەدا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە:

**هۆ. هۆ. هۆ:**
**لە دوورەوە ڕا**
**بەشنەشن و**

---

(١) علاء الدين رمضان، الهروب من الصمت الى الجسد، ص: ٩١.

**خەندەی وشەوە**

**شیعرێکی چاوڕەشی، بە ڕێگاوە بوو، بێتەوە لامان**[1]

کەڵەکە بوونی (هۆ. هۆ. هۆ) وەك ئامرازی بانگهێشتن، تەنیا ڕەنگدانەوەی حاڵـەتی دەروونیی شاعیرە، لە ڤالاّی گەڕانەوە تێپەڕ بووە، ناوەندی دیاردەی کەڵەکە بوون بونیات دەنێت.

**ب) کەڵەکەبوونی دیاردەیی (Phenomenous)**

**ئای میرم!**
**دلێ من بەفرە.. بەفرە.. بەفرە**
**بەفرە و کەڤی**
**خەنجەرا من دیت و رەڤی**[2]

(بەفرە)ی یەکەم، لە ئەرکی بونیاتی ڕێزمانیدا، ئەرکی گوزارەی نـاوی، لـە ڕسـتەی ناوی دەبینێت.(بەفرە)ی دووەم: دیاردەی گەڕانەوە جێبەجێ دەکات. (بـەفرە)ی سـێیەم: لێرەدا تەوژمی هێزی دەروونیی شاعیر، لەسەرووی دیاردەی گەڕانەوەدایە، ئـەم تەوژمـە پڕ لە ناوەندە، ڕایەڵی دیاردەی کەڵەکە بوون بونیات دەنێت و سەرتاپای چـەقی دەلالـی لەخۆ دەگرێت، حاڵەتی هەڵچوون خاڵی دەکاتەوە.

**پ) کەڵەکەبوونی دڵنیایی (Tranquillity) و جەختی (Confirmative)**

**بەفرا جوانە..**
**جوانە**
**جوانە**
**جوانە**

---

(١) شێرکۆ بێکەس، لەگوڵەوە هەتا سووتوو، چ: ١، کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل: ١٤٩ ـ ١٥٠
کتێبی ((لەگوڵەوە هەتا سووتوو)) لەساڵی (٢٠٠٦) چـاپکراوە، بـەڵام سـاڵی لـەدایکبوونی قەسـیدەکە: ((مەرگی شەوبۆیەك))، ڕێکەوتی ١١/ ٦/ ٢٠٠٥ بۆ تۆمارکراوە.
(٢) موئەیەد تەیب، ستران و بەفر و ئاگر (دیوان)، دهۆك، ١٩٩٢، ل: ٧٥

**دەسەرمایێ دا**
**بەفر کرێترین جوانییە**[١]

یەکەم (جوانە): ئەرکی گوزارەی ئاوەڵناوی، لەڕستەی ناوییدا دەبینێت. دووەم (جوانـە): لە ڕیزبەستنی و زنجیرەی پێکهاتندا، دیاردەی گەڕانەوە دەگەیەنێت. سێیەم (جوانـە): لـە بونیات و بینای ڕستەکە، دیـاردەی (کەڵەکـەبوون) لـەخۆ دەگرێـت. چـوارەم (جوانـە): بـەردەوامی تـەوژمی دەروونیـی دۆخـی سـێیەمی (جوانـە)ی کەڵەکـەبوون و هـەموو دۆخەکانی دیکە فەرامۆشی دەکات، دۆخی دیاردەی دڵنیـایی و جـەختیی کەڵەکـەبوون پێکدەهێنێت.

**(٢) کەڵەکەبوونی بازنەیی** (Circular)

أ) **یەك چەقی:** دەرکەوتن لە بـەرایی وێنـەی شـیعری و دەرکەوتنـەوەی لـەکۆتایی هەمان وێنەدا، بەشێوەی یەك چەقی کە دەلالەتە بۆ یەك پارچـەیی، دیاردەیـەکی تـر و شێوازێکی دیکەی کەڵەکەبوون بە دیار دەخات، بەوێنە:

**بمنووسەوە، هەوری ڕژاو**
**ئەستێرەی خوا**
**مانگی برین، بمنووسەوە.**
**بمنووسەوە، هەتاوی خەم**
**ئاوی غوربەت**
**سەیلی ئازار، بمنووسەوە.**
**بمنووسەوە، ژنی لە تریفەوە هاتوو**
**کچی سەراب**
**ئەی قەسیدەی جێماوەکەم، بمنووسەوە**[٢].

---

(١) د. عارف حیتو، سەما (هۆزان)، چاپخانا زانکۆیا دهۆك، کوردستان ـ دهۆك، ٢٠٠٢، ل: ٤٢ ـ ٤٣.
(٢) جەمال غەمبار، هەمیشە با لەوێ بێ لای عیشق (کۆشیعر)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل: ٧٢ ـ ٧٣.

زمانی شیعری هاوچەرخ، ئەوەندە باڵا دەستە گەلێك چەشنە دیاردە پەیدا دەکات. لەم قەسیدەیەدا، لە سێ وێنەی شیعریی سێ کۆپلەدا، کاری داخوازی (بمنووسەوە)، شوێنی داختسنی بازنە بە کەڵەکە بوون دادەخات.

**ب) دوو چەقی:**

**سرووشت، سەرچاوەی پاکیزەیی**
**ئەو ڕێیە بەسامە نەبوو**
**ئاگردز نائومێدی و ڕەنجبەخەساری بۆ هێنا...**
**ئاگر دز...**
**ئاگر... دز...**(1)

هەمان دیاردەی پێشووە، بەڵام قاڵبی داڕشتنی ڕێزمانی جیاوازە، دوو چەقی* واتە فۆڕم، دوو بەشی داڕشتن: ( ئاگر + دز) دەگەیەنێت. توانستی داهێنانی زمانی شیعر، بۆ حاڵەتی دەروونیی شاعیر کاری کردووە، ڕایەڵەکانی ئەم دیاردە هونەرییە، دەروونی خوێنەر ئاسوودە دەکات.

### ٣ـ کەڵەکەبوونی ناسروشتی (Unnalural)

دیاردەیەکی هونەری شیعری هاوچەرخە، بەڵام بوونی سیمایەکی تایبەت لە چەشنەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، ئەویش بۆ حاڵەتێکی پێکهاتەی ناسروشتی

---

(١) نەژاد عەزیز سورمێ، تاڤگەی مەند و ئەوانی تر (کۆ دیوان)، کۆ شیعری چوارەم، چ: ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥، ل: ٣٦١.

* وێڕای کەڵەکەبوونی بازنەیی یەك چەقی و دوو چەقی، شێوەی تریش وەك سێ چەقی و چوار چەقی..ش لە شیعردا بەرچاو دەکەوێت، نموونە بۆ سێ چەقی:

**سوپاس بۆ با**
**سوپاس بۆ با**
**سوپاس بۆ با**
**نەیهێشت چاوم لە ئاسۆدا ببڕێ... هتد**

بڕوانە: نەژاد عەزیز سورمێ، تاڤگەی مەند و ئەوانی تر، ل: ٣٣٩... هتد.

دەگەڕێتەوە. لەم حاڵەتەدا، ئەوەندە بنەمای دیاردەی کەڵەکەبوون بەدوای یەکتر و بەسەر یەکەوە هەڵدەنرێت، لە شێوازدا جۆرە قاڵبێکی ناسروشتی و نائاسایی وەردەگرێت.

هۆکاری یەکەمی ئەم دیاردەیە، دوا پلەی بەرزی و گرژیی هەڵچوونە، پێوەندییێکی ئۆرگانیکی ڕاستەوخۆشی بە دەروونی شاعیرەوە هەیە. لەنێوان سەرچاوەی دەسەڵاتی دەرەوە و ڕەتکردنەوەی لە لایەن دەسەڵاتی ناوەوە (دەروونی)، تەوژم ئاستی پێکهاتنی ئاسایی لەدەست دەدات و لەحاڵەتێکی ناسروشتیدا، شەپۆلەکانی هەڵچوون بەهۆکاری زمانی دەربڕین، ئارام دەگرێت و دادەمرکێتەوە. لە پانتایی شیعری هاوچەرخی کوردیدا، شیعری ((دیوار))[1] جوانترین و بەرچاوترین نموونەی ئەم چەشنە دیاردە هونەرییەیە:

**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار**
**بێهوودەیە کوڵینگ وەشاندن و عیشق و فرمێسکی من؟!**
**یا هێندەی نابات دیواری نێوان هەڵدەکەنرێت لەبن**
**پەپوولان ڕاودەنێمەوە و دەبینمەوە بەهەشتی ون؟!**

ئەم دیاردەیە، بونیاتێکی هونەری قەسیدەی هاوچەرخی کوردی ڕادەگەیەنێت، لە هەمان کاتیشدا دەرەتانی جیهانی ئێستێتیکاش لەخۆ دەگرێت. جگە لەمەش، ئایۆنەکانی بارگەی هەڵچوونی دەروونیی شاعیر بەتاڵ دەکاتەوە. لەئاستی ژێر پلەی (هیچ) جێگیری دەکات، بەڵام خوێنەر بەرەو حاڵەتێکی نیگەرانی و چاوەڕوانی دەبات، خاڵی دەلالەت بەخشین لە هزر و ئاوەزی خوێنەر، بۆ تەنسێکی دیاریکراو دوور دەکەوێتەوە.

---

(١) نەوزاد ڕەفعەت، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە (دیوانی شیعر)، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، کتێبی شین/ ٦، هەولێر، ٢٠٠٤، ل: ١٠٦.

### ٤ـ کەڵەکەبوونی ناوازە (Irreguler)

دیاردەیەکی سروشتی پێشکەوتنی داهێنانە. داهێنانیش هەوڵدەدات چڕی توانستی داهێنەر، لەگەڵ هزری خوێنەر ڕێکبخات، بۆیە هەموو کات لە داهێناندا چاوەڕێی وەرچەرخان دەکرێت.

کەڵەکەبوونی ناوازە لە دیاریدەی هونەرییدا، جۆرێك لەم بابەتە بەدیار دەخات، ئەزموونی شاعیریش، دەتوانێت لە ڕەگەوە بابەت بگۆڕێت و سیمای دیکەی پێ ببەخشێت.

لەدیاردەی کەڵەکەبوونی ناوازەدا، لەشوێن وشە و فرێز و ڕستە، دەنگ (مۆرفێم) ڕۆڵ دەبینێت. هەرچەندە لەکار و خەسڵەت و سیفەت گەیاندندا، هەمان پێوەندی دەروونیی چەشنەکانی پێشووی هەیە، بەڵام لە شێوازدا جیاوازە. ئەم جیاوازییەش جۆرە تایبەتمەندێك بە ئەزموون و داهێنانی شاعیر دەبەخشێت، بۆنموونە:

**یاتا هومایی پیرۆزی شار نەیێتەوە و**
**هوما دەرنەکەوێتەوە**
**هەوری خوێن نارەوێتەوە و بارانی سوور**
**هەر:**

د د د د د د د د د د د د د د د د د د
ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه
ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر
ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت؟[1]

چواردە کەڕەت بەدیارکەوتنەوە و کەڵەکەبوونی هەریەك لە دەنگەکانی (مۆرفێم): (د، ە، ب، ا، ر، ێن)، لەکاری (دەبارێت)دا، تەرزە تایبەتییەکی شێواز لە ناوەندی داهێنانی شاعیر نیشان دەدات.

---

(١) نەوزاد ڕەفعەت، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل: ١٥٥.

**٥ـ کەڵەکەبوونی ناساندن ( Definntion)**

دیاردەی کەڵەکەبوون لە شیعری هاوچەرخدا سوود لە حاڵەتی دەروونیی شاعیر وەردەگرێت، وەك پەناگەیەك پەنهانەکانی ناو بابەتێك دەناسێنێت. لەم دیاردەیەدا ڤاڵای ئێستێتیکا لەناخی هونەرییەوە، هەڵوێستی هزر لەخۆ دەگرێت، شێوازێکی ئەندازەیی ڕێك لە ئاسۆی دوو گۆشەی تەواو و دوو گۆشەی ناتەواودا، نوێنەرایەتی چوارگۆشەیەکی سێ هێڵی دروست دەکات، هونەری لابردنی هێڵی چوارەم، دەروازەئاسا بۆ بابەت ناساندن، ڕێگا لە بەردەم ڕایەڵەکانی هزر واڵا دەکات.

شاعیری قەسیدەی ((مەرگی ئاوێنە))[1]، شێوەکاری ئەم دیاردەیە. سەرەڕای چەشنە داهێنانێکی تازە، هەڵبژاردنی بابەتەکانی ناساندنی ناو شێوە هونەرییەکە، (ژیان) و (مردن)، دوو بابەتی (بوون)ن، پێوەندی ئۆرگانیکییان بە بوونەوەر (بەردەوامی) هەیە. واتە، توانستی شاعیر بۆ میتۆدی زیندوویی، داهێنانی داهێناوە. شێوە ئێستێتیکاییە ئەندازەیەکە، دەلالەت لە توانستبەخشی دەرەتانەکانی دیکەی داهێنان دەکات:

**خەون شەوی خەوخۆشی و بەختیاری**
**خوێن شیرین کرد**
**مەودای ڕێگاکان دیارن**
**ماوەم نادەن بڕۆم بەرەو بزربوون**
**ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان**
**چەند ساڵ ژیام ژیان**
**چەندین ساڵی تریش بژیم ژیان**
**ناتناسم ژیان**
**ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان**
**لە کەرنەڤاڵی گواستنەوەی**
**کیژی زەوی بۆ کوڕی ئاسمان**

---

(١) سەباح ڕەنجدەر، ڕووەکەکانی خواوەند (شیعر)، دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل: ٩٩ ـ ١٤٠.

**هوما لەسەر شانی ڕاستم**
**بەگوێی چەپی چرپاند**
**ناسین مەحاڵە**

**مردن مردن مردن مردن مردن**
**چەند ساڵ مردم                مردن**
**چەندین ساڵی تریش بمرم          مردن**
**نووسینی سەر کێلی خۆم بۆ ناخوێندرێتەوە     مردن**
**مردن مردن مردن مردن مردن**

...هتد

کەڵەکەبوون لە ئامارکردنی هەرسێ لای چوارگۆشەکەدا یەکسانن. ژمارەی (ژیان) لەهێڵی سەرەوەدا پێنجە. هەمان (ژیان) لە هێڵی چەپ و خوارووەدا، پێنجە. هەرچی هێمای ڕاستە (دەروازە)، هەمان ژمارەیە، بەڵام بەم جۆرە: ٢ ژیان + ٣ هەڵوێست = ٥

دیاردەی کەڵەکەبوونی ناساندن، بەو بنەمایە لە دیاردەکانی پێش خۆی جیا دەکرێتەوە، لە زنجیرەی پێکهاتن و دەربڕیندا، دوا دەربڕین پێویستی بە هەڵوەستە دەبێت. لە دەربڕیندا، مردنەکانی یەکەم: ئاسایی، دووەم: گەڕانەوە، سێیەم: کەڵەکەبوون، چوارەم: کەڵەکەبوونی دڵنیایی و جەخت، هەرچی پێنجەمە گەرەکی بە پشوودان و هەڵوەستەیەکی هەناسەیی و دەروونی دەبێت، ئەوجا دەربڕین. بەو پێودانگە ئەم جۆرە دیاردەیە، سەرەڕای خاڵیکردنەوەی حاڵەتی دەروونیی شاعیر، هێزی بابەتەکە بە دەربڕین، ناسنامەی پێ دەبەخشێت.

دیاردەی کەڵەکەبوونی سادە بەگشت چەشنە بونیات و پێکهاتەیەوە(*)، لە قووڵایی شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ڕۆحی کرداری نووقم بوونی خوێنەر لەناو وێنە و

(*) لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، پتر لەو چەشنانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا خراونەتە ڕوو، جۆری تریش بەرچاو دەکەون، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە دەبێتە بابەتێکی کەڵەکەبوون، خۆمان لە جۆرەکانی تر بەدوور دەگرین. ئەم شێوانەش کە پەنجەیان بۆ درێژ کراوە، بۆ مەبەستی نیشاندانی دەسەڵاتی زمان و دیاردەی هونەریی شێوازگەرییە، کە ئێمە لەم بەشەدا مەبەستمانە و تیشکی توێژینەوەکە لەخۆی گرتوون.

نیگابەخشەوە جێبەجێ دەکات. هەروەها چالاکترین بواری هونەریی زمانی شیعر بـەدیار دەخات. لە پرۆسەی داهێناندا ڤالاّی چڕی دەربڕین دروست دەکات. کاتێك لـەم دۆخانـە بەدوور بخرێتەوە، بە بابەتێکی زیادەی ناپەسند دادەنرێت.

### جۆری دووەم: کەڵەکەبوونی تێکەڵاو (Complex Cumulation)

داپۆشین و شاراوەیەکی ویژدانییە. دیمەن و سەرچاوەی قەشەنگی بەشێك لە ئەزموون و داهێنانی شاعیر دەگرێتەوە. ئەم دیاردەیە لە بەرهەمی هەچ شاعیرێك بەدیار دەکەوێت. لە پانتایی داهێناندا، ڕەگ و ناخی قووڵی بەرهەم بەدیار دەخات. خاڵی ویژدان و چـەقی داهێنان لە تەوەرەکانیدا دەسووڕێنەوە. سەرجەم یان زۆرینەی بەرهەمی شاعیر لـەباوەش دەگرێت.

تێکەڵە کەڵەکەبوون، لە تێکڕای یان زۆرینەی بەرهەمدا، بۆ خاڵی بونیات و سەرجەم دەربڕینەکان بە پێگە دادەنرێت. واتا، جەوهـەری ئـەو ناخەیـە کـە شـاعیر لەزۆرینـەی بەرهەمەکانیدا پێـی لەسـەر دادەگرێـت، داینـەمۆی هـزری بەرهـەمهێنانی بەرهەمـە. لەئاستی ئەم پێودانگەدا، ئەم دیاردەیە لـە لێکۆڵینـەوەی شـێوازگەریدا، پێویـستی بـە (ئامار ـ Counting) دەبێت. ئامار، چەندێتی چەقی کەڵەکەبوون لە تێکڕای بەرهەمی شاعیردا دیاردەکات. لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا و لەسـەر بنـەمای کـرداری ئامـار، لێکۆڵینەوەکەمان ناتوانێت دیاردەی کەڵەکەبوونی تێکەڵە، لەبەرهـەمی هـیچ شـاعیردا بخاتە ڕوو. تەنیا دەتوانێت ئاماژە بۆ ناوەندی ئەم دیاردەیـە بکـات، کـە لـە بەرهـەمی هەندێ لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردیدا بەرچاو دەکەون. بۆ نموونە: سروشت و یەکەکانی سروشت و گێڕانەوە، بەگشت ڕەهەندەکانیانەوە، پانتایی شیعری (شێرکۆ بێکەس)ی داگـیر کردووە. مەیل بۆ جوانی، جوانی وەك دیاردەیەکی بێ سنوور و بێ کۆتایی، لە بەرهەمەکانی (دڵشاد عەبدوڵڵا) کەڵەکە بووە. جووڵە (با، فرندە) و مەحاڵی، (کـەریم دەشـتی) بەرهـەمی خۆی لەسەر هەڵناوە. (سەباح ڕەنجدەر)، باوەش بەخـەون و تارمـایی و لـەززەت و مـەرامی خەون دەکات و بەکەڵەکەبوونی خەون لە بەرهەمەکانیدا، کلیلی پەنهانەکانی واقع و سروشـت دەدۆزرێنەوە. خەم وەك دیاردە، وەك ڕایەڵ و ناوەنـد، بەرهەمــەکانی (حەسـیب قـەرەداغی) گرتۆتەوە... هتد.

کەڵەکەبوونی تێکەڵە، بە شێوەیەکی گشتی، شێوە ڕوخساری جوان و نایابی ڤاڵای شیعرە، ئەو وێنە پڕ لە ئێستێتیکا و هزر و دەلالەتەیە کە پانتایی بەرهەمی شاعیر داگیر دەکات. سەرەڕای ئەمانەش، ئەم دیاردەیە لەگەڵ حاڵەتی دەروونی هاوسەنگ دەبێت و هەمووکات بۆ کرژی و هەڵچوون، کاری خاڵیکردنەوە ئەنجام دەدات، شاعیر لە پڕاوپڕی بەتاڵ دەکاتەوە.

### ٣ . ٦ ڕۆڵی زمان لە دیاردەی پووکانەوە (Evanesce)ی پلەییدا:

زمان ناوەندێکی هێندە تێکچڕژاو و پڕ لە دەسەڵات و جوولەیە، توانست و سیفەتی داهێنەرانەی شاعیر بەرەو ڤاڵای پێکهێنان و خولڤاندنی چەشنە جیاییەکانی دیاردەی پڕ لە داهێنانی دەبات. بۆ هەموو ناخەکانی داهێنان زمان بنەمایە. تەنانەت چالاکی زمان، ئەو توانستەی هەیە کە دیاردەیەك دژ بە سیفەتە بنەڕەتییەکەی خۆی، کە فراوانیی هەڵنان و تازەیی... دەگرێتەوە، بێنێتە ئاراوە. بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکەمان، دیاردەی (پووکانەوە)، نموونەیەکی دروست نیشان دەدات.

دیاردەی پووکانەوەی بە پلە، یەکێکە لە دیاردەکانی شیعری هاوچەرخ و لە سەر بنەمای چالاکیی زمانی شیعر بونیات نراوە. ئەم دیاردەیە، لە (پارادۆکس ـ Paradox) دا بە تەواوەتی پێچەوانەی (Opposition) دیاردەی کەڵەکەبوونە کە لە خاڵی پێشوو خستمانە ڕوو. بەڵام دیاردەی ناوبراو لە ڕووی کاری هونەری و داهێناندا، دیاردە کەڵەکەبوون ئاسا، دەق لە ئاستی داڕشتن و بۆچووندا، بەتایبەتە دەربڕینێك بارگاوی دەکات. پاشان ئەم بارگانە، کە لە تێکستەکەدا ئایۆنی کەڵەکەبوونیان هەڵگرتووە، بە ئاستی پلەیی تێدەپەڕن و بۆ سروشتی ئاسایی خۆیان دەگەڕێنەوە و کۆتاییان پێ دێت، ئایۆنەکانیش خاڵی دەبنەوە. ئەم دیاردەیە هەندێ جار بەشێك دەگرێتەوە، هەندێ کەڕەتیش گشتگیرییێك دەنوێنێت. لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەم دیاردەیە چەقێك لەخۆ دەگرێت. لە چەند ئاستێکدا بەدیار دەکەوێت، لەوانە:

**(١)ئاستی دەنگسازی Phonology**

**(٢)ئاستی وشەسازی Morphlogy**

**(٣)ئاستی ڕستەسازی Syintaix**

**ئاستی یەکەم:** دیاردەیەکی بەش بەشییە، لە بونیاتی یەك وشـەدا ڕوودەدات. بـەپێی یاسای فۆنۆلۆجی، بەچوونە پاڵ یەکتری دەنگەکان بڕگە، وشە، ڕستە دروست دەبن، کـار لێك دەکەن[1]. ئەو وشەیەی دەلالـەتی کەڵەکـەبوون هـەڵبگرێت، بـە بنـەمای کـرداری دیاردەی پووکانەوەی پلەیی دادەنرێـت. لـەم ئاسـتەدا دوا فـۆنیمی بونیـاتی وشـە، بـۆ بەراییترین فۆنیم دەپووکێتەوە. ئەم ناوەندە هونەرییە، لەشێوازگەرییدا لەگەڵ ڕایەڵەکانی داهێنان، بە بنەمای دەروونییەوە هاوبەندە، ڕادەی توانست و هۆشیاری داهێنەر دیـاری دەکات. لە شێوازگەریدا قەسیدەی ((ئەو ئاگرە داگیرسێنەوە مێرێ))[2]، جوانترین نموونە بەدەستەوە دەدات:

.....

**بانگی مەلەکانم دەکرد**
**وەرنەوە مەرجانە جوانەکانی گریان ببەشنەوە**
**بانگی ڕووبارەکانم دەکرد**
**وەرنەوە شەوقە جوانەکانی نەرگز**
**بۆ دەم کەنارەکانی خودا بەرنەوە**
**وەلێ هاوارەکانم لە زمانم ڕەت نەدەبوون**
**وردە وردە جوانییەکان هەڵدەپڕووکان**
**کەون ڕەش هەڵدەگەڕا**
**ئاگرەکان دەکوژانەوە**
**بوون دەتوایەوە**
**دلۆپ**
**دلۆ**
**دڵ**
**د**

---

(١) پ. وریا عومەر ئەمیـــــــن، چەند ئاسـۆیەکی تـری زمانـەوانی، بـەرگی یەکـەم، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ: ١ ، هەولێر، ٢٠٠٤، ل: ٣٠١

(٢) کەریم دەشتی، دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە (کۆشیعر)، چاپخانەی ڕۆشنبیری هـەولێر، هـەولێر ٢٠٠٤، ل:١٨ ـ ٢٢.

**ورد و خاش دەبوو**
**ئەمە ئەفسانەی دوای نەمانی جوانییەکان بوو**
**ئەمە ئەفسانەی دوای کوژانەوەی ئاگرە جوانەکان بوو**

**ئاستی دووەم:** ئەم ئاستە گەشە و فراوانی بە ئاستی یەکەم دەدات. هەرچەندە ئەم دیاردەیەش، هەمان بنەمای دەلالەت و هونەری لە شێوازگەریدا دەگەیەنێت، بەڵام لە ئاستی یەکەم، پتر تەکنیك و هونەری تێدا ئەنجام دەدرێت. وشەی کەڵەکەبوو بۆ چەند برگەیەکی ڕێزمانی دابەش دەبێت، پاشان میکانزمی دیاردەکە، لە دوا برگەوە بۆ یەکەم برگە جێبەجێ دەکرێت. ئەگەرچی ئەم دیاردە هونەرییە، ئاستی پووکانەوەی پلەیی لەخۆ دەگرێت، بەڵام کاریگەریی تەواو بەجێدەهێڵێت و زیاتر مەبەست بارگاوی دەکات. لە قەسیدەی ((گەمەی دژەکان))[1]دا، نموونەی ئاستی دووەم دەخەینە ڕوو:

**بەسەر تەختە شەترەنجەکەی لاتین دا**
**شێتانە گۆرانی دەچڕی**
**بێهوودە گەمەکانی خۆی دەکرد**
**گەمەییێك بۆ مەرجانەکانی خاك**
**یەکێك بۆ سەما**
**گەمەییێك بۆ درەخت و جوانی**
**یەکێك بۆ دەقێکی جاویدانی**
**هەموو سەربازەکانی تەیار کرد**
**سەربازێ بۆ دەرگای قەڵا**
**سەربازێ بۆ هێنانی ئاو**
**سەربازێ بۆ پەڕینەوە بەناو تێلدڕ**
**سەربازێ**
**سەربا**
**سەر**
.....

---

(١) کەریم دەشتی، پیانۆی ڕۆژهەڵات و ئەوانی دی (کۆ دیوان)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، کتێبی شین/ ٣، هەولێر، ٢٠٠٤، ل: ٣٥٩.

شاعیر لەم دیاردەیەدا، وشەی (سەربازێ)ی کردۆتە ئەنجام. ئەم وشەیە لە یاساکانی مۆرفۆلۆژیدا، یاسای بونیات بەسەر سێ بڕگە: (سەر، با، زێ) دابەش دەبێت. پڕۆسەی پووکانەوەی بە پلە، لە بڕگەی سێیەمەوە بۆ بڕگەی یەکەم ئەنجام دەدرێت. بەدووبارە کردنەوەی پێکهاتەکە، لەسەر بنەمای پارادۆکسیزم، دیاردەی کەڵەکەبوون بەدیار دەکەوێتەوە.

**ئاستی سێیەم:** لەم ئاستەدا بینای ڕستە، بەسەر چەند بەشێك دابەش دەکرێت. ئەم کرداره لە بونیاتی سینتاکسدا، وشە، فرێز، ڕستەی سادە (لەدۆخی ڕستەی ناسادەدا) دەگرێتەوە. لەم دیاردەیەدا شاعیر هەوڵدەدات هاوسەنگی و ئارامییێکی دەروونی دەستەبەر بکات، بینای پێکهاتەی ڕستەکە، لەدوا بەشەوە بۆ یەکەم بەش دەپووکێنێتەوە:

**نازانم ئەز چۆنیان لەیەکتر جیا وەکەم؟**
**نازانم ئەز چۆنیان لەیەکتر**
**نازانم ئەز چۆنیان..**
**نازانم ئەز..**
**نازانم..**
**نا**(١)

ڕستەی: (**نازانم ئەز چۆنیان لەیەکتر جیا وەکەم؟**) لە کۆتاییەوە بۆ بەرایی بەسەر شەش پارچە: (جیاوەکەم (١)؛ لەیەکتر (٢)؛ چۆنیان (٣)؛ ئەز (٤)؛ نازانم (٥)؛ نا (٦)؛ دابەش کراوە. هەرچەندە دابەشی شەشەم (نا)، بەشێکە لە دابەشی پێنجەم، بەڵام

---

(١) شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپوولە (قەسیدەیەکی درێژ)، چ: ٢، چاپخانەی بێسارانی، سلێمانی، ١٩٩٨، ل: ٤٠.

خاڵی بەتاڵکردنەوەی دەروونیی شاعیرە و ئامرازی نەهی ڕەهایە، بۆیە لە مامەڵەکردنی دیاردەکەدا وەك بەشێکی سەربەخۆ حسابی بۆ کراوە.

وەك پێشتر باسمان کرد، دیاردەی پووکانەوەی پلەیی، هاودژ و پێچەوانەی دیاردەی کەڵەکەبوونە، لە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکاری شێوازگەریدا، مامەڵەی سەربەخۆیان لەمەڕ دەکرێت، بەڵام هەر یەکەیان جگە لە پێچەوانەیی پێکهاتە، تەواوکەری یەکتریشن. ئەگەر دیاردەی پووکانەوەی ڕستەی پێشوو، بەشەکانی بەپێی یاساکانی ڕستەسازیی، لە (نا)وە بۆ (جیاوەکەم) بەیەکەوە گرێ بدەینەوە، دیاردەی کەڵەکەبوون بەدیار دەکەوێت.

ئامانجی هەریەکە لە ئاستەکانی دیاردەی پووکانەوەی بەپلە، جگە لە دامرکاندنەوەی حاڵەتی هەڵچوون و نیگەرانی شاعیر، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، خوێنەریش بە قاڵای قووڵی و ناخی و کاریگەری ئاشنا دەکات، ئارامیی دەروونی خوێنەر لەگەڵ دەروونی شاعیر نەك هەر یەکسان دەبن، بەڵکو لە هاوهێزیشدا هاوسەنگ دەبن[*].

## ٣- ٧ دەسەڵاتی زمان لە دیاردەی هونەری هەڵوەشاندنەوە (Disassembly) دا

ئەرکی زمان بۆ دیاردەکان، لە قووڵایی شێوازگەریدا ئاشکرا دەکرێت. شیعریش پانتایی جێبەجێکاری ئەزموونی دیاردەکان لەخۆ دەگرێت. جگە لەمەش بڕوانامەی شیعر بەدەست ناهێنێت و هەموو بنەماکانی خۆی پێ مسۆگەر ناکرێت، ئەگەر مامەڵە و وێناکردنی زمانی لەگەڵدا نەبێت. یاساکانی شیعرە بواری دروستکردنەوەی زمان دەدەن، لەهەموو هەنگاو و داهێنانێکدا، پێویستە زمان دروست بکاتەوە. بونیاتنانەوەش، لە بانێژەی شکاندنی یاسا نەگۆڕەکانی زمان و ڕێسابەزاندنی ئاستی ڕستەسازییەوە بەئەنجام دەگات. دیاردەی هەڵوەشاندنەوە لەئاستی ڕستەسازیدا، هونەرێکی زمانی شیعر نیشان دەدات، سەرەڕای جەوهەرایەتی ئێستێتیکا، بۆ هۆشیار کردنەوەی خوێنەر لەناخی هەڵچوون، ئاستێکی سیحریی دەگرێتەبەر، چونکە: ((تەنیا جوانی قەسیدە بەس نییە،

---

(*) شیعری هاوچەرخی کوردی، لە دەرەتانی دیاردەی هونەری و شێوازگەریدا دەوڵەمەندە. سەرەڕای ئەم چەندەی کە لێکۆڵینەوەکەمان پێی دەوڵەمەن کردووە، زۆری تریش بەر دیدە دەکەون. ئێمە زیاتر مەبەستمان بوو شێوازگەری و بونیاتی زمانی شیعر لەم چەند دیاردانە پڕاکتیك بکەین، بێگومان دیاردەی هونەری و شێوازگەری، ئەوەندە هەڵدەگرن چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، (نامەی ماجستێر و دوکتۆرا)یان لەمەڕ بنوسرێت.

بەڵکو دەبێ سیحرێکی هەبێ کە هەرکاتێك ویستی گوێگر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ))[1].

ئەم هونەرەش لەڕێگای داهێنان و هونەرایەتیی زمانەوە دەبێت، شاعیر لەگەڵ یەکێکی دیکە، لەم سیحرنواندنە جیاواز دەبێت.

دوای بەسەرچوونی ڕۆمانتیك و لەدایکبوونی جیهانی واقیع، پێناسەیەکی دیکە و کارێکی تر بۆ شاعیر پەیدا بوون، گەواهی واقیعی دنیای تازەی شیعریان دەبەخشی. لێرەدا، شیعر وەك پیشەی داهێنان و ئەفراندن سەیر دەکرێت، ڕۆڵی فابریقەیەکی پڕ لە کەرەستەی دەربڕین دەبینێت. نقووم بوونی شاعیر لە دەریای پڕاو پڕ لە پەنهان و مەتەڵ (Riddle)، نەك هەر پێویستی بە کەڵێنی هەناسەدان هەیە، بەڵکو بەدوای ناوەندێك دەگەڕێت، تا ئارامی دەروونی و ویژدانی تێدا لەنگەر بگرێت، لەگەڵ ڕیتمدا ئاوێزانی یەکتربن. ئەم دیاردەیە ڕێگا بە شاعیر دەدات، بەهۆکاری زمان، داهێنانێکی ئارامبەخش و پڕ لە گەیاندن دابهێنێت. شێوازی زمانی هەڵوەشاندنەوە، ڕایەڵەکانی بونیاتی ئەم جیهانە لەناخ دەگرێت.

شاعیر وەك ئەرك، لەسەریەتی گەشە بەو زمانە بدات: ((خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆی هەبێت، کە لە ڕابردووەوە موڵکایەتی دەکات، بۆیە پاراستنی پێویستە))[2].

هەڵوەشاندنەوە جۆرێکە لەم گەشەپێدانە.

لە شیعری هاوچەرخدا، هەڵوەشاندنەوە* وەك داهێنان لە شێوازی شیعردا، دوو ئاست لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش:

---

(١) هۆراس، هـــــــــــونەری شیعر، ل: ٢٢.

(٢) الیزابیث درو، الشعر کیف نفهمه ونتذوقه، ص: ٢٣ ـ ٢٤.

(*) مێژووی سەرهەڵدانی دیاردەی هونەری هەڵوەشاندنەوە، لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، بۆ حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٥) دەگەڕێتەوە، کاتێك (شێرکۆ بێکەس) قەسیدەی (کۆچ)ی نووسی، بەڵام قەسیدەکە لە ساڵی ١٩٨٠ بڵاو کراوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: شێرکۆ بێکەس، دوو سروودی کێوی، چاپخانەی (الأدیب)، بەغدا، ١٩٨٠، ل: ١١، ٢٨... هتد. هەروەها (نەژاد عەزیز سورمێ)ش لە ١٥/ ٧/ ١٩٧٥، شیعری (سەکۆ دەنوێ، سەکۆ خەو دەبینێ..)ی نووسی، لەساڵی ١٩٧٧، لە دیوانی (ئەو شەوانەی خەوم نایێ!)ی بڵاو کردەوە. بڕوانە: نەژاد عەزیز سورمێ، ئەو شەوانەی خەوم نایێ.. (هۆنراوە)، چاپخانەی (النعمان)، نەجەف، ١٩٧٧، ل ٧١.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە وەك داهێنان، هەڵوەشاندنەوە لەلایەن (شێرکۆ بێکەس) سەری هەڵداوە، بەڵام لەلایەن (نەژاد عەزیز سورمێ)ەوە، پێشتر بڵاو کراوەتەوە.

**١ـ ئاستی فۆنێمی (Phonemic)**

**٢ـ ئاستی بڕگەیی (Syllablic)**

**لە ئاستی یەکەمدا**، شاعیر هەوڵدەدات هەڵچوونی دەروونی لە حاڵەتی دڵنیاییدا، لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقا هاوسەنگ بکات و لەنگەری پێ بگرێت. لەم ئاستەدا، زمان هەرچەندە خولگە ئایۆنییەکانی چالاك بن، ڕیتم ئەوەندە خاو دەکاتەوە، لە ئاستی فۆنێمەکانی وشە یان فرێز، شەپۆل دەدەن و دەوەستن. لەچەند حاڵەتێکدا بەدیار دەکەوێت، لەوانە:

**حاڵەتی پابەندبوون (Binding)**

لەم حاڵەتەدا ئەرکی زمان بۆ دەرەتانەکانی جێبەجێکردن، هەڵوەشاندنەوە دەخاتە سەر وشەی گەڕاوەی دڵنیایی دەروونی:

**دیسان لێوە بە بارەکان ژەهرن، کەف هەڵئەدەن**
**دیسان شەپۆلە ئارامەکان سەرشێتی هەڵیاندەلووشێ**
**مەدەد**
**م**
**ە**
**د**
**ە**
**د**(١)

**حاڵەتی سەربەخۆ (Resigned)**

لەم بوارەدا، شەپۆلەکانی هەڵچوون یەك حاڵەت دەنوێنن، واتا لەسەرچاوەی تەقینەوە بۆ ئارامگرتن، بەیەك خێرایی دەڕۆن، بۆیە پێویست بە گەڕانەوەی دڵنیایی ناکات، وشە خۆی هەڵدەوەشێتەوە:

(١) نەژاد عەزیز سورمێ، تاڤگەی مەند و ئەوانی تر، ل: ٢٦٥.

شەوباش ئەی موسافری
دڵ بەفر
ئەی تێکەڵەیەک
لە هەور و
لە سەدەف و
لە (با)
پێڵوو لێکنێ،
چاو ترووکانێکە و
هەرئێستا بەلەمێک
لەو دوورایییانەوە
دێت و
د
ە
ت
ب
ا![1]

**پ) حاڵەتی کەرتی (Half)**

دەتوانین هەڵوەشاندنەوە لەم حاڵەتەدا، بەکەرتی ئاوێتەیش ناوببەین. لێرەدا کرداری هەڵوەشاندنەوە، وشە ناگرێتەوە بەڵکو فرێز یان ڕستەی تەواو لەخۆ دەگرێت، شێوازی داهێنانی هەڵوەشاندنەوە، لە کەرتی کۆتایی ئەنجام دەدرێت، بۆ نموونە:

.........
بەخێر لە بەفرانباری تەمەندا
ڕەشانگمان لێ دەرکەوتبوو

(١) دلاوەر قەرەداغی، ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان (کۆشیعر)، دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی ئاراس ، کتێبی شین، هەولێر، ٢٠٠٥، ل: ١٧٦، ١٧٧.

بەخێر خەریك بوو
هەنگاو هەڵێنین..
زیندەخەونن..
زیندە.. خە.. و.. ن.. ن.[1]

ت) حاڵەتی دوانەیی (Twofold)

هەڵوەشاندنەوە لەم لایەنەدا، لەقووڵایی دڵنیایی و جەختکردن بەرەو ژوورتر دەچێت. ڕیتم بۆ خاوبوونەوە، تا بەرامبەر لە ڤاڵای گومان و ئەگەر دوور بخاتەوە، دەکەوێتە بەر تەوژم. هەڵوەشاندنەوە بۆ هاوسەنگ ڕاگرتن، ڕایەڵی تەریبکردن ئەنجام دەدات، لەم بوارە دوو وشە یان دوو فرێز.. بەهاوتەریبی یەکتر هەڵدەوەشێنەوە. بۆ نموونە:

لەوێ بە
کە لە ژێر باراندا
چۆڕ چۆڕ
دەمرم
خوا حافیز... خوا حافیز
بەڕاستمە
ئیتر من
دە
چ
م
ە
ش
ە
ڕ
ا[2]

(١) نەژاد عەزیز سورمێ، تاڤگەی مەند و ئەوانی تر، ل: ٤١٥.
(٢) دلاوەر قەرەداغی، ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان، ل: ١٥٨.

هەرچی ئاستی دووەمە، واتا ئاستی بڕگەیی، وشە یان فریز، یان ڕستە، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی نقوومی ناو ڕیتم ببێت، لەسەر ئاستی بڕگەکان هەڵدەوەشێندرێتەوە. سەرەڕای حاڵەتی دەروونی، هەڵوەشاندنەوە لەم ئاستەدا ناخی دەربڕین و مەوداکانی ڕاگەیاندن نیشان دەدات. ڕیتم دەبێتە میکانیزمی داهێنان. لە پانتایی ئەم چەشنە هەڵوەشاندنەوەدا، ڕیتم لەسەر زمانی شیعری گەڕاوە و دڵنیابوون، وەك کێش، کار و گرنگی خۆی دەبێت. لەم جۆرە شێوازەدا، ڕیتم سەرچاوەی پێشبینی کردنی ڕوودان و ڕووداو لەخۆ دەگرێت. زۆرجار ئەو پێشبینییە ناهەستییە (Unconscious) بە ئاستێکی تایبەت بە دوای بڕگەکانی دەنگی یان وێنەی جوولانەوەی گوتن دەچن[1]. زەین و بیر بۆ وەرگرتنی شتێکی تازە لەسەر ئەو شێوازە ئامادەیی دەبێت، لەسەری ئارام دەگرێت و ڕادێت، بەمەرجێك تەنیا چەند شت و بابەتێك پەسەند دەكات.

ئەم ئاستە، جاری وا دەبێت لە ناوەڕاستی قەسیدە بەدیار دەکەوێت، چییەتی و جەوهەری بابەتییانەی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت، هەمان سیفەتی تایبەتمەندی ئاسایی خۆی دەنوێنێت. بۆ نموونە:

**تۆ بەدوای منداڵیتدا وێڵبوویت؟**
**کە لەوێ**
**لەنێو خۆڵی کۆڵانە کوژراوەکانی ((قەڵادزێ))دا**
**باوەشت بۆ گرتەوە و نەی ناسیتەوە**
**نەی.. نا.. سی.. تە.. وە..!**
**وێڵی چی بوویت..؟**
**وێڵی چی نەبوویت..؟**
**....[2]**

---

(١) د. بدوي طبانة، فن الشعر بين الغاية والمفهوم، مجلة كلية اللغة العربية، عدد: ٩، رياض، ١٩٧٩، ص:٢٥٢.

(٢) ڕەفیق سابیر، بەتەنیا جێی مەهێڵن (سەرجەمی شیعرەکان)، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦، ل: ٣٤٦.
تێبینی: هەرچەندە دیوانەکە ساڵی (٢٠٠٦) چاپکراوە، بەڵام قەسیدەکە: (لە خۆر گیرانی کۆڵانەکەدا)، ساڵی (١٩٩٢) لەدایك بووە، بۆیە بۆ لێکۆڵینەوەکە سوودمان لێی بینیوە.

هەڵوەشاندنەوەی بڕگەیی لە حاڵەتی ئاساییدا، بۆ ئەوەی گشت حاڵەتە دەروونی و ڕاگەیاندن و هەواڵی، لە ڕێگەی ڕیتم و گەڕانەوە و ... لەگەڵ ناخ و دەروونی خوێنەر هاوسەنگ بکات، دەکەوێتە کۆتایی قەسیدە، بۆ نموونە:

....

....

**بەردیش پاڵی بە بەرد داوە**
**ڕووبار لەچاوتا خنکاوە**
**بپارێزە!**
**بپارێزە ئەی شوورەی خۆشەویستی**
**شوورەی ئەبەدیەت**
**بپارێزە!**
**هاوارێکی ترم پێ نەماوە...**
**بپ**
**پا**
**رێ**
**زە....**[1]

لە دیاردەی هونەری هەڵوەشاندنەوەدا، شاعیر لە ناوەندیێکی دوو چەق دایە. یەکەمیان ئەلتەرناتیڤی بەهرە و سرووش لەخۆ دەگرێت، دووەمیشیان بە هۆکاری ئاوەز، دەرەتانی فۆرم کاری ئیرادی و دەستکردی دەگرێتەوە. ئەم دوو چەقە سەبارەت بە پێکهاتەی شیعر و داهێنان، ڕێڕەوی ستوونی زمان وەردەگرێت. چەندایەتی پەسەندکردنیش، ڕێڕەوی ئاسۆیی دەگرێتەوە. واتا بۆ بونیاتی شیعر جگە لەم دوو چەقە، چەقەکانی ڕەوانبێژی و سیمانتیك و چەشنایەتیی بونیاتی ڕستە لەکاری زماندا لەخۆ دەگرێت.

لەناخی شیعری هاوچەرخدا، ئارەزوو و ویستی شاعیر سەبارەت بە داهێنان بەگشتی و داهێنانی هونەری بەتایبەتی، ڕۆڵی گرینگ و کاریگەر دەبینێت. پرۆسەی بەخشین لە خولقاندنی تازەیی شیعر، بەرهەمی ڕاستەقینەی ئەم دیاردەیەیە. شاعیر دەتوانێت دەرەتانی بونیات و ئێستێتیکا بۆ مەبەستی گوزارشت و فراوانکردنی ڕایەڵەکانی گەیاندن بەکار بهێنێت.

---

(١) نەژاد عەزیز سورمێ، تاڤگەی مەند و ئەوانی تر، ل: ٢٧٩.

# سەرچاوەی نموونەکان


(١) ئەنوەر قادر محەمەد

زریان و زایەڵە و زنار، چ: ١، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە - زنجیرە: ٢٧٤، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٤.

(٢) بەختیار عەلی.

ئیشکردن لە دارستانەکانی فیردەوسدا (قەسیدەیەکی درێژ)، چ: ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

(٣) جەلال بەرزنجی.

گەرم نەبوونەوە (دیوان)، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا، ١٩٨٥.

(٤) جەمال غەمبار

هەمیشە با لەوێ بین لای عیشق (کۆ شیعر)، سلێمانی، ٢٠٠٤.

(٥) جوامێر (شێرکۆ بێکەس)

هەڵۆ (دیوان)، چ: ١، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، چاپخانەی شەهید جەعفەر (شاخ)، ١٩٨٦.

(٦) حەسیب قەرەداغی.

فەرهەنگی خەم (٢)، دار الحریە للگباعە، بەغدا، ١٩٨٩.

(٧) دلاوەر قەرەداغی.

ماڵێك لەناو زەریا ماڵێك لە تەنیشت بیابان (کۆ شیعر)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ـ کتێبی شین، هەولێر، ٢٠٠٥.

(٨) دڵشاد عەبدوڵڵا

أ) بزربوونی ناوێك، ئۆفسێتی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی، ٢٠٠١.

ب) مانگی نیوە مۆر (کۆشیعر)، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

(٩) ڕەفیق سابیر

بەتەنیا جێی مەهێڵن (سەرجەم شیعرەکانی (١))، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦.

(١٠) سەباح ڕەنجدەر
أ) خـــەون وا خۆی گێڕایەوە (کۆ شیعر)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئـاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
ب) ڕووەکەکانی خواوەند (کۆ شـــیعر)، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.
پ) شـــەڕی چل ســـاڵە (کـــۆ شیعر)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
(١١) سەلام محەمەد
دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە (کۆ شیعر)، چاپخانەی حسـام، بەغدا، ١٩٨٨.
(١٢) شێرکۆ بێکەس.
أ) دوو سروودی کێوی، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٠.
ب) دەربەندی پەپوولـە (قەسیدەیەکـــی درێـــژ)، چ: ٢، چـاپخانەی بێـسارانی، سلێمانی، ١٩٩٨.
پ) ژن و باران (شیعر)، چ: ١، سلێمانی، ٢٠٠٠.
ت) لە گوڵەوە هەتا سووتوو، چ: ١، کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
(١٣) عەبدولڕەحمان مزویری
ژ ئەڤینا چراییێت کەڤن، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٠.
(١٤) عەبدوڵڵا پەشێو
برووسکەی چاندن، هلسنکی، ١٩٩٩.
(١٥) د. عارف حیتۆ
سەما (هۆزان)، چاپخانا زانکۆیا دهۆك، کوردستان، دهۆك، ٢٠٠٢.
(١٦) کەریم دەشتی.
أ) پیـــانۆی ڕۆژهـــەڵات و ئـــەوانی دی (کۆدیـــوان)، چ: ١، دەزگـــای چـــاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ـ کتێبی شین/ ٣، هەولێر، ٢٠٠٤.

ب) دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە (کۆشیعر)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤.
پ) سیفری ئاگر (کۆشیعر)، چ: ١، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووك، ٢٠٠٥.
(١٧) کەژاڵ ئەحمەد
دیوان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٦.
(١٨) لەتیف هەڵمەت
دیوان، بەرگی یەکەم، چ: ١، سلێمانی، ١٩٩٩.
(١٩) مەهاباد قەرەداغی.
هاژەی ڕۆح، چاپخانە و ئۆفسێتی سەفوەت، سلێمانی، ١٩٩٩.
(٢٠) محەمەد عومەر عوسمان.
لە غوربەتا (کۆشیعر)، چ: ٢، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٢.
(٢١) محسن قوچان
لایێ گەرم ژ باژێری، چ: ١، چاپخانا کولیژا شەریعێ، دهۆك، ١٩٩٩.
(٢٢) موئەیەد تەیب
ستران و بەفر و ئاگر (دیوان)، دهۆك، ١٩٩٢.
(٢٣) نەزەند بەگیخانی.
ستایش (کۆشیعر)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
(٢٤) نەژاد عەزیز سورمێ
أ) ئەو شەوانەی خەوم نایێ (هۆنراوە)، چاپخانەی نعمان، نەجەف، ١٩٧٧.
ب) تاڤگەی مەند و ئەوانی تر (کۆ دیوان)، چ: ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥.
(٢٥) نەوزاد ڕەفعەت
پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە (کۆ دیوان)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، کتێبی شین/ ١، هەولێر، ٢٠٠٤.
(٢٦) هاشم سەڕاج
زینانی ڕۆح (کۆ شیعر)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

# سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردی

أ) کتێب


(١) ئەبو عوبەید عەبدوڵڵا زیاب، هۆزانا نوێخازی ل دەڤەرا بەهدینان، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك، ٢٠٠٥.

(٢) ئەرستۆ، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

(٣) ئوسامە حوسێن ڕەسووڵ، ٧ نوێژ لەسەر دووگردی شیعردا، چ: ١، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

(٤) ڕاجێر وێبستێر، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی (پێناسەیەکی پوخت)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی، چ: ١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، ٢٠٠٦.

(٥) سەلیم ڕەشید ساڵح، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

(٦) شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی، بارزان فەرەج، ڕێبین ئەحمەد هەردی، عەتا قەرەداغی، سەروەر ئەحمەد، ڕامیار مەحموود، خەلات عومەر، سەلاح ئەحمەد، ئەحمەد ڕەزا، تیریێژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس (لێکۆڵینەوە)، چ: ١، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چاپخانەی دانـاز، سلێمانی،١٩٩٩.

(٧) علاء الدین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٩.

(٨) گیوی موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،١٩٩٩.

(٩) د. مەعروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، مطبعة الوفاء، بغداد،١٩٦٢.

(١٠) د. محەمەد بەکر، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چ: ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

(١١) محەمەد مەعرووف فەتاح، خۆیەتی لە زمانی سلێمانیدا، گۆڤاری: کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد، بەرگی: ٧، بەغدا، ١٩٨٠.
(١٢) هۆراس، هونەری شیعر، حەمید عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی، چ: ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥.
(١٣) پ. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چ: ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

ب) ڕۆژنامە

(١٤) ئازاد ئەحمەد مەحموود، زمان و ڕەخنەی ئەدەبی لە شێوازگەری سپێتزردا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە: ٢٣٢٥، چوارشەممە، ١٥ تشرینی دووەم، ٢٠٠٦.
(١٥) عەزیز گەردی، هۆنراوەی کوردی و عەرووزی عەرەبی (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە: ٢٥، ساڵی دووەم، ٢٤/ ٧/ ١٩٧١.
(١٦) گۆران، لە هەڵبەستا (کێش)، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە: ١٨، ساڵی یەکەم، ١٥/ ٤/ ١٩٧١.

پ) نامەی ماجستێر

(١٧) حەمە نووری عومەر کاکەیی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٨٥.
(١٨) شەعبان شەعبان ئەحمەد، شێوازی شیعری جەزیری، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێجی ئاداب، ٢٠٠٢.

ج) نامەی دوکتۆرا

(١٩) پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجیی خوارووی کوردستانی عیراقدا (١٩٧٠ - ١٩٩١)، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێجی ئاداب، ٢٠٠٢.

**بەزمانی فارسی**

(٢٠) تقی پور نامداريان، رمز و داستانهای رمز در ادب فارسی، چ: ٤، انتشارات علمی فرهنگی، تهران، ١٣٧٥.

**بەزمانی عەرەبی**

أ) <u>كتێب</u>

**له ڕێزبەندیدا (د.، أبو، أبي، أيام، ابن، ال) پێڕەو نەکراوە.**

(٢١) القرآن الكريم

(٢٢) كتاب المقدس العهد الجديد، ط: ١، الناشر: اتحاد جمعيات الكتاب المقدس بيروت، لبنان، ١٩٩٢.

(٢٣) د. ابراهيم خليل، الاسلوبية والنظرية النص، المؤسسة العربية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، عمان، ١٩٩٧.

(٢٤) د. ابراهيم خليل، كتاب ضفيرة واللهب، ط: ١، منشورات امانة عمان الكبرى، عمان، ٢٠٠٠.

(٢٥) د. ابراهيم السامرائي، فقه اللغة المقارن، المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٦٨.

(٢٦) د. ابراهيم السامرائي، في لغة الشعر، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، بلاتاريخ.

(٢٧) د. احسان عباس، اتجاهات الشعر العربي المعاصر، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٧٨.

(٢٨) د. احسان عباس، تاريخ النقد العربي عند العرب (نقد الشعر) من القرن الثاني الهجري الى القرن الثامن الهجري، ط: ٢، دار المشرق، ١٩٨٦.

(٢٩) احمد حسن الزيات، دفاع عن البلاغة، ط: ٢، مطبعة الاستقلال الكبرى، القاهرة، ١٩٦٧.

(٣٠) احمد الشارع، محاولة ابن سينا في الشعر، ط: ١، سورية، بلا تأريخ.

(٣١) احمد الشايب، الاسلوب (دراسة بلاغية تحليلية لاصول الاساليب الادبية)، ط:٧، مكتبة النهضة المصرية، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٩٧٦.

(٣٢) احمد عبدالعظيم الحلبي، القصيدة الحديثة والبنية الايقاعية، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣.

(٣٣) احمد مطلوب، معجم النقد العربي القديم، ج: ١، ط: ١، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٩.
(٣٤) احمد منصور محمد بن احمد الازهري، تهذيب اللغة، تحقيق: احمد عبدالعظيم البردوني، دار المصرية للطباعة والترجمة، مصر، ١٩٦٦.
(٣٥) ادونيس، زمن الشعر، دار العودة، بيروت، ١٩٧٨.
(٣٦) ادونيس، فاتحة لنهايات القرن، ط: ١، دار العودة، بيروت، ١٩٨٠.
(٣٧) ارسطو طاليس، الخطابة، ترجمة: د. عبدالرحمن بدوي، ط: ٢، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦.
(٣٨) ارشيبالد ماكليش، الشعر والتجربة، ترجمة: سلمى الخضراء الجيومي، دار اليقظة العربية للتأليف والترجمة والنشر، ١٩٦٣.
(٣٩) ارنست فبشر، ضرورة الفن، ترجمة: اسعد حليم، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٨١.
(٤٠) ارنولد هاوزر، الفن والمجتمع عبر التأريخ، ترجمة: د. فؤاد زكريا، الهيئة المصرية للتأليف والنشر، ١٩٧١.
(٤١) اضولفو باسكيز، البنيوية والتأريخ، ترجمة: مصطفى المسناوي، ط: ١، دار الحداثة للنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨١.
(٤٢) اليزابيث درو، الشعر كيف نفهمه ونتذوقه، ترجمة: احمد عبدالمعطي، مؤسسة الابحاث للنشر، ١٩٨٩.
(٤٣) انطوان غطاس كرم، الرمزية والادب العربي الحديث، دار الكشاف، بيروت،١٩٤٩.
(٤٤) اوستن وارين ورينة ويليك، نظرية الادب، ترجمة: محي الدين صبحي، المجلس الاعلى للفنون والادب والعلوم الاجتماعية، سورية، ١٩٧٢.
(٤٥) برند شبلنر، علم اللغة والدراسات الادبية (دراسة الاسلوب، البلاغة، علم اللغة النصي)، ترجمه وقدم له وعلق عليه: د. محمود جاد الرب، ط: ١، دار الفنية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩١.
(٤٦) الامام ابى بكر احمد بن الحسين البيهقي، شعب الايمان، تحقيق: ابي هاجر محمد سعيد بن بسيوني زغلول، ج: ٣، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠٠٠.

(٤٧) أبو بكر محمد بن الحسن بـن دريـد، جمهـره اللغـة (ت. ٣٢١ هـ)، مطبعـة دائـرة المعارف العثمانية، حيدر آباد، الدكن ـ الهند، ١٣٥١هـ.
(٤٨) بيرجيرو، السيميولوجيا، ترجمة: د. منذر عياشي، ط: ١، دار طـلاس للدراسـات والترجمة والنشر، دمشق، سورية، ١٩٨٨.
(٤٩) بيرجيرو، الاسلوب والاسلوبية، ترجمة: د. منذر عياشـي، مركـز الانمـاء القـومي، بيروت، بلا تاريخ.
(٥٠) پرويز ناتـل خـانلري، اوزان الـشعر الفارسـي، ترجمـة وتعليـق: د. محمـد نورالـدين عبدالمنعم، مراجعة وتقديم: د. عبدالمنعم محمد حسين، مكتبـة الانجلـو المـصريـــة، المصر، ١٩٧٨.
(٥١) ت. س. اليوت، مقالات في النقد الادبي، ترجمة: د. لطيفة الزيات، مكتبة الانجلو المصرية، بلا تاريخ.
(٥٢) تزفتيان تودوروف، نقد النقد، ترجمـة: سـامي سـويدان، ط: ١، منـشورات مركـز الانماء القومي، بيروت، لبنان، ١٩٨٦.
(٥٣) توفيق الزبيدي، اثر اللســـانيات في النقد العربي الحديث، دار العربيـة للكتـاب، تونس، ١٩٨٤.
(٥٤) د. جابر احمد عصفور، الصــورة الفنية في تراث النقدي والبلاغـي، دار المعـارف، القاهرة، ١٩٨٠.
(٥٥) د. جابر احمد عـصفور، مفهـوم الـشعر (دراسـة في تـراث النقـدي)، ط: ٣، دار التنوير، بيروت، ١٩٨٣.
(٥٦) الجاحظ، البيان والتبين، دار الفكر للجميع، ١٩٦٨.
(٥٧) جارالله ابى القاسم محمود بن عمر الزمخشري، اساس البلاغة، ط: ٢، دار الكتـب والوثائق القومية، مركز تحقيق التراث، مطبعة دار الكتب، مصر ١٩٧٢.
(٥٨) جان برتليمي، بحث في علــــم الجمـــال، ترجمة: أنور عبدالعزيز، دار النهـضة، مصر، ١٩٨٠.
(٥٩) جان بول سارتـر، مـا الأدب، ترجمـة وتقـديم وتعليـق: د. محمـد غنيمـي هـلال، الانجلو المصرية، ١٩٦١.
(٦٠) جان كوهن، بنية اللغة الشعرية، ترجمة: محمـد الـولي ومحمـد العمـري، ط: ا، دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٦.

(٦١) جان كوهن، النظرية الشعرية، الجزء الثانى (اللغة العليا)، ترجمة وتقديم وتعليق: احمد درويش، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠.

(٦٢) جان ماري أوزياسي، البنيوية، ترجمة: ميخائيل مخول، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، سوريا، ١٩٧٢.

(٦٣) جراهام هو، مقالة في النقد، ترجمة: محي الدين صبحي، مطبعة جامعة دمشق، دمشق، ١٩٧٣.

(٦٤) د. جمال شحيد، في البنيوية التركيبية (دراسة في منهج لوسيان غولدمان)، ط:١، دار ابن الرشيد للطباعة والنشر، ١٩٨٢.

(٦٥) ابن جني، الخصائص، تحقيق: محمد علي النجار، ج: ٣، الناشر: دار الكتاب العربي، طبع: دار الكتب العصرية، بيروت، ١٩٥٧.

(٦٦) د. جودت فخرالدين، شكل القصيدة العربية في النقد العربي حتى القرن الثامن الهجري، ط: ١، دار الاداب، بيروت، لبنان، ١٩٨٤.

(٦٧) جورج مونان، مفاتيح الالسنة، عربية وذيلهُ بمعجم: عربي — فرنسي، الطيب البكوش، منشورات الجديد، تونس، ١٩٨١.

(٦٨) جورج مونان، علم اللغة في قرن العشرين، ترجمة: د. نجيب غزاوي، د. ط. ن.، سوريا، بلا تاريخ.

(٦٩) جويبر، مسائل فلسفة الفن المعاصر، ترجمة: سامي الدوري، ط: ٢، دار اليقظه العربية للتأليف والترجمة والنشر، ١٩٦٥.

(٧٠) جيروم ستولنيتز، النقد الادبي (دراسة جمالية وفلسفية)، ترجمة: د. فؤاد زكريا، مطبعة جامعة عين الشمس ١٩٧٢.

(٧١) حاتم الصگر، مالاتؤديه للصدفة (مستل مطبوع من بحث مقدم الى مهرجان المربد الشعري العاشر)، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩.

(٧٢) حازم القرطاجني، منهاج البلغاء وسراج الادباء، تحقيق: محمد الحبيب بن الخوجه، دار الكتب الشرقية، تونس، ١٩٦٦.

(٧٣) د. حسام الالوسي، من الميثولوجيا الى الفلسفة عن اليونان، جامعة الكويت، ١٩٧٣.

(٧٤) حسين مردان، الازهار تورق داخل الصاعقة، كتاب الجماهير/٩، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٣.

(٧٥) حسين الواد، قراءات في مناهج الدراسات الادبية، دار السراس للنشر، د. ط، تونس، ١٩٨٥.

(٧٦) دانييـــا برجيز، مقدمة في مناهج النقد الادبى، ترجمة: د. محمود رضوان ظاظا، مخطوط.

(٧٧) د. درويش الجندي، الرمز في الادب العربي، مكتبة نهضة مصر، القاهرة،١٩٥٨.

(٧٨) ديفيد لويس، ماذا عن الشعر، ترجمة: احمد محمود الساجي، مؤسسة المؤلف للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠١.

(٧٩) رتشاردز، مبادىء النقد الادبي، ترجمة: د. مصطفى بدوي، المؤسسة المصرية العامة للتأليف والترجمة والطباعة والنشر، ١٩٦٣.

(٨٠) رجاء عبيد، لغة الشعر، منشأة المعارف المصرية، ١٩٨٥.

(٨١) ابن رشيق (ابو الحسن القيرواني)، العمدة في محاسن الشعر وآدابه ونقده، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، ط: ٥، دار الجبل، بيروت، ١٩٨١.

(٨٢) روبرت شولز، البنيوية في الادب، ترجمة: حنا عبود، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، سوريا، ١٩٨٤.

(٨٣) روز غريب، تمهيد في النقد الادبي، ط: ١، دار المكشوف، بيروت، ١٩٧١.

(٨٤) روستر يفور هاملتون، الشعر والتأمل، ترجمة: د. محمد مصطفى البدوي، المؤسسة المصرية العامه للتأليف والترجمة والطباعة والنشر، ١٩٦٣.

(٨٥) رولان بارت ، في اصول الخطاب النقدي الجديد، ترجمة: احمد المدني، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦.

(٨٦) رولان بارت، هسهسة اللغة، ترجمة: د. منذر عياشي، ط: ١، مركز الانماء الحضاري، حلب، ١٩٩٩.

(٨٧) رومان جاكبسون، قضايا الشعرية، ترجمة: محمد الولي ومبارك حنون، ط: ٢، دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٨.

(٨٨) زكريا ابراهيم، مشكلة البنية، سلسلة مشكلات للسفية/٨، دار مصر للطباعة، د. ت، بلا تاريخ.

(٨٩) ستانلي هايمن، النقد الادبي ومدارسه الحديثة، ترجمة: د. احسان عباس و د.محمد يوسف نجم، دار الثقافة، بيروت، لبنان، بلا تاريخ.

(٩٠) سعيد علوش، المصطلحات الادبية المعاصرة، منشورات المكتبة الجامعية، دار البيضاء، ١٩٨٤.
(٩١) سعيد الورقي، لغة الشعر العربي الحديث، دار النهضة العربية، ١٩٨٤.
(٩٢) سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي، ط: ١، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، ١٩٨٩.
(٩٣) سمويل ر. ليفن، البونيات اللسانية في الشعر، ترجمة: الولي محمد والتوزاني خالد، منشورات الحوار الاكاديمي، مطبعة الفضانه، المغرب، ١٩٨٩.
(٩٤) سوزان بيرنار، جمالية قصيدة النثر، ترجمة: زهير مجيد مغامس، مطبعة الفنون، بغداد، بلا تاريخ.
(٩٥) السيد ابراهيم محمد، الضرورة الشعرية (دراسة اسلوبية)، ط: ٣، دار الاندلس، بيروت، ١٩٨٣.
(٩٦) د. شجن اسماعيل، اللغة الشعرية كيف نفهمها، عمان، ١٩٩٨.
(٩٧) د. شفيع السيد، الاتجاه الاسلوبي في النقد العربي، ط: ١، دار المعارف، المصر، ١٩٦٦.
(٩٨) شكري محمد عياد، اللغة والابداع (مبادىء علم الاسلوب العربي)، ط: ١، انترناشيونال، لبنان، ١٩٨٨.
(٩٩) د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ط: ٤، مطابع دار الكتب في بيروت، بيروت، ١٩٧٤.
(١٠٠) صفي الدين عبدالمؤمن الارموني البغدادي، كتاب الادوار، شرع وتحقيق: هاشم محمد الرجب، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠.
(١٠١) د. صلاح فضل، بلاغة الخطاب وعلم النص، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، اب ١٩٨٢.
(١٠٢) د. صلاح فضل، الاسلوب، دار الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٨٥.
(١٠٣) د. صلاح فضل، علم الاسلوب (مبادىء واجراءته)، ط: ٢، الهيئة المصرية العامة لكتاب، القاهرة، ١٩٨٥.
(١٠٤) د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبى، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٧.
(١٠٥) د. صلاح فضل، اساليب الشعرية المعاصرة، ط: ١، دار الاداب، بيروت، ١٩٩٥.

(١٠٦) ابن طبا طبا العلوي، عيار الشعر، تحقيق وتعليق: د. طه الحاجري و د. محمد زعلول السلام، المكتبة التجارية، القاهرة، ١٩٥٦.
(١٠٧) د. عبده الراجحي، النحو العربي والدرس الحديث، دار النهضة العربية، بيروت، بلا تاريخ.
(١٠٨) د. عبدالحميدة جيدة، في قضايا النقد الادبي الحديث، ط: ١، دار الشمال للطباعة والنشر والتوزيع، طرابلس، لبنان، ١٩٨٨.
(١٠٩) د. عبدالرحمن عثمان، مذاهب النقد وقضاياه، مطابع شركة الاعلانات الشرقية، القاهرة، ١٩٧٥.
(١١٠) د. عبدالرضا علي، الايقاع الداخلي في قصيدة الحرب، بحث مقدم الى مهرجان المربد العاشر، ١٩٨٩.
(١١١) عبدالسلام المسدي، محاولات في الاسلوبية الهيكلية، حوليات الجامعة التونسية، العدد: ١٠، ١٩٧٣.
(١١٢) عبدالسلام المسدي، الاسلوبية والنقد الادبى (منتخبات من تعريف الاسلوب وعلم الاسلوب)، اعداد وترجمة: مجلة الثقافة الاجنبية، العدد: ١، السنة: ٢، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٢.
(١١٣) عبدالعزيز عتيق، علم العروض والقافية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٤.
(١١٤) د. عبدالغفار مكاوي، ثورة الشعر العربي، الهيئة المصرية العامة لكتاب، ١٩٧٢.
(١١٥) د.عبدالفتاح صالح نافع، عصرية الموسيقى في النص الشعري، ط:١، مكتبة المنار، الزرقاء، ١٩٨٥.
(١١٦) عبدالقاهر الجرجاني، دلائل الاعجاز، تحقيق: محمود محمد شاكر، مكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٨٤.
(١١٧) عبدالكريم حسن، الموضوعية البنيوية (دراسة في شعر السياب)، ط: ١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٨٣.
(١١٨) د. عبدالكريم حسن، المنهج الموضوعي (نظرية وتطبيق)، ط: ١، مؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٩١.

(١١٩) د. عبدالكريم راضي، نظرية اللغة في النقد العربي، مكتبة الخانجي بمصر، ١٩٨٠.
(١٢٠) عبدالملك بن قريب الاصمعي، فحولة الشعراء، تحقيق: محمد عبدالمنعم الخفاجي وطه الزيني، مطبعة المنيرية بالازهر، القاهرة، ١٩٥٣.
(١٢١) ابو عبيدالله المرزباني، الموشح في مآخذ العلماء على الشعراء، تحقيق: علي محمد البجاوي، القاهرة، ١٩٦٥.
(١٢٢) عدنان علي رضا النحوي، الاسلوب والاسلوبية بين العلمانية والادب الملتزم بالاسلام، ط: ١، دار النحوي للنشر والتوزيع، الرياض، ١٩٩٩.
(١٢٣) عدنان قاسم، لغة الشعر العربي، ليبيا، ١٩٨١.
(١٢٤) علاءالدين رمضان السيد، ظواهر الفنية في الشعر العربي الحديث، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٦.
(١٢٥) علاءالدين رمضان السيد، ظواهر الفنية في لغة الشعر العربي الحديث (دراسة)، منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٩.
(١٢٦) د. علي جواد الطاهر، مقدمة في النقد الادبي، ط: ٢، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٨٣.
(١٢٧) علي الشرح، لغة الشعر العربي المعاصر في النقد العربي الحديث، جامعة اليرموك أربد، ١٩٩١.
(١٢٨) علي يونس، النقد الادبي وقضايا الشكل الموسيقي في الشعر الجديد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٥.
(١٢٩) د. عناد غزوان، مستقبل الشعر وقضايا نقدية، مطابع دار الشؤون الثقافة، بغداد، ١٩٩٤.
(١٣٠) د. عزالدين اسماعيل، الشعر المعاصر (قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية)، ط:٥، دار العودة، بيروت، ١٩٨٨.
(١٣١) د. عزالدين الحسين، شعر الطليعة في المغرب، ط: ١، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٨٧.
(١٣٢) الفارابي، الموسيقى الكبير، غطاس خشيه، القاهرة، ١٩٦٧.
(١٣٣) فردينان دي سوسير، علم اللغة العام، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، دار آفاق عربية، بغداد، ١٩٩٥.

(١٣٤) ابن قتيبة (ابو محمد عبدالله بن مسلم)، تأويل مشكلة القرآن، شرح: السيد أحمد الصقر، ط: ٢، القاهرة، ١٩٥٤.
(١٣٥) كريستو فرنورس، التفكيكية (النظرية والتطبيق)، ترجمة: رعد عبدالجليل مراد، ط: ١، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، سورية، ١٩٨١.
(١٣٦) كلاوس برينكر، مفهوم التأويل، ترجمة: د. انطوان بطرس، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٨٧.
(١٣٧) كلود ليفي ستروس، الانثروبولوجيا البنيوية، ترجمة: د. مصطفى صالح، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، د. ط، ١٩٧٧.
(١٣٨) كمال ابوديب، جدلية الخفاء والتجلي (دراسة بنيوية في الشعر)، ط: ١، دار العلوم للملايين، بيروت، ١٩٧١.
(١٣٩) كمال ابوديب، في الشعرية، ط: ١، مؤسسة الابحاث العربية، ش. م. م، بيروت، ١٩٨٧.
(١٤٠) كولردج، نظرية الرمانتيكيه في الشعر (سيرة ادبية لكولردج)، ترجمة: عبدالحكيم حسان، دار المعارف بمصر، ١٩٧١.
(١٤١) لوسيان غولدمان، البنيوية التفكيكية، ترجمة: محمد سبيلا، ط: ٢، نشر مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، لبنان، ١٩٨٦.
(١٤٢) لينين، المادية والفهم التجريبى النقدي، ترجمة: د. فؤاد ايوب، دار دمشق، دمشق، ١٩٧٥.
(١٤٣) م. ديلكروكس، الاسلوبية (مفهوماً في بنية النص)، ترجمة: د. وايل بركات، ط:١، دار معد للطباعة والنشر والتوزيع، سورية، ١٩٩٦.
(١٤٤) مجدي وهبة وكامل المهندس، معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، مكتبة لبنان، ١٩٧٩.
(١٤٥) مجدي وهبة، معجم المصطلحات العربية في اللغة والآدب، ط: ١، لبنان، بيروت، ١٩٨٤.
(١٤٦) محمد احمد العزب، الدراسات في الشعر، المجلس الاعلى لشؤون الاداب والعلوم الاجتماعية، القاهرة، ١٩٧٧.
(١٤٧) محمد الاسعد، مقالة في اللغة الشعرية، مؤسسة للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٠.

(١٤٨) محمد الخطابي، لسانيات النص (مدخل الى انسجام الخطاب)، ط: ١، مركز الثقافي العربي، بيروت دار بيضاء، المغرب، ١٩٩١.
(١٤٩) محمد رشيد رضا، تفسير القرآن الكريم ـ الشهير بـ(تفسير المنار)، ط: ٢، دار المعرفة، ١٩٧٣.
(١٥٠) د. محمد عبدالمطلب، البلاغة والاسلوبية، سلسلة الدراسات الادبية، الهيئة المصرية العامة لكتاب المصر، بلا تاريخ.
(١٥١) محمد عزام، الاسلوبية (منهجاً نقدياً)، منشورات وزارة الثقافة، دمشق،١٩٨٩.
(١٥٢) محمد عوني عبدالرؤوف، القافية والاصوات اللغوية، مكتبة الخانچي بمصر، مصر، ١٩٧٧.
(١٥٣) محمد العياشي، نظرية ايقاع الشعر العربي، المطبعة العصرية، تونس، ١٩٧٦.
(١٥٤) د. محمد غنيمي هلال، النقد العربي الحديث، دار العودة ودار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣.
(١٥٥) د. محمد غنيمي هلال، النقد العربي الحديث، دار الانجلو المصرية، ١٩٧٥.
(١٥٦) د. محمد فتوح احمد، الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ط: ٢، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٨.
(١٥٧) ابو محمد قاسم السجلماسي، المنزع البديع في تجنيس اساليب البديع، تحقيق: هلال الغازي، الرباط، ١٩٨٠.
(١٥٨) محمد القضاة، الاسلوب والاسلوبية والنص الحديث (الشعر والمناهج النقدية الحديثة)، بحوث مهرجان المربد الشعري الثالث عشر، اعداد: علي الطائي، ١٩٩٨.
(١٥٩) محمد لطفي اليوسفي، في بنية الشعر العربي المعاصر، دار سراس للنشر، تونس، ١٩٨٥.
(١٦٠) محمد مندور، في الميزان الجديد، ط: ١، القاهرة، ١٩٤٢.
(١٦١) المعجم الفلسفي المختصر، ترجمة: توفيق سلوم، دار تقدم موسكو، ١٩٨٦.
(١٦٢) د. منذر عياشي، الخطاب الادبي ولسانيات النص، المعرفة السورية، العدد: المزدوج: ٣٠٠ و ٣٠١، سورية ١٩٨٩.
(١٦٣) د. منذر عياشي، مقالات في الاسلوبية، ط: ١، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ١٩٩٠.

(١٦٤) د. منـذر عياشـي، الاسـلوبية والدراسـات الاسـلوبية، المعرفـة، العـدد: ٣٢٩،١٩٩١.
(١٦٥) ميرسـيا ايليـاد، ملامـح مـن الاسـطورة، ترجمـة: حـسيب كاسـوحه، ط: ٢، دمشـق، ١٩٩٥.
(١٦٦) ميشال فوكو، حفريـات المعرفـة، ترجمـة: سـالم يفـوق، ط: ٢، منـشورات المركـز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، ١٩٨٧.
(١٦٧) نازك الملائـكـة، قضايا الـشعر المعاصـر، ط: ٣، مكتبـة النهـضة المـصرية، القاهرة، ١٩٦٧.
(١٦٨) نبيـل عبـدالهادي، د. عبـدالعزيز ابوحـشيش، د. خالـد عبـدالكريم الـسندي، مهارات في اللغة والتفكير، ط: ٢، دار الميـدة للنـشر والتوزيـع والطباعـة، عمـان، الاردن، ٢٠٠٥.
(١٦٩) د. نصرت عبدالرحمن، الصورة الفنية في الشعر الجاهلي في ضوء النقـد الحـديث، مكتبة الاقصى، عمان، الاردن، ١٩٧٦.
(١٧٠) نصوص الشكلانين الـروس، ترجمـة: ابـراهيم الخطيـب، ط: ١، مؤسـسة الابحـاث العربية، بيروت، ١٩٨٢.
(١٧١) هاسكل بلوك وهيرمان سالنجر، الرؤيا الابداعيـة، ترجمـة: اسـعد حلـيم، الالـف الكتاب، ١٩٦٦.
(١٧٢) الولي محمد، الصورة الشعرية في الخطاب البلاغي والنقدي، ط: ١، المركز الثقافي العربي، بيروت، لبنان، دار البيضاء، المغرب، ١٩٩٠.
(١٧٣) يوري لوتمان، البنيوية التكوينية، ترجمة: ندوة احمد المصي، دار الاخلاص للنـشر والطبع والتوزيع، القاهرة، مصر، ١٩٩٦.
(١٧٤) يوسف حامد جابر، قضايا الابداع في قصيدة النثر، ط: ١، دار الحـصاد للنـشر، دمشق، سوريا، ١٩٨١.

ب) الدوريات والمجلات

(١٧٥) د. ابراهيم خليل، الانزياح الاسلوبي ولغة الشعر عند امين شنار، مجلة افكار، العدد: ١٧٧، وزارة الثقافة، تموز/ يوليو، ٢٠٠٣.

(١٧٦) احمد درويش، الاسلوب والاسلوبية (مداخل في مصطلح وحقول البحث ومناهجه)، مجلة الفصول، المجلد: ٥، العدد: ١، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٤.

(١٧٧) احمد عبدالمعطي الحجازي، القصيدة الجديدة واوهام الحداثة، مجلة ابداع، العدد:٩، السنة الثالثة، القاهرة، سبتمبر ١٩٨٥.

(١٧٨) أميرتو ايكو، المرسلة الشعرية، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد: ١٨ و ١٩، ١٩٨٢.

(١٧٩) د. أنيس المقدسي، الانماط العالمية في التعبير، مجلة العربي، وزارة الارشادات والانباء بجامعة الكويت، العدد: ٦٨، الكويت، ١٩٦٦.

(١٨٠) بارتون جونسون، دراسة يوري لوتمان البنيوية للشعر، ترجمة سيد البحراوي، مجلة الفكر العربي، العدد: الخامس والعشرون، ١٩٨٢.

(١٨١) د. بدوي طبانة، فن الشعر بين الغاية والمفهوم، مجلة كلية اللغة العربية، العدد: التاسع، رياض، ١٩٨٩.

(١٨٢) بسام بركة، اللغة والبنية الاجتماعية، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد: ٤٠، ١٩٨٦.

(١٨٣) رولف ساندل، مفهوم الاسلوب، ترجمة: لمياء عبدالحميد العاني، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد: ١، السنة: ٢، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٢.

(١٨٤) د. سامية احمد اسعد، اتجاهات جديدة في النقد العربي المعاصر، مجلة الفكر المعاصر، العدد: ٤٠، ١٩٨٦.

(١٨٥) د. سعد مصلوح، الدراسة الاحصائية للاسلوب (بحث في الاجزاء الوظيفية)، مجلة عالم الفكر، العدد: ٣، ١٩٨٩.

(١٨٦) د. صلاح فضل، نحو تصور كلي لاساليب الشعر العربي الحديث، عالم الفكر، تصدر عن مجلس الوطني للثقافة والفنون والادب دولة الكويت، المجلد: الثانى والعشرون، العدد: الثالث والرابع، يناير/ مارس، ابريل / يوليو، كويت، ١٩٨٤.

(١٨٧) عبدالسلام المسدي، المقاييس الاسلوبية في النقد العربي من خلال كتاب (البيان والتبيين) للجاحظ، مجلة الاقلام، العدد: ١، السنة: ١٥، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٠.
(١٨٨) عبدالفتاح المصري، طريقة جاكبسون في تحليل النص الشعري، مجلة الموقف العربي، العدد: ١٢٢، حزيران ١٩٨٨.
(١٨٩) د. عبدالكريم حسن، محايثة ام محاكة (بحث في تأويل المصطلح)، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد: ٥٤ و ٥٥، ١٩٨٨.
(١٩٠) عبدالله رضوان، الغموض في الشعر العربي، مجلة الشؤون الادبية، العدد: ٢١٠، الشارقة، ١٩٨٩.
(١٩١) علاءالدين رمضان، الهروب من الصمت الى الجسد، مجلة الشعر، العدد:٧٣، يناير ١٩٩٤.
(١٩٢) د. علوي الهاشمي، جدلية السلوك المتحرك (مدخل الى فلسفة بنية الايقاع في الشعر العربي) مقال، مجلة البيان، العدد: ٢٩٠، كويت، ١٩٩٠.
(١٩٣) د. عمران الكبيسي، اسلوبية جديدة لايقاع الشعر المعاصر (مقال)، مجلة الاقلام، العدد: ١، السنة: ١٩٩٥.
(١٩٤) محمد احمد حمدون، ظواهر لغوية في الشعر المعاصر، مجلة المنهل، العدد: ٥٠٤، المجلد: ٥٤، دار المنهل للصحافه والنشر، جدة، ابريل/ مايو ١٩٩٣.
(١٩٥) د. محمد فتوح احمد، ظاهرة الايقاع في الخطاب الشعري (مقال)، مجلة البيان، العدد: ٢٨، كويت، ١٩٩٠.
(١٩٦) مصطفى گيلاني، وجود النص الادبي ـ نص الوجود، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد: المزدوج: ٥٤ و ٥٥، ١٩٨٨.
(١٩٧) هاشم صالح، التأويل والتفكيك (مدخل ولقاء مع جاك دريدا)، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد: المزدوج: ٥٤ و ٥٥، ١٩٨٨.
(١٩٨) هانز روبرت جارس، علم التأويل الادبي حدوده ومهماته، ترجمة: بسام بركة، مجلة العرب والفكر العالمي، بيروت ١٩٨٨.
(١٩٩) يوزف شتريلكا، الاسلوب الادبي من كتاب منهج علم الادب، مجلة الفصول، العدد: ١، ١٩٨٤.

**ج) الرسائل الأكاديمية**

(٢٠٠) ثامر عبدالمجيد العزاوي، الايقاع في الشعر العربي الحديث في العراق، جامعة بغداد، كلية التربية، ١٩٨٩.

**بەزمانی ئەورووپایی**

(201) Barthers. (1977) The death of authors. Stephen Heath(ed) Image mystic Text Brothers. London.

(202) Bateson, F. W. (1950) English Poetry – A critical introduction. London.

(203) Burton, S. H. (1977) The Criticism of Poetry, London.

(204) Crystal, D. (1991) A Dictionary of Linguistics and Phonetics. Blackwell, London.

(205) Ductor, O. and Todorov. (1983) Encyclopedic Dictionary of Sciences of Language. Translated by Catherine Porter, Johns Hopkins, University Press. Baltimore. U.S.A.

(206) Empson, W. (1966) seven types of ambiguity – New Dictionaries. NewYork.

(207) Granger, G. (1980) Essai done, Philosophical style. Paris.

(208) Lenin, V. I. (1970) Materialism and Empiriocriti – Clsm. Progress. Moscow.

(209) Louis Hjelmslev, (1960) The Applications of Linguistica to the Study of Poetic.

(210) Princeion. (1975) Encyclopedia of Poetry and Critics, Enlarger Macmillam. London.

(211) Spillmerm B. (1979) Linguistica. Litterateur MADRID.

(212) Warren Rwellek. (1954) Theory of Literature. London.



شیعرایەتیی (Poetic) شیعر، لە هێزی زمان و جوانی ئێستێتیکا و کایەکانی نیگا و واتابەخشین و گەیاندندا سەرچاوە دەگرێت. وێنەکانی ناو مێشك بەچەشن و شێوازێکی دروست بەرهەمیان دێنێت. لەو پێودانگەدا شێوازگەری بۆ ناساندنی شیعر لەڕێگای بونیاتی زمانەوە، دوو جەمسەری دژ بەیەك (Contradiction): ناپەسەند و پڕ لە شیعرایەتی دیاری کردووە. لادان لە شیعر، قاڵبی شیعری ناپەسەند وەرناگرێت، چونکە لەپێناو ڕاستی درکاندندا، دەلالەت لە هەڵەی زمانی و تێپەڕاندن و سنوور بەزاندنی یاساکانی زمان دەکات و ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئەگەر وێنەکان بونیاتی بینای دەلالەت نەنوێنن ، واتا نیشان نەپێکن، لادان ڕەت دەکرێتەوە. بۆیە لە ئاکامی شرۆڤەکردنی میکانیزمی داڕشتن ، لادان یەکێك لە دوو دەرەتانی: ((ڕازیبوون یان ڕەتکردنەوە)) دەیگرێتەوە .

لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر ٢٠٠٩